**١و٠**

# شێ

گۆڤاری ئەدەبی هونەری، مانگانە
ساڵی یەکەم، ژمارەی سفر و یەک،
خەرمانان و ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی
نرخ: ١٠٠٠٠ تمەن



ڕەشۆ زەردەشت • جان دۆست • عەرەبی شەمۆ • حەلیم یووسف • عیماد تەلعەتی
تۆسنە ڕەشید • فاتمە ساوجی • بۆرازبۆز
ساڵح سووزەنی • د. مەسعوود بینەندە • د. ئەحمەدی مەلا • د. محەمەد ڕەحیمیان
موراد ئەعزەمی • عەبدولخالق یەعقووبی • ناهید عرجوونی • ئەحمەد چاک
فەرزاد میرئەحمەدی • یوونس ڕەزایی • ڕەزا عەلیپوور • ڕەحیم عەبدولڕەحیمزادە
عەبدولقادر نیازی • ئەونەر عەرەب • نیروان ڕەزایی • بەختیار حەمەسوور • ئارام سدیق
حوسەین ئەحمەد • حەمەی کەریمی • شورش عابد • عادڵ قادری

گۆڤاری ئەدەبی هونەری
شێ
ساڵی یەکەم، ژمارەی سفر و یەک، خەرمانان و ڕەزبەری ١٣٩٥ی هەتاوی



پەیکەرەی چاوەروان
بەرهەمی سەیوان سەعیدیان

# شێ

ئەدەبی و هونەری

سالی یەکەم، ژمارەی سفر و یەک،
خەرمانان و ڕەزبەری ۱۳۹۵ی هەتاوی

## بابەتەکانی شێ:

سخن مدیر مسئول: شب‌بو محمدیانی | ۲
وتەی سەرنووسەر: فریا یوونسی | ۳
وتووێژێک لەگەڵ ڕەشۆ زەردەشت | ۴
نوێترخواز: فایلی ساڵح سووزەنی | ۷
شێعر و خوێندنەوە | ۴۳
فرزاد آریا کیست؟ پرونده محمد رحیمیان | ۵۹
کارگەی چیرۆک (مینیماڵیزم) | ۸۱
کراکە: فایلی ڕەزا عەلیپوور | ۹۵
چیرۆک و خوێندنەوە | ۱۲۵
ئەدەبی کرمانجی | ۱۴۸

هیئت تحریریه

مدیر مسئول
شب‌بو محمدیانی

سردبیر
فریا یونسی

بەرپرسی بەشی کرمانجی
وریا غەفووری

بەرپرسی بەشی چیرۆک
ئەنوەر عەرەب

دیزاینی بەرگ و ناوەرۆک
ئازاد سورخی

وێنەکان
دیاکۆ حەسەن‌نژاد

هەواڵنامەی کتێب

# همیشه آنچه ادبیات را زیبا می‌کند، اتفاق است.

**شب‌بو محمدیانی**

به چارسوی این جهان که نگاه میکنی، هر جا نشانی از دگردیسی‌های بزرگ، ببینی، ادبیاتی پویا در زیر ساخت آن دگردیسی نفس میکشد، که بی گمان منجر به مدرنیته‌یی سازمند در چارچوب ادراک بشری شده است. بدون شک دغدغه‌ی مدرنیته، تنها در هیئت یک واژه نیست و چه بسیار جوامعی که در راه دستیابی به این معنای لجام‌گسیخته، از همه آنچه که بایست میبود، گذشته و هنوز به کنه این مفهوم نرسیده‌اند. از سویی دیگر به جنگهای این جهان سرد که نگاه میکنی، هیچ کورسوی امیدی از ورای آن همه دود و درد به چشم نمی آید. گاهی که در تحرکهای جانکاه این اواخر جهان، تعمق میکنم، به این نتیجه میرسم که تنها راه نجات بشر، زیبایی است. شناخت زیبایی، درک تمام عناصر آن، لا به لای ثانیه‌های مغموم زندگی روتین. انگار این روزها، این زیبایی دیر یافتنی است و به چالشمان می‌طلبد. باید طوری برای این اکتشاف تلاش کرد و بایسته‌های آن طرز آهنگین را گفت. این تلاش ادبیات است که بی هراس از آن همه جنایتی که بیخ گوش هر یک از ما، جا خوش کرده، به عمق بودن آدمی در این وادی مضحک پی ببرد. و آنچه ادبیات را زیبا میکند، اتفاق است.

مجله‌ی ادبی هنری «شی» تلاشی است برای تحلیل آن «چگونه رسیدن» به شیرازه‌ی زیبای زیستن از راه ادبیات و زیبایی. آری به اتفاق جهان می‌توان گرفت.

به جاده‌کان دا، به حاسانی لێمان دوور بکەوێتەوە و ئیمکانی هەبێت. لە هەر بڕگەیەکی هەر کەلیمەیەک دا، حەیاتێک کەوتووە بۆ ئەوانەی کە خوماری بوونن و نازانن. خوماری ئەو ئانە پێوانانە کە هێور هەڵت دەسەنگێنن بۆ کران. بۆ بران بەرەو دیوانی کەلیمە...

وە شی:

«شی» بتوانێ «کران»ی کەلیمە، بێ کەرامەتی کائینات بکات، بۆ کەرامەتی کائینات بیکات؛ ئەوەندەی بکرێ تێبینییەک بۆ کرانی کەلیمە بێت، کە دڵدارانی بتوانن، ڕێبوارانی بگەن؛

ئەوەندەی بەینێک نەهێڵێ گرفتاری عەدەمی پیس ببینەوە، کە واوەیلا لە ژێرخانە دێرینەکانی وجوود، بەرز نەبێتەوە و گرفتاری ئەو وسوەسە زمانییە نەبین کە نابێ ببین؛

ئەم هزرە جێی خاڵی زۆرە، ئەم زمانانەی هزری ئینسانی کورد، پڕە لە بۆشایی نامەکتووب. پڕین لە دارووغەی دەردەدار: یەکەو بە تێلایەکەوە لەو سەری کرانی کەلیمە، وێستاون و بە تەمای جەزرەبە دانتن. جەزرەبە دانی تۆ کە ناتوانی ئەو هەموو کەلیمە ببینی، ئەو هەموو کەلیمە بناسیتەوە کە نزیک لە لایەنی ڕەسەنت، دامراون و هەر خەفەت لە ڕێنووس ئەخۆی. هزری ئینسانی کورد چییە لە گەڵ ئەم داوە تاریکەی لە دەوری تەندراوە و بە ملیۆنیش گەرای هەیە؟ واتە چۆنە ناتوانین بگەڕێین و کەلیمە بدۆزینەوە؟ ئەوەندەی کە کرانی ئەسپی سەرکەشی زەمانمان نەدی و چەندەی ڕانەماین لە سەر تەشکیلی مەعانی: ئەو دەستە هزرانەی پێکهێنەری کەلیمە بوون و کەلیمە ئەو بوو؛

ئەوەندە ئەزانین، ئەوەندە ئەتوانین بزانین، کە لە دوای سێبەرەکانمانەوە دەست پێ دەبینەوە و قامکە تووتە لە تاریکی دەچەقێنین کە وتبێتمان.

«شی» بزانێت لە کوێوە شیکەرانی کەلیمە بانگ بکات بەرەو دواهەمین نوقتەی سەرەتا. ئەو ماهیچانەی چ ئازانە دەرەقەتی دامەزرانی کەلیمە دێن. ئەو هزرانەی لە مەکتووبا هەڵگیرساون. خۆشە بە تاریکی وێران، چاکە نووتەکێک بەزاندن. ئەو بوێرانەی بێ چاو دەبینن، بێ بینین تێدەگەن. شی بزانێت. هەمیشە ئەوەی لە بیر بێت کە شیکەرانی کەلیمە بدات بە مێژوو، بە مرۆڤ، بە کۆ بوونەوەیان لە دەوری داری ئاخافتن. ئاخافتن بە زمانی حەرەکەت، بە زمانی هەڵسوکەوت لە گەڵ قاعیدەی فیزیکاڵی جیهان.

که: «شی» کرانی کەلیمە بێ کەرامەتی کائینات بکات؛
شی کەرانی کەلیمە بات.

تۆ لە بەر چاوی من گریای
من لە بەر چاوی کەلیمە

دەستێک سووکایەتی بە هەرێمی پەنجێرە کرد
دەستێک نووسیی
نیگاهێک لە کەنارەکانی ئاسمان ڕاسا
دەستێک نووسیی
مردنێ کەوت
دەستێک ئەینووسێت
تۆ بۆ منی کەلیمە ئەگریت



# مانیفێستی «کران»

**فریا یوونسی**

«پەریاد»

که وەرەز بووین لە چی کرمی کەلیمەیە.

دەستێک دەخەینە بەر دیدی جەهل، کە نەمانبینێت و ئاوقامان نەبێت. مستێک لە سیمای ئەهوەنی، دەسڕەوێنین، تا پێی بە بزاڤت بگرین. چەپۆکێک لە سەری سکووت، دەکوتین. بە هەر شتێک کە بێزارمان دەکاتەوە لە هزر، دەنەڕێنین: نا! بە ڕووی پێکەرانی کن سللوولەکانمان دا، دەبین بە: دارا!

کە نەتوانن چیتر بە وەشانی خۆشبینی، بەری یەئسە پێویستەکان بگرن و ببنە هۆی هامشۆی نەگبەتی خوتووتی بەر شعوور.

کە نەکرێ دەست لە داوە دێرینەکان وەر دەن و «پێگە» بن.

ئەو داوانەی بۆ پێگەیینی هزر باشە، بۆ پێگەیین بە هزر باشە.

ئەم جەنگەڵانەی نزیکمان، هەمووی بوونە پێگەی «وران»، بوونە پێگەی جۆرێک قینی قاوەیی بن دەستی گوڕ. دەکرێ بتوانین نەهێڵین سووکایەتی بە جێگەی گەڵا بکرێت، دەکرێ بزانین نەهێڵین جەنگی جگەرە ئەنقەستەکان و جەنگەڵ، ساز بێت.

ئەمە ئەرکی کەلیمەیە!

ئەرکی ئەو قاوەییە مەستەی لە بن گوێی زمان خزیوە. هەر برمە برمێتی کە نەهێڵێ شعوور پێی هەڵخزێت.

دەکرێ بڵێین کە ئێوارەکان نەخۆشن، ئەگینا چۆن دەبێ قاوەیی مەست بکات؟ چۆنە کەلیمە سەرمەستە بە سێبەری؟

دەکرێ بێ ویژدا بین لە حەندای ئەو ڕووداوانەدا کە لە کەلیمە دەقەومێن و خۆمانی لێ نەبان بکەین. ئەمە ڕووکەشی ئێمەیە، یان دەتوانێ ڕووکەشی ئێمە بێت. ئەمە زەرووڕەتی کەلیمەیە کە: هەنگاوەکانی ببات بەرەو مەودا مەحفەکانی ئادەمیزاد و فێری تێگەیین ببێت، فێری سیڕووڕەتی خۆی. ئەوەی لای ئێمە «کران»ە. جا کە فێری «کران» کراین، جۆرێک مەدهۆشی بە سللوولە کزەکانی پێستمان دەگات و خێرا لە سللوولەکانی ناخیش، هەڵدەدەین؛ کە کەلیمە بکرێت، کە کەلیمە کرابێت. جۆرێک ئیجازە بە هەیئەتی دەدەین کە پێ بنێینە پانتایی پاش پرمەکان. ئاوا ئەچۆڕێینەوە بە چارەنووسی مووچرکدا و دەزانین دوای موچرک چیمان بە سەر هاتووە. دەبێ «مووچرک» بکەینە سەرەتای کەلیمە؛ کە لە قەلبەوە هاتووە، کە پڕ بووە، کە بە مەدهۆشی نوستووە. هەنێک «هەدا» لە سەکەناتمان دا، هەبێت کە پێخۆری پێوە بکەین و «ئاقبەت»، نەک لە بەر خێری خۆمان، کە لە بەر خێری زمان؛ بە فیڕۆ بدەین.

دەتوانین بیر لە نەبوونی «ئاقبەت» بکەینەوە، کە کرانی کەلیمە بووین.

دەبێ تا زووە بهێڵین: کەلیمە تێماندا بکرێت.

: کەلیمە بەر بە دیدی «لە خۆوە خۆش»ی هەمووومان بگرێت و هەڵبکاتە سەر دێو و درنجە کۆنەکانی زمانمان.

ئاوا کەمێک دەسێینەوە لە تاو و توێی نەگبەتی لەحن. چۆن؟ هۆشمان بە خۆمانەوە دەبێت، کاتێ لەحن، بۆ نیشان دانی کارەسات، دەست بە بنماندا دەگێڕێت و لوتکە دەردەهێنێت. ئا. لوتکەکان لە بنماندا بە بێ کران، کراون و زوڵمەتێک بەر خراوەتە دید، کە باش نییە. کە بۆ سیڕووڕەتی هەرمانی زمانیمان خراپە. بۆ کرانی جۆرێک هەر مانەوە لە لایەنە ڕژدەکانی ئەم زمانەدا کە دژ دەنوێنێت. دژ دەنوێنێت، چونکە هیچ هەڵێک بۆ کەلیمە نەرەخساوە. نەرەخساوە، چونکە ئاگامان لە باڵە فرتێی پیتەکان نەبوو.

هەمیشە هەر توانیومانە بەر بە گەشەی ڕیتمیکی کەلیمە لە هەیئەتی هارمونیکی زمانمان دا بگرین و...بگرین.

ئەم «نا» وتنە مەڵهەمە.

مەڵهەمێکە بۆ ئەو زەخمە تاریکانەی قەت هەست بە بوونیان ناکەین، ئەوەندە تاریکین.

ئەوەندە تاریکین کە جووڵەمان نەکردبێ، جووڵەمان نەخستبێتە گیان زمانی کورد، زمانەکانی کورد. ئەوەندە ناهێڵین کە بەرمان بە باری هارموونیکی کەلیمە گرتووە و نازانین.

نازانین بەم نزیکانە بەزمێک لە کەلیمە دەکەوێتەوە، کە دەیگرێت. گرتنێک بۆ ڕوودران. ئەمە باشە. ئەمە دەبێتە هۆی بەند بوونی ئێمە بە جوانییەوە. دەبێ بە جۆرێک نەقشی ئێمە لە سەر جوانی دیار بێت. جۆرێک دیار بێت کە لەم کەنداوە، کەلیمە نەکرا، نەیانهێشت کەلیمە بکرێت. هەمیشە نارنجۆکێک لە بن کەلیمە بیندراوە. یان خومپارەیەک، خەردەلێک بە پیتەکانییەوە، نراوە.

ئێمە کەلیمە دەکرێنین. کەلیمە وە «کران» دەخەین. وا کە

# ڕەشـــۆ زەردەشت

## وت‌وویژ لەگەڵ هونەرمەند

**وەرگێڕان لە تورکییەوە**
**وریا غەفووری**

ڕەشۆ زەردەشت ئەو هونەرمەندە کوردەی کە خاوەن مووزیکێکی شێتە و کەمتر ناســراوە و لە هیچ ماڵپەڕێکی ئینتەرنێتیدا هیچ ئاماژەیەک بە ژیانی نەکراوە... لێرە و لە وت‌وویژێک لەگەڵ خۆیدا باشتر خۆی و مووزیکەکەی دەناسین:

### ڕەشۆ کێیە؟

پرســیارێکی سەیرە، ئەم پرسیارەت لە کوێوە هێنا (پێدەکەنێت) ئەم پرسیارەیان جارێکی دیکە کە تەلەڤزیۆن لێ پرسیم.
ساڵی ١٩٥٩ لە گوندێکی سیواسی سەر بە کۆچگری (دێرسیم) لــە دایک بــووم. لــە تەمەنی پانزە ســاڵییەوە بە شــێوەیەکی پڕۆفێشــناڵ، شۆڕشگێریم دەســت پێکرد. ژیانی خوێندم لە نێو شۆڕشگێریی پڕۆفێشــناڵدا تێپەڕی. خوێندن بۆ من ڕەهەندێکی دیکە شۆڕشگێڕی بوو. هەر بۆیە ڕەهەندی دیپلۆم و پەروەردەی زانکۆ، ئەوەندە سەرنجی ڕانەدەکێشام. دیارە لە دەبستان خوێندم، بەڵام کاتێک چوومە زانکۆ بۆ تێکۆشانێکی شۆڕشگێڕانە چووم.
ئەوەی لە ١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠وە تا ١٩٩٠ بە ســەر هەر گەنج و هاووڵاتییەکی ئەم وڵاتەدا هات، بە سەر ڕەشۆشدا هات. ساڵانی نێــوان ١٩٨٠-١٩٩٠ ســاڵانی ون بووە. ئەشــکەنجە، زیندان... ١٩٩٠ بە دواوە «ئازادی». ڕەشۆ سەربازیی کردووە، ئەشکەنجەی دیوە، زیندانیی کێشاوە.

### یەکەمجار کەی دەرکەوتیتە سەر سێن؟

ســاڵانی ١٩٧٤-١٩٨٠ لە مەیداندا مامەوە. بە هۆی ئەندامەتی پارتی کۆمۆنیستی تورکیا و خوێندنی گۆرانی کوردیی، سزا درام و کەوتمە زیندان.

### دووبارە کەی هاتیتەوە مەیدان؟

پێشــتر کارەکانم دەدایە حەســرەت گوێن‌تەکین، ڕووداوەکەی ســیواس (ســووتانی ئۆتێلی مادماک) بووە هــۆی گەڕانەوەم بۆ مەیــدان. ســاڵانی ١٩٩٨-١٩٩٤ لە هۆڵێکــی مووزیکدا کاری مۆسیقام دەکرد.
لە فســتیڤاڵی مووزیکی جازی ساڵی ١٩٩٨ بەڕێوبەرایەتییەکەی بەربەستی لەبەر دەرکەوتنم دروست کرد.
دیارە ئەگەر بتەوێ شــاد بیت دەبێ بە زمانی خۆت شاد بیت و شادی بکەیت.

### کەی لە وڵات هاتیتە دەرەوە؟

٢٠٠٠-١٩٩٩ چوومــە ڕۆژ تی‌ڤی. لەو بەرواره بە دواوە بەردەوام بەشداری کۆنسێرت و فستیڤاڵەکان بووم. لەگەل کوردانی تورکیا و کوردانی تەواو وڵاتان تێکەڵ بووم و پێیان ئاشــنا بووم. ساڵی ٢٠٠٠ بەشداری فستیڤاڵی حەسەن‌کەیف بووم. ساڵی ٢٠٠٢ بۆ بەڕێوەبردنی کۆنسێرتێک هاتمەوە بۆ باتمان.

### ئەمەیان پرسیارێکە کە دەبێ ڕەخنەگرانی بواری مووزیک بیپرســین؛ بەڵام من ناچــارم لە ئێوەی بپرســم، چونکــە مووزیکی کــوردی ڕەخنەگری وەهای زۆر نییە. ڕەشــۆ، مۆســیقای خۆی چۆن پێناسە دەکات؟

لە ١٩٩٤ بەملاوە چوار کارم کردووە. زەردەشــت ١، زەردەشت ٢، زەردەشت ٣ و زەردەشت ٤. ئێستاش سەرقاڵی زەردەشت پێنجم.
ئەگەر لە من بپرســیت مووزیکی ڕەشۆ، هی ڕەشۆ نییە. بۆ ئەوەی مووزیکی کوردی بکێشــمە نێــو ڕەهەندی گەردوونییــەوە، ئاڵقە بچووکەکانی لێک دەتەنم. بە گشتی ئۆرژیناڵ بوونێک نادۆزیتەوە، بەڵام بە گشــتی جازێکی ئەورووپایی یان ئامریکاییش نادۆزیتەوە. وێرژێنی جیاوازی جاز، بلــووس و ڕاک هەیە؛ بەڵام بە دڵنیاییەوە شتێکی ئۆرژیناڵ هەیە. کاتێک لە گۆرانییە فۆلکلۆرە کوردییەکان دەکۆڵیتەوە، بێ ئەوەی ئۆرژیناڵ بوونەکەی تێکبدەی، خۆی بەرەو جان یان بلووس دەکشێت. هەندێک ڕووکاری سۆفیستیشی تێدایە.

لە موزیکی ڕەشـۆدا، دەتوانی موزیکێکـی خودایی ببینیتەوە. هەر بۆیە ناوی زەردەشـتم لە کارەکانم ناوە. سۆفیسـتی بوونی موزیکی من پێدەچێت بەرهەمێکـی کۆمەڵایەتی، کاریگەری ژیانی کۆمەڵایەتی بێت. کوردبوونی زەردەشت کاریگەریی ئەوەی لە سـەر موزیکی من زیاتر کردووە. ئەوەی کە سـەدا شەستی زەند – ئەڤێستا بە زاراوەی زازاکی ئەمڕۆییە، و هەر سێ ئایینە مەزنەکە کە زەردەشت و ئەڤێسـتا کەڕیگەرییان وەرگرتووە، بە شێوەیەکی سروشـتی کاریگەرییەکی وەهای لە سەر موزیکی ڕەشـۆ داناوە کە بانگەوازێکی لەم چەشـنە لـە گۆرانییەکانیدا بەدی دەکرێت: «بگەڕێنەوە بۆ ڕیشـەی خۆتان واتا بگەڕێنەوە بۆ زەردەشتی.» سۆفیستی بوونی موزیکی من لێرەوە دێت.
لای هەندێک ئایین نیگارکێشـی و موزیـک قەدەغەیە، بەڵام زەردەشتی پێغەمبەر کاتێک لە چیای ئەبروو دابەزی، بیروراکانی خۆی بە ژەندنی سـاز و خوێندنی بەیـت دەگەیاندە جەماوەر. ئەمڕۆ لە وڵاتانی ئیسـلامیدا جگە لە کـوردان، هیچ میللەتێک بەیت ناخوێنێت، کە ئەمەش لە ژێر کاریگەریی زەردەشـتیدایە. عەرەبەکان و فارسەکان بەیتیان نییە.

### خۆ ئێوە پێتان وانییە بەیت، شێوازێکی ئیسلامی بێت، وا نییە؟

بەیت شێوازی هێنانە سەر زاری بیرۆکەی زەردەشتییە. شێوازی پارچەی دووانەیە. لە موزیکی ڕەشـۆدا فەلسـەفەی زەردەشت هەیە. لە موزیکی ڕەشـۆدا ئەمە هەیە: ئێوە لە منتان وەرگرت؛ بەڵام من بە هیچ دەزانن. ئەو ڕێژەی ئێوە لە منتان نەگرت، من لـە ئێوەی دەگرم. لە موزیکی ڕەشـۆدا لایەنی خودایی هەیە و هەندێکیش سیاسەتی ئاوێتەیە.

### ئەی دەنگبێژیی؟

تەمەنی دەنگبێژی لە موزیکی کوردیدا ١٥٠ تا ٢٠٠ ساڵە. بەڵام بەیت سێ هەزار ساڵ مێژووی هەیە.

### دەڵێن دەنگبێژیی لە سەردەمی سۆمەرییەکانەوە هەیـە و وەک وتـەی راهیبە سـۆمەرییەکان دەناسرێت. ئەمە راستە؟

نا نا شتی وا نییە. بۆ مەگەر راهیبە سۆمەرییەکان لە کوێ ژیاون؟ لـە بەغـدادی ئەمڕۆ، لە بابـل؛ بەڵام کاریگـەری وەرگرتنێکی کەلتووری هەیە.
ئایا لەو شوێنانە دەنگبێژیی هەیە؟ نا؛ بەڵام برۆ بۆ هۆرۆسان، لەوێ بەیتی سـێ هەزار سـاڵە هەیە. دەنگبێژی کەی دروست بووە؟ میرنشینە کوردەکان بۆ پێکدادانە ناوخۆییەکانیان دەنگبێژەکانیان بە کار هێناوە. لە باتمانەوە تا سـیڤەرەک، ناوچەی ئێزدییەکان بووە. پاش کۆمکوژیی ئێزدییەکان لە سـاڵانی ١٨٧٦-١٨٣٠ دا دەنگبێژیی سەری هەڵداوە. دەنگبێژیی لە ناوچەی باتمان زۆر باوە. سەرەتای وتەی دەنگبێژەکان بە «هێی هێی سوڵتانەکەم» دەست پـێـدەکات. من هەموویم تۆمار کـردووە. کاتێک گوێی لێدەگرم گریانم دێت. کێ کێی کوشـتووە؟ برا برای کوشـتووە. مەدحی ئەمە بۆ سوڵتان دەکات. بۆ ئەوەی خۆبەدەستەوەدەریی میرنشینە کوردەکان لە دوو سـەدەی دواییدا بشارنەوە، دەنگبێژیی سەری هەڵداوە. چوار سەد بەر لە ئێستا ئاغا ڕەحیەتی خۆی نەدەکوشت و بە شوان و سەپانەوە سەرقاڵ نەدەبوو. لە چیرۆکی مەم و زیندا؛ میر دەڵێت من پێویستیم بە کەسانی وەک بەکر هەیە، بەڵام میر لەگەڵ شـوانی خۆی دادەنیشێت و شـەترەنج دەکات. ناڵێت تۆ شوانیت و کچی خۆمت نادەمێ. لە نێو کورداندا شتی وەها نییە. بەو هۆیەی شـەترەنجەکەی دۆڕاندووە، خوشکەکەی پێ نادات. ئەو فێڵەش کاری بەکر بوو.

### ئایـا ئەو هاوارەی کە گۆرانـی و موزیکی ئێوەدا هەیە، دەربڕینی ڕق و قینە کەڵەکە بووەکانە؟

ڕق و کینـەی دەروونی من لـەوەوە دێت کە ئایینەکان ئێمە بە نەبوو لە قەڵەم دەدەن. ڕەشـۆ ئەم نکۆڵی کردنە دەبینێت و هاوار دەکات، ڕەشۆ بۆ ئەو هەمووە زوڵمەی لـە گەلەکەی دەکرێت دەنگ هەڵدێنێت و هاوار دەکات.



### موزیک بۆ ئێوە چییە؟

موزیک بۆ ڕەشۆ تەنیا نۆتەکان نییە. موزیک لە بەرهەمهێنانەوە تا بەرخۆرییەکەی، چاوی داهاتووە. ڕەشۆش چاوێکە لە ڕابردووەوە بـۆ داهاتوو. باش دەکات یان نا نازانم، بەڵام مەبەسـتی ئەمەیە. لانیکـەم لە کاتێکدا هەوڵ دەدات ئەمە بـکات، هاوار دەکات و دەنگ هەڵدەبڕێت. بەڕاستی لە نێو موزیکدا ئەشکەنجە دەبینێت. لە موزیکی ئێوەدا سـەرهەڵدان هەیە بەڵام تکا و لاوەش هەیە، ئێـوە گوتـتـان موزیکی سۆفیسـتی. کاتێک باسـی موزیکی سۆفیسـتی دەکـەی، دەبێ موزیکێک بێت کە ئینسـان هێور دەکاتەوە. ئایا موزیکی ئێوە سۆفیستیکە؟
سۆفیستیکێکی لە ناو براو و قڕ کراو هەمەی. ئەگەر ئەو پارچە گۆرانییەی زەردەشت کەمێک ئارامتر بکەیتەوە، شتێکی خودایی تێدایە.
«پیری من زەردەشتە
شوێنی ئەو بەهەشتە»
کاتێک ئەمە بە ئارامی بخوێنیت، دەنگی خودای تێدا دەبیستیت. لە موزیکی مندا ئەمە هەیە، موزیکی من موزیکێکی خودایییە.



...

ڕەشۆ کوردێکی عەجیبە. لێوارەکانی پڕن لە وەسوەسەی موزیکاڵی جیهان. ئەم ئینسانە، ئەم کوردە، ئەوەندە نوقمی بزاڤتە جادووییەکانی حەیات بووە کە هۆشی بە خۆوە نەماوە هیچ، خەریکە بە خۆ دەرخستن لە نێوان ئەو لێوارە موزیکالانەش، مەدهۆشی تەزریق دەکا. ئەوەندە عەجیبە، قەت باسی کورد بوون یان مووسیقار بوون ناکات. پێویستی بەو باسانە نییە. ئەو بە مووسیقا ئەخزێ بەرەو تەلاتومی ساردی بەشەر و ڕاوی خۆی ئەکات. ئەمە ئیتر سەبک نییە، جۆرێک دووپات بوونەوەی موزیکاڵە لە گەڵ حەیات. دووپات بوونەوە نەک بەو شێوە کە لە مووسیقارێک بچێت، بەڵکوو ڕێک لە سەر ئەو پەتە نهێنییە دەخزێ کە دەبێ لە مووسیقی بچێت. ئەو کابرا ئیستا پیری مووسیقی کوردە. نەک لەو پیرانە کە بە هۆی تەمەن حکوومەت بکەن بە سەر مووسیقیی ئەم میللەتەدا، بەڵکوو لەو پیرانە کە لە هەموو شتێک دەبنەوە: لە تەماشای حەیات، لە بوون لە چوارچێوە گۆشتناکەکان دا و حلوول بەرەو بێروونی دەنگ لەو پەڕی سنووره دڕندەکانی نۆتدا. شتێک ناخوێنێ کە زیایی بێت لە نێو بەرەبەنی نۆتەکاندا؛ لە ڕاستیدا ئەو نۆتەکانی دۆزیوەتە: نۆتە ڕاستەقینەکان! بە مووسیقی خەریکە لەحن دەپارێزێت، واتە خەریکی بە ڕێوە بردنی ئەو شتەیە کە میللەتان فشەی پێوە دەکەن و نییانە: دیموکڕاسی! ئەوەی دیارە، یەکێکە لەو کەسانەی کە دەوێرێ بپرسێ: چما؟

چما مرۆڤی کورد ئەوەندە کەوتوەتە پەڕاوێزێکی کوشندە؛ بەم هەموو بارە موزیکاڵەوە کە لە زمانیدا نوستووە و تەنها کەسێکی پێویستە کە بێداری بکاتەوە؟ چما بیر لە تۆزاڵە نهێنییەکانی مووسیقی ناکەینەوە؟ ڕەشۆ هۆزانە...

ئەوەندە هۆزانە ئەم سترانبێژە، کە زۆر ڕەحەت دەرەقەتی هەموو ئێوارانی مرۆڤ دێت. ئەیبینی. ئەرێ، کاتێک دێتە بێژان، ئەیبینی: بە حاستەمێک خۆ دەخزێنێتە کزە ڕوناهی کائینات، خۆ دەکاتە یەئسی پەممە بۆ تێوە چوون لە بازنەی فەهم. ئەم ڕووداوە سەرەتای هزرە و زۆر جار لە ڕێی هۆزانێکی واوە دەهاوێژرێت بۆ مرۆڤە داڕوخاوەکانی زەمین.

دوای ڕەشۆ مووسیقی چما هەیە؟

ئەو هۆی ئاوازەکانی ئەم دەور و بەرە دەزانێت. ڕێک چوەتە ناو خانەکانی دەردێکی مەدهۆشەوە و بێ ئاگایە لە ئاژاوەکانی ئاو بە سەر ئاوارەیەکەوە. بە گۆرانی نامە دەنێرێت بۆ درەختێک لە کەنار کەوشەنی کاولیدا. دەریا بە ئاهەنگ دەپێوێت و ئارام ئارام بانگی هەموو دەنگەکانی ناو کەون دەکات بۆ ئاریکاریی ئەندووهێک، لە ژێر خانی هزرە وێرانەکانی مرۆڤدا. دەتوانێ بە دەنگ، بێتە سەما و هەموو ئەندازەی جهان بکاتە سەحنەی مەلائیک. سەرمەستانە، چنگ ئەخاتە قژی ناڵەکانەوە و بێ دەربایس، ئەتوانێ قیژە لە مولوکول هەستێنێت. ئەزانێ بۆ لە گەڵ وشەیەکدا خەڵوەت دەکات و دیداری دێوانەکانی زەمین، تەنها بە ستران دەفامێنێت.

دەبێ سترانبێژ، ئاوەها لا لە مەلەکووت بکاتەوە: ئازا لە دەر بڕینا و بوێر لە ناسینا. ئەو تەنها بێژەر نەبووە، کە هەر دانیشتبێت سترانێکی ساز کردبێ؛ ئەو هەموو حەیوانەکانی گەڕاندەوە بۆ ناو بەستەیەکی گۆرانی، کە ئینسان بە خۆیدا بێتەوە و شەرم بیگرێت لەوەی کە وا بە حاسانی سترانی چۆڵ کردووە.

دەبێ سترانبێژ بدۆزینەوە،

تا زووە؛ تا لەمە شەوتر نەبووە...



# نوێترخواز

هەواڵنامەی کتێب

فایلێک لەسەر
شاعیری نوێترخواز
ساڵح سووزەنی


بە عینجە و فینجەوە چ شار/ ساڵح سووزەنی | ٨
دەقی سەرەڕۆ، بووتیقای سەرەڕۆ/ موراد ئەعزەمی | ١٤
ئەدەب لە مێژوو تێدەپەڕێ/ عەبدولخالق یەعقووبی | ٢٠
عینجە و فینجە و پێوەرەکانی پۆستمۆدێرنیزم/ ئەحمەد چاک | ٢٦
هیپۆگرام/ فەرزاد میرئەحمەدی | ٣٢
متن و خوانش / عادل اعظمی | ٣٦
لە دۆزەخی ماناوە تا مانای دۆزەخ/ محەمەد موەفەقی | ٣٨

# بەعینجەو فینجەوە..چ شار

شـێعر

سالح سووزەنی

**به عینجه و فینجەوە.. چ شار (١)**

هەر با دەرۆم و شار ئەخۆمەوە.. نا  تینوو
سەر بە هیچ و مل بە تەریقەتی ئاوێنە تا جیوە
ماڵ نە هەڵکشاوانە ئەڕووخێ
تۆ بە نا ئەژیت و بە تینوو
هەراوە شار  خۆت بە ئاسن و هوتێلەوە تامەزرۆ
من بای ئەدەمەوە بە لەرزانەیی جیوەتەوە خەون ئەتۆرم
ئەو... بە شارانە و بارانە ئەکۆکێ بێ هوتێل نووستن لە تۆدا
ئەخواتە ئاوێنە چۆڵەکانی تۆ..
من نا خۆت و تینوو و جیوەترین سینگ و ئەم ئاسنە ناخەوێ
چ هەرا هەرایەکە بە قۆیماخ
ئەی بەرد؟
شەقامە شینە شینی دێ و «سەما»یە پێت ئەڵێ «گواش»
بــە زەمهەریـــری ڕۆژەوە.. هەتا هەتاو... هەتـــاو هەتا هەتا..
هەهە..هەهە
چ نادیـــارە ئاســـنی هوتیل و بـــا  ئاوێنە لۆچایی
دەبێ نابێ دەبێ
بەســـەرتەوە چ چۆلەکە ئاوێنەبـــێ  چ ماچی جیوەجیوەکەت
هەرگێز نەبێتە ئاوێنە.. ببێ نەبێ سەرم دەبێتە جیرەجێڕڕڕ
بە ئاســـنی خەوتووتەوە.. بە بەردەوە کە بۆتە خیززز  نابێ بە
زیخ نە بەردە با بەردە
تۆخوا بەرۆکم بەردە... سەدجارم گۆت ئاوێنە!
شـــین بە شـــەقامەوە مەکە  بکە بە توون.  تەتەر بە ڕێت
و توون هەتا
تۆ کە بە شارەشارەوە... ئەچیتە بانەبانی ئەو  چ جیوە بێ و
ئەلەرزم وەک سەگ... مەیلەرێنەوە  ئەبێ بە چی؟
ئەبێ بەئاو و چۆمە چۆم  ئەبێ بەبا  بەئاسنی هەتا خوااا...
هاهاهاها
تۆ کە دەڵێی نەنووستو..وم  ومم بە هەرچی لەرزەلەرزی جیوەتە
چ تۆ بڵێی چ ئاوێنە و هوتێل و با بێ یا نەبا
ئەوە بەم شەوە ترشەوە... کەر دەوەڕێ بە هەرچی شار و ئاسنە..
هوتیل ئەنێ بە خەوتەوە
بێچـــارە زیـــخ و خیز  و  بەردی چی.... زمانە هات و هوووت
ئەکا
چ ماکەرێکـــە ئاوس س س  ە و ســـبەینێ (جـــا..) یکی دەبێ

دەزێ  دەبێزی دە
شەقامی شارمشارئەکەم بە سین دەبێتە سارمسار سەقامی سار
بە ســـار سەرم ســـڕینی دێ ســـەڕین بەماکەر و ســـڕین لەبەر
ئاوێنەکەت
تۆ روومەتیت بە گوڵ دەگۆت؟
ئاوێنەیی بە مەڕمەڕت  مەڕێ لە دوورەوە فڕی
بە کەو دەڵێی؟
نا ئەمە شێعرە  هەر مەڕم کردە بەکەر  ببوورە کەوم دێ..
ئەوە چی دەڵێن ئەو دوانە دوانەدوان دوانیان کرد بە  جارێ ...
لەوێوە ئەڕوانێ و لای وایە ئاوێنە سەوق ئەخاتە ساوی
نازانێ وێڵی کە!  هەرسێکمان بە ئاسن دەبینێ
زۆر پیرە و شارەسار نازانێ
شەقامی شار مسار ئەکەی؟  ئەکەم ئەکەم ئەکەم
هوتێلە و ئەم جارە بارانە بە شاردا شێعریوە و لەرزانە کردوویە بە
شێعرا شەقام بێ یان سەقام... ئەو هەردێ و
منیش هەر با دەرۆم و شارئەخۆمەوە.. نا  تینوو
سەربە هیچ و مل بە تەریقەتی ئاوێنە تا جیوە
ماڵ نە هەڵکشاوانە ئەڕووخێ  و
تۆ بە نا ئەژیت و بە تینوو  شارە شار  عەوەزی!

**بە عینجە و فینجەوە.. چ شار (٢)**

بەردە «وامم» و بۆم نادرێتەوە گوڵێ قەرزار
بەردەوان و بەردانە  بە شـــیر و شـــوور و شەڕئاو  تا شەراب و
یاقووتی  نازانم ... دیوار
چ دیوار؟ هەرچی شێحرە بە باڵاتا توایەوە و  دووقۆرت
و نیویشت
قۆرت یانی قەوارە و شتی وا  نا نااا
دوونیوەکانیشت خۆشترن لە تەڕ و «شوور» و  جووڵانەوەی
بە هات و چوو ناڵێم
دەرپەڕین و  دەرپێی چی گڵاو  لەشـــار و ســـار
ترازاوترینی  شیرباو نا شۆرباو بە سپی و ئاو و ئاوەڵا و ئەولاتریش
یانی دواوە تامەزرۆ
بەم تێکەڵ پێکەڵەت زمانمان لێدەکەیتە ئاو و ئەترســـم بمانبێ
زۆڵە مەکە!
دەکە بە میم و یین جیاوازن وەک شار و سار  نا



باسی تێکەڵت دەکرد و بووی بەکەڵ
لێمان پێمان پیامان تێمەکە تێرم تێراو و تێزاو
زاوەتە چاوم و بە عینجەو فینجەوە سار ئەڵێتەوە بە خومار نەک وەک پیر
ئـەی دەرد؟ دەردەمارمە.. مارە مار مەخوازە مارەت کــەم مان ماوە لەمانەمانی
هەمووتان
قەشەی چی؟ مەبەستم مار و ئاوە لە سەو نا سەوێ و هوتێل و شارەشار
بە دەعبا..
دەعباکەم مەجاوە بۆقە.. بۆق!
شێعنێکم نووسیوە بە سین و دوو شین و هەرمێیەک عەین بە ڕێ
ڕێ نادا و نایەڵێ قەڵەو بێ نە ئەو ڕێ بە بێ ڕێ ڕێی ڕاااا ئەوەڕێ
بەشتێکم هۆ تێلی چی؟ تێلدڕوو ئێوە دەڵێن تەل
کە وایە بۆ شەڕکەین کاتێ بە ئاش کرا زمانەزمانمانە
حەمەرەسوول ئەڵێ لێرە کە سارێکی شوێیدە ئەڵێین موبیل... خۆت گەوجی
تەل بە موبایل ناڵێم مەکەنە کەنتئەکەم ها ناتوانی وەرە کنم
ئەی دەرد دەردەمارتە یان ئاڵۆش بەهێوری ومم بە هەرچی هەرچیە
مار مەکە بەدارا دارەدارە دارە کەی پێ دەگرێ ئەم شارە چەند هارە بەهارە
هارەکەی بکە بە شـێت شــێتانە هارمکە هارە هار... کچەحەیران e mail
ێک بنێرە بەڕەسمێک رووتەوە وەک Kijol kijolan لە پاریس
کوڕەحەیــران مێزم دێ و شــەویش زۆر درەنگە بۆ لە
شار تێناگەی هەتیوە تێکەڵاوترین و هیچی
تر.. ئاڵــۆزم وەک هەرچی ئاڵۆزیی
دەوڵەتە مەڕ وو ماڵات بە دەوڵەت
چی دایکە؟
ئــەی تــۆ بــۆ باســی وم دەکەی
بەهەرکــوێ یانی چی رووم
نیــە رۆم شــارێک گەورەبــوو
ســێزاریش یانی عنتەر و مەنتەر
بی بە تەنیا یانی هیچ<.>
٧ەوتێکــی ئــاوەڵا و ٩یەکــی
کوردانــە ٧یســابات نازانم
دەی بیڵێ
٧ەوت و حــێ بــە یەک چی
٩ ت دیارە ســێ ســێ یە و
بسمئیل....ا یانی فەرموون
یــان کەرەمکــەن بــۆ
کەرمکــەن کــەس نازانێ و
منیش بە هەرچــی باوکتە
شــەش جاران شەشەشەش؛
خوامئەوخوایە گڵاو ئیتر باسی
سیاسەت بکەی! ئەی نایکەی
نایەڵێ
ڵێ ڵێ ڵێ ڵێ ئاوم دێ ت
کایــە کایە بە گوو مەکەن لە
هەردووســەرەوەدارە... وەک
زەرافە تکایە
ئەو ت ێی پێوە بلکێنە....
بیلا تەشبی ٩ پەردەی
پەپوولە ئــەدرێ بە

هەواڵنامەی کتێب

ڕێی ڕوودار نا ڕمان یان شتێ وا
بیکەوە گوڵێ گوێت ناڵێم  بەرد بە بەردە چی ئەحمەق؟
ســینگم تکایە دۆشــەکی چی  تەقی!  کوڕە جیران ئەڵێ
ژمارەکەمیان گۆڕیوە  و  ڕە
نگــە ڕەنگ ڕەنگت ئەکەم هاااا  وەک سیاســەتی لای خۆمان
دایکتان (....) چەتیو
کــچ دەڵێ؛ دایکی من گەلێ زاڵمینە وامەزانە باوکت ئەنێتە
(...)کەر
کەر کەر کەر کەرکەر  ماکەرێکی ئاوسە و سبەینێ(...)
یێکــی دەبــێ  و دەزێ و ناوێرم ببوورە کەرەکەر  بلێ
نان و ڕۆن کەرەی ئیسـتا لە دەوڵەت تێپەڕیوە  ســپی و ئاو و
ئاوەڵا و ئەولاتریش بە سیاســەتی چی < ؟؟؟؟؟؟؟؟؟ > یانی
وس س س
کــوڕ ئەڵــێ: کوشــتمانیان  باوەپیارەکانمــان  ئەو
جەدوئاباحیززززانە  بەرد و زیخ و خیزو  تا زێڕ و زیو و زریشک
کچەتیو مەکە  باوکم بزانێ  ئەت...ێ  جاشێکت دەبێ بە
کێشی مایین
ئەی دەرد.. گووشیم پێیە  موبیل ئەژەنم بۆ پۆلیس
کــوڕە جیــران ئەڵــێ؛ هاااااااااااااااااااا. هــا؟  دەی باوکم
هەڵێنەگرێ کۆیکەوە بابڕۆین لنگەلنگ! ماعیرێک لە ســەرێ
بە دووربین ئەیبینێ و فوودەکا زمانی بە بادا.. لێمان ها!
بە شەش سەرینی نێرەکەر
بە زۆرخورانی تووکی بەر
بە زۆرمژینی  ویڵێ کە زۆر کۆنە  نافامێ لەهوتێل
تێل تێل دروو  و
تۆیش دێر هاتی با
«ری ڕا»هــات و هەموومانی گا هات و ئیــوەی دا کات و بارانی
چی لەم قاقڕە شارەدا ئاسمان کەمانە نە نەماوە بام کام زام
هەڵدەمەوە بە لەیزێر  تێربرسیم م مەکە چەتیو
باوکــم بزانــێ ئەتــکا  بە پەن یان پەموو بە من چی
چیت بکا بەچی چەخماخ

**بە عینجە و فینجەوە چ شار...؟ (٣)**

بە سەری شار
شارمان دەکرد بە فینجەوە  تا نەبەزین بە عینجەوە
رووحمان دەدا  تا  نازانم بینووسە!
سەرهەنگ هەنگەکانی فڕاند؛
–.Shery xste Sarde kwistan
– من لێرەوە تاڵ تاڵ ببووم  بۆ شوو؟
بە شاعەباس سەری شامان کرد بە شار و
ئاسن و
بااا..
با یان نەبا .. بە تۆچی عەوەزی!
«بێ ئەوەی خەبەرم بێتەوە لە خەو هەڵسام»
لە شێعری سالانی پێشوو
کە من نەبووم  وە شار
فڕی بە زیندانەوە نەمابوو  هاها.. هاها
Shermezar bnnnnnn

فڕ و باڵندە  یەک «دال»ن لە دالانێکی دەلال داااا
– ترت لێ ناوەشێتەوە شاعیر!
– لە سیماتا .. یان بەسیماتا  بۆم نایێ
– ئەمویست بڵێم «هاڵە»یەک بە دەور سەرتەوە ئەفڕێ
– خەڵکی ئەحمەق نەیان بینی
– ئەمە ئەنووسم  بۆ پارە  کە  نە  مرد  بوو
نامرێ و دەمانکا بە شت ت ت (لای ئادرنۆ)
مەبەستم کەڵە شارە!  نە تەپاڵە (مێترۆپۆلیس س)
چ بە لەنجەوە دەیشێلا
پەریناز یەکەمە لەوەدا  ئەسێ دا بەمن نا (ش)
فڕیبوو  شار  فڕێ بە تەپاڵەوە نەمابوون ن  (زەیتوونی)
; “Perynazyz ysh, be “lebtabekeyewe
ماچی دەنارد بۆ پاریس س س
عەشقی دەنارد بۆ خاوەنی «هەژموونی» هاها  هااااها
– بۆ ئەکەنی «ئەجنەبی»؟
مەگەر هژموونی چیە؟  یانی سار ئیتر تڕ
– ئەوەی سەری شا سلێمان؟
!Na 7ole  sery chy?  Ta hetaye  bybe to-
پشتم لە مشتم.. ساردین
دەســتم بە ســاردی  نا پستم کە مشتم م  بە . بە. بەسی کە
نامەرد!
– دەرد!
زیندان و فڕ و سلێمان .. بە شار و شاحەباس چی تەقیم م
تەق تەق و کەوشی چی
شار ببوو بە تەقە و تەقە تەق
Dar u bar
Kar u par
Bar u nar
«سەقیلە ئەم شێعرە خێشە گیان!»
بە سەری شار
شارمان دەکرد بە عینجەوە  تا نەبەزین بە  فینجەوە
(...)نمان دەدا  تا  نازانم بینووسە حۆلە گیان!

**بە فینجە و چ شار و عینجەوە ٤ نا (٥)**

بە دەنگەوە دەڕۆم و شار ئەمخوا..
بە شارەوە دەچم و هیچ ئەمبا.. بەسم
بەس سین نا شین وە شین بەسەوز ئەڵێن!! ها ها
لە مەڕ بەر و دەست ودەسەڵات ئەتخۆن
سەبارەت و مەڕ کوجا بە چی گەنە!
شار ئە مان نا ئەم خوا(تیمساح)
بە هەموو مان چی گەوجە باڵ و فریشتە و ژن ن ن
دەچم و دەم با خوا هیچ بەسێک دێ با
شار نە تۆز ئە نا دە کا  یەک دەکا بە گاااااهاها
[ من] و [من] و [من] هەر {تۆ} و {تۆ} و {تۆ}ین کەچی
«نابین بە ما»اااا و هەر {منتۆین] شەرتە «ئەچم شەڕ نەکەم»
بمانگرن هیچ و نەمانگرین هەر هیچ و هیچ هیچێن
هەچە لە باوکت گە گەوودان و گەوودێن و گوودین یش
هێچ نین با هیچن چ جیاوازە

هەزار سف ریش هەر دەبنە هیچ و ئەمە مەنتەقی شارە شۆڕەبی ئەتخۆن ن ن و منیش تانخۆم باشتر لە «ئستدلال و پێی چێوین و.. » قسەی قۆڕی

سەرسەماوەر و هەڵەم کرد؛ یانی شێعر بە مێعری ئێوە تاڵتر و مۆسیقااااایە بااا!

و هیچە گۆدۆ و یانی شارررررررر بە سینی ناسازززژێن (مست ئاوێن) یان (ش)

ناترسم هەزار ئەونەتان بە ریشی کەر یان کەڕەنا و کەرینە مێژوویەکی کەڕ بە ڕێی قەڵەو

خۆسە گانێن س نا ش و ێن نا ان بە سەد شوکر و سەککەر و (بەستێن)

قۆچەی ش ینەکەم خراپە ببوورن نایس بە توون و تەتەری ڕێ بین کوڕێ باسە

مێژوویەکی کەڕینە کەڕەنا و

یان کەر ئەترسم م م با بێ و بمبا یان نەم بااا ببم بەگا وەک تۆ و شوما ترخێن.. باوکم دەیگوت

ترخێنە و کایلۆژ ناخۆشترین بوو کەشکئاوی دەکوڵاند و ئەیدایێ..

تۆیش برسێتی خەڵاتێکی ئەبەدی بوونایێن.. و ئیستە برسێتنائازا دیت دێ بە گشتمانەوە کێ دەگری با ناگیرێ و کونە هەموو تۆرێک بۆ ئاو و ئاوێنە و ترخێنە و شتی وااااهاها

سەر بە تەم و مەم بەدەم و گا بەتوون تەڕ بە کەم و دەم بە شەم و کا بە قوون

با نەڵێن لە شێعری کۆن ناگاان.

شارە شارە شار ئەکەم

دایکەکەم!

«ئاسۆ»ی زۆڵ ئەیگوت وابێژە..

کە دیت گرتی.. بیکە بە ئەوەی خۆت..

بیکە و ئا

من بە شەرتەوە شار ئەگێم م م هاها ئەڵێم مەستییەو کێدەڵێ ڕاستی ی؟

دنیاتان خوارد و چی ماوە بیدەین جوێن نەبێ

جیهانتان (..) و چی ماوە بیدەن قوون نەبێ (بە ق)

عالەمتان شا و چی دەکرێ ناکرێ و هەر گا ئەبێ(مەشکە)

مار و شار و دار و تەتاف ف ف ف ف ف ف و قانع هەمووی گوتوە بۆم نایێن

شار و ش--- ار و سار و ساراماگۆی کوێری

- ئەمە ئەقڵەو فڕی بە شێعرەوە نەماوە ببیەستە!

- بە شارە وە دەڕۆم و دەنگ ئەمخواااا... (سەدامەت)

- ئاوەهاا!

**بە عینجە و فینجەوە چ شار (سێکس نا٦)**

شارتان دەنا بە «سەرتەوە»(!!)

بانتان دەبردە تارانی گوڵی تارانێ

بە دووکەڵی کاکێشان بەشانی ژن و پیاو پێکەوەن لە پاساهاها

منیش ش ش شینە شین کچێ لەدەوری قەدتەوە کەڵەشێر دەهات و شیری دەشکان

- چ شەکان شەکانێکتە بلحەگیان مەکە ر کەرە ئیتر چی بڵێم

- وەرناگێردرێ «توو» دەیان و «دەس» زێدەتر مانای هەیە(من مەدلوولی هەموو «دال»ەکانی پێشووم GU نەبێ)

- بەتوونی بیبار نا تەتەر لەهەمان نەوادەی مەغوول بوون و شارشارێنیان کرد تا ئێرە و لەوێوە تا ڕەشەکوژیی چی ئاڵ و گۆڕی کولتووریی نا(.) <.>

چاوی لەشیشە ڕەشتر بوو و بۆ و بۆگەن و لێم تێک چوو مەبەستم مێژوو بوو

شێعرەسات دەیگوت مێژووج جیرەجیری لە شار بە عینجەوە ترە لە فینجەی تۆ نازێ

نازەناز ناز مەکە بە نازا شێعرم پێ نا، دێ شارترە لە ما شین شینە شین

ئاوێنەیەک دەنێمە بەر ئەوێت با بێ بە دوان دن و ڕابواردن جیاوازن

ئاوێنە جیوە جیوی دێ و من بە ئەوەندەیی جیوەتا ڕەق دەبووم و تەق دەبووی و

مەڕ و سەبارەت بەچی گەنە کوجا..

هیچن نا هیچێن چ جیاوازە بۆم نایەتەوە «تیرەو دەر چووە لە ٦٠» و هەر ٢٠ یت

هەر با دەخۆم و شار ئەڵێمەوە تا سەرما

سەر بە هیچ و ئاوێنە تا تەریقەتی جیوە نا مل

من بە تینوو ئەژیم و تۆ ئاوییت

تا مەزرۆ بە هوتێلەوە یەک شەو

تۆ بای بدەیتەوە بە پشتا و من بکۆکم لەتۆدا بە بارانەوە

تا چۆڵەکانی پشت ئاوێنە و سینگ و جیوە

چ بەردە بەردێکتە ئەی هەرا

شەقامی چی؟

بەهەرچی شارەوە ماسیوە و ماسییش لە تۆ خزتر نیە بەناز

بەوێتەوە چ ئاوێنە چۆلەکە بێ چ جیوە جیوی ماچەکەت هەرگێز نەزێتە سەرتەوە

شەقام بە شینەوە مەکە بە ڕێت و توون

تۆ کە بە بانەبانەوە دەچیتە شارە شاری ئەو

بە هەرچی لەرزە لەرزی سێوتەوە ومم

شار دەوەڕێ و هات و هووت بە زمان دەکا

کوڕانی دارێعدام دەکا.. کچانی شار ئەدا بە هەرچی ئاسنە و هوتێل و با ا ا

کەوێ لە دوورەوە تری بە مەڕ دەڵێم

دوانیان کرد بە مقاشەوە

سیانیان دا بە جارێ جارجارەش ئەمگرن ن ن چ توورەن ن ن باوکە ڕۆ ن زۆر چەورە

خراپە بۆ دڵی شێعرەکەم مێعری دێ

ئەزانێ وێڵی چی؟ شێعریوە و شەقامی ساویوە بە ساردا .. خوێن دەڕژێ و هاژەی دێ لە گەنجا گۆڕەپان و سیگاری تیر ر ر ر مەهێڵن لێڵی کەن لێلاوی هەناسەی زیندوەکان

شارتان دێ بە عینجە و فینجەوە و تابلۆکەی لێ لادەن سوورە سوور

شار هەر دێ و منیش هەر با دەڵێمەوە و هیچ ئەڵێمەوە با نەمخۆن ن قەرزار و بەردەوامم و هەرچی بە باڵاتا ڕشامەوە شێعرە و تۆ هە ر بە مێعری بزانە نەفام ان یاساتە و قوڕەقوڕ

بێ سه‌واد
قه‌واره‌ و شتی وا یانی قورت و نیویشت دوو باقییه‌ و نازانی
گڤه‌ی زمان به‌ تۆوه‌ خۆشتره‌ ناحاڵی
كـه‌ تـرازا ده‌ترازێ و تـا هه‌تایه‌ ده‌روا و ده‌زمانێ لێسـه‌ لێس
دووزمان زه‌مانه‌ ناناسێ زه‌مه‌ن با زێڕه‌ی بێ به‌ زێ و زااا
به‌م زمانمان تێكه‌ڵ و پێكه‌ڵه‌ زۆڵه‌ زۆڵ ئه‌ترسم بمگرن بۆ نایێ
كه‌رێكبه‌ ده‌وری سـه‌ریه‌وه‌ .. ده‌فڕی (...) و منیش شیتترترینتر
له‌ تر ساعیر(ش)
ئه‌ترسای بتگرنبۆمنكه‌پێشترگیرابوومبۆتۆ
– كه‌ره‌كه‌ر كه‌ڕه‌ كه‌ره‌ی چی با بای بێ و نه‌یێ هه‌ر ده‌تكه‌م به‌ شیر و شیربرینجی ماشی سه‌رمه‌وه‌
(ئاهوو) هه‌ر مه‌ڕێكه‌ به‌ حینجه‌ و زینجه‌وه‌
– عه‌یب نه‌بێ وا مه‌ڵی عینجه‌ وا نانووسـرێ و فینجه‌ كوا زێی هه‌یه‌ چه‌تیو
– باسی كه‌ڵت ده‌كرد و تیكه‌ڵبوویت
– تێكه‌ تێكه‌ گه‌مه‌یه‌ك بوو بۆ تێهه‌ڵدانی هه‌مووما‌ن به‌ ده‌ســت خۆمانخوارد ئیتر تا كه‌ی؟
قه‌شـه‌ی چی حه‌وه‌زی! (ع) ماسـه‌ ماس نه‌ ترشه‌و نه‌ هیچێ..
مه‌یجاوه‌ حاباكه‌م(ع) مڵچه‌ت دێ
شـارێكه‌ و رێ ناداهیچ بڵێم؛ شـاری چی شاحه‌باس دوو ددانی دانابـوو و هه‌ردووكیان بوون به‌ دان بۆ ئێمه‌ی نه‌گبه‌تی خه‌ڵكی شار
– مامووریش تا هه‌تایه‌ كه‌م «بوون یان نه‌بوون كێشه‌كه‌ ئه‌وه‌یه‌» مه‌سحه‌ره‌(خ) دان یان نه‌دانی چی؟ به‌ په‌نای چاوته‌وه‌ ده‌بیستی و له‌ گۆشـه‌ی گوێته‌وه‌ ده‌بینی كه‌ كه‌س هیچ نابینێ و بابیشی گه‌لێ زاڵمینه‌
– نامداته‌ كوره‌شارییان ئه‌ڵێ وان زۆر دووره‌
– «ده‌ستی خۆ به‌ كێژان» سارد ده‌كه‌نه‌وه‌ نا گه‌رم
– كه‌نته‌ئه‌كه‌م ها دار مه‌كه‌ به‌ماڕا و كونی چی له‌ شارا به‌e mail
– Kwre cyran myzm di u Sharysh zor shewe u bawkm bzani detgi ha
– ئه‌وانه‌ نازنم ئه‌وه‌م دێ و ئه‌ترسم تۆ هه‌ ر چی ئالۆشـه‌ شینم كه‌! شـینی چی كیژۆلان هه‌ڵـه‌م كرد.. ئه‌وه‌ی تر باوكیشـت ده‌زانێ به‌ توون و ته‌ته‌ر و ئه‌وه‌ی تر مه‌عوول نا(غ)
به‌ دووكه‌ڵی كاكێشـــان به‌شـانی كچ و كوڕ چ خۆشه‌ پێكه‌وه‌ن له‌ پاساهاها
شارمان ده‌برده‌ بان و ده‌م له‌ ناو ده‌م بی و ڕان
بێ له‌ سه‌ر پا نتر ده‌ترسم بمگرنمان
– شـاری چی بڵێ گووی سـه‌گ به‌ هه‌رچی مێترۆپۆلیس س س
– عینجـه‌ی دێ بـرا فینجـه‌ی دێ.. ده‌نگی پاوانه‌كانی(صدای زنجیـر میومد) با نه‌ڵێن دزیوته‌(شاملوو) تۆ بڵێ شاری چی!
– ......
–

....
– ..
– ؟

**BE FYNCE U 3YNCE WE Ch Shar? (iv)**
به‌ فینجه‌ نا گڕ
یان ده‌برده‌ تارانێ ێ هاوار تارانێیان شار و
ده‌كوژران گیانه‌ چ كوژرانێ
به‌ سه‌ری هه‌مووتان ده‌چووینه‌وه‌ پاڵ شاخێ مان ده‌شكاند
و به‌ شاخه‌كه‌ی دیكه‌ی چ شه‌ڕه‌ شاخێ گوڵه‌ تارانێ
شه‌م نه‌ده‌ما و
ده‌بووینه‌ مه‌م و
ده‌له‌رزاین وه‌ك سه‌گ
لێمان ده‌دان و دانیان
له‌بیر ده‌كرده‌وه‌ به‌
دووكه‌ڵی كاكێشانێ
من سه‌رم به‌قاڵه‌وه‌
شێعر بوو و ..
– تۆ ده‌ترسای وه‌ك
شێر و شیری چی به‌
مه‌مته‌وه‌ ده‌رژا.
– من قاڵ بووم به‌
سه‌رمه‌وه‌ شێعر و
به‌ شێعره‌ساته‌وه‌
ده‌تر سام یان زاڵ و
رۆسته‌می چی فه‌حه!
... رووحمان ده‌دا تا
بێئووسه‌ سه‌رهه‌نگ
هه‌نگی چی؟
له‌ سارده‌ كوێستان
نه‌بووین و ده‌یانگرتین
به‌تینی خۆر نا



تۆڕ و کون بوو بۆ شێعر
تاڵ تاڵ ببویت لەویوە بۆ بە شەللاق نا گوڵێ .. بۆ توو
سەری شارمان کردە مل شا و بە چەپڵەوە  چەپەل نا  کردمان
بە خوا ا ا   وانیە   وێڵم کەن تۆ خواا!
– تۆ بوویت و باسی زیندان دەکەی هاها  هااە  شەرمەزاری چی؟
- FRnde be taL taLy baLewe awizan
– چەند دال ن بە دەلاڵێکی هیچ و پووچ...
– لێت نا وەشێتەوە .. یان بەسیماتا ئەحمەق!
– ئەمویست بڵێم مەڵی ئیتر گەوجە گەوج خەڵکی چی کە نەیان «بینی» فارس ناڵێم کە بە لووت دەڵێن؛
چ بە نازەوە دەڕۆیشتەوە پەریناز و چ دەیشێلا بە لەنجەوە زەیتوونی لەبتابەکەی
من ئەو کات پاریس بووم و لە ئوستوورە تێپەڕیبووم.... ماچی چی بنێرم بۆ تەپاڵە
هژموونی و ئەجنەبی یەک توونن لە حەمامی چی وێڵ کە!
– ئەشی دا یان نا نی نەبوو و ناچار زۆر جیاوازن کەرە بەری دەنا
– بە بەرتەوە و خۆشەخۆش تان خۆشاو و خۆشناو بوو لە تاران یان نەبوو گرینگ ئەوە بوو بانمان دەبردەتاران و گرمان دەنارد بۆ شار بە باڵی پەپوولەوە
«ئاگر هانێ باڵەکانم پێی هەڵفرە...» شێعر بەوەرەقی پێشوو..
ئەمە منم و چۆن بڵێم ئیتر فەحە
«کام راستیمان نەدەنایە چاڵی مستتان ...
دە چاو    بکەنەوە و بیبینن!
ئێمە چی بکەین لە کوێریتان»تان تان تانە
مەدەن و شا نە لە زوڵفتان
پیرەژنێک بوو گوتی خۆت کوێری!
و لەو حەشیمەتە بەس ئەو حاڵی
بوو دەڵێم چی وێڵ کە نە بووینە
ماا یینێ بەراستی شێ بوو و چ
تاوێکی دەهێنایە سەرمان و
زیندان و فڕ و شاحەباس بە
ئێمە

چی نامەرد.. بە کەوشی چی تەق تەق
خێشە گیان eتان شێواو par u nar u zar بار و کار و دار بە
حاڵی نەبووی یابووی بەمن چی چیم بە پشتی هەمووتان تا نازانم بینووسە
بە عینجە و فینجەوە لەمە باشترم بۆ نایێ تا شارشار ی چیتە عەوەزی (...)تان دەدا و دوو قورت و باقیو نیویشتان تاکەی >?!?!!
سەقیلە ئەم بەحرە خێشەگیان! بە مەلە نەبێ ناپەڕێتەوە نامەلەوان
هەموومانیان(<>) و چاوەڕێی رۆستەمی چی ن ئەمانە بەڕاستی بەشەرن یان شەڕن و ئا
دە هەڵماڵن شیر و هەڵکێشن قۆلتان وەی باوکە رۆ چیم گوت GUU م م م خوارد بەرا
دەر و دەروازە مان نەبوو بە شاسماییل و سوورەکوژیتانم
سوێند و تا هەتایە نایکەم .. دەبەسە وەی پشتم باوکە وەی
لەو مەستەچاوەتان و لە غەمزەی چاوتانبم و جوانترنترن لە هەموومانتان(<>) شێواوە لێرەدا قۆبچەکانی کیبۆردەکەم .. تا کەی><

............. .................... .............

دەجاران بەڵێننا مەمواژۆومۆرکردوەو بە چاوان چی دەڵێن
دهتانکەم دە وێڵم کەن «لە کەن و فستیواڵتان بم م م تاکەی
گوومبەمسارەشارەتان باشیپێکردوون قاوەی تاڵ باڵمان دەدایە
ئاگر و دەچوینە تارانێ گوڵێ تارانێ..
دەگەوزان لە کوژران و بان و تان و سان و شان
سەری شاخمان دەبردە شاخ و شوماخێر هەموو ساڵێ دەبوو بە
یەک دوو سێ چوارنا ۵ و سێکس نا ۶ و دوایی ۴ تا
پایان
لێمان دەبووە بابالینگ دراز و
تەواوئیتر بەسی کە!

PAYAN!



# دەقی سەرەڕۆ، بووتیڤای سەرەڕۆیان:
## (دەقی ناوشیار بە بووتیڤای ناوشیارانە ناخوێنرێتەوە)

چەند سەرنجێك سەبارەت بە زمانی شێعری حەمەساڵەی سووزەنی
بە خوێندنەوەی بەشێك لە «بە عینجە و فینجەوە چ شار»

موراد ئەعزەمی

نیچە، لە جێگایەکی (لە شەوگاری بتەکان) دا، زۆربەر لە فرۆید، باسـی خودی نابەئاگاو هانەو غەریزەی ئاوەزنەویست دەکاو، بە بەردی بناغەی داهێنەرایەتی هونەری دێنیتە ئەژماروده‌ڵێ هەموو جەزمەومەسـتییەکان، هەر چۆنێک پێک هاتبن، ئەوتوانایییەیان هەیە هونەر بخوڵقێنن. جەزمـە، خودی نابەئاگاوغەریزە، لەدوای نیچـەو، بەپێداچوونـەوەو پـەرە پێدانەکانـی فرۆیـد، ئەوەندە بەربڵاوبوونەوە، تاوەکوو گەیشتنە قۆناغی جێمس جۆیس ومارسێل پرۆسـت و، لافاوی زەیـن(stream of consciousness)و، بانگهێشتن (association). ئەوقۆناغە ئەستەمەی کە ئەدەب لە جیهانی بەرهەستی دەرەوە، بەرەو دنیای دەرهەستی ناوەوە و، لە ڕەوایەتە قەبەکانەوە، بۆلای گێڕانەوەی ئەزموونە تاکەکەسـیەکان وەرسووڕا.

ئەو ڕەوایەتە تاکەکەسـیانەش، دوابەدوای شۆڕشی کۆپرنیک وبیرۆکە کانی داروین و، نیزامە دەروون شـیکاریەکەی فرۆیدو، (عدم قطعیت) ی هایزێنبێرگ و، دوایەش بە پێی هەڵوێستەکانی هەڵوەشێنەرەوەی ژاک دریدا، لە ئاوەزو مەنتقی ویشک وخۆبەزل زانەوە، بەرەو هەڵوەشـاندنەوەی ئەو ڕەوایەتانەو، سـڕینەوەی هەرجۆرە چەق وناوەندو، ڕاکردن لە هەرجۆرە مانایەکی چەسپاو وەرچەرخا.

ئەم شـێوە ڕوانینە سـەبارەت بە جیهان ودیـاردەکان ، لە نیزامی زمان تەوەری ڤیتگنشـتاین دا، وای لێ هات کە تەواوی پرسیاروکێشـە فەلسـەفیە کانی مێژووی فکری بەشەری کەوتە سـەر شـانی زمان و دەسـت وپێوەند و فرت و فێـڵ و پێچ و پەناکانی. لاکان دوو نیزامی دەروونشـیکاری فرۆید و زمانناسیی مۆدێرنی میراتی سۆسـۆری تێک خستەوە و، قامکی خستە سەر مێتافۆریکال(خوازەیی) بوونی زاتیی زمان.

ئـەو پرۆسـەفکری- زمانناسـیە، لە پانتای ئـەدەب ، بە تایبەت لە دەقەکانی سەربە قۆناغی پۆست مۆدێرن دا، دەورێکی بەرچاوی گێـڕاوە و، تەمهیدو شـێواز و گوتارگەلی تایبەت بەو ژێرخانە فکرییەی بەرهەم هێناوە.

مەکتەبی سورریێالیزم(سوپێررێئالیزم)، بەستێنی سەرهەڵدانی لافاوی زەینی بەرهەم هێناوە. ئاندرێ بێرتۆن(۱۹۲۴) لە مانیفێستی دا دەڵێ: « زەین پێویستە لە کاتی خوڵقاندنی ئاسەواری هونەری دا خۆ لە داوی مەنتق و ئسـتدلال و ئیرادە دەرباز کات، نەوەک ئەو وزانە ببنە لەمپەر بۆ چالاکی زەین ولێکدانەوە.»

سوررێیالیسـتەکان، هیچ جۆرە سـنوور و بەربەسـتێکیان هەڵنەدەگرت و بۆیەش سـوننەت و گرێبەستەکانیشـیان قەبوڵ نەبوو. بڕوایان بە دنیای ئەوبەر واقیعی بەرهەست بوو. بۆ گەیشتن بەم جیهانە دەرهەسـتە، بە ئەنقەست یان بە شێوەی سرووشتی، دەروونـی نابەئاگایـان دەهارووژاند و، لە ژێر تەئسـیری خەوی هیپنۆتیزم دا و، لە حاڵ وهەواییەکی نێوان خەو و وشـیاری دا، ئاسەوارەکانییان دەخوڵقاندن.

لافـاوی زەین، هەڵفڕینی زەینە، واتە خودی بەئاگاو نابەئاگا، کاتـی ئێسـتاو ڕابـردوو و داهاتـوو، ڕووداوەکان، بیرەوەری و هەسـتەکان، تێک دەچڕژێن، بۆیە دۆزینـەوەی پێوەندییەکان دژوارە. هەڵبـەت ئەو کەسـەی زەینـی بەم کایەیـە ڕاهاتووە، وادەزانیـت کە کاتەکان و زمان لە سـەر جێی خۆیان داُن، کە چی هەموو شت تێکەڵ پێکەڵە(فەلەکی، ١٣٨٢).

لـە ئاقـاری شـێعری کـوردی دا، جەماعەتی جـووداواز، سەردەمانێکە خەریکی تاقی کردنەوەی خۆیانن وخوڵقاندنی دەقی جووداواز، بە پێی پارامێترەکانی سـەربەم سیسـتمە فکرییە و پەنابردنە بەر دوو شـێوازی (لافاوی زەین و، بانگهێشتن). یەک لەو جووداوازنووسـە پشـوودرێژانەی ئەو یـەک دو دەیەیە، بێ گومان حەمەساڵەی سووزەنی یە.

سووزەنی، بە پێی ئەو دەقانەی لەبەر دەست دان، چ ئەوانەی چاپ وبـڵاوی کردوونەتەوە، چ ئەوانەی لـە فەزای مەجازی دا کەوتوونەتە بەر دەسـتی خوێنەر، دەتوانین بڵێین تاقە کەسـی

مەیدانی بەرهەم هێنانی دەقە، تەواو پشت ئەستوور بە لافاوی زەین، نووسینی ئاوتۆماتیک و، بانگهێشتنێکی ڕەها.

دەقە شێعرییەکانی لە گوێن بەرهەمەکانی سووزەنی، بە لێشاو لە میکانیزمەکانی نووسینی ئاوتۆماتیکی سووررێیالیزمەکانیش کەڵکیان وەرگرتووە. ئەگەر بمانهەوێ بۆ هەرکام لەم ئستراتێژییانەی داهێنانی دەق، نموونەیەک بێنینەوە، وەک پێش نموونە(پرۆتۆتایپ) ی لافاوی زەین وبانگهێشتن، دەتوانین ئاماژە بە «کاتی بە فیرۆ چوو» ی مارسێل پرۆست و « یۆلیسیز» ی جێمز جۆیز بکەین و، بۆ نوسینی ئاوتۆماتیکیش، دەقەکانی ئاندرێ بێرتۆن ولویی ئاراگۆن وپۆل ئێلوار و...، نموونەی بەر چاون.

ئەوەی لە لافاوی زەین دا لە بەشی وشیاروناوشیاری زەین گرینگترە، بەشێکە بە ناوی خودی ژێرئاگا یان پێش ئاگا یان نیوەوشیار. ژێرئاگایان نیوەوشیار بەشێکە لە زەین کە ئەو زانیارییانەی لەودا تۆمارکراون، دەقاودەق لەبەردەستی بەشی وشیاردانین، بەڵام بە تۆزێ بیرکردنەوەو خۆماندوو کردن یان بە هێندێک هۆی تر، دێنە سەر توێژی وشیاری و وەبیر دێنەوە. ئەم بەشە تەواوی تایبەتمەندییەکانی زمانیی وەک، خوازەکان، کینایەکان، مەجازەکان، شوبهاندنەکان، ... و هەر ئەو پێکهاتە و سینتاکس و هێماکانی زمانیشی تێدایە.

لە لافاوی زەین دا، نووسەر ئەوەی دەینووسیتەوە، لە بەشی وشیاری وەری دەگریت، چوونکە دەستی بە ناوشیاری ڕاناگات و، ئەوپەڕی ژێرئاگای وەبیردێتەوە. ئەوەش زۆر وە «بانگهێشتنی ڕەها» ی فرۆید دەچیت، کە لەودا، مرۆڤ هەرچی دێتە سەر توێژی وشیاری بە ڕواڵەت گرینگ نەبیت، ئەگەرچی بە ڕواڵەت گرینگ نەبیت، یان تاواناوی و پڕ لە ئێش وشەرم بیت. لەم شێوە مۆنۆلۆگەدا، لەوانەیە هەستەدەروونییەکان، پێوەندە دەرەکییەکان، خەون و ڕۆئیاکانی ڕۆژانەش سەرهەڵدەنەوە.

وەک دەبینین، بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ زمانی سووزەنی، پەرژاوینەتە سەر چەند شێواز و ئستراتێژی جوودا. هەڵبەت چەند تەمهیدی سەرەکی دیکەش هەن کە سووزەنی زمانی تایبەت بە خۆی پێ بنیات ناون، کە ئاماژەیان پێ دەکەین. لەوانەیە هێندێک لەم ئستراتێژیانە، لەگەڵ یەک زۆر کۆک نەبن، بەڵام بە گشتی هەمووی ئەو ڕوانگەو تەمهیدو شێوازانەی سووزەنی هەڵی بژاردوون وتێکی خستوونەتەوە بۆ گەیشتن بەم زمانە ناهەنجارە سەیرە، جەمسەرێکی هاوبەشیان هەیە، ئەویش دەورگێڕان وکارکردی تۆخی بەشی ناوشیارو نابەئاگا ونەست ونیوەوشیارو، هەر وەها کارکردو گەڕیانی سەربەخۆو ئاوتۆماتیکی وشیاری وهەستە. بەر لەوەی بپەرژێینە سەر خوێندنەوەی دەقەکانی سووزەنی، بە بووتیقای تایبەت بەم گوتارە شێعرییە، بە شێوەی خێراو گوزەرا، تایبەتمەندی وخەسڵەتە سەرەکییەکانی زمانی سوزەنی دەژمێرین، بۆ ئەوەی دوایەو لە قۆناغی خوێندنەوەی دەقی شێعرەکەی، بزانین ڕێک لە چی دەگەڕێین:

١. کارکردی بە هێزی (لافاوی زەین) (stream of consciousness ) یان بە قەولی فارسەکان (جەریانی سەیالی زەین).

٢. دەورگێڕانی بەرچاوی(بانگهێشتن)(association )، یان ( تەداعییە) کەی گۆرین. بانگهێشتن بە هەموو جۆرەکانییەوە، تەمهیدی سەرەکی وبە هێزی زمانی سووزەنییە. بانگهێشتنی فۆرمیک، مانایی و دەلالەتی(هاوتاو دژبەر)، وێنەیی، هەستی و، تێکەڵاو.

٣. کەڵک وەرگرتن لە پرۆسەی نووسینی ئۆتوماتیک (automatic writting).

٤. دەکارکردنی بە لێشاوی زمانی شیزۆفرێنیک: پچڕپچڕبوونی تەداعییەکان/ سالادی واژە/ واژە داتاشین.

٥. کەڵک وەرگرتن لە زمانی تەنزو گاڵتە وتانەو پارۆدی. ئەم گاڵتەوگەپانە لە حاند زمانی عاقڵانەی ئاوەزتەوەر دەکرێن و بە تەوس وتانەوە بایەخ و هێما پیرۆزەکانی دەسڕدرێنەوە.

هەوڵ دەدەین، وەک دیاری کردنی ئستراتێژییەکی سیستماتیکی خوێندنەوە، شێوەی پێوەندی گرتن و دەستەمۆکردنەوەی زمانی غەوارەی سووزەنی، بە کردەوە، لەسەر دەقی(بە عینجەو فینجەوە چ شار)، دەست نیشان بکەین. هەڵبەت دەقی شێعری سووزەنیش، وەک هەر دەقێکی ئاوەڵاو فرەماناوفرەمەدلوول و زمان تەوەری تر، شێوە خوێندنەوەی جۆراوجۆر هەڵدەگریت، کە شێوازی خوێندنەوەی ئەم وتارە، یەک لەم شێوازە جۆراوجۆرانەیە.

***

زمانی شێعری حەمەساڵەی سووزەنی، یەک لەو زمانە تایبەت و کەم وێنانەیە، کە بە دەگمەن کەس تخوونی بۆتەوەو، زۆر کەمی لەسەر نووسراوە. لەم وتارەدا، هەوڵ دەدرێت شێوە خوێندنەوەیەک، بەو گریمانەیە کە زمانی سووزەنی خاوەنی خەسڵەتەکانی زمانی ناوشیارو نیوە وشیارەو، بە لافاوی زەین و بانگهێشتنەوە بەرهەم دێت، پێشنیار بکرێت. هەڵبەت دەکرێ بڵێین پێیەکی زمانی شێعری سووزەنی لە ناخی دنیای خەون دایە، لەبەر ئەوەی ئەو تایبەتمەندییانەی تا ئێستا بۆ ئەم زمانە هەڵمان ئەژمارد، سەر بە دنیای خەونیشن. کە وابوو، پیاسە لە ناو ئاقاری دەقی سووزەنی، گەڕان و سووڕانە لە دنیای خەون و خەیاڵ و ناوشیاری و شێتی دا.

بانگهێشتنەکانی جۆراوجۆری(فۆرمیک، دەلالەتی، هاوتا و دژبەر، وێنەیی، هەستی، و تێکەڵاو) لە دەقی شێعری « بە عینجەو فینجەوە چ شار « دا هاوتەریب لەگەڵ هێندێک تەمهیدی تر دەبینرێن، کە کەشف و دۆزینەوەیان، دەبیتە هۆی تا ڕادەیەک دەستەمۆ بوونی دەقی سڵۆکی بەر دەستمان. بۆ ئەم مەبەستە، هەر ئەو کۆپلەیەی لە ژێرەوە هێناومانە، وەک مشتێک لە هەشتێک، دەخوێنینەوە، بەو هیوایەوە ئستراتێژییەکی خوێندنەوە بۆ باقی دەق و دەقەکانی تری سووزەنی و دەقی تری لەم جۆرەمان بۆ تەیار کات.

### به عینجەو فینجەوە چ شار

«هەر با دەرۆم و شارئەخۆمەوە.. نا تینوو
سەربە هیچ و مل بە تەریقەتی ئاوێنە تا جیوە
ماڵ نە هەڵکشاوانە ئەرووخێ
تۆ بە نا ئەژیت و بە تینوو
هەراوە شار خۆت بە ئاسن و هوتێلەوە تامەزرۆ
من بای ئەدەمەوە بە لەرزانەیی جیوەتەوە خەون ئەتۆرم
ئەو ... بە شارانە و بارانە ئەکۆکێ بێ هوتێل نووستن لە تۆدا

ئەخواتە ئاوێنە چۆڵەکانی تۆ..
من نا خۆت و تینوو و جیوەترین سینگ و ئەم ئاسنە ناخەوێ
چ هەرا هەرایەکە بە قۆیماخ
ئەی بەرد؟
شەقامە شینە شینی دێ و «سەما»یە پێت ئەڵێ «گواش»
بــە زەمهەریــری رۆژەوە.. هەتا هەتاو... هەتاو هەتــا هەتا هەتا..
هەهە..هەهە
........ »

بانگهێشتن(تەداعی)، هەر ئەو پرۆسەیەیە کە خەریکین وردەوردە لەگەڵی ئاشــنا دەبین. ماناو دەلالەت و واژەو چەمک و گوتەزاو، وێنــەو ڕەنگ و بۆن وتام و بەرامەو، کــەس و ڕووداوو، دەنگ وم‌ۆسیقاو نەغمەو هاوارو قیژەو، سوان و نەرمی و زبری و، ئێش و ئازارو چێژ و حــەز و...، بە درێژایــی تەمەنمان، تەنانەت لەو کاتەوە لە سووچی تەنگ و تاریک، بەڵام گەرم و هێمنی منداڵدانی دایک داین، وشــیارانەو ناوشیارانەو، نیوەوشیارانە، دەخزێنە دە خەزێنەی بێ بنی مێشــکمانەوە. لــەوێ دا، لە سێ بەشی بە ئاگاو لەبەردەستان داو، نابەئاگاو دوورلەدەســتان و، نیوە ئاگاو کەم تا کــورت لەبەردەســتانی زەین دا بــە پێــی دووری و نزیکی، خۆش و ناخــۆش بوون، مەترســی دارو بە کەڵــک هاتــن، شــوێن دانــەرو بێ هەمییــەت بوون، جێگیــر دەبن. ئەو جێگیر بوونەش نیزامێکی هێڵی( وەک کات) یان دوولایەنی(وەک شوێن) یان زنجیــرە پلەیی(وەک نیزامی ویســت و پێداویســتییەکانمان) نییە. بەڵکوو سیستمێکی پێچیاوی ڕایەڵکەیی(وەک نیزامی بەیەکەوە لکانی ســلوولەکانی مێشــک) پێک دێنن. واتا هەرکام لە یەکەکانــی بیرەوەری( بــا ئەوە نێوی هەرتاکێکــی وەرگرتوومــان بیــت لە دەورووبــەر، وەک تاکە دەنگ، تاکە بــۆن، تاکە کەس، تاکە واژە، تاکە شــوێن و...) ، بە قەرا تەواوی یەکەکانی تر لق و پۆ دەردەکات و، لــە نزیکترین خزمەکانــی مانایی و فۆرمیکییەوە، تاوەکوو دوورترینییان لە باری شــوێن- کاتــەوە، کە پێوەنییان پێیەوە هەیە، هەروا بە یەکەوەش لکاونەتەوە. جا ئێســتا، ئەگەر بێت و ورووژێنەرێک، ئەنگوست بخاتە سەر هەرکام لەم یەکانە، هاوکات ڕایەڵکەیــەک وەخۆ دەخات، لــە نزیکترین یەکەکانی ســەر بە یەکە سەرەکییەکە، تاوەکوو دوورترینییان. ئەم زنجیرە تەداعییــە، لە باری تیۆریکەوە، نەبڕاوەیە، بەڵام بە کردەوە، لە شــوێنێک دا کە زنجیرەکە ئیتر کەم ڕەنــگ و بەرامە دەبیتەوە، وردەوردە دەبڕێتــەوە. ئەوەش پێویســتە، بۆ ئەوەی پرۆســەی گوورانی زمان بە ئەنجام بگات و بێ سەرو بن نەمێنێتەوە.

> **حینجە یان عینجە، لە فەرهەنگۆک دا بە مانای خویندنەوە بە سەرو بۆرەوە هاتووەو، لە واقیع دا شێوەی فێرکاری زمان بوو لە قۆناغی سوونەتی و لە مەکتەبخانەکان دا. فینجەی دوای عینجە، هەم تەئکیدەو هەم جۆرێک ئاماژەی تەوساوی. ئەم تەوساوی بوونە بە هاتنی (چ شار)، ڕوونتر دەردەکەویت**

بێ پێویســتی دەزانم داوای لێبووردن بکەم لە خوێنەری بە حەوســەڵەی ئەم دێڕانە. مەبەســت درێــژدادڕی نییە، ئەوە لــە قاودان و لێــک کردنەوەی زنجیرە پڕۆســەیەکە، کە زەینی ڕاهاتووی شــاعیر، لە کاتی خوڵقاندنی دەق دا، بە شێوەی نیوە ئۆتوماتیک بەسەری دەکاتەوە. ئێمەش خەریکین پێکهاتەشکێنی دەکەین، تاوەکوو بگەین بە ســەرینچاوە. واتا پڕۆســە گۆڕینەکە بەراوەژوو دەکەینەوە.

***

دەق بە عەلەن وئاشــکرا، بــە زەینێکی ڕاهاتوو بــە ڕەهابوون و بانگهێشــتنی جۆراوجۆرەوە و، ســڵەمیو لە دەلالەت ومانای بە عەمد(لەوانەیە بە شــێوەی ناعەمدو ئاوتۆماتیک دەلالەت جارجار گوورابیــت)، خوڵقــاوە. لافاوە هەڵڕژاوەکەی زەیــن، بەری پێ نەگیــراوەو، زمانی بەشــی وشیار، تێکەڵاوی بەشــی نیوە وشیارو، جار ناوشــیار، هەڵڕژاوەتــە ســەر لاپەرە. هەنگاو بــە هەنگاو لە دەق دا دەچینە پێش.

سەرەتا هەر لە خودی سەردێڕی دەقەوە دەست پێ دەکەین:

«بە عینجەو فینجەوە چ شار»

بە بڕوای نووســەری ئەم دێڕانە، ئەم ســەر دێڕە وشیارانەو، تەنانەت ژیرانە هەڵبژێردراوە.

حینجە یان عینجە، لە فەرهەنگۆک دا بە مانای خویندنەوە بە سەرو بۆرەوە هاتووەو، لە واقیع دا شێوەی فێرکاری زمان بوو لە قۆناغی ســوونەتی و لە مەکتەبخانــەکان دا. فینجــەی دوای عینجــە، هەم تەئکیدەو هەم جۆرێک ئاماژەی تەوســاوی. ئەم تەوســاوی بوونــە بــە هاتنی (چ شــار)، ڕوونتر دەردەکەویت. ئەگــەر عینجەوفینجە بە هێمــاو ئیشــارەیەک وەرگرین بۆ ســوونەت و، شــاریش بــە هێمای مۆدێرنیتە، دەتوانین ســەردێڕی ئەم دەقە ئاوا بخوێنینەوە:

(بە پێداگری لەسەر داب و نەریتی سوونەتی، داوای مۆدێرن بوون بێ ماناو گاڵتەجارانەیە). کە وابوو شاعیر بە وشیاری و دانستە سەردێڕ هەڵدەبژێریت، بۆ هەنگاونانە نێو دنیای ناوشیارەوە.

« هەر با دەرۆم و شارئەخۆمەوە.. نا تینوو
سەربە هیچ و مل بە تەریقەتی ئاوێنە تا جیوە
ماڵ نە هەڵکشاوانە ئەرووخێ
تۆ بە نا ئەژیت و بە تینوو...»

بە یەکەوە وەدوای شوێن پێی تەداعییەکان دەکەوین:
با--->جوولە--->حەرەکەت--->ڕۆیشتن---> تەریقەت
با---> نا
خواردنەوە---> تینوو---> ئاو---> ئاوێنە ---> جیوە

سەر(سەر بە هیچ)---> مل
مل---> ماڵ---> ڕووخان---> ناژین

ئەم بانگهێشـتنانە، لە جۆری مانایی و دەلالەتین. ئەوەی یەکەم دەلالەتی هاوتا و دووهەمین وسێهەم وچوارەمینیان، تێکەڵاوێکن لە دەلالەتی دژبەرو فۆرمیک. با، حەرەکەت و جووڵە و نەوەستان بانگ دەکاو، ڕۆیشتن وتەریقەت ئەنجامی ئەم زنجیرە تەداعییەیە. خواردنـەوە، لەگەڵ هاوتاکانی، دژبەری خـۆی، تینوایەتیش بانـگ دەکات. با(ئەوچـەل بە مانای بەڵـێ)، دژبەری خۆی نا بانـگ دەکات. خواردنەوەو تینوو بە یەکـەوە ئاو تەداعی دەکەن و ئـاو ئاوێنە و ئەویش بە حوکمی مەجازی هاونشـینی، جیوە بانگ دەکات. سـەریش هەر بەو شـێوە یەک لە تەداعییەکانی دەتوانیت مل بیت. مـل بە قەرینەی فۆرمیـک، لە ناو ڕایەڵکـەی زەینی شـاعیردا، دەگـەڵ حـزووری پێش وەختی شـار، ماڵ بانگ دەکات. ماڵ وێڕای هاوتاکانی وەک شارو ئاوەدانی، دژبەری ڕووخانیش دنەدەدات. ڕووخان بیرەوەری شاعیر، بۆ لای دژبەری ژیان، واتا ناژین پەلکێـش دەکات. هەڵبەت ئەوەشمان لەبەر نەچێت، تەداعییەکان چەلـی وایـە زۆر دەبەسـترێنەوە بە تایبەتمەندییـە تاکەکەسـییەکان و خەسـڵەتە فەردییەکان. واتا دوور یان نزیـک و تۆخ یان کـەم ڕەنگ بوونی بیرەوەرییـەک لە زەیـن دا، بە پێی مەنتقی زەمانی و زنجیرەی ڕوودانییان تۆمـار ناکرێت. بەڵکوو بـە پێی خوو و خـدە و مەیل و ویسـت و تەمای کەسـەکان، دوورو نزیک دەخرێنەوە. واتا لەوانەیـە ڕووداوێـک زۆر کۆنتر بێت لە یەکی تر، بەڵام بە ئاشـکرا بە وردەکارییەکانییەوە وەبیر بێتەوە، هەر لەبەر ئەوەی کەسـەکە بیرەوەریەکی تایبەت و خۆشی هەیە لە ڕووداوەکە، بۆیـەش لـە ڕایەڵکەکەدا، دەسـت وپێوەنـدی پتری پێوە لکاوەو، تۆخ تـر و خێراتر وەبیردێتەوەو وزینـدوو دەبیتەوە. جا بۆیـە، چەلی وایـە تەداعییەکان تەواو تاکەکەسـین و بـۆ ئەوانی تر بێ مانا دەنوێنیت. سـەیر ئەوەیە، ئەو بیرەوەری و وروووژێنەرانەی پێوەندی ڕاسـتەوخۆیان لەگەڵ بـۆن و بەرامەیەک هەیە، واتا هاوتـای بۆن و عەترێکی تایبەت تۆمار کراون، زۆر تۆخ تر و بە هێز تر و درێژ خایەن ترن لەوانی دی. هۆیەکی زانستییانەی دەمارناسانەی ئەوەیە کە، دەمارەکانی وەرگرتنی بۆنی ناو لووت، تاقانە دەماری تەواوی لەشی مرۆڤن کە ڕاسـتەوخۆو، بە بێ هیچ نێونجی و پێچ و پەنایەک، دەلکێنەوە بـە ناوەندی تۆماربوونی درێژخایەنی بیرەوەرییەکان لە مێشـک دا. ئەو خەسـڵەتە سرووشتییە، دەتوانیت زۆر یارمەتی شاعیران بدات بۆ خولقاندنی وێنەو تەعابیرو تەداعی نوێ و سەرنج ڕاکێش.

ئەوەی کە بۆ چی شار، وێڕای تەواوی چەمک و گوتەزاکانی سەربە خۆی، ڕێک هەراو بانگ دەکاتە ناو دەق، لایەکی دەگەڕێتەوە سەر پێکهاتەی بیرەوەری تاکەکەسی شاعیرو، ئەزموونە تاکەکەسییە تایبەتەکانی ئەم، کە شار سەرەتا هەراوییەکەی بۆتە گرێی سەرەکی ڕایەڵکەی سەربەم چەمکە

بەڵام بە پێچەوانە، زۆربەی شاعیران زەینییان بە دیتن ڕاهاتووەو، پتر جەخت دەکەنە سـەر دیـاردە دیدارییەکان و ڕەنگ و فۆرم، تاوەکوو دیاردە بۆن و بەرامەدارەکان و تەداعییە بۆنییەکان.
بێینەوە سـەر دەقی بەردەسـتمان و دەوامی خوێندنەوەی عینجەوفینجە.

« ... هەراوە شار          خۆت بە ئاسن و هوتێلەوە تامەزرۆ
من بای ئەدەمەوە بە لەرزانەیی جیوەتەوە خەون ئەتۆرم
ئەو ... بە شارانە و بارانە ئەکۆکێ بێ هوتێل نووستن لە تۆدا
ئەخواتە ئاوێنە چۆڵەکانی تۆ.. «

شار---> هەراو
شار---> ئاسن---> هۆتێل
با---> بادانەوە---> لەرزانەیی--->
جیوە
خۆم---> خۆت---> خەون
ئاو---> بارانە
شار---> شارانە
خەون---> هۆتێل---> نوستن
ئاوێنە---> ئاو---> ئەخواتە
ئاوێنە---> ئـاو---> ئاوەدانی--->
چۆڵ

ئەوەی کە بۆ چی شار، وێڕای تەواوی چەمک و گوتەزاکانی سـەربە خۆی، ڕێک هـەراو بانگ دەکاتـە ناو دەق، لایەکی دەگەڕێتەوە سـەر پێکهاتەی بیـرەوەری تاکەکەسـی شـاعیرو، ئەزموونـە تاکەکەسـییە تایبەتەکانی ئەم، کە شار سـەرەتا هەراوییەکەی بۆتە گرێی سەرەکی ڕایەڵکەی سەربەم چەمکە. بەڵام کە شار، ئاسن و هۆتێل تەداعی کات، بۆ ئێمەش ئاشـنایەو، پێکهاتەیەکـە سـەر بـە بیـرەوەری هاوبەشی زۆربەمان.
با بە باری فۆرمیک و دەلالەتییەوە بادانـەوە تەداعـی دەکات. بادانـەوەش لە ناو کـۆی ڕایەڵکەی تەداعییەکانی ، لەرزانەیی بانگ دەکات. ئەو چەل ئەوەی سەرنج ڕاکێشـە، پازدانی زەینی شـاعیرە، لە حاڵەتی لەرزانەییەوە بۆ ماکـەی جیوە. بە ڕواڵەت نە بە دەلالـەت و نە بە فۆرمەوە ئەو دووانـە ناگەنـە یەک. بەڵام کـە ماکەی جیوە جوان بناسـین، دەزانین یەک لە خەسـڵەتەکانی، فۆرمی دەڵەمەیی و خزیلک و لەرزانەیی ئەمە. کە وابوو سـەیر نییە ئەگەر زەینی بزۆزی شاعیر، ئا بەم جۆرە لە باوە بگاتە جیوە.
کـە هۆتێـل وخۆم(من) و خۆت بەدوای یـەک دا بێن، بە تەداعییەکی تێکەڵاوی فۆرمیک و وێنەیی وەدەلالەتییەوە سـەیر نییە بگەین بە چەمکی خەون. لە داڕشتنەوەیەکی هاوتەریب دا، زەینی شاعیر کە لە ئاوەوە دەگاتە باران وبارانە، لە بانگهێشتنێکی

هاوتەریبی دی دا لە شارەوەش دەگاتە شارانە. من لێرە لام وایە تەداعییەکە پتر مۆسیقایی و ئیقاعییە تا جۆری تر.

ئەوەی تا ئێرە ئاماژەم پێی نەکردووە، شایەد چوونکە زۆر پێویست نەبووەو، لێرەدا پێویستە باسی لێ بکەم، مەسەلەی ئاراستەی ئەو پەیکانانەن کە بەوانەوە لە چەمک و واژەیێکەوە دەگەیشتینە واژەو چەمکێکی دیکەوە. لە واقیع دا دەبوایە هەردوو لای پەیکانەکان تیژ بانەو بە دوولاوە ئاراستەیان گرتبا، ئاوا --->> . چوونکە پرۆسەی تەداعی دوولایەنە و لە هات و چۆدایە. واتا بۆ نموونە ئەگەر ئاو ئاوێنە بانگ دەکات، ئاوێنەش ئاو وەبیردەهێنیتەوە. واتا دانووستانی بانگهێشتنی ئەم دوانە بەم جۆرەیە:

ئاو<---> ئاوێنە . کێشەکە هەر لێرەدا نابڕێتەوە. بەر لەمە باسی ئەوەمان کرد کە واژەو چەمک و وێنەو... ەکان، بە یەکەوە ڕایەڵکەیەک پێک دەهێنن. واتا هەر یەکەیەکی بیرەوەری چەندها لقی پێوەندی و تەداعی لێ دەبیتەوەو بە پێچەوانەدەیان هێڵی بانگهێشتنەوەی پێوە دەلکێت. وەک دەبینن ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین باسەکەمان بەرهەست کەینەوە یەکەکانمان دووبەدوو لە پاڵ یەک داناوە، دەنا دەبا ڕایەڵکەیەکی چۆڵەپێچەی تێک چرژاومان کێشابایەوە کە نە سەری دیاربایەو نە بن، نە سەرەتاو نە دوایی.

بەرلەمە، هۆتێل، نوستن و خەونی تەداعی کردبوو، کەوابوو بە پێچەوانەش دەلوێ و، خەون هۆتێل و نوستن تەداعی دەکات:

خەون <---> هۆتێل --->> نوستن

هەرواش ئاوێنە ئاوو خواردنەوە:

ئاوێنە<---> ئاو<---> ئەخواتە

ئەگەر بە میکانیزمێکی فۆرمیک ودەلالەتی و تێکەڵاو، ئاوێنە، ئاوو ئاوەدانی بانگ دەکات، بە پرۆسەیەکی دژبەرانەش دەلوێ ئاوەدانی چۆلەواری و چەمکی چۆل بانگ کات:

ئاوێنە<---> ئاو <---> ئاوەدانی <---> چۆلەواری <---> چۆل

«... من نا خۆت و تینوو و جیوەترین سینگ و ئەم ئاسنە ناخەوێ
چ هەرا هەرایەکە بە قۆیماخ
ئەی بەرد؟
شەقامە شینە شینی دێ و «سەما»یە پێت ئەڵێ «گواش»
بە زەمهەریری ڕۆژەوە.. هەتا هەتاو... هەتاو هەتا هەتا هەتا..
هەهە..هەهە... »

ئەگەر من، تۆ (خۆت) تەداعی کات، بەلامانەوە سرووشتی دەنوێنیت، کە چی لە خۆتەوە بۆ تینوو پەل هاویشتن تۆزێ ڕامان دەگریت بۆ ئەوەی پتر لە جۆری پێوەندی نێوان ئەم دو یەکەیە بکۆڵینەوە. کاتێ لە دەق دا دەخوێنینەوە کە چەند دێڕ بەر لەمە «تۆ بە نا ئەژیت وبە تینوو»، پێوەندی و هۆی تەداعی بوونی ( نا و خۆت و تینوو) مان بۆ ڕوون دەبیتەوە. هەڵبەت ئەگەر کرابا بە کردەوەو لەسەر لاپەڕەی کاغەز ڕایەڵکەی سەربەم کۆپلەیەمان کێشاباوە، تەواوی ئەو دەست وپێوەندیانە بە یەکەوە دیاردەبوون.

بە پێی میکانیزمی پەیکانە دوو جەمسەرییەکە، تینووش دەمانگەینێتە جیوە:

تینوو<---> ئاو <---> ئاوێنە <---> جیوە

ڕێکەوەندی (جیوەترین سینگ) یش دیسان لەو ساتەوەختانەیە کە پێویستە بۆ گەیشتن بەو پرۆسەیەی کە لەوانەیە زەینی شاعیر تێی پەڕاندبێ و، هۆی گەیشتن بە تەداعی لە جیوەوە بۆ سینگ، لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی یەکەکان تۆزێ ورد بینەوە. جیوە کانزایەکی بریقەدارە کە لەگەڵ ئەوەی فلززە تۆزێ نەرمە. زەینی جوانی ناسی شاعیر، لە هەناوی ئەم کانزا سپی و سۆڵ و نەرم و بریقەدارە، کە خزمایەتییەکیشی لە گەڵ ئاوێنە هەیە، بەر لەمەش لەرزانەیی بوونی باس کرابوو(بە لەرزانەیی جیوەتەوە)، سینگێکی نەسرەوتوو بەدی دەکات:

جیوە<---> مەرمەڕین وبریقەدارو نەرم و لەرزانەیی<---> سینگ

«... من نا خۆت و تینوو و جیوەترین سینگ و ئەم ئاسنە ناخەوێ...»

کە شاعیر باسی شار و هۆتێل و نەخەوتن دەکات، چاوەڕوانی ئەمەش دەکرێت کە لە شوێنێک دا دەنگە دەنگێک ساز بێت:

«... چ هەرا هەرایەکە بە قۆیماخ...»

لەم شوێنەی دەق دا شاعیر خۆی داوەتە دەست تەداعی دەنگی و ئەوە دەنگ و سەدای شارو دەسکەوتەکانی( هۆتێل و شەقام و ئاسن و...) ئەمە، کە وردە وردە لە دەق دا دەنگ دەداتەوە.

تەداعی بوونی قۆیماخ(کە لەوانەیە هەر قەیماخی خۆمان بێت، یان دانانی تورکان شایەد) دەلوێ بانگهێشتنێکی تەواو تاکەکەسییانەی سەر بە بیرەوەرییەکانی شاعیربێت، کە لە پرۆسەی ئۆتوماتیکی هەڵڕژانی لافاوی زەینی شاعیر بۆ ناو دەق، بە تەداعییەک کە لە بەشی نیوە وشیاری شاعیردا لە نێوان هەراهەراو قۆیماخ دا هەیە، بە بێ ئەوەی نیگەرانی نامەنتقی بوونی حزووری ئەم بێت، یەکسەر تۆماری کردبێت. تەنانەت لەوانەیە، ئەگەر تەداعی بوونەکەی نیوە یان تەواو ناوشیارانە بووە، ڕێگە پێدانی بۆ ناو دەق تەواو وشیارانەو، بە پێی شێوەی دەلالەت پەرێزی دەق، بووبێت.

«... ئەی بەرد؟
شەقامە شینەشینی دێ...»

بەرد، لە نێوان قۆیماخ و شەقام دا، بەدەم پرسیارەوە هاتووە، تاوەکوو دوایەش، کە چەلێ لەم وتارەدا نایگەینێ باسی لێوە بکەین، ببیتە تەداعی بۆ بەردو خیزوزیخ و بەردە بەردەی دوایە. هەڵبەت بەردی ڕەق و تەق، بە تەداعییەکی دژبەری قۆیماخیش، کە سپی و نەرمە، شایەد هاتووە تاوەکوو زەینمان ئامادەی شەقامی بەردڕێژ بکات.

... شەقامە شینی شینی دێ و«سەما» یە پێت ئەڵێ (گواش)...

ئەم دێڕە، دێڕێکی تەواو سووررێئالییانەی شیزۆفرێنیکە، کە شەقام شینە شینی دێ، بە تەداعی فۆرمیکی شنەشنی با و، سەما ش لەگەڵمان دەدوێت و گواش مان پێ دەڵێ. بانگ کردنی سەما دوای شین، ئەگەر سەما بە جۆرێک هەڵپەڕکێ وەربگرین و،

شین بە گریان و ڕۆڕۆ، لەسەر دابی تەداعی دەلالەتی دژبەر، زۆر دووره زەین نییە. گواش، جۆرێک کەرەسـەی نەققاشی و ڕەسم کردنە، ئەگەر شـین بە ڕەنگ وەربگرین، بانگهێشـتنی گواش دوای ڕەنگی شـین لە زەینی شاعیردا، دیسانیش دەکەویتە دە خانەی تەداعییەوە، بەڵام ئەمجارە تەداعی تێکەڵاو و کارکردی:

با<---> شنە شن
شەقام<---> شینە شین
شین(گریان)<---> سەما
شین(ڕەنگ)<---> گواش

«... بە زەمهەریـری ڕۆژەوە.. هەتا هەتاو... هەتاو هەتا هەتا هەتا.. هەهە.. هەهە... »

ئەم دێڕە لەو دێڕە دەگمەنانەی دەقە کە دەنگ بۆتە هۆی تەداعی و، وای لێ دێ کە شاعیر بە قاقاوە دێتە دە پانتای دەقەوە. بەڵام سەرەتا بە تەداعییەکی دژبەرەوە، جیهانێکی دوو جەمسەری لە دەق دا ساز دەکات و، لە سـەهۆڵبەندانی زەمهەریرەوە دەست پێدەکات و بەدەم تینی هەتاوەوە بەرەو قاقای پێکەنین دەڕوات:

«... بە زەمهەریری ڕۆژەوە... هەتا هەتاو...»
زەمهەریر( سەرمای سەهۆڵبەندان) <---> ڕۆژ <---> هەتاو
لە هەتـا هەتاوەوە، تەداعییەکان دەبنـە فۆرمیک ودەنگی و تا زایەڵەی دەنگی پێکەنینی شاعیر دەڕۆن:
« ... هەتا هەتاو... هەتاو هەتا هەتا ... هەهە... هەهە...»

ئەو چەنـد هەنـگاوە، نووسـەری ئەم دێڕانـە لەگەڵ خوێنەری هێـژا هاوهەنگاو بوو و چەند کلیلی دایە دەسـتی خوێنەری پرسۆک(کونجکاو) و تامەزرۆی زمان و دەقی بە ڕواڵـەت قورس و پێچەڵاوپێچـی سـووزەنی. لەوە پتر نامهەوێ چێژی کەشـفی دەق لـە خوێنـەری ژیر بسـتێنم . دڵنیام شێوەی خوێندنەوەی داهێنەرانەتر لەوەی باس کرا و، شـوێن وخاڵی شـاراوەی پتر لەوەی نووسـەر دەرەقەتی هاتـووە، لە دەق دا دەدۆزیتەوە. مەبەسـت لەو چەندهەنگاوە، وەبیرهێنانەوەی ئەمە بوو کە:

١. دەقێکی ئەدەبی کە بە هیچ کلۆجێک نەخوێنرێتەوە بوونی نییـە، ئەگەر وابـوو، ئەوە دەق نییە، هەموو شـتێکە جگە لە دەقی ئەدەبی.

٢. ئەگەر دەرەقەتی خوێندنەوەی دەقێک نەهاتم، سـەرەتا شـک لە دەق بوونی ئەم ناکـەم، گومان لە وزەی خوێندنەوەی خۆم دەکەم و هەوڵ دەدەم شـێوازەکانی تری خوێندنەوەی دەق فێربم وتاقی کەمەوە.

٣. شاعیری بە ئەزموونی خوێندەوار( مەبەست لە خوێندەواری ئەلف و بێ زانین نییە، مەبەسـت ڕاهێنانی مێشکە، داوا دەکەم چاوێـک بە وتاری نۆرۆسـایکۆلۆژیای داهێنـان دابێنن.) ، لە تێک دانی زمان و شـپرزەکردنی ڕێزمان، مەبەسـتێکی هەیەو، تێکڕووخاندنەکەی لە گۆترە نییەو، بە دانسـتەو بە پرۆژەیەکەوە دەست دەداتە ئەم مەترسییەوە. ئەنجامی تێک ڕووخاندنەکەشی، بنیـات نانی بینایەکە بۆ خزمەت بە زمان و پتر دەوڵەمەندکردنی و هەراو کردنی هەتەر و سنوورەکانی.

٤. کەسـێک وەک حەمەساڵەی سووزەنی، دوای چەند دەیە نوسـین و خوێندنەوەو ، داهێنان و ڕاهێنان لە ناو سنوورەکانی زمانێک دا، ئیتر هەرتاکە کەسێک نییە سەر بە خۆی وهی خۆی. ئەم کەسـە ئیتر بۆتە مجێوری مەعبەدی ئـەم زمانەو میراتێکی ئـەم کەلەپورە. قەدری بزانین و ڕێز بۆ قەڵەمەکەی و ماندوویەتی چەنـد دەیە کۆڵ نەدانی لە ئاقاری زمانێکی کۆنینە بەڵام فەقیرو بێ کەسـی وەک کـوردی، دابنێین. ڕێز لێنان قودسـییەت و ڕەخنەنەگرتـن نییـە، تەنانـەت ڕێزلێنان ڕێـک خوێندنەوەی قەڵەم و زمان و دەقی ئەم کەسـەیە، بە چاوی ڕەخنەگرانە وە. نەک قسـەی سـووک کردن وپللار هاویشتن، یان سڕینەوەی تەواوی ماندوویەتی و زەحمەتەکانی.

دەق بخوێنینەوە نەک کەس



# ئەدەب لە مێژوو تێدەپەڕێ

وتووێژێك لەگەڵ ساڵح سووزەنی

**ئامادەکردنی: عەبدولخالق یەعقووبی**

**تۆ سەرەتا وەک شاعیر هاتیە نێو جیهانی ئەدەبەوە، بەڵام دواتر لە بواری رەخنەش دەستت بە کار کرد، چی تۆی هان‌دا لە پەنا شێعر ئاوڕ لە رەخنەش بدەیەوە؟**

نەک لای ئێمە، بەڵکوو زۆرێک لە رەخنەگران لە سەر ئەو باوەڕەن کە زمانی شیعر لە وڵاتانی جیهانی رۆژهەڵات لە مێژوویەکی درێژخایەندا زمانی زاڵی زارەکی و پانتای نقیسانیش بووە، رەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بووبێ کە رۆژهەڵات بە گشتی زێدی پێغەمبەران بووە و ئوستوورە زەدەیە، وەک دەزانین ئوستوورە و شیعریش هەر دووکیان بە پێی پێناسەیەکی گشتی، زمانی ناخودئاگای کۆمەڵ بوونە و نزیکایەتی زۆریان لەگەڵ یەکدی هەیە کە من نامهەوێ بچمە ناو ئەو وێکچوویی و جیاوازیانەوە- بەس دەڵێم ئاشنایی من لەگەڵ ئەو دوو بوارەی ئەدەب زێدەتر یەکەم بە هۆی خوێندنەوەی بەردەوامە بوو لە کاتی لاویم‌دا ، دووهەم هەست بە پێداویستی نوێگەری لەو دوو بوارەدا. چەند دۆستێک بووین کە «وەحشەتناک» دەمانخوێندەوە و وەک ئەزموونی نقیسان من بۆ دەربڕینی ئەو تەوژمەی کە بەرەی ئەو خوێندنەوانە بوو، سەرەتا رووم لە شیعر کرد ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە زەمینەی عەینی ئەو کات (واتە سەرەتاکانی شۆڕشی گەلانی ئێران دژی پاشایەتی و بزووتنەوەی چەند بارەی گەلی کورد بۆ داوا رەواکانی لە مێژینەی) بۆ شێعر و شوعار یان دروشم ئامادەتر بوو. لای ئێمە کەسانێکی‌کەم دەیاننووسی و ئەو تاقمەش کە دەیاننووسی زۆربەیان شاعیر بوون و شێعر لە لایەن جەماوەریشەوە خوازیاری زێدەتری هەبوو... رەنگە شیعرەکانی ئەو سەردەمەی منیش زێدەتر وەڵامی ئەو داخوازییەی دابێتەوە تا رووکردێکی راستەقینەی زمان بەرەو شێعرییەت(بە بۆچوونی ئێستاکەم) ئەو شێعرانەش، بەس لەم لاولا دەخوێندرانەوە و هەوڵی بڵاوکردنەوەم بە شێوەی چاپ بۆ نەئەدان... ئەو کات لێرە گۆڤار و رۆژنامە و چاپەمەنی ئەوتۆش نەبوو... بۆ وەی بڵاویان بکەینەوە (لە بیرمە ساڵی ۶۱(۸۲) بە زەفتێکی شکاوی ئەو ساتەی ماڵ ئێمە لەگەڵ جەلال مەلەکشا شریتێکمان تۆمار کرد...) ئەوە دواجار بوو کە گۆڤاری سروە لە سەر دەستی مامۆستا هێمن بڵاو کرایەوە و زۆرێ لە شاعیران و نووسەرانی ئەوساکە کەوتنە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان بە پێچەوانەوە من وەک یەکەمین هەنگاو بۆ بڵاو کردنەوە، وتارێکی رەخنەییم لە سەر شێعرێکی جەلال بۆ بەرێ کردن... کە من لام وابوو لە باری تەبایی وێنەگەلی دێری وئەستوونی(عموودی)یەوە یەکیان نەدەگرتەوە و سەیر ئەوە بوو کە جلال لە نامەیەکدا بۆی نووسیبووم کە باشی بۆ چوویتە، بۆوەی ئەو شێعرە لە راستیدا دوو شیعر بووە و سەفحەئارای سروە لە خۆڕا کردوویەتی بە شێعرێک(!!) ئەو نامەی جەلال ئێستاش ماوە رەنگە کاتی خۆی بڵاوی کەمەوە... بە دوای ئەوەدا دوای ماوەیەک یەکەم شیعری من لە گۆڤاری سروەدا بڵاو کرایەوە؛

«پەپوولە: ئاگر هانی باڵەکانم پێی هەڵفرە...» دواجار بەشی یەکەمی وتاری رەخنەیی شاعیرانی لاو لە هەڵسەنگاندنی ئەدەبی‌دا بڵاوکرایەوە.. هەر چەند بەشی دووهەمی ئەو وتارە بە گوتەی جوانەمەرگ مارف ئاغایی تا رۆژی هەناردن بۆ چاپ سەفحە ئارایيش کرابوو... بەڵام لە ناکاو بەرپرسانی سروە بەچەند هۆیەکەوە ( لایەن وابوو سیاسەتی تێکەڵ بووە(!!) بڵاوی ناکەنەوە... کەوایە ئەگەر بە ئەسێحی بمهەوێ وەڵامی پرسیارەکەی جەنابت بدەمەوە دەبێ بڵێم چ لە باری متالا و چ لە باری هەوڵدان بۆ بڵاو کردنەوەوە من شێعر و رەخنەم پێکەوە دەست پێکرد هەر چەند متالای رەخنەییم ئەو دەمیش زێدەتر بوو و ئاستی نووسینی رەخنەیشم /ئەو کات/ لە شێعرەکانم بەرزتر بوو.. هەر بۆیە رەحمەتی مارف بەردەوام لە نامەکانی‌دا و لە دانیشتنی دۆستانەدا جەختی لە سەر درێژەدان بە رەخنە بوو و داوای وتاری رەخنەیی لێدەکردم بۆ سروە کە ئەوکات لەوێ بوو..وەک پێشتریش ئاماژەم پێکرد ـ خوێندنەوەی زۆر و

جیدی لە ڕەخنەگرانی ئەوسای فارس کەسانی وەک بەراهەنی میرعەلایی و کەدکەنی تا حقووقی و تا.د... جورەهاندانێک بوو بۆ من کە ڕووبەڕووی ڕەخنەی ئەدەبی (لە ئەدەبی کوردی‌دا) ببمەوە کە ئەوسات بە ڕاستی ڕێبوارانێکی ئێجگار دەگمەنی هەبوو و بڵاوکردنەوەی «شاعیرانی لاو لە هەڵسانگاندنی ئەدەبی‌دا» کە ئەو ساڵانە بە شێوەیەکی زانستی ئاوڕی لە زمان و وێنە و کێش و بیچمی زێهنی دەقی شاعیرانی «ئەو کات لاو»دا بۆوە بەڕاستی دەستپێکی باش بوو بۆ ڕەخنەی ئەدەبی بە شێوەی جیدی. وەک دەزانن پێشتر ڕەخنەی لای ئێمە بەس شەڕە جنێو یان پیاهەڵگوتن بوو بە شاعیران یان نووسەرانێک کە دۆست یان دوژمنی بە ناو ڕەخنەگر بوون... نەک خوێندنەوەی دەق بە پێی بووتیقا یان بابەتی و هێرمنۆتیکانە. لە درێژەی کاری ڕەخنەیی‌ش‌دا هەوڵم‌دا بو یەکەمجار لە کوردستان ڕەخنە بەرەو خوێندنەوەی چەند لایەنە بەرم. خوێندنەوەی گوڵی شۆران لە شەش گوشەنیگاوە هەوڵێکی جیدی بوو لەو بوارەدا کە ئێستا لای زۆرێ لە ڕەخنەگران بۆتە باو و چەند خوێندنەوەیی جێگای خۆی کردۆتەوە..

**وەک ئاماژەت کرد تۆ لەو شاعیرانە بووی کە شان بە شانی شاعیرانێکی وەک جەلال مەلکشا، ڕەحیم لۆقمانی، لە جەنگەی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٧٨ شیعری بەرخودان و بەرەنگاریت دەنووسی ودواتریش هاوهەناسە لەگەڵ شاعیرانێکی گەنجتر وەک مارف ئاغایی و فەرەیدوون ئەرەشەدی و ئینجا داکار دواتر بەرەی نوێخوازی وەک یونس ڕەزایی و شاعیرانی جیاواز لە نوێکردنەوەی شیعری هاوچەرخی کوردیدا هەوڵت داوە و هەنووکەش هەروا بەردەوامی پێوەندی نێوان ئەم شاعیرانە لەگەڵ خۆت وهەمووشتان لەگەڵ پێشەنگی شیعری نوێی کوردستان ڕۆژهەڵات واتە سوارە ئیلخانی‌زادە لە ڕوانگەی دەقی شیعرییەوە چون دەبینیت؟**

ڕاست ئەفەرموویت ... لەمێژە شێعر و ڕەخنەی ئەدەبی دەپێوم و نەگەیشتوومەتە کۆتایی هیچیان... لەو ماوە درێژخایەنەش‌دا زۆر هاورێم پێ گەیشتووە زۆرم لێ وەکشاوە و زۆرێکی‌تر جێیان پڕ کردوونەتەوە بەڵام ڕێگا هەر ئەوەیە کە سەرەتا بڕیار بوو بیبڕین... تاقی کردنەوەی نوێ و خەڵقی ڕچەی نوێتر و هەموار کردنی بەردەکانی سەر ڕێ و سەر لە نوێ درێژە پێدان بە ڕێگایەکی نامۆی دیکە و ... تاد.

وەک گوتم: لام وایە ساڵی (٨٢١٩) بوو لەگەڵ جەلال مەلەکشا شریتە شیعرێکمان تۆمار کرد وهەنێ شێعر دورشممان تیایدا بڵاو کردەوە... دواجار لەگەڵ بەڕیزان مارف ئاغایی و فەرەیدون ئەرشەدی چەند هەوڵێکمان‌دا بۆ وەی شیعری نوێ بێنینە فۆرمگەل نوێترەوە و دواجار بەیاننامەی داکار و بەڕێزان ئازاد ڕۆستەمی و بێهزاد کوردستانی و براییمی ئەحمەدی نیا و دوستانی دیکە و هەوڵدانێکی‌تر لەگەڵ بەرەیەکی دیکەی شاعیران (کە بە ناوگەڵ جیاوازی وەک جیاواز خوازان و شیعری شێت . بەرەی سێ و چوار و نوێترخوازان، لە لایەن ڕەخنەگرانەوە ئاوڕیان لێدرایەوە) و ئێستاش ماوم و ڕێگە درێژەی هەیە...وەک هەموو بوارەکانی دیکە... بەڵام ئەگەر بمانهەوێ باسی پێوەندی بکەین دەبێ بڵێین شاعیرانی دوای سوارە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە داخەوە جگە چەند هەولێک کە ئەویش زێدەتر لە لاسایی کردنەوە دەچووە، لەباری زمان و شێواز و مۆسیقای عەرووزی‌یەوە ڕێچکەی سوارەیان نەپێوا. هۆکارەکانیش لە ڕوانگەی منەوە ڕەنگە ئەمانەبێ کە؛ یەکەم شیعری سوارە ئەوکات بەس شار و خەوەبەردینەی ئەویش بە شێوەی دەست نووس بڵاو ببۆوە و کەم لە شاعیرانی لاو بە تۆخی لەگەڵ دەقەکانی ئاشنا بوون ئەو بۆچوونەش لە سەر ئەو دوو شێعرانە هەبوو ئەوە بوو کە سوارە ئەو کات لە ژێر شوێن پەنجەی شاعیرانی فارس و زمانی چریکی ئەو سەردەمەدا بووە و زێدەتر لاسایی کردۆتەوە و شار وەک شێعرێکی ڕۆمانسی دژ بە شاری مۆدێرن و گەڕانەوە بۆ جوانی دێ دەهاتە خوێندنەوە ... بڕواننە دەمەتەقێ ئەو سەردەمە لە گۆڤاری سروەدا لە لایەن جەلیل ئازادیخواز و کەسانی دییەوە... خەوە بەردینەش وەک ماسی‌یە ڕەشە بچکۆلەکەی سەمەد بێهرەنگی دەخوێنرایەوە هەڵبەت بەزمانێکی شاعیرانەتر و دەوڵەمەندتر... هێشتا زۆری مابوو بۆ ئەوەی کەسێکی وەک ڕەهبەر مەحموودزادە ئەو دوو شیعرە بە شێوەی جیدی هەڵسەنگێنی وسوارە وەک قوتبێکی گرینگی بواری نوێخوازی گرێ بدات بە گۆڕانەوە وشاری دەست دەسەڵات و شاری ئارمانی شۆڕشگێران (دەریا) پێکەوە هەڵسەنگێنی...ئینجا ئێمە و مانان ئەو ساڵانە هەموو خوێندنەوەکانمان بە زمانی فارسی بوو ئەو شێعرانەی بە کوردی دەماندیتن زێدە شیعری پەشێو و هەڵمەت و شێرکۆ و... بوون کە بە هۆی تایبەتمەندی ناوچەیی و دەسەڵاتی زمانی سیاسی‌یەوە زێدەتر دەوریان دەگێڕا و شوێن پەنجەیان لە سەر شاعیرانی ئەم دیو لە شیعری سوارەیی (کە من ئێستا لام وایە چ لە باری بووتیقا و چ خوێندنەوەی هێرمنوتیکیانە و بابەتی لەو شێعرە شوعاری‌یانە دەوڵەمەندترە) جەلال ئەوساڵانە لە حاڵ و هەوای پەشێوی‌دا قەڵەمی دەوشان و .. گەیشت بە ناو بانگێ ... بۆ وی ئەگەر لەبیرتان بێ... جەلال ئەو کات لە «سروە» تاقە گوڤاری کوردستانی ئەم دیودا بوو و دەرفەتی بڵاوکرنەوەی لە ئێمە و مانان زێدەتر بوو... ئێمە باوەکوو دۆستایەتی زۆرمان هەبوو... بەڵام من بە هۆی هەنێ کێشەی سیاسی و گیروبەندەوە... باوەکوو لەو جۆرە شێعرانەم زۆرهەبوو... (دەفتەرگەل سەمفۆنیا و دیاری و هەزار دیوانی کەلەگەت لە پرسەدا) بەڵام زور کەمیان لێ‌بڵاو کرایەوە...دوای بڵاو بوونەوەی وتاری ڕەخنەیی شاعیرانی لاو لەهەڵسەنگاندنی ئەدەبی‌دا لەگەڵ مارف و فەرەیدوون زێدەتر پێکەوە دەکوڵاین مارف چەند شێعرێکی لە گوڤاری سروەدا بۆ بڵاو کردمەوە... بەڵام وەک ئاماژەم پێکرد مارف حەزی لەوە بوو کە من بەردەوام وتاری ڕەخنەی‌ئەدەبی بڵاوبکەمەوە هەر بۆیە چەندین وتاری ڕەخنەی ئەدەبیم لەو ساڵانەدا بڵاو کردەوە و زێدەتر وەک ڕەخنەگر لە ناو دوستانی تازەدا دەناسرام تا شاعیر_ بەڵام شێعر خۆی بە هیچ ئەرێ و نەبێ یەکەوە نابەسێتەوە وەک گوتم من یەکجار زۆر دەمخوێندەوە و زۆریش تامەزرۆیی نوێگەری بووم... هەنێ هەوڵم‌دا بۆ وەی بتوانم زمانێکی تایبەت بە خۆمم هەبێ و لەگەڵ هەموو دۆستایەتی ئەو بەڕێزانەدا هەرگیز نەچمەوە سەر شێوە

بەکارهێنانی ئەوان لە باری زمانەوە وەک سەرەکی‌ترین فۆرم... مارف جوانەمەرگ بوو و فەرەیدوونیش پەرەوازەی هەندەران و من دەفتەری درۆ مۆقەددەسەکانم کوتایی هات دەستم کرد بە شێعرەساتەکان کە لام وایە گەورەترین شوێن پەنجەی بەجێ هێشت و بەرەی دواتر زێدەتر ئاوڕیان لێ دایەوە..و.. ڕچەگەلی نوێتر ساز بوو.

**«داکار»چی؟**

لێرەدا پێویستە ئاماژەیەکیش بە پرۆسەی شێعری داکار بکەم؛ وەک لە وتوویژێکی دیکەش‌دا(بۆگۆڤاری رامان) ئاماژەم پێ‌کردوە هەوڵەکانی ئێمە لە ڕێگای فەرەیدوون ئەرشەدی‌یەوە پێوەند دەبێ بە هەوڵدانی چەند دۆستێکی دیکەوە لە مەریوان و بەیاننامەی داکار سالی ١٣٧٧ی ە لە چوارەمین پێش‌ژمارەی سیروان بڵاو دەبێتەوە کە ناوی منیشی بەژێرەوە بوو بێ ئەوەی تا کاتی بڵاو کردنەوەکەی دیبێتم... ئەو بەیاننامەیە، هەرچەند لە بەیاننامەکە دەرنەچوو و دۆستان پەرەوازە بوون، بەڵام گۆمی مەندی سەلەفیەتی ئەدەبیی شڵەقاند و دەروازەیەکی دیکە کرایەوە بو روانینی نوێ‌تر و جیاوازتر و دەمەتەقێ وشەرەقەڵەمی باشی بەدواوە بوو کە هەمان ئەوشتە بوو کە داکار دەیویست.

**تۆ پێت وایە ئەدەبیاتی کوردی تا چەندە توانیویەتی خۆ لە پێوانە گشتیەکانی ئەدەبێکی سەرکەوتووی جیهانی نیزیک بکاتەوە؟**

(گەر ئاماژە بە هەنێ داهێنەر و دەقی ئەدەبەکەمان بکەی دەتوانین پتر لە وەڵامەکەت کەڵک وەرگرین)

– پێوانەکانی ئەدەبی جیهانی گشتی نین و قاڵبێکی دیاریکراویان نییە کە ئێمە ئەدەبیاتی خۆمان لەو قاڵبە بدەین بۆ وەی بزانین خۆمان لە ئەدەبی جیهانی نیزیک کردۆتەوە یان نا...

ئەدەبیات رۆحی زیندووی هەموو گەلانی جیهانە کە لە زماندا دێتە نواندن و دەنگدانەوە و گەشە و نەشە. دیارە زمانی هەر نەتەوەیەکیش جیاوازی سەرەکی و بنەرەتی هەیە لەگەڵ زمانەکانی دیکە و جگە ئەوەش کەلتوور و چۆنیەتی ژیان وباری مێژوویی تەنانەت جوگرافیای و ... تاد هەر نەتەوەیەک ناراستەوخۆ و لە کاناڵی زێهنی شاعیر یان ئەدەبیەوە دێتە پانتای نقیسان و دواتر بڵاوکردنەوە... هەرچەندە دواتر پێکهاتەخوازان هەوڵیان‌دا ئەو زێهنیەتانەش لە ئوستوورە ئەفسانەکانەوە... تا چونیەتی جل و بەرگ و تەنانە خواردەمەنی لەهەموو جیهان‌دا پێکەوە ببەستنەوە... بۆئەوەی بیسەلمێنن زێهنی مرۆڤ بە گشتی بە پێی پێکهاتەیەکی وەک یەک یا نزیک لەیەک کاردانەوەی هەیە... بەڵام وەک دەزانین ئەوە تەنیا خوێندنەوەیەکی دیکەیە و بەس... ئینجا ئەدەبی جیهانی بە واتایەکی زۆر ساکار یانی ئەدەبی هەموو جیهان کە هەڵبەت ئێمەش بەشێکین لەو جیهانە کەوایە گرینگ ئەوەیە بزانین ئێمە چیمان کردوە یان چیمان بەو ئەدەبە جیهانی یە زیادکردوە... دیارە بە هەمان ئەندازەش لە ئەدەبی جیهانی نیزیک بووینەتەوە...

بە بڕوای من هۆی نەبوون یان لاواز بوونی رۆشنبیری لای ئێمە هەمان بە گشتی روانینە لە زۆربەی دیاردەکانی دەوروبەر... بۆ وێنە ئەدەبیات لە جیهاندا مێژووی درێژخایەنی هەیە و لە رەوتی بەردەوامدا بووە و لە زۆر رێباز و قوتابخانە و دژ قوتابخانەی تێپەڕاندوە و ژانرگەل جیاوازی پێک‌هێناوە کە ئەدەب لای ئێمە بەس لەم ساڵانەی دوایی‌دا خوێندوویەتەوە... و هەوڵی‌داوە نموونەیان لێ سازکاتەوە و هەنگاوی باشیشی هەڵیناوە ژانرگەلی چیرۆک ـ رۆمان، شانۆنامە ـ سینەما رەخنەی ئەدەبی لای ئێمە خاوەنی مێژوویەکی ئەوتۆ نییە و زمانی کوردیش زمانێکی جیهانی نییە لە مێژوویەکی درێژخایەندا نەک هەر دەسەڵاتێک پشتی نەگرتووە، بەڵکوو دەیان دەسەڵات نوقمی زەوی کردوە... بە لەبەرچاوگرتنی رەوتی دەسەڵات ـ مەعریفە وسازکردنی یەکدی ئاسایی‌یە ئەگەر زمانی ئەدەبی مەش لە جیهاندا هێند بەرچاو نەکەوتبێ... دڵنیام ئەگەر شاری مۆسیقارە سپی‌یەکان بە زمانی ئاڵمانی ـ فەرەنسی یان ئینگلیسی و چووزانم ئیسپانیۆلی بنووسرابا ئێستا رۆمانێکی ئەوپەرجیهانیش بوو... بەڵگەش بو قسەکانم.. فیلمەکانی یلماز گونای و بەهمەن قوبادی‌یە.. لە بەر ئەوەی زمانی وێنە زمانێکی جیهانی‌یە... باوە کوو هیچ مێژوویەکی کاری سینەمایی لە پشت سینماکارانی کورد نیە... دەبینن چۆن بوونەتە بەرهەمی جیهانی و ناوبانگ دێننەوە...بەڵام ئەگەر هەر ئەم پرسیارەت لە مەڕ شێعری کوردی بکردایە.. وردتر ئەمانتوانی بەرئاوردیکی عەینی‌تر بکەین؛

شوێن پەنجەی نێوان دەقێتی شیعری فارس ـ تورک، عەرەب ـ دەقی شیعری کوردی دەوڵەمەند کردەوە و زمانی شیعری کلاسیکی کوردی بە هۆی کەڵک وەرگرتنی بە جێی لە زمانی دەوڵەمەندی ئەوان شوێنگە و پلەو پایەکی ئەوتۆی بۆ خۆی پێک هێناوە و گەمەیەکی بوێرانەی بەو زمانانە کردوە. مەلای جەزیری، نالی، مەحوی، مەولەوی تاوەگۆزی لەو شاعیرانەن کە خوێنەری چالاکی سەردەم بە خوێندنەوەی دووبارەی دەقەکانیان دەتوانێ بیانهێنێتە ریزی شاعیرانی جیهانیی. بۆوەی ئەوە خوێندنەوەی دووبارە و چەندبارەیە کە دەق زیندوو رادەگرێ

> **ژانرگەلی چیرۆک ـ رۆمان، شانۆنامە ـ سینەما رەخنەی ئەدەبی لای ئێمە خاوەنی مێژوویەکی ئەوتۆ نییە و زمانی کوردیش زمانێکی جیهانی نییە لە مێژوویەکی درێژخایەندا نەک هەر دەسەڵاتێک پشتی نەگرتووە، بەڵکوو دەیان دەسەڵات نوقمی زەوی کردوە...**

و له تـەم ومژ و تێپەڕینی زەمەن ئەیپارێزێ و بە شـێوەیەکی نـوێ و نوێ‌تر ئەینوێنێتەوە، ئەگینا بە بێ خوێندنەوەی جیهانی دەقی جیهانیشـمان نابێ ئەدەبیش وەک هەموو مەعریفەیەکی دیکەی ژیانی مرۆڤ، ویتگونشتاین گوتەنی، جوره یاری وکایەکی زمانییـه کە لە پێوەندی لەگەڵ دەقی پێش خۆی نێوان دەقێتی و خوێندنەوەی نوێ‌دا.. درێژدەبێتەوە و بێ کوتایین. بە خۆشیەوە رەخنەگرانی سـەردەم خۆیان لەو بوارەش دەدا و ئەتوانن بڕواننە خوێندنەوەکانـی خـودی جەنابت لە سـەر نالـی و مەحوی و ئاوردانەوەی کەسانی دی لە گۆشە نیگای فورمالیستی و پێکهاتە خوازانە و دیاردەناسـانە هێرمۆتیکیانەی هەر ئەو شاعیرانە... من کاتی خۆی لەم روانگەوە نالی و خوێندنەوەی نوێ‌یەکانی سەردەم بـڵاو کردەوە و هەوڵـمدا دەقی نالی لە چەندین گۆشـەنیگای رەخنەیی نوێ بێنمـەوە ناو کایەکە...

دیـارە ئەم هەوڵانە چەنـد بەهێز بن ئەوەندەش ئەتوانی هیـوادار بین کە دەقەمانمان زیندوون. لە بیرتان نەچی ئێسـتا رەخنەگر و خوێنەر دەورێکی ئەوتۆیان هەیە لـە خۆڵقاندنی دەقی جیهانـی و تەنانـەت ناوچەیـش‌دا شـیعری نوێ کوردی (جیا لە رۆمان و چیـرۆک...) ئـەو دەوڵەمەندی‌یەی ئەدەبی کلاسـیکی لە پشت بوو هەر بۆیـە لـە فۆرمـی نـوێ و نوێ‌تری خۆشـی‌دا لە گۆران و سوارە و روانگە و کفری و ئەم دواییانە نوێترخوازان‌دا بە رای مـن لەگەڵ رەوتـی ئەدەبی جیهانـی بوونە و لانی کەم لە ئەدەبی دراوسـێکانی کە هـەر کامەیان کەڵە شـاعیرانی گەورەیان لە پشت بووە ـ دوانەکەوتوونـە... بەڵام وەک پێشـتر ئاماژەم کرد زبانی کـوردی زمانێکی جیهانـی نیـە و غەدری گـەورەی لێکـراوە ... ئاشـووری یەکێـک لە رەخنەگـران و رووناکبیرانـی فارس دەڵێ؛ مەڵبەندی سـەرەکی زمان لە هەمـوو پانتاکانـی ژیانـی مودێـرندا زمانگەلی ئینگلیسـی _ ئاڵمانی _ فەرانسەیی بوونە و زمانگەلی دیکە یان لاسـایی وانیان کردۆتەوە یـان وەرگێڕی ئەو زمانانە بوونـە بۆ ناو زمان و گوتاری مودێرنـەی خۆیان، زمانی کوردی بەو پێیە رەنگە وەرگێـڕی زمانی دەسـتە دووهەمی ئەو زمانانە بووبـێ لە زمانگەلـی دیکەوە و ئەمەش وای کـردوە کە ئێـمە تەنانەت لەبـواری ئەدەبیش دا بەردەوام هەوڵی تاقی کردنەوەی ئەزموونەکانی و قوتابخانە سـەرەکی و ناسەرەکی ئەوانمان دابێ بـەڵام جیهان یەکجار بچووک بۆتەوە و من بەش بە حاڵی خۆم هەوڵی مرۆڤ بۆ گەشـە و نەشـە. لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بە هەوڵگەلێکی جیهانی ئەبینم و ئاوەها دابەشیان ناکەم... من مافی خۆمە کە فرۆکەم هەبێ هەرچەند لە سـەرەتادا من فرۆکەم ساز نەکردبـێ من مافی خۆمـە بە پێی «بوطیقـا» دەق بخوێنمەوە

> **به رای من وەرگێڕان پردێکی مێژووییە بۆ پێوەندی و هاوتەبایی و جیهانی کردنی فەلسەفە و زانست و هونەر و مێژوو بەگشتی، بۆ نموونە لە باری مێژوویی‌یەوە وەرگێڕانی بەرهەمی فەیلەسووفانی یوونانی کۆن لە سەدەی سێهەمی کۆچی بوو بە زمانی عەرەبی ئەم کارە ئەو دەستکەوتەی لە چنگ فەوتان و شەوە زەنگ پاراست**

هەرچەند ئەرەستوو لە هۆزی من نەبێ بۆ وەی مرۆڤ بە گشتی یەک هۆزە و ئەوە دەسـەڵات و سیاسەت و ئایدولۆژی‌یە لێکیان جوێ دەکاتەوە و شـەڕی گـەورە گەورەیان بـۆ دەنێـتەوە و ئەدەبیـات رەنگە خاوێنترین و جوانترین ئەزموونی مرۆڤ بێ کە بۆ هەموو مرۆڤ دەنووسـرێ نـەک بۆ خێڵ و نەتەوە و وڵاتێکی تایبەت. بە قەولی شـاملوو«ئێمە خاوەنی دەردی هاوبەشـین» و ئەدەب رەنگە چێژ و خۆشی هاوبەشیشمان بێ! لە بواری ئەدەبی نویـش‌دا وەک ئاماژەم کرد ئەدەبی کـوردی باش هاتۆتە پێش ئەگەر بمانهەوێ ئاماژە بە هەنێ داهێنەر ودەقی نوێخوازی دوای روانگە و کفری بکەین ئەتوانین لە بواری شیعری‌دا باسی ئەنوەر مەسـیفی و فەرهاد پیربـال و فورمخوازەکانی هەولێر بکەین لە سـەرنج دان بە بیچمی زێهنی چەند بازنەیی و چۆن نووسـین لـە بـری چـی نووسـین، هەروەها نوێترخوازان یان شاعیرانی جیاواز (بە بۆ چوونی فـەرزاد میرئەحمەدی) لە بواری سەرنج دان بە سێڵاوی هۆش و چەند دەنگی بوونی دەق و دەستکاری کردن و گرینگی دان بە زمانی شیعری و بەگشـتی نوێتر کردنەوەی فۆرم و بابەت و ... کە بە راسـتی جێی باسن. لە بواری چیـرۆک و رۆمانی نوێش‌دا چیـرۆک و رۆمانەکانـی عەتا نەهایی قـادر هیدایەتی و بـە ختیار عەلی و شێرزاد حەسەن و ... جێ‌ی سەرنجن.. عەتا نەهایی لە بەر هەوڵدان بۆ تەبایی لە رادە بەدەری فـۆرم و ناوەرۆک لە باڵندەکانی دەم بادا ـ سەید قادر لە بەر شێوە دەربرینی نوێ تر و زمانی جیاواز لـە نوڤیلێتی دەنگی نوختەدا بەختیار عەلـی بە هـۆی کەڵـک وەرگرتنی بەجێ لە زانیاری و ئاگایی گووشـراو نێوان دەقیتی هونەری لە ئوستوورە و فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە تا ژیانی مێژوویی مرۆڤ و رەخنەکاری دەسەڵاتی کوردی... شێرزاد حەسەن بە هۆی بەرجەستە کردنی کومەڵگای دەسـت باوک و گرێ جنسـی‌یەکانی ئەو کۆمەڵـگا و... دەق و کەسانی دیکەش هەنە کە رەنگە لەم دەرفەتەدا باسیان نەکرابێ...

لە بواری رەخنەی نویش‌دا حەتم دەبێ ئاماژە بکەینە گرووپی رەهەند لە باشووری کوردستان و نوێترخوازان لە رۆژهەڵات..

### تۆ گرینگایەتی بزاڤێکی بە گوڕ و بەهێزی وەرگێأان بۆ ئەمڕۆی ئەدەبی کوردی لە چیدا دەبینی؟

- بە رای من وەرگێڕان پردێکی مێژووییە بۆ پێوەندی و هاوتەبایی و جیهانی کردنی فەلسەفە و زانست و هونەر و مێژوو بەگشتی، بۆ نموونە لە باری مێژوویی‌یەوە وەرگێڕانی بەرهەمی فەیلەسووفانی یوونانی کۆن لە سـەدەی سێهەمی کۆچی بوو بە زمانی عەرەبی ئەم کارە ئەو دەسـتکەوتە گـەورە جیهانی‌یە لە چنگ فەوتان و

شەوە زەنگی سەدەکانی ناوەراست لە ئوروپا پاراست و دواجار لەگەڵ زانستەکانی ئەوسای رۆژهەڵات گەڕایەوە بۆ ئورووپای سەدەی ١٢ و ١٣ و زەمینە و بەستێنێکی لە باریان رەخساند بۆ پێشکەوتن و لە دایک بوونی سەدەکانی نوێ‌تر ئەمەش بە راستی دەستکەوتێکی گەورە بوو کە حاشا هەڵنەگرە دووهەم وەرگێڕانی هونەری ئەفسانە نووسی کەسانی وەک هۆمێر و سوفوکل و ئاشیلۆس و سیسرۆ بوو بە زمانە ئەورووپی‌یەکان و بووە هۆی ناسینی ناخودئاگای زێهنی جیهانی مرۆڤ و ... یان وەرگێڕانی کلیلەودەمنە لە سانسکریتەوە بۆ زمانگەلی عەرەبی و فارسی .. و دەیان نموونەی تر کە بە راستی دەستکەوتگەلێکی جیهانین لە سەدەکانی نوێش‌دا زانست و فەلسەفەوتکنولۆژیا وهونەری خۆرئاوا گەشەیەکی سەرسوورهێنەری هەبووە و وڵاتانی دیکە تەنیا لە رێگەی زمان و وەرگێڕانەوە هەوڵیان‌دا لەو کاروانە نەخافڵن و وەدوا نەکەون. ئەم رەوتە بەردەوامە و زمانەکانی عالەم بە هوی وەرگێڕانەوە گوتارەکانی خۆیان وەشەپۆلان دەخەن و لە هەموو بابەتێک وەردەگرن و دەنێرنەدەرەوە... ئەم بزاڤە بە هەوڵ و هیمەتی دەیان کەسی وەک جەنابت لە کوردەواریدا وەڕێ کەوتووەو لە لایەکەوە دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی زمانەکەمان و لە لایەکی دیکەوە بەرەی ئێستا و داهاتوومان ئاشنای زۆر رێبازی نوێی دیکە دەکا لە پانتاگەلی جوراوجۆری بەرینایەتی زماندا... بە داخەوە رەنگە لە بەر تازە دەستپێکردنمانەوە یان ئاشنانەبوونی باش لە سەر هەر دوو زمانی بنێر و وەرگر یان کەم دەسەڵاتی خۆمان و بە پەلە بوونمان هەنێ تێکستی وەرگێڕدرا و دەبینین کە مەبەستیان نەپێکاوە یان لە حاست تێکستی سەرەکی بەلارێدا چوونەو ... تاد کە ئەمە ئاسایی نیە و حەتم دەبێ لە پاڵ ئەو بزاڤەدا ئاوڕ لە بزاڤی رەخنە لە سەر وەرگێڕانیش بدەینەوە هەوڵی بەرئاورد کردنی تێکستەکان گوڕوتینێکی تازەتر دەداتە بزاڤی وەرگێرانی کوردیش. بە داخەوە هەنێ لە قەلەم بەدەستان وەرگێڕانیان لا ئاجووری بیانی‌یە و بە چاوی سووکەوە لە وەرگیأان دەأوانن... کە کاتی خۆی وەڵامی ئەوانە دراوەتە و پێویست بە دووبارە کردنەوە ناکات بەس پێویستە ئەوە بڵێم ... یەکێ لەخاڵە سەرەکی‌یەکانی بەجیهانی بوون بزاڤی بە گوڕ و هێزی وەرگێڕانە ... لە هەموو زمانە زیندووەکانی جیهان و بە پێچەوانەوە...

**وەک دەزانین ئەو ئەدەبیاتەی لە کوردستانی رۆژهەڵات سەری هەڵداوە خۆرسک و خۆبژیوە ئەدەبیاتێکە پشتیوانی‌یەکی حکوومەتی و ناحکوومەتی نیە. بەڵام لە کوردستانی باشوور بارودۆخەکە بە پێچەوانەوەیە لە وێندەرێ دەیان دام و دەزگای حیزبی و حکوومی پشتیوانی لە بزاڤی رۆشنبیری دەکەن ئەم دوو دۆخە جیاوازە چ خەسار یان دەستکەوتێکی لەم دوو بەشەی کوردستان لێ کەوتۆتەوە؟**

ـ هەوێنی سەرەکی بۆ وەڵام دانەوە بەم پرسیارەی جەنابت دەگەرێتەوە بو پێوەندی و ململانێ و یەکگرتن و لێکدابڕانی دوو گوتاری مێژوویی بە ناوی مەعریفە و دەسەڵات و چونیەتی خوێندنەوەی ئەو دوو گوتارە. هەنێ رووناکبیران ئەم دوو گوتارە لە هاودژایەتی یەکدی‌دا دەخوێننەوە و لایان وایە دەسەلات بەردەوام لە سەرکوتکردنی مەعریفەدا بووە و بەوپێیە مێژوو دەبێتە مێژووی دەسەڵاتی سەرکوتکەر و مەعریفەش بەردەوام بەرەنگاری کردوە و لەهەوڵی رووخاندن و تێکشکاندنی دەسەڵاتدا بووە ... ئەمە بۆچوونێکی کلاسیکی‌یە کە دەسەڵاتی بەس بە دەسەڵاتی سیاسی و حکوومەتی زانیوە و وەک ئەرکێکی شۆڕشگێڕانە هەوڵیانداوە هەموو مەعریفەیەک بۆ بەرەنگاری و دژایەتی ئەو جۆرە هێزە بەس لە حاڵەتی دژایەتی‌دا بخوێننەوە و جگە ئەوە بخەنە بەرەی دەسەلات و دژایەتی بکەن.. فاکتی مێژوویش بۆ بەڵگەهێنانەوەی ئەم بۆچوونە سەدەکانی رەشی ناوەراستی ئۆرووپایە کە دەسەڵاتی زمانی ئایینی و سیاسی بە توندی دژی هەرچەشنە مەعریفەیەکی زەمینی دەوەستان و کوشت و بڕی رووناکبیران ئاسایی بوو.. ئەم بۆچوونە بەلام ئەوەی لە بیرچووبوو کە دەسەڵاتی سەدەکانی ناوەراستی ئوروپا پشت ئەستوور بوو بە فەلسەفە و مەعریفەی ئەرەستوو و دەسەڵاتی زمانیی( مەعریفەی) ئایینی کلیسا و لە خۆڕا (واتە بە بێ مەعریفە) ساز نەببوو.. مێژوو بە گشتی نیشان دەدا کە دەسەلات و مەعریفە لە هەوڵی سازکردنی یەکدیدان و بەردەوام یەکدی بەرهەم دەهێنەوە ئەمە بۆچوونی دووهەمە لە چۆنیەتی پێوەندی دەسەلات ومەعریفە کە؛ هیچ دەسەڵاتێک بە بێ مەعریفە و هیچ مەعریفەیەکیش بە بێ دەسەڵات ناچەسپێ هەر بۆیە دەسەلات لەم خوێندنەوەدا بەس دەسەڵاتی حکوومی و سیاسی نیە بەڵکو دەبێتە ئێپیستمەیەکی زمانیی زاڵ کە رەنگە هەر لە زمانی باوکی یەکەمەوە ساز بووبێ و سەرەتا لە ناوبنەماڵەدا کاریگەری خۆی دەنوێنێ و ئێنجا لە رێگەی سازکردنی کلتوور و پەروەردەوە کۆمەڵگا دەتەنێتەوە.. لەم بۆچوونەدا گوتاری زال بەس گوتاری سیاسی ناگرێتەوە. لێرەدا دەسەلات هێزێکی نادیارە کە تان‌وپۆی لە دەروون و نەستی کەسایەتییەکانی کۆمەڵگادا تەنیوەتەوە و دەسەڵاتی سیاسی و حکوومی بەخواست و ئیرادەی ئەو دەسەڵاتە بەرهەم دێ لێرەدا ئوستورەو ئایین (ناخودئاگای کومەڵ) و کولتوور و...تێکەل بە مەعریفەی سەردەم دەبن بەرەنگاری ئەو بەشەی دیکەی مەعریفە دەبنەوە کە مقاومەت و بەرەنگارییان دەکا.. ئەویش نەلە بەر ئەوەی بەگشتی چەمکی دەسەلات رەفزبکاتەوە بەڵکوو بۆ ئەوەی بتوانی کاتی خۆی دەسەڵاتێکی دیکە سازبکا. کەوابوو ئاسایی‌یە ئەگەر لە کۆمەڵگادا هەرچەشنە مەعریفە یەک لەگەڵ یا دژ و ناتەبا لەگەڵ هێز و دەسەڵاتێک هەبوونیان هەبێ دیارە گۆتارگەلی بەستراو هەوڵی مانەوە ئەدەن و مانەوەی خۆیان لە رەفزکردنەوە و دژایەتی گوتارگەل ئاوەڵا و کراوەدا دەبینن و بە پێچەوانەوە گوتارگەل کراوە گەشەو دەسەڵاتدارێتی خویان لە راکێش کردنی هەموو هونەر و مەعریفەی مرۆڤدا پێناسە دەکەن هونەر وئەدەبیش رەنگە لەم یاسایە بەدەر نەبێ؛ ئەگەر شاعیران لە مەعریفەی ئەفلاتوونی دەکرێنە دەرەوە بە مانای فەوتانی دەسەڵاتی هونەر و شیعر نیە و نەبووە... ئەدەب و هونەر بەهۆی نواندنی خەون و خولیا و ئاواتەکانی مێژوویی مرۆڤ و ستاتیکیای دەق، دەسەڵاتێکی دیکەی زمانی ونیشانەیی ساز دەکا کە دواجار تەنانەت گوتارگەل ئایینیش هەوڵیان‌دا بیهێننە ژێر رکێفی خۆیان ... بە تایبەت ئەم دۆخە لە کوردەواری خۆمان‌دا بە هۆی نەبوونی دەرفەت و هێزە دەسەڵاتدارێتی زۆربەی گوتارە نائەدەبییەکانیش دەسەپێ بە سەر هونەر و بەتایبەت ئەدەب‌دا وئەدەبیات تەنانەت هەڵگری باری شۆڕش و نیشتمانپەروەریش دەگرێتە ئەستۆ و دەبێتە کۆی

مەعریفەکانی ئینسانی کورد و ئەمەش لەحالێکدایە کە لە ڕەوتی مێژووماندا (دوای شکستی یەکجارەکی مادەکان) ئێمە خاوەنی دەسەڵاتێکی ئەوتۆ نەبووینە کە پشتیوان و یارمەتی دەری ئەو بزاڤە ئەدەبی‌یە بووبێ هەر بۆیە دەبینین لە چاو ئەو ساڵانە واتە لەوکاتەوە کوردایەتی بووژاوەتەوە و خاوەن دەسەڵاتێکی حکوومی‌یە چ لە باری کەمایەسی و چ چەندایەتی‌یەوە ئەدەبی کوردی گەشەی سەندوە...

لەم حاڵەدا گرینگ ئەوەیە دەسەڵاتی کوردی خۆی لە گۆتارێکی بەسراو یان کراوەدا پێناسە بکا ئەگەر دەسەڵاتی کورد خۆی لە ڕەوتی ژیانی شارستانی و ئازادیخوازی و دیموکراسی‌دا پێناسە بکا ئەرکی سەرشانیەتی پشتیوانی ئەدەب و ڕەخنە و هونەر و ڕۆشنبیری کوردی بکا تەنانەت ئەو کاتانەی دژ یان ڕەخنەکارانە لێی دەروانن.. دیارە لێرە کەمترین دەرفەت و لەوێ باشترین دەرفەت ڕەخساوە بۆوەی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی بە گوڕوتاوتر هەوڵی سەر بەخۆیی بدا و بۆ بەشێکی گرینگی سێ کوچکەی دەسەڵات ـ ڕۆشنبیریی ـ خەڵک ... ئەمارەت بنێتەوە و بەرەو ئاسمان هەڵکشی!

بە خوشیەوە ( بۆ وەڵام دانەوەی بەشی کۆتایی پرسیارەکەت) دەبێ بڵێم پردی پێوەندی و دەزگاکانی پێوەندی جەماوەر و دێی بچووکی جیهانی ئەم دیو و ئەو دیوی نەهێشتۆتەوە. ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردیش هەمان ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی‌یە و ئێستا دەیان پشتیوانی هەیە! خوا خۆشیان کا!

**داهاتووی جیهانی ئەدەبی کوردی چۆن دەبینی؟ ئایا پێت وا نیە ئەدەبی کورد پێویستی بە پێدا چوونەوەیەک بە سەر بار ودۆخی شێواوی خویدا هەیە؟**

ئەدەبی کوردی تازە کەوتۆتە گڕوگاڵی تازەگەری و تاقی کردنەوەی ڕچەگەلی نوێ ونوێ‌تر.. هێند نیە ژانرەکانی ئەدەبی هۆنەری خویان لە شیعر جوێ کردۆتەوە وهەوڵی سەربەخۆیی خۆیان وەک ڕەخنە، ڕۆمان، شانۆ، کورتە چیروک و سینەما و... ئەدەن و ئەمەش هەوڵێکی پیرۆزە و من بە گەش بینی‌یەوە دەروانمە داهاتووی ئەدەب و هۆنەری گەلەکەمان. ئەوە تایبەتمەندی ئەدەبی هەر وڵاتێکە کە بەردەوام لە خۆی بکۆڵێتەوە و خۆی لە ژێر زەأەبینی ڕەخنەدا ببینێتەوە و گومان لە هەموو دیاردەکانی دەوروبەر بکا و تەنانەت خۆشی هەڵۆەشێنێتەوە وهەوڵی کراژ خستن و نوێتر بوونەوە بدا و ئەو پێداچوونەوە تەنیا تایبەتی ئەدەبی کوردی نیە... بەڵام ئەگەر مەبەستت لەو پێداچوونەوە سازاندنی ئەدەبیاتێکە لە سەر یاسا و ڕێسایەکی تایبەت ئەوە ناشێ و ڕێی تێ‌ناچێ بۆ وەی ئەدەب بە درێژایی مێژوو خۆی لە بازنەی ئەبێ و نەبێ‌کان دەربازکردوە و لە چوارچێوەیەکی دیاری کراودا نابەسترێتەوە... بڵا هەموو ڕێگاکان بپێورێن و خوێندنەوە راڤەکاری بکرێن ـ دڵنیام ـ ئەوەی پێویستە دەمێنێتەوە بەرەومان دەأوا... ئەوەش کە نەیپێکا دەتوێتەوە... ئینجا مەبەستت لە شێواو چیەـ ئەدەبی کوێ شێواو نیە کە ئەدەبی کوردیش وا لێ بکەین شێواوی ئەدەبیش ڕەنگە تعبیر لە شێوای و ئالۆزی ئەم جیهانە هەزار سیما و ڕەنگاڵە و فتۆشاپاوییە بێ ... ئەگەر فەلسەفە و ژیانی مرۆڤ ئالۆز و شێواوە ... ئەدەبیش حەتم دێقۆزێتەوە و پەل و پۆشی ئەداتێ ... بۆی دامەچۆ!

**پێوەندیی نێوان ئەدەبیات و کولتوور چۆن لێکدەدەیەوە؟ ئەدەبیاتی کوردی چی بە کولتووری نەتەوەییمان بەخشیوە و چی لێ وەرگرتووە؟**

– کولتوور وەک بەشێکی گرینگی ئاگایی و پێش‌ئاگایی لە فیکر و تەنانەت جەستەی نووسەر و شاعیردا تواوەتەوە و خودی ئەدەبیش لە درێژایی زەمەن‌دا ڕەنگە ببێتەوە بە بەشێکی دیکەی کولتووری نەتەوەیی و بەردەوام وەک سەرچاوەیەک وایە کە ئەدەبی گەلان لێی هەڵگۆزیوە و لەفۆرم گەل جیاوازدا نواندوویەتەوە و بابەتگەل ئەدەبیاتیش زۆربەیان هەمان بابەتگەل کولتووری بوونە ئەشق ژیان مەرگ ـ شەڕ و خەبات و شکست و تا دەگاتەحەکایەت و بەیت و باو زاراوە و ...کە لە پرۆسەی بە دەق بوون و نێوان دقێتی‌دا دێنەوە پانتای ئەدەب ـ بەڵام ئەوەشمان لە بیر نەچێ ئەدەب ئەمانە وەک سەرچاوە و کەرەسە و مەتریالی خاو وەردەگرێ و تێکەڵ بە خەون و خەیاڵ و فانتازیا و ڕەوتی ژیانی سەردەم دەکا و ڕەنگە لەوەشی تێپەڕێنێ.... سەیر کەن لە پێکەنینی گەداوە تا شاری مۆسیقارە سپی‌کان.و بیربا.. چەند لەگەڵ ئەو کەرەسە گەلە ڕووبەڕوو دەبینەوە.... باوەکوو هیچ کام لەو چیرۆک و ڕۆمانگەلە ڕاستەوخۆ بەئامانجی کولتوور نووسینەوە نەنووسراون شیعریش هەروەتر ... مەم و زینی خانی چەند لەگەڵ کولتووری نەتەوەیی ئێمە و دراوسێکان تێکەڵە ... شیعری نالی ومەولەوی تا شێرکۆ و دواتر نوێ و نوێتر خوازان لە زور دەقی خۆیاندا لە کولتووری خۆماڵی نزیک بوونەتەوە...بە گشتی من کولتووری هەر نەتەوەیەک لە زمان دا دەخوێنمەوە ووەک دەزانن زمان وەک سێستەمێکی نیشانەیی لە نوێترین دۆخ و بەستێن و بە دەق کردندا سەرەکیترین کەرەسەی ئەدەبیاتە. کەوایە من لام وایە هەموو ئەدەبیاتی گەڵان وەک زمان بەشێکن لە فەرهەنگی نەتەوەییمان... بەو پێیە ئێمە لە هەر قۆناخێکی بە دەق کردندا وەرگر و پێدرەی کولتووری نەتەوەیی خۆمانین و ئەمەش دژایەتی‌یەکی لەگەڵ نوێخوازی‌دا نیە شەهید موختاری گۆتەنی «ئێمە ناچارین نوێخواز بین و شایانی ئەو نوێخوازیەشین.

«دلنیا بووم «شەمێ» لای وابوو حەڵالی
یانی ڕووتی
شەرعیش لای ئەو یانی پرسیار...» بە ژمارەی تەلەفونەکانی عالەم

نوێترخوازی بزاڤێکی بۆێرانەیە بۆ تێپەڕین لە قوناخی فەرهەنگی نەریتی بەرە و خەلقی کولتووری شارستانی و نوێترخوازان لەگەڵ ئەوەی‌دا کە ڕەخنەکاری کولتووری نەریتین بۆ سڕینەوەی هەرچەشنە خورافە، وەهم، بت‌سازی و ئایین‌گەل سەیر و سەمەر وناتەبا لەگەڵ زانست و ژیانی نوێ... لە هەمان حاڵدا پردێکی پێوەندیشن لە نێوان ئەو دوو کولتوورەدا... ئاخر کولتووریش وەک هەموو دیاردەیەکی ژیانی کۆمەڵایەتی مەنگ و ڕاوەستاو نیە و بەردەوام دەبێ لە ڕەوت و گەشە دابێ ... ئەگینا ... بەرەبەرە دەبێتە وردە فەرهەنگ و فەرهەنگی گەلانی دی دەیخۆن! من پێشتر لەسەرئەم بابەتەم نووسیوە و نامهەوێ درێژ دادڕی لە سەربکەم. دۆستان ئەتوانن فەرهەنگ زنجیرەی بێ کوتایی مەدلوول بخوێننەوە و بە چاوی ڕەخنەوە لێی بڕوانن!

ـ سپاس بۆ دانیشتنەکەت!

ـ هەر بژیت و سەرکەوتوو بیت!

# عینجە و فینجە و
# پێوەرەکانی پۆستمۆدێرنیزم

ئەحمەد چاک، بۆکان

## ١

حەمەسالەی سووزەنی لە شاری سەقز لە دایک بووە ماوەیەکی زۆرە خەریکی کاری ئەدەبییە و لەم ماوەیەدا وەکوو شاعیر حەوت دیوانە شێعری لە ژێر ناوەکانی سەمفۆنیا، دیاری، هەزار دیوانی کەڵەگەت لە پرسەدا، درۆ موقەددەسەکان، شێعرەسات، بە ژمارە تەلەفونەکانی عالەم و وەهمەکانی ئەشق لە دونیای مەجازیدا بڵاو کردۆتەوە. هەڵبەت زۆربەی ئەم شێعرانە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا پێشتر لە چاپ دراون. ساڵی ١٣٨٩ بۆ یەکەم جار شەش کۆمەڵە شێعری لە وێبلاگی یۆنس ڕەزاییدا بڵاو کردەوە کە هەر ئەو کات مشت و مڕێکی زۆری نایەوە. ناوی ئەم شەش شێعرە بە عینجە و فینجەوە چ شار بوون.

دەبێ بڵێم کەسێک کە توانیبێتی بە شێعرەکەیەوە وەها ئاژاوەیەک بنێتەوە دەبێ تێکست و دەقەکەی خاوەنی هێندێک تایبەتمەدی بێ کە ڕای جیاوازی خوێنەرانی لێدەکەوێتەوە و هەروەها کەسایەتی ئەم کەسە دەبێ کەسێکی ناسراو بێ و خوێنەران حیسابێکی تایبەتی لەسەر بکەنەوە. بە هۆی ئەم هەموو شەڕ و کێشەیە پێشبینی دەکرا کە نووسراوەیەکی زۆری لەسەر بنووسرێ بەڵام بە داخەوە هیچ نووسراوەیەکی ئەوتۆمان نەدی کە بتوانێ لایەنەکانی شێعری ئەم شاعیرە بە گشتی و شەشانەی عینجە و فینجەمان بە تایبەتی بۆ ڕوون کاتەوە. ڕەنگە هۆیەکەشی ئەوە بێ کە ئەم شێعرانە لە بواری پێکهاتەوە هێندێک نامۆن و خوێنەر درنگ خووی پێ دەگرێ. هەر بۆیە من پێم وایە دەرفەتێکی زۆری پێدەوێ هەتا هێندێک لایەنی تیۆریکیی ئەم شێعرانە بناسرێن و پراکتیزە بکرێنەوە.

لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین هێندێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم شێعرانە لەگەڵ پێوەرەکانی پۆست مودێرنیسم بەرابەر بگرین. هەڵبەت من نامهەوێ ئەم شێعرانە لە جەغزێکی تەنگەبەردا گرفتار بکەم. تەنیا مەبەستی من ئەوەیە کە شێوازناسی بکەم و شێوازناسیش ڕێچکەیەکی باشە پێناسە و ناسین.

## ٢

هەر بۆیە خوێندنەوە و شیکردنەوەی ئەم شێعرانە هەڵ دەگرین بۆ دەرفەتێکی دیکە. سەرەتا هێندێک باسی ئەم قوتابخانەیە (پۆست مودێرنیزم ) دەکەین و تایبەتمەندییەکانی لە ڕوانگەی چەن کەسی جیاوازەوە دەخەینە ڕوو.

زاراوەی پۆست مودێرنیزم ئاماژە بۆ دەورەیەک لە مێژوویی ئەدەبی ڕۆژئاوا دەکا کە لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانییەوە دەستی پێکرد و زۆربەی بنەڕەتەکانی مودێرنیسمی پێش خۆی خستە ژێر پرسیارەوە.

مودێرنیستەکان بە شێوەیەکی تراژیک قارەمانخواز مانەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە پۆستمودێرنیستەکان باس لە پووان و ماندوویی دەکەن و ناوەرۆکی پووچی و بێهیوایی ئاوقای خوێنەران دەکەن. (ئیهاب حەسەن) لە ئەو پەڕی ڕەخنەکان (para–criticisms)دا ڕەشنووسێکی سەرنجڕاکێش لە ژێرنووسەکانی(دەکرێ بڵێم ڕەخنەکانی) پۆستمودێرنیسم لە سەر مودێرنیسم ئاراستە دەکات؛ ئەم ڕەشنووسە خاڵەکانی خوارەوە لە خۆی دەگرێ: دژی هەڵکەوتە خوازی، دژی پاوانخوازی، پرژی و بڵاوی خود، بەشداری بە کۆمەڵ، ئیختیاری و پەشێوخوازی هوونەر، قبووڵ کردن و لە هەمان کاتیشدا ڕادیکاڵ بوونەوەی تەنز، لێکدانەوەی خۆبڕی شانۆ، بێتەکووزی و بێمانایی. هەروەها لەبەرامبەر ئەزموونخوازیی مودێرنیستەکاندا، پۆستمودێرنیستەکان خەریکی بەرهەم هێنانی پێکهاتەی کراوە، نابەردەوام، خۆوێژ، نایەکجاری و بەهەڵکەوتن.

ئەگەر بمانهەوێ هەمووی ئەوانە لە بیرۆکەیەکی سەرەکیدا گردوکۆ کەینەوە ئەم بیرۆکەیە دەتوانێ نەبوونی «ناوەند» بێ. بە گشتی بڕوا لەسەر ئەوەیە کە ئەزموونی پۆستمودێرن، لە جۆرێک هەستی قووڵی نەبوونی یەکجارەکی هەبوون ناسانەوە سەرچاوەی گرتووە. سڵەمینەوەی مرۆڤ لە بەرامبەر ڕووداوی ناجۆردا، پیسی کەشوهەوا، ڕەشکوژیی، مردنی سووژە، ئاکامی لە دەس چوونی

سەرچاوەکان و ڕوانگەی هەڵسەنگاندن کە بۆ کەسایەتی ئاشنا و خوو پێگرتوو بوون؛ پۆست مودێرنیزمەکانی گەیاندە ئەو ئاکامە کە ئیتر نە جیهان، یەکێتی و یەکانگیری و واتایەکی هەیە و نە خود، هەموو شتێک بە تووندی ناوەندسڕینەوەیی لێکراوە. ناوەند سڕینەوە لە زمان، ڕێژەیەکی زۆری ئەدەبیاتی داستانی ڕابواردنیی و خۆدەرخەر و خۆڕەفز کەرەوەی بەدیهێناوە.

لە ڕوانگەی «ئێکۆ»وە پۆستمودێرنیسم بە تایبەتمەندی نێوان دەقی و ئاگایانە و بە پەیوەست بوونی لەگەڵ ڕابردوودا دیاری دەکرێ. پۆستمودێرنیسم لە هەر ساتێکی مێژوویدا کە بیهەوێ، دەتوانی بە ئامێری تەنزەوە بچێتە دەستوموشتاغی ڕابردوو.

ڕێک بە هەمان شێوە کە پێکهاتەشکێنەکان جوداوازییەکانی نێوان پلەوپایەی نەریتیی وتە (ڕەخنە، ئەدەبیات، فەلسەفە و سیاسەت) ڕەد دەکەنەوە و سنوورێکی بێبیچم یان دەقێکی گشتی (General text) بەرهەم دێنن. نووسەرانی پۆست مودێرنیش بەئاوێتە کردنی ڕووخسارەکان و لێکدانی سنوورەجیاوازەکان، هەموو سنوورەکانی گونجاوی وتە تێکەوە دەپێچن.

پۆستمودێرنیتە بە تایبەتمەندیگەلی وەکوو لە ناو چوونی واتا، سستی و ماندوویی و کۆتایی مێژوو یان زەینییەت پێناسە دەکرێ. لە دەورانی «نواندنەوە»(simulation)دا ڕاستەقینە بۆ هەمیشە کۆچی کردووە و تەنیا تاپۆیەکی لێ بە جێ ماوە. لە ڕوانگەی بودریارەوە ئیتر بە هیچ شێوەیەک دونیایەکی دەرەوەیی «ڕاستەقینە« بوونی نییە کە بتوانین نیشانەکانی بۆ بگێڕینەوە. جۆرێک ڕمانی ناوەکی ڕاستەقینە و خەیاڵ ڕووی داوە. لە سەردەمی ئێستادا « فاکت» بە پێی ئەو ڕاگەیەنەرەی کە ڕایدەگوێزێ پێناسە ناکرێ. ئەمە تەکنۆلۆژیای پێوەندی و وێنەئافرێنی پۆست مودێرنیتە ـ تەلیزۆنە کە وێنەخوازی خۆزایە و بێناوەڕۆک دەزێتەوە. کەوابوو فاکت یان دیاردەی ڕاستەقینە بە تەواوی لە کیس چووە.

پۆستمودێرنیستەکان پێیان وایە کە نابێ تەنیا خۆمان لە چوارچێوە و دەرفەتەکانی مودێرنیسمدا بەرتەسک کەینەوە؛ بەڵکوو دەتوانین لە دۆخەکانی پێشووتریش کەڵک وەرگرین، بە بڕوای ئەوان مودێرنیستەکان لە ڕابردوو دابڕاون و ئەمەش زیانبارە. دەتوانین لە دەرفەتەکانی ڕابردوو وەکوو کەرەستەی خاو کەڵک وەرگرین. لە ڕابردۆوە دەتوانین بۆ ئەمڕۆ دیاری بێنین. کەوابوو پۆستمودێرنیسم دوو ڕەهەندی (Duble coded)یە و تەنانەت چەند ڕەهەندی(multiple coded)یشە.

لە ڕوانگەی لیوتارەوە لەم جۆرە هونەرەدا دەبێ بڕوامان بە نەبوونی واتا هەبێ و ئەوڕۆکە ئیتر کۆتایی گێڕانەوە گەورەکانە. شێوەی پۆستمودێرن بە بێ ڕیسا و یاسای لە پێش دابین کراوەوە دەڕواتە پێشێ و ئەم یاسایانە زیاتر لەوەی گریمانە کراو بن دەدۆزرێنەوە. دەبێ بڵێین ئەم هونەرە بەهەڵکەوت و لە ناکاو وەدی دێ.

هەتا ئێرە هەوڵمان دا هێندێک ئەم قوتابخانەیە بناسێنم. کەسانێکی زۆر تایبەتمەندی پۆست مودێرنیزمیان پۆلێن بەندی کردووە بۆ نموونە دەتوانین کەسانێکی وەکو ئیهاب حەسەن و دیوید لاج و مادان ساراپ و فرێدریک جیمسۆن و... ناو بەرین. بەڵام ئێمە سێ پێوەری پۆست مودێرن ناو دەبەین و هەوڵ دەدەین عینجە و فینجە لەبەر تیشکی ئەم پێوەرانەدا بخوێنینەوە.

### ٣

١. **نەبوونی یەکجارەکی**(indeterminary): پۆستمودێرنیسم پێی وایە هەموو شتێک نیسبییە و هیچ یەکجاری بوونێک لە گۆڕێدا نییە. ڕاستەقینە پێوەندی بە زەمان و شوێن و بنەماوە هەیە. کەوابوو بگۆڕە. ئیهاب حەسەن پێی وایە کە بە تایبەت واتا لە دەقدا یەکجارەکی نییە. چوونکوو دەق ناگەڕێتەوە بۆ جیهانی دەرەوە بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ خۆی. ئەم بۆچوونە بە ئاشکرا لە دژی تیۆرییەکەی ئیفلاتوون و ئەرەستوو دەوەستێتەوە و بە تەواوی لە دژی موحاکاتەکەی ئەوان کار دەکات. ئەو موحاکاتەی کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە جیهانی دەرەوە لە ناو دەقێکی ئەدەبی یان بەرهەمێکی هونەریدا سەر لە نوێ بنیات دەنێتەوە. ئەم تایبەتمەندییە دەتوانێ وەکوو سەرەکیترین تایبەتمەندی دەقی پۆست مودێرن بێتە کایەوە

تیۆری دەلالەتی سووسوور توانی یارمەتی ئەم نەبوونی قەتعییەتە بدات و نووسەرانی پۆستمودێرنیزم کەڵکی زۆریان لێ وەرگرت. سووسوور باسی ئەوەی کرد کە بۆ توێژینەوەی زمان( لێرەدا دەقێک) دەبێ خۆمان لە ڕەهەندی مێژووی بپارێزین و ڕوو لە ڕەهەندی هاوکاتی بکەین. ئەم ڕچەیەی سووسوور بووە هۆی ئەوە کە ئێمە وەشوێن ناوەڕۆکی بەرهەم نەکەوین و لە ئاستی ڕووکەشییانەی دەقەکەدا بمێنینەوە. هەر وەکوو دەشزانین کاتێک خۆمان زۆر بە ئاستەوە خەریک دەکەین ناوەڕۆک تێدا دەچێ و ئەو جار مانا دەشاردرێتەوە یان لە ناو دەچێ و ئەمەش لە قۆناخی دواییدا نەبوونی یەکجارەکی واتای بە دواوەیە.

به فینجه نا گر
یان دەبردە تارانێ ێ هاوار تارانێیان شار و
دەکوژران گیانە چ کوژرانێ
به سەری هەمووتان دەچووینەوە پاڵ شاخێ مان دەشکاند
و بە شاخەکەی دیکەی چ شەڕە شاخێ گوڵە تارانێ
شەم نەدەما و دەبووینە مەم و دەلەرزاین وەک سەگ لێمان
دەدان و دانیان لەبیر دەکردەوە بە دووکەڵی کاکێشانێ
من سەرم بەقاڵەوە شێعر بوو و ..
– تۆ دەترسای وەک شێر و شیری چی بە مەمتەوە دەڕژا.
– من قاڵ بووم بە سەرمەوە شێعر و بە شێعرەساتەوە دەتر
سام یان زاڵ و ڕۆستەمی چی فەحە!

هەر وەکوو دەبینین دووپاتکردنەوەی وشەیەک و چەند پیتێک و بانگهێشتی هێندێک پیت و واژە زیاتر لە لایەنی ئاستەوە سرنج ڕاکێشە هەتا ناوەڕۆک. لە زۆری جێگای عینجە و فینجەدا سەرەتیی دانی ئاست بەسەر ناوەڕۆکدا دەبیندرێ و ئەمە هەم پێمان دەڵێ مانا یەکجارەکی نییە و هەمیش یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی پۆستمودێرن بوونی ئەم دەقەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. پێمان دەڵێ کە مانا لەم دەقەدا دیاردەیەکی سڕک و سڵە و زۆر درەنگ دەستەمۆ دەبێ.

بنەڕەتێکی دیکەی سووسوور ئەوە بوو کە لە نێوان دال و مەدلوول یان ئەو شتەی کە دال ئاماژەی پێدەکا و خودی شتەکەدا هیچ پێوەندییەکی سرووشتی لە ئارادا نییە. ئەم پێوەندییە پێوەندییەکی خۆویستە. تەنانەت قوتابخانەی

پێکهاتەخوازییش کە بانگەشەی سازدانی جیهانێکی نیزاممەندی هەیە زۆر لەگەڵ ئەم ڕایە کۆک نییە و پێی وایە کە زمان هیچ کات ناتوانێ زایەڵەی ڕوون و ڕاستەقینەی جیهانی دەرەوە بێ. ئەم بنەڕەتەش یارمەتی پۆست مودێرنیزمەکانی دا هەتا پێوەندی جیهانی دەق و جیهانی دەرەوە بە هێند نەگرن و هەر وەکوو باسمان کرد موحاکات ڕەد بکەنەوە. بۆ نموونە با بڕوانینە ئەم کۆپلەیەی خوارەوە:

بەردە «وامم» و بۆم نادرێتەوە گوڵێ قەرزار

بەردەوان و بەردانە بە شیر و شوور و شەڕئاو تا شەراب و یاقووتی نازانم ... دیوار

چ دیوار؟ هەرچی شێحرە بە باڵاتا توایەوە و دووقۆرت و نیویشت

قۆرت یانی قەوارە و شتی وا نا نا!!!

دوونیوەکانیشت خۆشترن لە تەڕ و «شوور» و جووڵانەوەی بە هات و چوو ناڵێم

هەر وەکوو دەبینین ئەم دەقە زۆر ئەستەمە ئاماژە بۆ جیهانی دەرەوە بکات و لە ڕاستییەکانی جیهانی دەرەوە بدوێ. (وتەکانی بودریار کە بە تەواوی دژ بە وتەکانی ئیفلاتوون دەوەستێ دەتوانێ ئەم ڕاستییە بۆ ئێمە ڕوون کاتەوە.) دەبینین کە هیچ جۆرە قەتعییەتێک کە بەرهەمی هەبوونی واتا یان پێکهاتەیەکی تایبەت بێ لە گۆڕێدا نییە. ڕستەکان و وشەکان بە ئانقەست پچڕپچڕ کراون و هیچ گوزارەیەکی تەواو کە لە زمانی ڕۆژانەدا کەڵکی لێوەربگیرێ لەم دەقەدا نادۆزرێتەوە و ئەگەر بدۆزرێتەوە لەگەڵ چوارچێوە و پێکهاتەی زمانی ڕۆژانەدا یەکتر ناگرنەوە. هەمووی ئەمانە بە جۆرێک مەبەستی ئەوەیە پێمان بڵێ کە لەم دەقەدا هیچ جۆرە یەکجارەکی بوونێک لە گۆڕێدا نییە. مانای ڕووکەشیانە کاتێک بەدی دێ کە پێوەندی دال و مەدلوول پێوەندییەکی پتەو و قایم بێ. تەنانەت دەبینین ڕستەکانیش لە بواری ڕێزمانییەوە کێشەیان بۆ پێش هاتووە. ئەم جۆرە شێعرە دەتوانێ دژکردەوەیەک بێ لە دژی واتاداری یەک بە یەکی شێعری کلاسیکی کوردی بەم شێوەیە کە لە بەرامبەر هەر دالێکدا مەدلوولێکی چەسپاو هەبوو و ئەگەر زۆر هەوڵی بۆ درابا دوو یان سێ مەدلوول هەبوو بەڵام لێرەدا نەک هەر دال ئاڕاستەیەکی ڕاستەوخۆی نییە بەڵکوو شێواویی زمانیش دیاردەی نەبوونی یەکجارەکی پشت ڕاست دەکاتەوە. لێرەدایە کە دەبێ دیسان وتەکەی ئیهاب حەسەن وەبیر بێنینەوە کە دەیگووت قەتعی نەبوونی واتا بەرهەمی ئەوەیە کە دەق ناگەڕێتەوە بۆ جیهانی دەرەوە بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ خۆی.

رووم نیە ڕۆم شارێک گەورەبوو سێزاریش یانی عنتەر و مەنتەر بی بە تەنیا یانی هیچ

کەوابوو ئەگەر وشە وەکوو بەشێک لە زمان لەبەر چاو بگرین گرفتێکی ئەوتۆمان بۆ نایەتە پێشێ، بەڵام گرفت کاتێک دێتە پێشە کە ئەم زمانە ئینتیزاعییەی سووسوور پراکتیک بکرێتەوە و لە بەرامبەری دەقێکی ئاوادا جێگیر بین، تەنیا چارەمان ئەوەیە کە بە شێوەیەکی کاتی ناوەرۆک لە بیر بەرینەوە و ڕوو لە ڕووکەش و ڕواڵەتی دەقەکە بکەین.

لەم کۆپلە شێعرەی سەرەوەدا ناچارین وای دانێین کە وشەکانی «ڕوو»، «ڕۆم» و «سێزار» پێوەندییان پێکەوە هەیە (بە پێچەوانەی جیهانی ڕاستەقینە) و لە ڕێگەی تەداعییەوە وەشوێن مانا ڕێتێچووەکانی ئەم دەقە بکەوین.

هەر وەکوو لەم شەش شێعرەی عینجە و فینجەشدا دەبینین، شێعرەکە نایهەوێ خۆی بە ناوەرۆکەوە خەریک کات بەڵکوو پێوەیە هەتا لە ئاستی ڕواڵەتدا بمێنێتەوە و خولقاندنی ناوەرۆک بۆ خوێنەر بە جێ بێڵێ.

به دەنگەوە دەڕۆم و شار ئەمخوا..
به شارەوە دەچم و هیچ ئەمبا.. بەسم
بەس سین نا شین وە شین بەسەوز ئەڵێن!! ها ها
لە مەڕ بەر و دەست ودەسەڵات ئەتخۆن
سەبارەت و مەڕ کوجا بە چی گەنە!

هەروەکوو دەبینین زۆربەی ئەم کۆپلەیە لە ئاستی گەمەی زمانیدا ماوەتەوە و هیچ ئاڕاستەگرتنێکی تایبەت بۆ ناوەرۆک و بەدەستەوە دانی ئیدە و واتایەکی تایبەت بەدی ناکرێ شێعرەکە بە گەمەی زمانی و بیرکێشەکی(تداعی) دەڕواتە پێش و لە پاشان هەرێمێکی هەراو بۆ جووڵەی خوێنەری کارا دابین دەکات.

هۆکارێکی دیکە کە بۆتە هۆی ئەوی یەکجارەکی واتا نەبینین، دەگەڕێتەوە بۆ گەمەی زمانی و یاساکانی گەمەی زمانی. هەروەکوو دەزانین، لە ڕوانگەی پێکهاتەخوازەکانەوە، زمان خاوەنی نیزامێکە لە یاساکانی داڕشتن و تێکەڵ کردنی پیت و ڕستە. ئەم یاسایانە دەرفەتی بەرهەمهێنانی ڕێژەیەکی زۆری وشە لە چوارچێوەی پیتەکانی ئەلف و بێدا دابین دەکەن. هەموو زمانێک سەبارەت بەوەی کە پیتەکان چۆن دەتوانن لە تەنیشت یەکتری هاونشین بکرێن هەتا وشەی واتادار بەرهەم بێنن یاسای تایبەتی خۆی بەرهەم هێناوە. ناتوانین هەموو کایەیەک بە وشەکان بکەین دواییش چاوەڕوانی ئەوەمان بێ کە دەقەکەمان واتادار بمێنێتەوە.

لێرە دایە کە شاعیرانی ئاوانگارد یاسای ئەم کایەیە تێک دەشکێنن و دەتوانن وشەی تازە بەرهەم بێنن و لە ئاستی ڕێزمانیشدا تازەگەری وەڕێ خەن و هەموو جۆرە کایەیەک بە وشەکان و پیتەکان بکەن و دەق لە دەس یەکجارەکی بوونی واتا ڕزگار بکەن.

چ دیوار؟ هەرچی شێحرە بە باڵاتا توایەوە

لەم ڕستەیەدا وشەی شێحر دەبینین کە وشەیەکی داتاشراوی شاعیرە و دەتوانێ خاوەنی واتاش بێ. دەتوانێ بە واتای شێعری خراپ بێ یان واتای دیکەش لە خۆوە بگرێ.یان:

زاوەتە چاوم و بە عینجەو فینجەوە سار ئەڵێتەوە بە خومار نەک وەک پیر

وشەی ساریش دەتوانێ لە وەها کایەکی زمانیدا جێگیر بێ. سووسوور پێی وایە کە واتای نیشانە لە شتێکەوە سەرچاوە دەگرێ کە پێکهاتەی زمان ڕەزامەندی لەسەری هەیە، لەم ڕوانگەیەدا نیشانەکان تەنیا لە پێوەندی لەگەڵ زمان، بە شێوەی گشتێک گرینگایەتییان هەیە. کەوایە سووسوور گرینگی ناداتە نیشانەی تاک. ئەو تەنیا پێوەندی نێوان نیشانەکان لە چوارچێوەی نیزامێکی سەربەخۆ و بەرهەمهاتوو لە جیاوازییەکان بە شیاوی سرنج دەزانێ. واتای نیشانە هیچ کات مڵکی نیشانە نییە بەڵکوو بەرهەمی جیاوازیی لەگەڵ نیشانەکانی دیکەیە. و ئەم واتایەش لە نیزامدا ڕوو دەدا کە وایە بۆ وەرگرتنی هەر واتایەک دەبێ خوێنەر

واتای وشەکە بە پێی دوو تەوەرەی هاونشینی و جێنشینی ڕاڤە بکات و ئاستی نیزامدا چالاکی بنوێنێ.

بەم پێیە سـەگ بۆیە سەگە چوون شێر نییە، دار بۆیە دارە چوون بەر نییە و... بە پێی ئەم ڕیسایە دەتوانین بڵێین سار بۆیە سـارە چوون شار نییە و شێحر بۆیە شێحرە چوون شێعر نییە و فینجەش بۆیە فینجەیە چوون عینجە نییە ... و شـاعیر دەتوانێ ئەمە بکاتە کایەیەک و لە بەرهەمەکەیدا بە کاری بێنێ.

لەشار و سـار ترازاوترینی شیرباو نا شۆرباو بە سپی و ئاو و ئاوەڵا و ئەولاتریش

سرنج بدەنە وشـەکانی (شار و سار)، (شیبا و شۆربا) و (ئاو و ئـاوەڵا و ئەولاتر) کە شـاعیر توانیویەتی بـە گۆڕینی پیتێک یان چەند پیـت گەمەیەکی زمانی بۆ خۆی بەرهەم بێنێ. وەک دەزانین ئـەم گەمە زمانییەش دەبێتە هۆی سـەرەتیی دانی ئاست بە سەر ناوەرۆکدا و دواتر نەبوونی یەکجارەکی بوونی واتا.

ژاک دریـدا لـە کتێبێکی خۆیدا بە نـاوی «پەراوێزەکانی فەلسـەفە»، سـەرگەرمی گەمەیەکـی بێکۆتایی لەگەڵ وشـەکان دەبـێ و چێژێکی زۆری لێوەردەگـرێ. جیاوازی (تفاوط بە مانا دریداییەکەی) وشـەیەک نییە کـە بتوانین بە سـاکاری پێناسـەی بکەیـن: دریدا دەڵێ«جیـاوازی نییە، بوونـی نییـە« و «نە وشـەیەکە و نە چەمکێـک». بەڵام مەبەسـتی دریدا چەمکی نیشانەناسـی زمانـە وەکوو نیزامێک لە جیاوازییەکان. ئەم ئیدەیە لە ڕوانگەی دریدادا بەم شێوەیەیە کە دەتوانین شـوێن پێی نیشـانەکان لە هەناوی یەکتریـدا ببینینەوە. کەوابوو نیشـانەکان واتایەکـی سـەرەکی و پاڵێوراویان نییە. کاتێک دەچینە سەر وشـەیەک لە قامووسـێکدا، زۆربەی جاران پێویسـتی ئەوەش پەیدا دەبێ کە بە شـوێن چەند وشەی دیکەشدا بگەڕێین. لە ڕاستیدا بەردەوام نیشانەی زیاتر لەبەر دەستی ئێمەدا دادەنـدرێ هەر بۆیە واتا بۆ ماوەیەکی نادیار دەکەوێتە دواوە کە دریدا پێی دەڵێ «سـووڕانەوە، دواکەوتن و ڕاگواستن». لە هەمان کاتیشدا، هەموو نیشانەیەک تەنیا بە هۆکاری جیاوازییەوە واتای خۆی بەدست دێنێ. کەوابوو جیاواز بوون هەم حاڵەتی ناکردەیی جیاواز بوونـە و هەمیش کردەی جیاواز بوونی (جیاوازی دانانە) و ئامانجەکەشـی نیشان دانی بێقەراری زمان و بێ متمانەبوونی واتایە.

جا سرنج بدەنە ئەم ڕستەیەش:

نا ئەمە شێعرە هەر مەڕم کردە بەکەر ببوورە کەوم دێ..

یان

شێعنێکم نووسیوە بە سین و دوو شین و هەرمێیەک عەین

**لە ژێر ڕواڵەتی دەقدا بەردەوام پشێوییەک لەگۆڕێ دایە.**
**ئەگەر ئیزن بە دەق بدەین، زۆر بە ساکاری دەتوانێ ببێتە قەیران؛ چونکوو دەق لە توخم و پاژی ناهاوجۆر و ناسازگار و بۆشایی و دژایەتی و بێ تەکووزی پێک هاتووە**

بە ڕێ

(تێبینی: یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی پۆسـت مودێرنیسم ئەوەیە کە نووسـەر باس لە بەرهەمەکەی خۆی بکا کە شـاعیر لێرەدا وا دەکات) شـاعیر بە سـێ وشـەی (مەڕ و کەر و کەو) گەمەی زمانی ڕێک دەخا و لە قامووسـی زەینی خۆیدا سەرەتا وشـەی «مەڕ» وێنا دەکا و دواتر پیتی «م» دەکا بە «ک» و دواتر پیتـی «ر»ش دەکا بـە «واو». خوێنەریـش دەتوانێ ئەم گەمەیە درێژە پێبدا و لە سەرخۆشییەکی دریداییدا نوقم بێ.

بێ یاسـایی: ژان فرانسـوا لیوتار (هەر وەکوو پێشـتریش باسـی لێکرا) دەڵێ هونەرمەند و نووسـەری پۆست مودێرن لە سـەر تەختی فەیلەسووفێکدا دانیشـتووە دەقێک کە دینووسێ، بەرهەمێـک کە بەدی دێنێ، لە بنەڕەتدا لە ژێر ڕکێفی یاسـای بەرایی و دیاریکـراو دا نین. ناتوانین ئەوان بـە پێی یاسـایەکی دیاریکەر یـان چەمکێکـی ناسـراو داوەری بکەیـن. بەرهەم لە هەنـاوی خۆیدا هەڵدەستێتە دۆزینەوەی ئەم یاسایانە. بەمشێوەیە هونەرمەند و نووسەر بە بێ یاسـا خەریکی داهێنانن. ئەگەر ئەم پێناسەیە بۆ نووسەری پۆستمودێرن بـە کار بێنین؛ دەبینیـن کە ئەم بێ یاسـاییە دەگاتە ئـەو جێگایەی کە دەق زۆر خـزۆک بکرێتەوە و نەبوونی یەکجارەکی بگاتە ئەوپەڕی خۆی.

مانای گـەورە لەگۆڕێـدا نییە: با باسـێکی دیکەش لێـرەدا بێنینە گـۆڕێ ئەویـش دەگەڕێتـەوە بـۆ ڕەخنەیەکی پۆسـتمودێرن لەسـەر ئیـدەی هزرخـوازی واتـا قـووڵ و گـەورەکان. دیک مێبدیـج دەڵێ:«لە ڕاسیدا، سەیران و سەیاحەت لە دەقدا وەکوو شـێوازێکی پاشپێکهاتەخوازانە پێناسـە کراوە بـۆ تێپەڕین لەو کۆت و زنجیرە ویشک و پیرۆزانەی کردەی ڕەخنەگرانە بۆ دۆزینەوە و یەخسـیر کردنی مەدلوولی ئیدیۆلۆژیک. خوێنەر دەتوانێ لە سـەیران و سـیاحەتەکەیدا چێژ لە دەق وەرگرێ بە بێ ئەوەی مەجبووری بێ زەماوەندی لەگەڵ بکات یان ماڵەکەی بە کرێ بداتێ.»

لە ژێـر ڕواڵەتی دەقدا بەردەوام پشـێوییەک لەگۆڕێ دایە. ئەگەر ئیـزن بە دەق بدەیـن، زۆر بە سـاکاری دەتوانێ ببێتە قەیـران؛ چونکوو دەق لـە توخم و پاژی ناهاوجۆر و ناسـازگار و بۆشـایی و دژایەتی و بـێ تەکووزی پێک هاتووە. ماشـوورە بـە شـوێن قەیرانێکەوەیە کە لە ژێـرەوەی خەیاڵی یەکانگیری دەقدا خۆی حەشـار داوە و دەڵێ:«تەکووزی شـاراوەی دەق بە نیسـبەت بێ تەکووزی دیاریکراو و ڕاستەقینە گرینگایەتییەکی کەمتری هەیە«. ماشـوورە بەردەوام لە بۆسەی دۆزینەوەی ساتی بـە دەگمەنی سـەرکووت کـردن و جوداوازی لـە دەق دایە (

دەقێک کە پێوەیە جیهان بینییەکی یەکانگیر ئاراستە بکات.) و دەڵێ ڕاستی ئەوەیە کە هەموو دەقەکان لە ڕێژەیەکی زۆر لە ئیدەکان بەرهەم هاتوون. ئەم ئیدانە بۆیان هەیە لەگەڵ یەکتری لە دژایەتیدا بن و پەیامی ئاشکرا و ڕوونی دەق لێڵ کەن یان بیخەنە ژێر پرسیارەوە.

دەق نەک هەر دەیهەوێ درزەکان و دژایەتییەکانی هەناوی خۆی داپۆشێ بەڵکوو لەو واتایانەی کە دەیانسڕێتەوە یان سەرکوتیان دەکات بەرهەم دێتەوە؛ بە وتەیەکی دیکە ئەو شتانەی کە دەق بە هی خۆی نازانێ و وەلایان دەنێ بێ واتایی دەق دیاری دەکەن. پاش پێکهاتەخوازەکان هەمیشەش ناڵێن کە هەموو شتێک بێ واتایە بەڵکوو دەڵێن کە هیچ کات واتا یەکجاری نییە.

لەم چەند دەقەدا ڕەنگە ئەوەی زۆر لە چاو بدات نەبوونی مانایەکی پیرۆز و سەرەکی بێ. بۆ نموونە لە دەقی کلاسیکدا چەمکی یار و ئەوین چەمکێکی گەورە و چەسپاون بەڵام لە دەقی عینجە و فینجەدا زۆر کەمتر لەگەڵ چەمکی قەبە و گەورەی ئاوا بەرە و ڕوو دەبینەوە ئەگەریش ڕووبەڕووبینەوە زیاتر لایەنی ڕەخنەیی و نەرێنییان هەیە.

٢. **تەنز:** یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەدەبی پۆست مۆیرن لەوەدایە کە هەر وەکوو ڕامان سێڵدێن باسی دەکات تەنز لەودا زۆر ڕادیکاڵە. ڕامان سێڵدێن پێی وایە کە ئەگەر هەموو تایبەتمەندییەکانی پۆست مودێرنیتە کۆجێ بکەینەوە دەتوانێ لە بیری نەبوونی ناوەندا کوورت بکرێتەوە. جا بۆیە تێزی ئەم شێوازە دەتوانێ بە شێوەیەکی بنچینەیی و ڕادیکاڵ هەموو بنەما چەسپاوەکانی فەرهەنگ و کۆمەڵگا و نەریت بکاتە گاڵتەجاڕی خۆی. سێڵدێن لە جێگایەکی دیکا باس لەوە دەکات کە ناوەند سڕینەوە بووتە هۆی ئەوە کە ڕێژەیەکی زۆر ئەدەبی چیرۆکی شاد و خۆ نوێن و خۆ ڕەفز کەرەوە پێک بێت. ئەم تەنزە تەنیا بۆ ڕابواردن نییە بەڵکوو هەروەکو هۆچێئون باسی دەکات کەڵک وەرگرتنی ئەم قوتابخانەیە لە تەنز، ئاماژە بۆ مەودایەکی ڕەخنەیی دەکات لە هەناوی دونیای نواندنەوەکاندا خۆی بە ئاراستەکردنی پرسیار سەبارەت بە ڕاستەقینە و بینای ئیدیۆلۆژیک و پەیڤی ڕابردووە خەریک دەکات.

جیهانتان (..) و چی ماوە بیدەن قوون نەبێ (بە ق)
عالەمتان شا و چی دەکرێ ناکرێ و هەر گا ئەبێ(مەشکە)
مار و شار و دار و تەتاف ف ف ف ف ف و قانع هەمووی گوتوە بۆم نایێن
شار و ش--- ار و سار و ساراماگۆی کوێری

> **ڕامان سێڵدێن پێی وایە کە ئەگەر هەموو تایبەتمەندییەکانی پۆست مودێرنیتە کۆجێ بکەینەوە دەتوانێ لە بیری نەبوونی ناوەندا کوورت بکرێتەوە. جا بۆیە تێزی ئەم شێوازە دەتوانێ بە شێوەیەکی بنچینەیی و ڕادیکاڵ هەموو بنەما چەسپاوەکانی فەرهەنگ و کۆمەڵگا و نەریت بکاتە گاڵتەجاڕی خۆی**

– ئەمە ئەقڵەو فڕی بە شێعرەوە نەماوە بیبەستە!
یان
سەر بە تەم و مەم بەدەم و گا بەتوون تەڕ بە کەم و دەم بە شەم و کا بە قوون

لێرەدا ئێمە لەگەڵ پێکهاتەیەکی شێعری کلاسیک بەرەوڕووین بەڵام ئەم ڕووبەڕوو بوونەوەیە بە ئامرازی تەنزەوە ئەنجام دراوە. هەر وەکوو دەزانین شێعری کلاسیک بە هۆی تایبەتمەندی خۆیەوە باس لە جیهانێکی بە سامان و ڕێک و پێک دەکا و خاوەن تەکووز و بنەمایەکی شیاوە بەڵام لێرەدا شاعیر ئەم تایبەتمەندییانە دەکات گاڵتەجار. هەروەها لە کۆپلەکەی سەرەوەشدا دەبینین کە بە شێوەیەکی تەنز ئامێز باس لە قانع و ساراماگۆ کراوە.

ئێمبێرتۆ ئێکۆ دەڵێ پۆست مودێرن لە هەر ساتێکی مێژوویيدا کە پێی خۆش بێ بە تەنزەوە دەچێتە دەست و موشتاغی ڕابردوو.

### لە ئەدەبی فولکلۆر:

شەم نەدەما و دەبووینە مەم و دەلەرزاین وەک سەگ لێمان دەدان و دانیان لەبیر دەکردەوە بە دووکەڵی کاکێشانێ

هەر وەکوو دەبینین ئەم کۆپلەیە ئاماژە بۆ بەیتی (مەم و زین) و (شەم و وەلی دێوانە) دەکات، بەڵام نەک لە چەشنی ئەو ئاماژانەی کە تا ئێستا بۆ ئەم بەیتانە لە ئەدەبی کوردیدا کراوە. ــ بۆ وێنە لە ناڵەی جودایی مامۆستا هێمندا ــ ئەم ئاماژەیە ئاماژەیەکی ڕادیکاڵە و دەتوانێ پیرۆزی و گەورەیی ئەم بەیتانەش بخاتە ژێر پرسیارەوە. لە لایەک دوو بەیتی کوردی تێکەڵ کردووە و لە لایەکی دیکەشەوە هەوڵ دەدا خوێندنەوەی جیاوازی بۆیان هەبێ.

یان ئاماژە بۆ شێعری شاعیرێکی دیکە:

«ری را»هات و هەمووماني ...
هەروەکوو دەزانین «ریرا» شێعرێکی نیما یوشیجە. تەنانەت شاعیر ئاماژە بە شێعرەکانی خۆشی دەکات.
گرمان دەنارد بۆ شار بە باڵی پەپوولەوە
«ئاگر هانێ باڵەکانم پێی هەڵفڕە...» شێعر بەوەرەقی پێشوو..
ئەمە منم و چۆن بڵێم ئیتر فەحە
«کام ڕاستیمان نەدەنایە چاڵی مستتان ...
یان
شارە شارە شار ئەکەم
دایکەکەم!
«ئاسۆ»ی ... ئەیگوت وابێژە..

«ئاگر هانیٚ باڵەکانم پێی هەڵفڕە...» » بەشـێک لە یەکەم شێعری دیوانی سـەمفۆنیای کاک حەمە ساڵەیە، و دەڵێ ئەم شێعرە بە وەرەقی پێشووە و ئیتر ئاوا ناڵێم و ئەویتریان بەشێک لە شێعری پێشـووی شـاعیرە. ئاماژەی خوارەوە ش بۆ شێوازی یەکێک لە شـێعرەکانی خۆیەتی بە ناوی (مێعرئاهەنگ و شاعیرێکی شێت) لـە دیوانی وەهمەکانی ئەشـق و درۆکانی دەمامک. دەبینین بە ئامرازی تەنزەوە بە گژ شێعری خۆشیدا چووە.

٣. **تێکەڵاوی:** نووسەرانی پۆسـت مودێرن بە ئاوێتە کردنی هەرێمە جۆراوجۆرەکان، هەموو سنوورەکانی وتە تێکەوە دەپێچن. ئـەم تێکەڵاوییە دەتوانیٚ لە ئاوێتە کردنی ژانرە جۆراوجۆرەکان و ڕاوێژە جیاجیاکاندا خۆی بنوێنیٚ.

### لە ئەدەبی فولکلۆر:

کورەحەیران میزم دیٚ و شەویش زۆر درەنگە بۆ لە شار تێناگەی هەتیوە تێکەڵاوترین و هیچی تر..

هەر وەکوو دەبینین لەم شێعرەدا کەڵک لە ئەدەبی فولکلۆر وەرگیراوە بەڵام وەکوو زۆربەی بەشـەکانی دیکەی ئەم شـێعرە لایەنی تەنز جێی خۆی هەر پاراستووە.

یان

کچ دەڵـێ؛ دایکی من گەلیٚ زاڵمینە وامەزانە باوکت ئەنێتە (...)کەر

ئەم بەشـە دەتوانیٚ بەشـێک لە گێڕانەوەی ئەدەبی زارەکی کوردی وەبیر بێنێتەوە؛ بەشێک کە بۆ ئێمە بە ناوی بەیت ناودێر کراوە و بە درێژایی مێژوو جێی فەخر و شانازی ئێمە بووە بەڵام بە تەنزێکی بنچینەیی و ڕادیکاڵەوە بە سۆخرە گیراوە.

– عینجەی دیٚ برا فینجەی دیٚ.. دەنگی پاوانەکانی(صدای زنجیر میومد) با نەڵێن دزیوتە(شاملوو) تۆ بڵیٚ شاری چی!

یان

تۆخوا بەرۆکم بەردە... سەدجارم گۆت ئاوێنە!

هەر دوو نموونەی سەرەوە گۆرانی کوردیمان وەبیر دێننەوە و هەروەها باس لەوەی کە ئەم شێعرە (صدای زنجیر میومد) هی شـاملووە و باس لەوە دەکات کە نەی دزیوە دەتوانیٚ یەکێک لە نیشانەکانی پۆستموێرن بوون بیٚ.

### ئەدەبی کلاسیک:

سـەر بـە تەم و مەم بەدەم و گا بەتوون تـەڕ بە کەم و دەم بە شەم و کا بە قوون

ئەم ڕستەیە لە ناو ئەم شێعرەدا، شێوازی شێعری کلاسیکمان وەبیر دێنێتەوە؛ کێش و سـەروا لە سـەر جێی خۆیەتی. بەڵام دیسـانەوە ئامێری تەنز ئەم شـێوازەییەی بردووەتە بەر دیوانی پێکەنینەوە.

### تێکەڵکردنی پیتی عەرەبی و پیتی لاتین:

FRnde be taL taLy baLewe awizan

فرندە بە تاڵ تاڵی باڵەوە ئاویزان.

یان:

Shery xste Sarde kwistan..-

شەڕی خستە ساردە کوێستان.

یان:

Na hetaye bybe to Ta sery chy? Vole!٧

نا حۆلە سەری چی؟ تا هەتایە بیبە تۆ

هیـوادارم تا ئێرە توانیبێتم مەبەسـتی وتارەکـەی خۆم بێنمە دی ئەویـش ئەوە بوو کە بە یارمەتی چەنـد نموونە و بەڵگەوە بیسـەلمێنم کە ئەمە شـێعرێکی پۆسـتمودێرنە و دەبیٚ وەک شێعری پۆستمودێرن مامەڵەی لەگەڵ بکریٚ.

هەڵبەت هیچ کاٚت مەبەستم ئەوە نەبووە بە پێداگرییەوە ئەم شـێعرە لە قوتابخانەیەکی تایبەتدا ببەستمەوە، بەڵکوو مەبەستم ئەوەیە کە بەم شـێوازەوە دەتوانین تا ڕادەیەک زیاتری سـرنج بدەینـیٚ و ڕێچکەیەکمـان بۆ خوێندنەوەی لەبەر دەسـتدا بیٚ. ئەگەریـش بۆچوونەکانی من هەڵە بوون ئـەوە خوێنەر زەرەری نەکردووە و خوێندنەوەی خۆی بووە.

### سەرچاوەکان:


١. راهنمای نظریەی ادبی معاصر، رامان سـلدن ــ پیتر ویدوسون، ترجمەی عباس مخبر، طرح نو، چاپ سوم ١٣٨٤.
٢. نقد ادبی، سیروس شمیسا، انتشارات فردوس، چاپ سوم ١٣٨١.
٣. راهنمایی مقدماتی بر پساسـاختارگرایی و پسامدرنیسـم، مادن ساراپ،نشر نی، چاپ اول١٣٨٢.
٤. ادبیـات پسـامدرن، تدوین و ترجمە: پیام یزدانجو، نشـر مرکز، چاپ اول ١٣٧٩.
٥. پسـت مدرنیسـم، گلن وارد، ترجمە: قادر فخر رنجبری و ابوذر کریمی، نشر ماهی، چاپ دوم ١٣٨٧.
٦. وێبلاگی حەمە ساڵەی سووزەنی، شێعری عینجە و فینجە.
٧. سـەمفۆنیا، ساڵح سـووزەنی، ١٣٦٩ شێعری پەپوولە لە لاپەڕەی نۆی ئەم دیوانە دایە.
٨. ساڵح سووزەنی، وەهمەکانی ئەشق و تابۆکانی تەمەن، ١٣٨١




# هیپــــۆگرام

## لەناوێکی ساناوە بەرەو پانتایەکی بەرفراوان

### خوێندنەوەی شیعری «١٦»ی ساڵح سووزەنی

**فەرزاد میرئەحمەدی**

ئستارۆبینسکی دەڵێ:

«گوتەیەکـــی شـــاعیرانە هەمیشـــە، تەنیا شـــێوازی هەبوونی دووهەمین پلەی ناوێکە، روخســـارێکی مشـــت و ما ڵکراو کە مەجالئەداتە بەردەنگی وریا تا هەبوونی ئاشکرابە لام شێواوی، واجەســـەرەکییەکان ببینێت. هیپۆگرام لە ناوێکی ساناوە بەرەو پانتایەکی بەرفـــراوان و پێچ وپلووچی برگەکانی دێرێکدا دێتە خزین..بابەتـــی هیپۆگـــرام پێوەندی هەیە بە دووبارەســـازی و دووبارەرێک کردنەوەی برگە سەرەکییەکان.. هەربەوجۆرەی کە ئیزیس جەستەی ئەنجن ئەنجنی ئۆزیریسی دووبارەسازکردەوە» بۆ خوێندنەوەی دەقی « ١٦ «

پێش هەر باســـێک دەبێ پێشـــئەگەر وپێشـــفەرزە(باوە-باوکانە)کان لەمەڕنووســـراوە پاواندارەکان، راگوێزینە پانتایەکی دینامیک بۆوەی لە بەستێنی (فورمی- واتایی) دا بسرەوینە و ناسەکردنێکی هەنووکەییمان هەبێ.

لە قاشـــە زەینی یەکا نی دەقی ١٦دا، پەنگاوەکانی وزەی ناوەکی وشـــە ، خۆیان لە جەغزێکی دیاریکراودا شرۆڤەناکەن. بە لام هەبوونـــی بەرەیەکی کراوە، لە واتا نیشـــانەیی یەکان لەخانی بچرپچربـــوون و کۆنکرێتی بوونی کاتی پێوەندی دەق - بەردەنـــگ لەگـــە ڵ دۆخی دەقێکی جیـــاوازدا ، خا ڵێک بەرجەســـتە دەکاتەوە کە گرینگی رووبـــەری پاژبینی یەکی جوانـــی ناســـانەی غەیرەدیالێکتیکیمـــان لا دێنێتە پێگەی تێرامانێکـــی جیاواز. ئەمانە ک لاو رۆژنـــەی رووبەرووبوونێکی ئەرێنـــی لەگە ڵ ماگگەڵێک دەکەنەوە کە جێگای ســـەرنجن: ماکی رێکـــەوت، دژەگێڕانەوە، دژەبیچم تـــەوس (قووڵایی و رووبەر)

١٦ گەشـــتێکی زەینـــی نازەگوڵ، نازەنیـــن و پیاوی چل تیکەیە کە بە پێی بوونیان وەک دەوری جێ کردار لە دەرەوەی دێری شـــیعریدا، و بەپێی وزەی پەنگخواردووی دێری شیعری لـــە دۆخی گەمەیەکیزمانی، هاتوونەتـــە ئافراندن. ئەم پێکهاتە زەینییە ئاوەها دێتە رووبەری ناسەکرن؛

نازەگـــوڵ ژانرێکی نکۆ ڵی لێکراوی داهاتوو{ --- داهاتوو ئاوێنەیەکـــی مندا ڵی رابردوو= رابردوو وانواندنێکی وەســـتاوی هەنووکە} کە هەبوونی ژانر- دەق نیشان ئەدات. نازەنین حەزە ئایدیالیســـمییەکەی پێشـــووی، دەرەوەی دەق، لە شانەکانی دەلالەتێکی چەوردا چەکەرەدەکات و لە ناســـەیەکی ئاوێنەیی مندا ڵدا خۆدەنوێنێ..

چـــل تیکەیی؛ لێدانی وانوێنراوی دڵێکی کاغەزی دیاردە زەینییەکان تێکەلاو کەرەسەماتریالییەکان دەبن و پێکهاتەیەکی (ئۆبژە،ســـووژە)ی بەرزەخی بونیاد دەنێن و زۆرجار دەچنـــە فانتازیای پەرزەینـــی و پەڕاڤەیی و بەجاران خۆ لە وانواندنـــی قووڵاییدا ناســـەدەکەن..کەوابوو هەرجار کە دینە رووبەری بەندێکی شـــیعری نەرێنـــی یانە؛ گەمەکردنێک دەبینین بە رێکەوتی گەمـــە رێکەوتی دیاردەی A تێکەڵ بە راســـتییەک دەبێ و. دەچێتە ناساندنی دیاردەی .. Bدیاردەی C کـــە چاوی لە ژێردۆخـــی .. B وa هەڵێناوە، دەبێتە داڵێکی فرەرێکەوتی رێکەوتی خولی دیاردەکانی رێکەوت، لە خولێکی کوندراییدا، روخســـاری دەقەکە دەتەنن و خانی رەنگە و بریا دادەمەزرێنن و دەبنە هەوێنێـــک بۆ هاتنەئارای بابەتی گەمە.. گەمەیەک بەپێی براوتـــی رێکەوت؛ کۆنکرێتیبوونی بیرۆکەی پـــەڕ رەوایەتی، کەدەیهەوێ خۆی لە پەڕ رەوایەتی مێژووئاوەز دووربخاتەوە، تووشـــی رێکەوتی ناخودئاگای پارانویایی دەبێت کە بـــە تەعبیرێک دەچێتە قـــەوارەی گەمەکردن بە گەمەی زمانی..

Photoshop» ئەتوا نێ چەندین چاو لەسەریەک هەڵچنێ
Photoshop سەدان دڵ دەگۆڕێ
../{ بەهەر رەنگ بتهەوێ/}
مەکە تۆ نازەنین
ئەشق لە کامپیۆتێردا

تووشی ویرووس دێ
و
فورمەت«
Photoshop ------> وانواندن Photoshop
-------> ڕۆشنبیری وانموود
هەنووکە: ئەنفال و گەمەی زمانی و چەندین چاو لەسەریەک هەڵچنین
کەرەسەی وانواندن و بڵاوکردنەوەی وانموود....
«١٦» «دەق «ە و ناچێتە خانی «بەرهەم»ەوە؛
بە هەلس‌وکەوت لەگەڵ نیشانەدایە کە ئەتوانین لەواتای دەق نزیـک ببینـەوە و بەو پێیەش ئەزمـوون وەرگرتن دێتە بەرکەوتـن. بەرهەم بـەردەوام و بەردەوام و بـەردەوام خۆی بە مەدلوولێکەوە دەبەسـتێتەوە..کەواتە گریمان ئەو مەدلوولە روون و ئاشکرا بێت، کە لەو حاڵەتەدا دەچێتە قاوغی زانستیی وشـەکان و دونیـای فیلۆلۆژی، ئەگەریش بـزر بێت، واتە بە شـێوەیەک بێتە ئافراندن کە بەدوویدا بگەڕێیت، ئەوە بەرهەم دەچێتە رووبەری هێرمنۆتیک و خانی تەئویلی «سـایکۆلۆژی پەڕرەوایەتی»
بەکورتی بەرهەم وەک نیشـانەیەکی گشتی و هەمەلایەنە دێتـە کردار و ئەم هاتنەکردارەش، ئاسـاییە ئەگەر دەربڕی یەکێک لە بابەتە گشـتی و هەمەلایەنەکانی شارسـتانییەت و ژیار بێت. دەق، بەپێچەوانـەی بەرهەم، دواخەری بێکۆتایی مەدلوولە..دەق لە کرداری دواخستندایە..پانتایی دەق، پانتایی داله..دال نە بە واتای؛ یەکەمیـن قۆناغی واتا و لابیرێنتەکانی ماتریا لی ئەوە، بەڵکوو بەواتای وەدواخسـتنی ئەوە، دەناسـرێت. کەوابوو
بـێ پانتایی بوونی دال، پێوەندی بـە کرداری نەگوتراوی مەدلوولی بێ ناوەوە نیەو دەگەڕێتەوە سەر قۆناغی گەمە..
گەشەسەندنی دالی بەردەوام/هەمیشەیی/ لەپانتایی دەقدا بە پێی سـەرکەوتنی ئورگانیکی، یان ڕێبـازی هێرمنۆتیکی قووڵـەوە پێکنەهاتـووە و ئەم پێکهاتنە بەپێی بزافی زنجیـرەی جیاوازییەکان، یەکجەشـاردانەکان و ڕەنـگ بەرەنگبوونەکان..کە هاتوونەتەئافراندن. پێکهاتەیەکـی ئسـتریۆگرافیکیی موزائیکی دەخولقێنێ کە هەر لە تەون وکرێ /بافت/ وشـەکاندا، نیشانەیەکی دەبێتە مەدلوولێکی خز و چەور و دنیای پەڕ دەق زێدەتر ئاوەڵا دەکات؛
« لـە کۆشـکی خەیا لـی قەلەمم ناترازێ...نافڕێ
فڕ...فڕ.....فڕ......فڕفڕە..
ئۆ ئەتگوت {:}
فرفڕەی ڕەنگێکم لێتئەوێ
کەس نەیبێ {!}
تـۆ لەگەڵ فرفڕەی سـاختی من وەرسووڕایت
تـۆ لەگەڵ خەیا لـێ پوفیووزا هە

لاتی..
Photoshop لەمنەوە هاتە دەمامک .. «..
«کووبریـک» و فیلمـی چاوەکانـی بەسـتراو..دەمامک...
فتۆشاپی فرینێکی کاغەزی
گوتراوێکـی بافتمەنـد و و موزاییکـی.. دەبینیـن کـە پێوەندییەکی بەلێشـاو شێواو و بە پڕتاو گشـتگیر، دەمانباتە چەند دونیای جیاواز و دراوسێ..گەمە بەدۆخ و گەمە بەزەمان و بەزمان گەمە...لـە تەون وکرێکی گوتاریدا ئەبێتە با لاجێوی ڕەنگە پارانوئاییەکان...ژانر دەمرێت و دەق هەناسە دەکێشێ....
بەڵام ڕەنگە بەردەنگ دەگەڵ وشەی» سەروا» دا ئاشنابێت جێکرداری ئەم وشـە لە پانتای ڕەخنەی ئەدەبیدا ئەو حا لەتە نەریتییە فۆنوتیکە کێشدارە روا لەتییە دەپێکی بەڵام سەروای ئێمە، تا ڕادەیەکی زۆر جیاوازە.
لێرەدا،سـەروا بکوتێکی زەینییە کە لە خانی پاژ روانینێکی پادزەینییەوە دەخولقێ ؛
هەربەندیکی شیعری ١٦ کە دوایی دێت، جۆریک سەروای پـاژ ڕەوایەتیی هارمۆنیـای زەینی دێنێتە شـێواندن.. ڕەنگە هارمۆنی و شیواندن نەچنە خانیی لوژیکەوە وئەمەش جوریک نـاس سـرینەوەی رەخنەیە کـە زور جار شـێواندن دەبێتە هارمۆنیایەکی نامۆ، ئـەم بزاڤە هەژێنەرەی بکەرەی فرە دالی یە،بۆوەی،لەچەقدا دالێکی هەمیشـەیی نابینینەوە، دالێک کە زمان دەکاتە ئامرازێک و ئامرازەکە شرەکات و لەگوتاری خەم بە شادی و قین بەحەزکردن،کە لە ئەوپەڕی ساناخوازیدا، قوو لایی دەسازێنێ،
بەڵام وەلامێکی ئەشێ دار لە قووڵاییەکەدا ناسە ناکرێت؛
«مەعبەێنی خۆر و مانگ
وەسلێکی هەتایی ئەزەردێ و
بەردەوام دەئەشقن بەرۆژ و بەشەودا
نازەنین ئیواران نارنجی و
شەوانەش لەمن....“



دەق دەمانباتە قەسـیدەکەی نالی و دەگەڵ دیاردەکان بە شێوەی ئرۆتیکی رووبەرووەدەبێتەوە:
/قوخێک و مەخەخمە لێ هە ڵماڵراو..مەشێتێ!/
بەهێ ، قۆخ ، گەڵامێو، پەپوولە.. نیشانەگەلێکی هاوبەشن لە کۆی دەقدا «بەهێ قۆ» جینس ژن، نیرەکی بوونی
دەق، دەقـــە نیرەکییەکە هێرش دەباتە دیـــاردە بزوینەرە ژنانەییـــەکان، کە لە وانواندنێکی کاغەزیدا دەبێتە کونکریتێکی نووسراو..
«گەڵامێـــو پەپوولە» هەر لەو فەزا گوتراوەدا دەژی، بەڵام شـــاردنەوەی دیاردە بزوێنەرەکان دێنێتە شوبهاندنی سروشت، سروشت پڕەلەدیاردەی خۆرسک:
«کە هەرگیز ناخەر دە لی و بلۆق ناخاتە پێستەوە»
هە لەبجـــە، مردنی ژن، بلۆق و بەهێ.. ئەمە شپرزەیی هەنووکەیی دەق دەردەخـــا، لەیەک ســـاتدا لە ژن و جینســـەوە، دەچێتە هە لەبجە و شـــەهید لە پەرتکنۆلۆجیای 3D-MAXدا؛ دەچێتە هەورامان..
ئـــەم شـــپرزەییە دەچێتـــە پولیفۆنییەوە و ئـــەم گەمەکردنە، بە بیرۆکەی ئەنفال و بە گەمەی زمانی زانینی...
دەگەڕێینەوە بۆســـەروای ئانتی نەریتی کە پێشتر باسمان کرد؛
«لەجوانترترین کەنوو
خۆشخۆترترین هەنگوین
لەمن ئەمرۆ...»
پێکهاتەیەکـــی تـــازە؛ هەنگوین لەدەورگێرانی سەروای بکوتی
واتاییـــدا دەمانباتە شـــیواندنی شوبهاندنەکان و لەپێناو
شـــیوایییەکی لۆژیکـــدا خـــۆ دەناسێنن؛
کەنووی جوان/ناس ســـرینەوەی شوبهاندن /خۆشخۆشترترین/
دەســـتکاری زمان/ خۆشـــترین هەنگوین /پێکهاتەیەکی سانا/ لەمن ئەمرۆ.. پڕهەژاندن و پڕ گۆڕانکاری سازاندن.. بەند کوتایی پێ دێت بـــێ هیچ گەڕانێکـــی پاژبینانە بـــە دووی چەقێکی سەرەکی
١٦ بە بەرگی قاوەیی
١٦ بە تاری مەولەوی
مەجاز جێ بەخوازە /ئیستعارە/ لێژدەکات و خوازە لە روالەتی پێکهاتەیەکی شوێنکرداری دێڕ دەچێتە دۆخی پانتاییدار..
(دەق)؛ بۆ گواستنەوەی زەین لە دەقەوە بۆ پەڕدەق ١٦
٠ ؛ دەبێتـــە ئامێـــری گەمـــە و هەنگویـــن وچالی تیژی پەنجەی ١٦

**ئستارۆبینسکی دەڵێ:**
**گوتەیەکی شاعیرانە هەمیشە، تەنیا شێوازی هەبوونی دووهەمین پلەی ناوێکە، روخسارێکی مشت و ما ڵکراو کە مەجالئەداتە بەردەنگی وریا تا هەبوونی ئاشکرا،بە لام شێواوی، واجەسەرەکییەکان ببینێت. هیپۆگرام لە ناوێکی ساناوە بەرەو پانتایەکی بەرفراوان و پێچ وپلووچی بڕگەکانی دێڕێکدا دێتە خزین**

مەولەویی ، قاوەیی- کەنوو {A+ {A} {قاوەیی  Bمەولەوی
١٦ لەمن C
لەمن ئەمرۆ ،C+ بۆی هەیە وازانینی من  لە قاوەیی و مەولەوی لە شوێن کرداری ڕەنگ و لە قەوارەی /ڕەنگ +
عەدەد/دا وازانینێکی جیا لە هەر وازانینێکی تر بێت؛
/زێرینە کەو چکێکی پیر/ کەوچک - تام -خواردن
لە چێژنی چێژ- تام - خواردن
کەوچک + چێژ = دراوسێیەتی، جۆرێک دژایەتی هەیە لە فەزا شـــیواوە/دژە لۆژیکـــە  پەڕگێڕانەوەکـــە/ کەخۆی لە حەسارێکی
پێکهاتەداردا دەبینی؛
«یونگ دەڵێ:
ئەواون خەون بەزۆرەوە دەبینن / دا.....نامرکێن/»
{/} نەم نیشانە لە کاتی پارتیشن درووست کردنی
دووبارەدا ئەگەر بەتەنیا لێبدرێت زانیارییەکانی درایڤەکە بە تەواوی فورمەت نابێت، بەڵام بەم شیوازە A/؛ یان A
لـــە کاتـــی دووبـــارە دابەزاندنی بیروکەیەکـــی تر،کـــە لەدەقـــدا دووبارەسازی
دەبێتـــەوە.. قســـەی یونگ دێتە دابەزاندن.. دیارە، چونکوو
نیشانەکان بەتەواوی نەهاتوون ، دابەزاندنەکە تەواو نیە و دەچیتە
بەستێنی شیواوی بیری فرویدی و ئەندیشەی یۆنگی دەچێتە
گوتارێکی ئالۆزەوە؛
«ئەحمەقن ئەوانەی یەک رەنگە دەئەشقن!!
شـــاعیر و قوخێـــک و مژین و گووشینێک....مەشیتێ
/ کە تێی دا فرۆید دێتە گەڕ/
رووبەرووبوونی عەشق - جینس.
رووبەرووبوونی پارانویا - چەندبیچمی
رووبەرووبوونی هۆکار - جیاوازی
«رەنگێتر نەماوە نازەنین دایتاشم »
فتوشاپ درۆیە
نازەناز فتوشاپ نەسب مەکە لەد ڵتا
«تریدیماکس  مەچێنە لە هاردی باخە ڵتا...»
فتۆشاپ نەرم ئامێرێکە کە وینە بە د لی دونیای دەستکردی کاربەر دەگۆڕێت.. کاربەر، دەبێتە دەســـەڵاتێک بۆ گۆڕینی روخساری
ئوبـــژە.. کاربـــەر بە د ڵی خـــۆی و بەپێـــی زەوقی خوی دەگە ڵ وینەدا




هەواڵنامەی کتێب

مامە لە دەکات..دیارە ئەگەر دەم و لووت و چاوی پۆرترەیەکمان

لا ناحەزبێت دەسەڵاتی کاربەر دەیگۆڕێت، بەڵام زاتی پۆرترەکە

هەر خۆیەتی و تەنیا وانواندنێکی دەستکردە..کەوابوو
دیاردەگەلێک وەک رۆشنبیر بەرهەمێ تر بابەت ژانر.. لە
کانالی دەسەڵاتێکی فتۆشاپییەوە دێتە دونیای ناسە کردنەوە
«تری دیماکس» یان ئەنیمەیشن ساز پێوەندییەکانی گوتاری رۆشنبیری
دەکاتەوەو بە جورێک فانتازیای خەیا ڵینی إإدەقە کە هەوڵ ئەدات
خۆی لە پێگەی دۆخە وانموودەکە دا بهێڵێتەوە و مەترسی خەیال و
ئەنیمەیشنی دیاردەکان دەخاتە بەرچاو؛
پەتای رۆشنبیری وانوێنی
واقع-------------- دەسەڵات ---- Photshop
پەڕ واقیع----- وەهەم ----- دەسەڵات ---- 3Dsmax
فانتازیا.........

خەیا ڵ

دەق خۆی لە گفتمانی موونیە یبدا ناسەدەکات، گفتمانێک
کە لە کارنەوا ڵی بوونیدا زۆر جیدی دەروانیتە دیاردەکان..
ئەم گفتمانە لەبواری سیاسی کومەڵایەتی هە ڵگرسێنەرە و وشە
لە قاوغی مێژوویی رزگار دەکات. ئەم رزگارکردنە بە یارمەتی

توخمی نوێخوازی و تازەخوازی ئاوەزی، دێتەخانی فەلسەفە و خەیا ..
دەڵێن: بارودۆخە پاواندارەکان دەبنە فرەکەری ئازادی.
وشە هیچ ترسێکی لە دۆڕاندنی خۆی نیە.. وشە لە پاوانی بایەخە
پێش فەرزدارەکان رزگار دەبێت و گوتار بێ جیاوازی دانان لە
نێوان چاکەوخراپە، وەک ئافرێندراوێک لە ئامێزیان
دەگرێت.زیندەخەون و زمان پێوەندی دەگە ڵ بابەتە رۆژانەکاندا
دەگرن و دەکرێ بلێین:دەبێتەجۆرێک ژورنالیزمی
سیاسی،کومەڵایەتی وئەو گوفتمانە دژایەتییەکان دەردەبڕێ.
«/شەڕ، دزی، خیانەت......
ئەوەی لێرە لەدایک بووبێ/ نەشی بیستووە. بیچارە ئەفلاتوون!..../»
حیماسە --- تابۆ ---- رابردوو نازەگوڵ ---- رۆمانتیک
نەریت ----- ئەفسانە مۆنۆفۆن----
پەڕڕەوایەت ---- زیندەخەون
چەق---- پارانویا ---- نازنین رئالیسم
----دەروون---- قوو لایی پێکهاتە
واتا ----- دەسەڵاتی پەراوێز----- شەمی --- وەلی دێوانە
نۆترۆن--- پەرتکنۆلۆژیا ------ xp
-----زەینی سەیبال ------ شیزۆفرنی
چلتیکە ---- سانایی ئایرۆنی رووبەر

# متن و خوانش؛

## متن: ریزو.. بسن؛ از صالح سوزنی

## خوانش؛ عادل اعظمی

این بیا..کوب..سـن هم که نیامد.. سـن مان را تخریب را.. فر ..مال.. لیسـم ..لیسـی.. لیسـد.. کند.. و کنـد عجب فعلی اسـت لام..ذب.. سـرش را در عنصرغالـب.. فر بزند.. و مال..ش.. را در جانشـینی هم کـش ینی کند.. و بگوید؛ .... و .... عیب نیسـت.. شـهر را با روزنامه تعریف می شسـت.. بودلر.. در کاف..کافی.. کافی شـاپش را شـنیده رودم.. ولی قطار و متروهای مسـکه.. وقتی آنها می خواندند.. م.....آ..... مـی خندیدیمهایمان را می رووووبیدیم.. در سـورت.. ش... زنیکه‌ی محبوبم.. آش را.. کی کشک به کشمشت.. چند..

ـ خورده‌ای.... یا کشیده‌ای...

چنـان کشـیده‌ای به او .. نـه.. به من زد.. که.. برق ادیسـون را باریـد... «ولـی تو بگو زدیم دیگـر..».. دورت ب.. گـردم.. گردهایت دیوانه که دیگر کهنه است.. مالیخولیا.. و من گاوم..گاو ..هم کلاسیک است... سندورم.. عشقم را می کردیم.. که یاکوبسن.. عوضی.. داشتم.. همنشینی در جانشینی می کردم...

ـ همه‌ی کردنها.. که قاچاق نیست جانم.. چرا فرمیکش می کنی..

ذهنت بیمار.. که عهد بووووق..ی است.. سن در..و...می... دارد.. را می توانی بگویی نوشید.. و با ریزومی.. اسپر..ه... ببخشید.. اسپرما.. تو.. زوئیدمان... را همینجوری ریختیم رفت... تو که خودمانی.. مانی شـعر هم می کرد... کاش کرد ..ها کورد می خواندید... مسخره.. خر که شاخ و دم ندارد.. دارد.. دارم می زدند که سکه سلطان محمود بالا رفت... و من.. ماشین زمانم.. در رادیاتور مشکل داشت.. پریدم تو این قرن.. ک قرونی ندارم... داشتم از یاکوب.. سن م که همان سی سال سی سال پیش اسـت با سـقف رنگ.. و .. و تو هم مژگانت در سـیمولاک گیر است... سورتت..ش.. هم بادی است.. با آن کلاه گیش .. س..

ـ دلربایان ناز می لغزند و ما... شمس را بابا به چاهی می بریم...»

**خوانش؛ عادل اعظمی**

شـالوده ی اشـعار صالح سـوزنی و هم این شـعر را گریز از تعین و تکیه بـه تداعی آزاد با لحاظ عنصر تفاوط، ریزوم،و تفاوت آوایی دال ها تشـکیل می دهد (مثلا تفاوت آوایـی ای که در واژه «درخت» و «رخت» وجود دارد بسـتر پارودیکی بـرای بازی با آنها در قالب واژه ی «سـخت» را مهیا می کند). این شـالوده البته در بسـتر ویژه ای که خود آن را علیه دیکتاتوری زبان و من آن را آنارشـیزم زبانی می نامم اتفاق می افتد. سـاختار این شـعر بدون شـک از بستر معمول و متعارف گسـیخته اسـت. یعنی افق سـاختار چند خطی را هم به نوعی درنوردیده است. و نتیجه یک ساختمان نامنظم و در عین حال نوئماتیک است. نامنظم از این جهت که محتوا به هیچ وجه با فرم هم ساز و هم سو نیست. در حقیقت فرم بر چیزی فرای محتوا دلالت می کند که من آن را «محتوای ضمنی» می نامم. دست یازی به محتوای ضمنـی از دریچه ی روان پریشـی غالب و با تحلیل سـاختار روانی متـن می تواند اتفاق بیفتد. که البته بوطیقای متن حتی گاهی علیه خوانش اسـت. و نوئماتیک بدین معنی که عناصر در یک سـاختمان ریزومی گسـترش می یابند. و مضایف یک واژه آغازی برای تداعی و تصویر مضایف های دیگر اسـت. اما فرای این ها من سـعی دارم به مسـئله ی شعریت در این کار بپردازم؛ یعنی بعد زیبایی شناسی این شعر که فارغ از فرم تحلیل آن تقریبا راه به جایی نمی برد.

فـرم این کار در وضعیت فرم_ فضای شـعری قـرار دارد . بدین معنی که فرم سعی دارد علاوه بر انتقال مضامین و نشان دادن ساخت اندیش گانی بخشـی از شـعریت را رقم بزند. شعریت عملا عدول از عـادت های زبانی کاربران زبان با اسـتفاده از ارتقـای زبان از حالت ابزاری به حالت قوام بخش اسـت. و همچنین استفاده از کارکردهای عاطفی زبان در شکل نامتعارف آن است.

**ریزو.. بسن؛**

این عبارت انگار نام شعر باشد. و البته در نگاه اول بی معنی. ریزو می تواند اشـاره تلمیحی ای را به ریزوم توسط تفوات و مشابهت آوایی و از طریق تداعی و مضایف التفاتی پدیدار کند. اما بسـن همچنان یک معماسـت. اگر ریزو.. بسن را بدون نقطه بخوانیم ریزوبسن تازه به نام شکسته ی یاکوبسن نظریه پرداز فرمالیست شهیر روسی نزدیک می شـویم. ریزوم یاکوبسن که شکسته ی آن ریزو..بسن است تداعی گر گسـترش ریزومی این نظریه پرداز در چارچوب یک متن است. و این می تواند ورودی معماگونه بر یک شـعر باشـد. اولین سوال که پیش می آید این اسـت: چه کارکرد عاطفی ای در این شکست و بست ها وجود دارد که بشـود آن را شـعریت این متن دانست؟؟؟ شاید پاسخ در خود متن موجود باشد.

این بیا..کوب..سن هم که نیامد.. سن مان را تخریب را.. فر ..مال.. لیسم ..لیسی.. لیسد.. کند..

باز هم شکست در نام یاکوبسن که البته از دال یاکوبسن بازی با کلمه ی سن شروع می شود. و به دنبال آن عبارت هایی که عملا به فعل تمام می شود. و بازی با فرمالیسم به لیسدین و کند و.. اروتیسم زبانی ختم می شـود. و به دنبال آن بازی با فعل کند به مضایف های التفادی و ریزوم دیگری ختم می شود.

و کند عجب فعلی اسـت لام..ذب.. سـرش را در عنصرغالب.. فر بزنـد.. و مال..ش.. را در جانشـینی هم کش ینی کند.. و بگوید؛ .... و .... عیب نیست..

جانشـینی و همنشینی که اشـاره به کارکرد تمهیدات متافور و ایجاز اسـت در اینجا دسـتخوش یک اروتیزم زبانی شـده اند. عنصر غالب عنصری در متن است که سایر عناصر حول آن می چرخند.

و مـال..ش.. را (مالـش را بـه معنی مالیدن) در جانشـینی هم کـش ینی کند. وقتی سـاختمان واژه ی «جانشـینی» که نتیجه ی آن متافور اسـت خود دستخوش این فرآیند شود جانشینی به واژهی جاکش ینی بدل می شـود. هنوز سیستم غالب زبانی علاوه بر فرآیند گسـترش ریزومی سیسـتم اروتیزم زبانی اسـت. و این کاملا با زبان

اروتیک متفاوت است. اروتیسم زبانی در خود زبان دچار شکست، نفس نفس و ارگاسم می شود. اما همچنان کارکرد عاطفی به واسطه ی این شبکه ی ریزومی پیچیده دچار اختلال است. کارکرد عاطفی برآیند تداعی یک دیالکتیک اغلب خودمانی و گاهی حکمت انگیز و در بسیاری موارد بیانگر است.

«شهر را با روزنامه تعریف می شست.. بودلر.. در کاف..کافی.. کافی شاپش را شنیده رودم.. ولی قطار و متروهای مسکه.. وقتی آنها می خواندند.. م....آ.... می خندیدیمهایمان را می رووووبیدیم.. در سورت.. ش... زنیکهی محبوبم.. آش را.. کی کشک به کشمشت.. چند»

در ادامه گسترش شبکه ی بی پایان ریزوم ها به روزنامه و بودلر می رسیم. و به کافی شاپ و قطار و مترو که جملگی از مظاهر مدرنیته هستند. اینجا هست که نمی توان یک یا چند خط مشخص ساختاری مشخص کرد. یکی از ویژگی های پست مدرنیسم و ریزوم نگاری شوریدن علیه هر آنچه سخت و استوار ایستاده است می باشد. زبان یکی از آن هاست. دست بردن در زبان همان دست بردن در جهان پیرامون است اما تا جایی که ساختمان ژانر هنوز برچیده نشده باشد. ژانر در روند توصیف جهان پیرامون به ابزارهای اولیه اش باوفاست. اولین امکان شعر بودگی جوهره ی شعری است که البته بخشی از آن در گرو افق انتظار خوانندگان و بخش دیگر در گرو ارتقای این افق از طریق مولف و در متن اش است. مضایف هایی که در پس واژه ی بودلر، موسکو و یاکوبسن وجود دارد تا آنجایی که به زنیکه ی محبوب اش می رسد، جملگی مضایف هایی انقلابی دارند. مضایف مدلول نیست. بلکه چیزی شبیه خاطره است. که در اینجا این خاطرات به بازی گرفته می شوند تا محتوای ضمنی یا به عبارت هوسرلی «نوئمای کل» شکل بگیرد. و البته باید اعتراف کرد که در این قسمت اتفاق شعری داریم.

« ـ خوردهای..... یا کشیدهای...

چنان کشیدهای به او .. نه.. به من زد.. که.. برق ادیسون را بارید...»

در اینجا دیالوگ و به نوعی دیالکتیک (البته با همان فرم و تقطیع نقطه ای) وارد متن می شود. اما در پاسخ و البته در راستای شبکه ی ریزومی تشکیکی (عبارت نوبراهامی) که نوعی بی توجهی به گوینده ی مستتر استمی تواند تعبیر شود. این خلط مبحث و از بین بردن بستر گفتوگو دال بر ناکارآمد بودن سخن طرف مقابل است. این بی توجهی در چارچوب اروتیسم زبانی در حقیقت خود بخشی از یک وانموده را که متن در ادامه علیه آن شوریده است را به نمایش می گذارد.

«ولی تو بگو زدیم دیگر..».. دورت ب.. گردم.. گردهایت دیوانه که دیگر کهنه است.. مالیخولیا.. و من گاوم..گاو ..هم کلاسیک است... سندورم.. عشقم را می کردیم.. که یاکوبسن.. عوضی.. داشتم.. همنشینی در جانشینی می کردم..."

مضایف ها در این قسمت به عبارت ها لیسیدن.. کند برمی گردد. و این یعنی ساختمان نوئتیکی برقرار است. اما ژانر در اینجا دیگر ابزار شده است. ابزار اطلاع رسانی از آنچه گذشت و معمولا آنچه گذشت را با افعال شکسته گزارش نمی کنند. یا با گزاره های شکسته روایت نمی کنند. بازگشت به یاکوبسن و همنشینی و جانشینی (با مضایف جاکش ینی) تبدیل به یک تن نگاری وانمودی (پورنوییزم سیمولاکروم) شده است. اینجا هست که می توان بر متن چین خرده ای گرفت: در این قسمت فرم با محتوا متناسب نیست.

ـ همهی کردنها.. که قاچاق نیست جانم.. چرا فرمیکش می کنی..

این گزاره در صدد است است سیمای وانمودیک تن گرا با عدم قطعین مواجه کند. گزاره ای گفتاری و اتفاقا با یک خط تیره که گویا گوینده ای مستتر آن را بیان می کند. در ساختار افقی بجز جسارت گوینده نشانی از فرم شعری نیست. که البته روایت است و صد البته می تواند بخشی از شعریت را با خود نیز همراه کند. این چجند صدایی مطلق که می تواند زمینه ی ژانر دچار ابهام کند. ناگفته نماند که صد البته با منطق مکالمه (باختین) هم سو است. گوینده لحنی دیگر و زبانی معیار استفاده می کند که آن را از زبان شاعر متمایز کند.

ذهنت بیمار.. که عهد بووووق..ی است.. سن در..و...می... دارد.. را می توانی بگویی نوشید.. و با ریزومی.. اسپر..ه... ببخشید.. اسپرما.. تو.. زوئیدمان... را همینجوری ریختیم رفت... تو که خودمانی.. مانی شعر هم می کرد...

بازگشت به سن در یاکوبسن و سن در سندروم و و گسترش سندروم در سن و می این گسترش ریزومی تقریبا تبدیل به یک عادت نوشتاری شده است. می گویم عادت از آنجایی که منطق و دلیل کافی برای بر انگیختن این همه واژه در متن وجود ندارد مگر خود متن. که البته خود متن می تواند دلیل قانع کننده ای باشد. بازی و انقلاب علیه امر متعین. عین بازی و انقلاب علیه ساختار اندیش گانی موجود است. علیه پایه های سفت و استوار مدرنیته و یا سنت. که پیشتر شرحش آمد. قلمرو زبان پویایی و زبان ویرانی تقریبا به کارکردهای عاطفی زبان تنه می زند. تنه که از آن هم جلو بزند. غافل از این که اتفاق شاعرانه اتفاقی در مرز واقع و فراواقع است، اتفاقی در مرز زبان و علیه آن، اتفاقی در بین رویکرد و کارکرد آن، این ها صرفا تقابل های دوتایی نیستند، یا عوامل برهم کنش، بلکه محدوده ی اتفاق ذهنی- زبانی را یادآور می کنند. محدوده ای که از اثر به متن برسیم، و صد البته خواننده بخشی از متن را رقم می زند. و این یعنی لحاظ کردن بخشی از متن که همانا خواننده است. متنیت به مجرد نوشتار با ساختار لاهوتی و با چندیت های مبهوت کننده رقم نمی خورد. بلکه حفظ و رعایت بخشی از آن (ساختارهای ذهنی تثبیت شده خواننده) در حقیقت حفظ متنیت است.

کاش کرد ..ها کورد می خواندید... مسخره.. خر که شاخ و دم ندارد.. دارد.. دارم می زندد که سکه سلطان محمود بالا رفت... و من.. ماشین زمانم.. در رادیاتور مشکل داشت.. پریدم تو این قرن.. ک قرونی ندارم... داشتم از یاکوب.. سن م که همان سی سال سی سال پیش است با سقف رنگ.. و .. و تو هم مژگانت در سیمولاک گیر است... سورتت..ش.. هم بادی است.. با آن کلاه گیش .. س..

ـ دلربایان ناز می لغزند و ما... شمس را با بابا به چاهی می بریم...

در ادامه هم با فعل کرد و کورد ریزومی دیگری شکل گرفته است، کرد به کورد گسترش می یابد، ملتی کردن یک فعل یا فعلیزه کردن یک ملت عملا با ساختار چندگانه ی این شعر و اشعار دیگر از صالح سوزنی کار تازه ای نیست. آنجاهایی که زبان متریال (رسم الخط) هم تغییر می کند چندیت دیگری رقم می خورد که این چندیت علاوه بر شک در ماهیت مفاهیم تثبیت شده در قالب زبان؛ نفی حضور دیگری شرق شناس است. تا چه حد مولفه می تواند این را بیان کند صحبت دیگری است اما واداشتن دیگری برای خواندن من به زبان خودم و به تعبیری که خود از جهان خود دارم رویکرد انقلابی دیگری است. و بیانگر نبودن آن اغلب اوقات محل اختلاف نظر و علیه شعریت است.

# لە دۆزەخی ماناوە تا مانای دۆزەخ و جیهانێکی شاراوە لە دەقدا

## باسێك لەسەر شێعری ساڵح سووزەنی

محەمەد موەفەقی

١

بێ‌گومان، نووســـین جورێک حەسرەتە؛ حەســرەتی شاردنەوەو شاردنەوەی حەسرەت، تا گەیشتن بەو سنوورەی کە لەخولیایەکی ئەبەدی دا ڕەنگە هەموو شـــتمان لە بیر با تەوە، کەوابوو نووسین جورێک لە بیر بردنەوەیە.لەبیر بردنەوەی ئەو چرکە تێپەڕیوانەی کە ئێمە تێیاندا نەبوون، ئەوشـــوێنە ڕەنگە تاریک و ڕوونەی کە هەموو شـــتێک وەک خەونێکی نەبینـــراو چاولێدەکا و ئێمەش دانیشـــتوانی ئەم گەڕۆکە دۆزەخییە، دەبێ لـــە نێوان دوو هیچ دا [بـــە قەولی نیچە] ئیمان بەوەی بێنـــن کە ڕەنجەڕۆیی و بێ باوانی بۆتە بەشـــێکی جیانەکراوە لەو ڕاســـتی‌یە دابەشـــکراوەی کە پێیدەڵێن چارەنووس یا تەقدیری هەمیشـــەیی، ئەو تەقدیرە شـــوومەی وەک قالاو بۆتە ســـێبەری ژیانی هیچاویمان، ژیانی ڕەشـــی بەرەیەکی تـــالان کراو کە چاو لە ئاینـــدەی حەرام بوو دەگێرێ و جیهان هەر ئەو شـــتەیە کە ناوی «وشە»یەو ئێمەش پەراوێز نشـــینی ئەم جیهانە بێ خولیایەین، لە خولیایەکی تردا لەســـەر خولگەی پەرتی بوون و نەبوون [کـــەوەک یەک وان]. بێ گومانم لەوەش کە نووســـراوە بە قەولی “دریدا” نیشـــتمانی هەمیشەیی ئێمەیەو بە شێکە دا سەپاو بە سەر ئەو پەڕی ژیانی ئێمەدا.

لای ئێمـــەی کورد کرداری نووســـین بە گشـــتی، هێشـــتا نەبووەبە نەریتێکی خوماڵی و ئەوەش کە وەک نووســـراوە لە بەر دەسمان دایە، وەک سیمایەکی دووکەڵ‌گرتووی بەر لە مێژووەو لـــەم ســـپێدەی ململانێیە دا هێشـــتا نەیتوانیوە پێناســـەیەکی ئەمرۆیی بۆ خۆی بدۆزێتەوە، هێشـــتا گەڕان و پەلەقاژێ کردنی ئێمە بۆ دۆزینەوەی بەرســـڤێکی تان و بە دار کە بتوانێ دژ بەم هەموو پرســـیارە کراو و نەکراوانە رابوە ستێ بەشێکە مەزن بەو حەســـرەتە گەورەی کە بەردەوام روحی دەق ســـازی کوردی بە خۆوە خەریک کردووە. تا دەربازبوون لەم بازنەیەش ئەســـتەمە و ئێمەش کە لەڕەحمی خوداوەدەمانەوێ ڕێگای سەد ساڵە بە یەک شـــەوە بپێوین، ئەو هەقیقەتە مەزنەش کە روژێ ئاشکرا دەکرێ یا ناکرێ، لای ئێمە - مەنفانشـــینانی زەوی —لە خۆی دابڕاوە و ئێمە بە چەشـــنێکی‌تر بە پێچەوانەی هەموو عالەمەوە خەریکین ئەزموون و فامی دەکەین فامستی ئێمەش لەم هەقایەتە ئەنجن ئەنجن کراوە — لەزاتی خوێدا - رەوایەتی بێ باوان بوونێکی ترە لە تاریک‌ترین رەهەندی هەستی‌دا.

شێعری ســـووزەنی بەر لەوەی شێعربێت، خولیای جۆرێک لە خۆدەرچوونە، تاگەیشـــتن بەو شـــوێنە لە زمان کە لەوێ دا هەمووشـــتێ، هەر ئەو شـــتەیە کەلەو پەڕی خۆیەوە دەس پێ دەکات. لەو پەڕی هەر چەشنە بنەما، پێکهاتە یا ڕێسامەندییەک کـــە بە ســـەر دەقایەتـــی دەق دا زاڵـــە (Textuality of text). شـــێعری ئەم شـــاعیرە بەر لەوەی شـــێعر بێت جۆرێک نەفی کردنەوەی خۆیەتی بە دەســـتی خۆی. شـــکاندنی هەر چەشنە یاســـا دەستکردێک کە بووەتە کەرەستەی بەربەستکەری زمانی لەشـــێعری ئێمەدا. جورێک هەڵاتن لەو ســـنوورە رەشـــانەی کـــە دەیانهەوێ هەمووشـــتێ لەچـــوار چێوەیەکـــی تەنگ و رێ‌بەربەستکراودا پێناســـەبکەن، دەقی ئەم شاعیرە دەسکەوتی هەل‌و مەرجێکی نالەبـــاری ئەدەبییە. ئەو هەل و مەرجەی کە هێشتا نەیتوانیوە کێشەی بەرەکان - بەرە لە خۆ خاڵی کراوەکان — کە تەنانەت لە سێبەری خۆشیان ئەترسن، بە جۆرێک چارە ســـەر بکات. ئەو دۆخەی کە دەقی نوێ بە گشـــتی و شێعری سووزەنی بە تایبەت تێیدا ســـەری هەڵداوە، هێشتا بەستێنێکی قەیراناوی و ئاژاوەگێرە بۆ شـــەڕی بێ ئاکامی کۆن و نوێ. ئەم قەیرانمەندیی‌یە هی ئەم بەرە تاریکەیە و سووزەنی خەریکە شێعر بۆ بەرەیەک بەرهەمدێنێ کەهێشـــتا لە گەمارۆی دیوارە بەرزو ئەستوورەکانی دوێنێی‌دا ماوەتەوە. پەلەقاژێ لەزەلکاوی نەریتە بۆ نکردووەکانی ڕابردوودا لەم مرۆڤە [خوێنەر] بوونەوەرێکی تر سنۆکی بار هێناوە کە ئەقڵی بەم سەردەمە ناشکێ‌و ئەو هەموو کۆی پرســـیارە ئەزەلیانە لە ســـووچێکی گەنیوی مێکشی‌دا بێ

ولّام ماونەتەوە.

لەوە دەچیٚ من ڕایەکی گشتی سەبارەت بە پلەو شویٚنگەی شیٚعری ئەمڕۆی کوردی لە ئیٚران دا دەرببڕم، ئەوەش ڕەنگە ئەم حوکمە سەرەتایی‌یەبیٚت؛ کە شیٚعری ئەمڕۆی ئیٚمە بەپیٚی شویٚن و کات ڕۆڵەی سەردەمی خۆیەتی شیٚعری ئەم بەرەیە بە پیٚچەوانەی زەینییەت و چاوەڕوانی خویٚنەرەکەی، ناتوانیٚو نایهەویٚ لە ڕابردوویەکی دووری زەمانی دا بژیت. ئەگەرچی شیٚعری سووزەنی لە جۆریٚک بیٚ متمانەییەوە سەرچاوە دەگریٚ، بیٚ‌متمانە بە خۆی و هەر چەشنە دەقیٚکی‌تر کە لە پەراویٚزی گوتار (Discourse)ی ئەدەبی ئیٚمەدان. بیٚ متمانەیی‌یەک کە دەکریٚ بڵیٚم جۆریٚک دەسکەوتی تیۆری‌یە. ئەو تیۆرییە ئەدەبییانەی کەبۆ ئیٚمە دەوری ڕیٚنویٚن [ریٚ ونکەر] و پاشان دەق سازیی دەگیٚڕن. سووزەنی شاعیری دونیای شتە چکۆلەکانە [ئەڵبەت لەسەر ئیزنی جەنابی ڕیٚبوار سیوەیلی]. دەنگی ون بووی بەرەیەکە کە دەیهەویٚ لەم قاقڕستانەدا خۆی بدۆزیٚتەوە.

بەرەیەک دەمقاڵکەر، لە پەرت‌ترین شویٚنی ئەم جیهانە، کە دەکریٚ وەک ئیستعارەیەکی زیندوو [بە قەولی ریکۆر] نازناوی دەقی کوردی لە سەر دابنریٚ. ئەم ناپیرەپیاوە لە تەنیایی خۆی و جیهانی شتە لەبیرچووەکانی‌دا ئەوەندە هیٚواش دەڵیٚ:

باوەڕکە هەناسەش ئەتوانیٚ
وەک شیٚعر.. داتپۆشیٚ
لە مەرگا. /شیعرەساتی ٧/

نەکا زمان لەخەوە نەخەوتووەکانی ڕاچڵەکیٚنیٚ یا نەکوو خوای واژە بیٚ سەر و شویٚنەکانی لیٚ تووڕەبیٚ. مەبەستم ئەوەیە بە گشتی شاعیر زمانی بۆ خودی زمان ئەویٚ و شیٚعریشی بۆ خودی شیٚعر ئەویٚ، نە بۆ خزمەت بە شتیٚکی‌تر. ئەمەش جۆریٚک پەرەپیٚدانی تیۆرییە بۆ حوزووری گشتی و هەمەلایەنەی زمان لە ناوەرۆک (context) و کۆبە (system)ی شیٚعر دا. واژە لە شیٚعری سووزەنی دا لەو پەڕی ئازادی خۆیەوە دەژیت. ئەوزمانەی کە بە هۆی واژەکانییەوە بە قەولی «نەزارقەبانی» دەیهەویٚت جیهان داگیربکات.

## ٢

شاعیر لە شیٚعرەسات دا، دەیهەویٚ بۆن و بەرامەبە «گوڵەکانی‌شەر*» بدات، ئەو گوڵە بیٚ ڕەنگانەی کەساتەوەختیٚک ئاماژەیەک بوون مەزن بۆ مردن، بۆ لەبیر بردنەوەی هەر شتیٚک کە لە گەڵ تەقدیریٚکی هەمیشەیی دا، گریٚ دراوە، گریٚیەک کویٚر کە بە چنگ و ددان ناکریٚتەوە، ئەمانە هەموو جۆریٚک ڕەنجی ئەبەدی و ئازاری بیٚهوودەیی دەروونە بۆ بەرجەستەکردنی ئەو جیهانە شاراوەیەی کە لەو دیوی دەمامکە ڕەش و ئەستوورەکانی دەقەوە، لەو پەڕی دونیای ڕاقەبیٚ سەر و شویٚنەکانی ئیٚمەوە، دیٚتە ئاستی هەبوون، هەبوون لەجیهانیٚکی شەڕانی دا کە وەک «کاو لستان» لەویٚ واژە دوا مۆجزەی خاکە، ئەو ویٚرانە خاکەی کە هەموو شتیٚ تیٚیدا هەم جوانەو هەم ناحەزە لیٚرەدا کارکردی زمان بە گشتی دەگۆڕیٚ و سووزەنی پیٚمان ئەڵیٚ،ئەرکی واژە لە شیٚعری ئەمڕۆدا بە تەواوی جیاوازە. لەو ئەرکەی کە پیٚشتر لە سەر ئەستۆی واژە بوو لە شیٚعر دا. ئەگەر پیٚشتر واژە لە شیٚعری ئیٚمە دا بۆجوریٚک پیٚناسە کردن یا وتن لە بارەی شتەکانەوە دەهات ئەمڕۆ واژە کارکردیٚکی تازەی هەیەو واژە وتنی خودی شتەکەیە، نەلە بارەی شتەوە:

ئەشیٚوم
وەک نامە بۆ ئەو با کەنەهات
وەک سوور ... کەخویٚن سەوزە
وەک پەپوولە کە ئاگر ئەدا شەم
وەکوو مەرگ کە ئەفڕیٚ
هەرگیزیش
هەواڵیٚ لە ئەشق نا پرسیٚ »

ئاشنایی سڕینەوە (Defamilizaton) لە شیٚعری ئەم شاعیرە دا بە گشتی زۆر بەدی دەکریٚ و ئەمەش خاڵیٚکی گرینگە لە شیٚعری ئاوانگارددا و ئەگەرچی ئەم شتە وەک میراتی سەرەکی فۆڕمالیستەکانی رووسیا دەژمیٚردریٚ بەڵام یەکیٚ لە تایبەتمەندییە سەرەکی‌یەکانی شیٚعری مودیٚڕنی ئەم ڕۆژگارەشە:

نەسەوزم .... نەتاڵ/
بیبار ناحەزترین ڕەنگە../
وەک زانست کە سوورە/
شەویٚکی بە نەوش و /
کە خویٚن سەوزە/
باوانەکەی باوکی .... چاوم بینایی/

ئەمانە چەن نموونە لە نامۆنگەری بوونە لە شیٚعری ئەم ناپیرە پیاوە دا. کە دیارە گشت ئاشنایی سڕینەوەکان ناگریٚتەبەر.

شاعیر لە بڕیٚ شویٚن دا دەیهەویٚت بگاتە ئاستی تیۆریکی کایە زمایی‌یەکان. کە لەلایەن "ویتگیٚن ئیٚشتاین" و "لیوتار"ەوە پەرەی پیٚدراوە. بەڵام لیٚرە زۆر سەرکەوتوو نیە، چوون بەر لە هەموو، لە پەراویٚزی ڕیٚساکانی کایە سەقامگیرەو لە پاشان ئەو بەم پیٚش گریمانەوە شیٚعر دەنووسیٚ کە نایەویٚت مانا بە گشتی لە ناوەرۆک و پیٚکهاتەی شیٚعری بسڕیٚتەوە.

من لە سەر ئەو بڕوایەم کە ئەو جیهانە شیٚعرییەی لەدەقی سووزەنی دا بنەما یا گەڵاڵەی دادەڕیٚژریٚ، [بە تەعبیری گادامیٚر]، جیهانیٚکە بیٚ سەرو شویٚن لەنیٚو کۆگایەک لە سەرلیٚ شیٚواویی. تیۆری لەدەرەوەی جیهانی دەق نەتەنیا سازیٚنەری بنەمای بیردۆزییەک بۆ شیکاریی دەروونی یا ڕاڤەی گشتی دەق نییە، بە ڵکوو کوشندەی ئەو دەمارە ڕەسەنەیە [کە ئیمکانی دەق بوونی دەقیٚک لەنیٚو خۆی دا دەخاتە بەردەس]. دەقی کوردی دەبیٚ بە تەواوی جیاواز لەو تیۆرییانەی کە لە ڕوژئاوا بەرهەمدیٚن شیکاری بکریٚت. خاڵی گرینگ لیٚرە ئەوەیە کە دەبیٚ بە شیوەیەک خۆماڵی دەست نیشان بکریٚت.

کە هەردەقیٚک بە پیٚی تیۆری تایبەتی خۆی دەنووسریٚت و تەنانەت هەڵدەسەنگیٚندریٚ. لیٚرە دەقی سووزەنی ئەو ئاویٚنە ڕوتەڵەیە کە بە جوریٚک بۆتە پیٚشاندەری تیۆرییە ڕوژئاواییەکان.

بیٚ گومان ئەوەی ڕوون و باس هەڵنەگریٚ ئەمەیە کە گەڕان بەدووی مانایەک تاک و لە پیٚشەوە دیاری کراو لە شیٚعری سووزەنی دا کاریٚکی بیٚهوودە و ئیٚجگار هەڵەیە. بۆ ئەوەی کە شیٚعری ئەم شاعیرە هەروا کە پیٚش‌تر باسم لیٚوەکرد لە بنەمادا لە سەر تیۆری "کایەزمانییەکان" دامەزراوە بەڵام کایەیەک ناسەرکەوتوو کەبەردەوام لە دەرەوەی خۆیەوە [بۆ خۆی] ئاماژە دەکات. شاعیر دەیهەویٚ بە جوریٚک ڕیٚسای ئەم کایە بشکیٚنیٚ

و بچێتە ناخی ئەو قووڵاییە لە زمان دا کە لەوێ توانستە زمانییەکان دەمامک دارکراون و لەپشت وشکە کەڵەکی ماناوە شاردراونەتەوە، بەڵام سووزەنی بە جورێک بەد گومانییەوە چاو لە ماناو دەلالەتە مانابیەکان بەگشتی دەکات. گەرەکییە مانا لەخۆی رووت کاتەوەو زمان بخاتە نێو فاز یا کاناڵێکی ترەوە. بەڵام لە پەلەقاژەیەکی بێ کۆتایی دا دیسانەوە گیرۆدەی دەستی توێژی هەرە شاراوەی پێکهاتەکەی ماناکان دەبێت، مانا نە بە واتای ئەو چەمکە دیاری کراوە کە ئێمە لەپەیڤینی رۆژانە دا لە بەر چاوی دەگرین. بەڵکوو بەو واتایەی کە نیشانە کەلامی و تەسوێرییەکان لە پێکهاتەمەندی شێعری سووزەنی دا هەمان رادە لە کارکردی رۆژانەی خۆیان خاڵی دەبنەوە کەپەیامی شاراوەی هەر دێرێک لە شێعرەکە تا هەمان رادە تووشی جورێک کاول بوون دەبێت. شاعیر نایهەوێ بە تەواوی مانا لەناوەکیەوەنی کارەکەی بسڕیتەوە – بەڵکوو بەردەوام تێدەکۆشێ کە «مانایەکتر، جیاواز لەو مانا دەسکردەی کە بەسەر زمانی بەستە زمانی کوردی دا سەپاوە لەزەینی خوێنەر دا بخولقێنێ. و هەر ئەم تایبەتمەندییەش لە دەقی ئەم شاعیرە دا ئەو ئێمکانە بە من ئەدا کە لێرە بڵێم دەقی تا رادەیەک دەقێکیکراوەیە. ئەو شتەی «کە ئیمبێرتۆئێکۆ» بەم شێوە دا کۆکی لە سەردەکات. دەقی کراوە لە شاراوەیی خۆی دا جورێک ئیمکانی راڤە هەڵگری بۆ بەردەنگ پێکدێنێ کە دەق لە نێوەکیترین توێژی خۆیدا لە سنووری تاک مانایی تێپەردەبێ و لە تاکە راڤەیی هەڵدێ. هەڵاتنێک لە رەهەندە تاقانەکان بو گەیشتن بە جورێک چەن دەنگی و پلۆرالیزمی مانایی.

> ئەگەرچی شێعری سووزەنی بە تەواوی ناکرێ بڵێین کە شێعری زمانە. بەڵام لانی کەم ئەم شتەهەیە کە دەق سازی شیعرەسات تا رادەیەک [ئەگەرچی کەم] توانیویە ئەو رەهەندە لە زمان بەرجەستە بکاتەوە کە تا ئێستە لە دەقی کوردی دا (بە تایبەت دەقی شێعری) لە پەراوێزێکی هەرە چڕداماوەتەوە

٣

مانا لە شێعری سووزەنیدا خوێنەر بە تەواوی دەخاتە هەڵەوە. شێعری سووزەنی هەرواکە وتم، تاک راڤە هەڵگرنیە بەڵکوو «لە هەر جار خوێندنەوە دا بە جورێک بنەما شکێنی دەکرێ(١)». کەوابوو واتای ماناکان لە شێعری سووزەنی داهەر ئەوەندە بێ مانایە کە بڵێین:

ئەم قژەم/ رەشی رەش، وەک جاران
باوەڕ کە، هەناسە ئەتوانێ وەک شێعر
داتپۆشێ لە مەرگا؟ ژینە مەرگ

ئەم دەقە لە سەر بنەمای رێکردی خۆی سازندەی جیهانێک پرش و بڵاوە لە مانا مەسخ کراوەکان. خوێنەری شێعری ئەم شاعیرە رەنگە لە جاری خویندنەوەی شێعرەکەی دا تێنەگا کە دەق ساز نایهەوێ شێوەی بیر، ئایدیۆلۆژی، یا مانیفیستی حیزبێکی سیاسی بەدەقگر رابگەیەنێ. ئەویش لە پارادایمێکی مەنتیقی تاک رەهەندی دا. ئەمەش خۆی یەکێ لە هەڵە سەرەکییەکان و خاڵە لاوازەکانی ئیستراتژیای خوێندنەوەی خوێنەری کوردە.

کە خوێنەری ئێمە هیچ کات مۆدێلێکی رەوشت ناسی (Methodology) بۆ خوێندنەوەی دەق و راڤەی دیاردە بۆ شیکردنەوەی پێکهاتەی ژانرە ئەدەبییەکانی کوردی نەبووە. ئەمەش بەرای من بەهۆی دوو فاکتەری سەرەکییە کە یەکیان جۆرێک بڕوای ئایدیالیستی بە هەبوونی تەوەرەیەکی مانایی و دووهەم عادەت کردنێکی نەریتی بە ئەدەبیاتی سیاسەت لێدراوە. [ئەدەبیاتێک کە سیاسەت وەک تابۆیەک دەستی لێ وەشاندووە]

دەبێ ئەمرۆ خوێنەری ئێمە لانی کەم ئەم شتەی لا پەسند بێت کە شێعر؛ ریکۆر وتەنی زمانە لە خزمەتی زمان دا. ئەگەرچی شێعری سووزەنی بە تەواوی ناکرێ بڵێین کە شێعری زمانە. بەڵام لانی کەم ئەم شتەهەیە کە دەق سازی شیعرەسات تا رادەیەک [ئەگەرچی کەم] توانیویە ئەو رەهەندە لە زمان بەرجەستە بکاتەوە کە تا ئێستە لە دەقی کوردی دا (بە تایبەت دەقی شێعری) لە پەراوێزێکی هەرە چڕداماوەتەوە کە دەکرێ بڵێم تا ئێستە بە جورێک ئەم چەمکە یا دیاردەیە وە پشت گوێ خراوە.

لێرە بۆروونکارییەک لە سەر ئەم شتەی کە پێشتر باسم کرد دەبێ ئاماژە بۆ وتەیەکی گادامێر بکەم کەدەڵێ ؛ «ئەرکی ئێمە تەنیا دۆزینەوەی ئەو شتانەنین کەلە شێعردا هەن بەڵکوو دابین کردنی ئەو جیهانەیە کە دەقی شێعری پێکی دێنێ یائەو گەلالەیەی کە دایدەرێژێ» کە وابوو، هەر بەرهەمێکی هونەری خولقێنەری جیهانێکی تایبەت بەخۆیە، ئەو جیهانەی کە لەوێ دا ئەرکی بەرهەمی هونەری دۆزینەوەی ئەو هەقیقەتە مەزن و شاراوەیە، بەڵکوو جورێک رێژە بەستن لەگەل ئەو هەقیقەتە دایە. (هایدگێر) ئێستە ئەو جیهانە تایبەتەی کە دەقی ئەم شاعیرە بەرهەمی دێنێ و هەروەهاش ئەو شێوە لەم رێژەبەندییە، لەگەڵ ئەم جیهانە لە شێعری سووزەنی دا کامەن؟ رەنگە ئەمە پرسیارێکی سەرەکی یا بنەمایی و لە هەمان کات دا هەرە دژواریش بێ کە دەبێ رەخنەی کوردی سەبارەت بە هەموو بەرهەمە شێعرییەکانی کوردی لە مەلای جزیرییەوە تا ئێستا وڵامی پێبداتەوە....

٤

بێ گومان شێعری ئەم شاعیرە لە کاتێکدا جیهانی تایبەت بە خۆی دەخولقێنێ کە لەزەینی خوێنەردا توانیبێتی شوێنکی دیاری کراو بۆ خۆی تەرخان بکات.[ بە پێی ئەو هەلومەرجەی

کە زاڵە بە سەر پێکهاتەی زەمانی ئەدەبی ئێمە دا — کە دەکرێ نێوی ئەم سەردەمە بنێین «سەردەمی خوێنەر»]، لە لایەکی ترەوە ئەو جیهانەی کە باسم کرد، تەنیا بەشێکی خودی دەقەکە دەگرێتەوە. واتە تەنیا نیوەیەک رەنگە لەو جیهانە لە ناوەکی بوونی خودی دەق دا بەرهەم بێت، نیوەی تری لە زەینی خوێنەردا دەخوڵقێ [ئەمەش پرۆسەیەکی پێکهاتە مەندە].
دەقێکی ئەدەبی تا لە لایەن دەقگرانەوە نەخوێندرێتەوە ئیمکانی «بوون» پەیدا ناکات. [بوون بە واتای ئافراندنی ئەو جیهانە]، ئەگەرچی دەق لە رەوتی بەرهەم - هێنانی خۆی تێپەڕ بووە و لە دەقساز جیابۆتەوە- دەق کە لە جیهانی دەروونی دەقساز دابڕا، ژیانێکی ئازادو کەسایەتی‌یەکی سەر بەخۆی دەبێ بەڵام چەمکی «بوون» بۆ دەق بە گشتی جیاوازە لەو ژیانە سەربە خۆیەی کە لە دەرەوەی جیهانی نێوەکی دەقساز پێکدێت. واتە دەقایەتی دەق ئەو کاتە مانای دەبێت کە توانیبێتی خوێنەر یا بەردەنگ بە گشتی بباتە ناخی ئەو- جیهانە شاراوەوە. و لەوێ خۆی رووت کاتەوە، دەمامکە رەش و تاریکەکان دابدڕێ و خۆی بنوێنێ. خوێنەر لەم رووت بوونەوە دیالکتیکییە دایە کە دەگاتە ئەو هێزە شاراوەی کە دەسەڵاتی دەق خوڵقاندوییە. ئەم رووت بوونەوەش بۆ پێشاندانی راڤە نهێنییەکان بە جورێک دەسکەوتی هەمان دەسەڵاتە، کە دەڵێ: «خوێنەریش دەبێ لەم جیهانە دژووارە خوڵقاوە دابڕێ و بگاتە بەشێکی هەرە سەرگەردان لەو هەقیقەتە وەیلان و شاراوەی کەرێژەبەندی ئەو جیهانەیە. هەتا بەردەنگ دەبێتە بەشێک لەو جیهانەو دەبێتە خودی شاراوەی ئەو هەقیقەتە وەیلانە کە دەبێ ناوێکی‌تری لە سەر بنرێ، هەتا هەڵەمانایيەکان زۆرتر ببنەوە. ئەگەر بمەوێ ناوێکی‌تری لە سەر بنرێ حوزووری مانا لەدەقی ئەم شاعیرە دا ناو ئەنێم «دۆنادۆنی مانا»، بەو واتایەی کە مانا لەم شێعرانە دا لە ژێرپێکهاتەیەک ناوەکییەوە (Internal substructure) بەرەو لای ژێر پێکهاتەیەکی ترەوە دەکشێ. واتە مانا لە شوێنێکی دیاری کراو لە دەقەکەدا خۆی راناگرێ، بەڵکوو خۆی دائەگرێ؛ داگرتن، نەبەو واتایەی کە مانا بە گشتی رەهەندی زاڵ و بەرجەستەیە لە دەق دا، بەڵکوو مەبەستم لەم چەمکە جورێک نزیک بوونەوەیە لەباسەکەی دریدا. کە ئەو لە وشەی تێکەڵاوی فەرەنسی (diffe`rance) بۆگەیاندنی مەبەستی خۆی کەڵک وەردەگرێ. دریدا وامان بۆ دەردەخات کە جیاوازی نێوان مەدلوولە زەینیەکان (subjective signified) و شیتاڵ بوونەوەی نیشانەکان (semyon) مانایەک تر لە گوتار یان دەقێکی نووسراوەدا پێکدێنێت. هەروەها (diffe`rance) لە زمانی فەرانسی دا بەمانای درەنگ کردن یان وەپاش خستنە، یا جۆرێک وە دوواخستن. دریدا دەڵێ مانا لە دەق دابە تەواوی بۆ ئێمە دەرناکەوێ، بەڵکوو بەردەوام خۆی دەشارێتەوەو لەدەسمان دەردەچێ. ئێستە ئەگەر بەم رووکردە چاو لەدەقی سووزەنی کەین، مانا بە تەواوی لە هێندێک ئیپیزۆدی دەقەکەدا تەماویی دەبێ و ئەمەش رەنگە دەسکەوتی هەمان کایەی زمانی بێت کە دەقساز بە شیویەک ئەم کارەی بە قەستەوە کردووە.

بەڵکوو هەرواکە پێش‌تر وتم «مانایەکی تر» بۆ شتەکان بدۆزێتەوە، ئەگەرچی شاعیر لەم بووارەدا تا رادەیەک زێدەڕەوی کردووە و دەقەکە بە جۆرێک لە وڕێنەی منداڵێکی هەتیوو دەچێ لە حەوت شیرین خەودا، بەڵام بە گشتی، شاعیر لەم بووارەشەوە نەیتووانیوە بە باشی زمان و وێنە لە دەق دا ناوەکی بکاتەوە. ئەمەش رەنگە دەسکەوتی زاڵ بوونی درندەی تیۆرییە لەم شێعرە دا. چونکە شێعری سووزەنی لە کاریکاتۆری سێبەری پیرۆزی ئەو جیهانە تیۆریمەندە دەچێت کە شێعرییەتی شێعرەکەی تا رادەیەک بردووەتە ژێر خاڵێکی مەزن و کز کردووی پرسیارە وە. واتە شاعیر لێرە دەیهەوێ جۆرێک فورمووڵ یان رێسای تایبەت بۆ دەقە کەی خۆی بدۆزێتەوە. بەڵام لێرە تووشی جورێک وەهم یان هەڵەیەکی قوورس دەبێ و شێعرەکەی بە پێی تیۆری دەنووسێ.

لە واقیع دا شاعیر بە جورێک دەیهەوێ چەن تیۆری پێکەوە شێعریزە بکاتەوە [بیانشیعرێنێ]؟ کە رەنگە دابڕان لەم یاساو رێسا یانەش گەلێک بۆی دژواربێ. ئەم کێشەیە بە تەواوی رەنگە ببێتە یەکێ لە خاڵە سەرەکییە لاوازەکانی شێعری ئەم بەرە کە بە جۆریک تەسلیمی هێزو دەسەڵاتی شاراوەی تیۆری بوون لە جیهانی دەقدا.

ئێستە لێرە من ئەم شاعیرە بە تەواوی بەم شتە مەحکووم ناکەم، بەڕای من ئەم شێوە رووکردە بۆ شێعر تا رادیەک  بڕوا هەڵگەرە کە دەقساز شوێنی نادیاری خۆی لە زمان دا نەدۆزیبێتەوە. بەڵام سووزەنی وەک شاعیرێکی خاوەن ئەزموون ئەم شتەی لێ چاوەڕوانی ناکرێ بۆ نموونە چەمکی «سپی خوێندنەوە» [ازمینەخوانی] کە تەکنیکی زۆر تازەش نیە، لەم شێعرەدا ئەوەندە دووپات بووەتەوە کە دەکرێ بڵێم ئەم شتە تارادەیەک ئیدی لۆس بووە. شاعیر دەیهەوێ بەم جورە خوێنەر لە پرۆسەی ئافراندنی مانا لە دەق دا بەشداری بدات بەڵام هەر تەکنیک یا سەناعەتێکی ئەدەبی ئێستە بەهەر هۆکارێکە وە هاتبێ، ئەگەر زیاتر لە دوو جار دوو پات کرایەوە، بەهای هونەری کارەکەش بەهەمان ئەندازە بێ بایەخ دەکرێت. سووزەنی بە داخەوە ئەم شتەی قەت لە بەر چاو نە گرتوون. یان کێشەیەکی‌تر کە زۆر جێگەی باسە هێنانی برێک شتی زیادییە

**شێعری سووزەنی لە کاریکاتۆری سێبەری پیرۆزی ئەو جیهانە تیۆریمەندە دەچێت کە شێعرییەتی شێعرەکەی تا رادەیەک بردووەتە ژێر خاڵێکی مەزن و کز کردووی پرسیارە وە. واتە شاعیر لێرە دەیهەوێ جۆرێک فورمووڵ یان رێسای تایبەت بۆ دەقە کەی خۆی بدۆزێتەوە**

له دەقی ئەم شاعیرە دا، بۆ نموونە (←). تەنانەت ئەگەر ئەم شتە وەک کارکردی نیشانەی دەلالەت سازی ناکەلامی و نازمانناسی لەبەر چاوگرین دیسـان بەڕای من بـۆ خاڵی نەبوونی عەریزە یا بۆدیداریتر کردنەوەی شێعرەکەی ئەم کارەی کردووە.

بێ ئەوەی کارکردی کەرەستەی نازمانی فلێش لەم شێعرەدا بەتەواوی گۆڕابێ. ئەمەش ڕەنگە دەسکەوتی فامی هەڵەی دەقساز بێت، لەچەمکی نوێخوازی و نوێکاری بە گشتی. سووزەنی دەبێ باش بزانێ بۆ پڕبارتر کردنەوەی شـێعر [لە هەر ڕەهەندێک دا] ڕێگا و ڕەوشــتی زۆر باش ترهەن — کە دەبێ بە پێی ئەزموونی شەخسی کەشـفیان بکات. ئەم جورە کارانە بەڕای من سیمای مەعسوومی شـێعری ئەم بەرەیە، دەکاتە قۆرستانێک بێ سەر و شـوێن؛ بە قەولی خۆی دەبێتە ڕێبەستێک بۆ هاتنی ئەم جۆرە شـێعرە بۆ ناو خەڵک. هەر چەند «خەڵک» وشەیەکی بەتەواوی عەوامانایـە. بەڵام بە هۆی نەبوونی بەردەنگی حیرفەیی و کارامە لەکومەڵگای ئێمـەدا من لەڕووی ناچارییەوە لەم وشـە کەڵک وەردەگرم.

**۵**

لێـرەدا وەرگەڕانێک (Flash back) پێویســتە لە ســەر باســی پرۆسەی مانا. هەر واکە پێش تر وتم مانا لە دەقی ئەم شاعیرەدا بەگشتی تووشی جۆرێک دۆنادۆنی دەبێت.دێت، دەچێت، دێت و دەچێت. دەچێت و دێت ... من ئەم پرۆسـەیە بەسـێ ڕەوت دابەش دەکەم:

١. ڕەوتی بێ مانایی (دەق لێرەدا تاک مانایە)
٢. ڕەوتی کەم مانایی (دەق لێرە دا نەماناداره و نەبێ مانا)
٣. ڕەوتــی زۆر مانایی (دەق لێرەدا هەم مانا دارە و هەم بێ مانا)

**یەکەم: ڕەوتی بێ مانایی:**

دەق لێرەدا بە شـێوەیەکی سـەرەتایی لە ڕێسـای تاک مانایی پێڕەوی دەکات، من بۆخۆم هەر شتێک یان هەر دەقێک مانایەک تاق و سەربەسـراو بداتە خوێنەر، بەبێ مانا دەزانم.مانا لای من شـکاندنی هەر چەشـنە سـنوورێکە کە ڕێگا لە یەکسان بوون داناخا. یەکسـان بوون لەزماندا و گەیشتن بە ئاستی خولقاندنی «مانایەکـی تر» هەم لە لایەن دەقەوە، هەم لە لایەن دەقسـاز و بەردەنگەوە. (سێ ماکی سەرەکی لەڕەوتی بەرهەمێنهانی ژانرێکی هونەری دا نموونەیەک لە دێری بێ مانا [تاکە مانا] ئەمەیە:

«لە بیرتە جیهانی ئەندیشە و ڕەنگاڵە
بە نامەو/ چیرۆک و/ بە شێعر ....
وەک مێژوو کە بێ ڕەنگ..
لەمنەوە /بۆ باوکم / باوەم /باپیرم/..
من پیاوم ناوی دایک ناهێنم..»

شـاعیر بە ریزکردنی چەن واژەی بەدتەشـک و بێ قەوارە [لـە دەق دا] دەیەوێـت هێندێـک سـنوور یا ڕەنگـە نەریت بسـڕێتەوە و هێندێ شـتی‌تریش [وەک نەریتی پیاوسالاری لە کۆمەڵگای ئێمەدا] بەڵام خۆشـی لە دەقدا تووشـی ئەو نەریتە گەنیوە هاتووە، ئەگەرچی ناوەرۆکی نیوەکی شـێعرەکە جۆرێک بەرەنگار بوونەوەی ئەم سیسـتەمەیە، بەڵام شـاعیر بە گشـتی لێرەدا سـەرکەوتوو نیە. وشـەکان لە ناخی پێکهاتەی سەرەکی دەقدا سە قامگیر نەبوون. واتە لێرە زمان بە گشتی لە دەرەوەی خۆی دەبزوێ نەک لەناوەوە. ئەم وشـانە بێ هیچ چەشنە کار لە سـەر کردنێک (Prosece) جورێک پێکهاتەی شێعرەکە لە خۆی دائەبڕێ. دابڕانێک لە نێوان زمان و پێکهاتەدا.

**دووهەم: ڕەوتی کەم مانایی:**

لێـرەدا دەق هەروا کە وتم نە ماناداره نەبـێ مانا. واتە جۆرێک نیشـتەجێ بوون لەنێوان سـنووری تاک مانایی و چەن مانایی. دۆنادۆنی ماناش کە پێش‌تر باسم لێوە کرد، لەم قۆناغەی دا زۆر زەق دەبێتەوەو بە ئاشکرا ڕوونە.

ڕۆحی مانا لە ژێر پێکهاتەیەکی مردووەوە دەچێتە جەستەی پێکهاتەیەکـی ترەوە کە هەسـت دەکا هێشـتا هـەر زیندووە. ئەگەرچـی بە گشـتی مەنتقێکی ناوەکی یـان یەکیەتی‌یەکی ئۆرگانیک بە سەر گشتانەی دەقی ئەم شاعیرە دا زاڵ نییە بەڵام هەر ئەوەندە کە شـێعر لەم جۆرە دابڕانەش دا یەکپارچەیی یان گشتیەتێکی تایبەت بەخۆی هەیە کە ئەوەش ڕەنگە دەسکەوتی مێکانیزمـی زمانی شـاعیرە کە دەقەکە بە گشـتی لە دابڕان و دابەشبوونێکی دەروونی دەرباز دەکات.

لێرە زمـان گرێیەکی کوێرە بە فۆرمی شـێعرەوە کە قەت لێی ناکرێتەوە.ئەمش زانایی شاعیر نیشان ئەدا، لە سەر توانستی زمانیـی و هەڵزمانـی. کە «درگای‌تر» مان لە مانـا بۆ دەکاتەوە: وەک نە:

.... شێواوم / وەک با ... / بە ڕەشی شەوانەی تۆو..../ مزگێنی مەرگانـە بە چاوتـا/ ڕێگەدووره ... خەتای با بوو/ ئاشـقا ... تۆرا/ منیـش جگەرەیـەک / دەمئاڵێنێ لەباوە دووکەڵ/ شـەوانەتاڵ/ ڕۆژانەتیژ ..../ باوەڕکەن ئێستا کەش ڕەنگی کورد نازانم / چ تامە/ نەجگەرە .... دووکەڵ/ بیئاڵێنێ لە باوە من/....

سێهەم — ڕەوتی زۆر مانایی:

لێـرە دەق هـەم مانا دارە و هەم بێ مانـا. ماناداره چونکوو تووانیووییە چەن مانای جیاواز لە خۆی دا، کۆبکاتەوە و بێ ماناشە چۆن بە پێی فامی ئێمە لە مانا و بڕوامەندیمان بەنێوەندییەتێکی مانایی، دەمانخاتە هەڵەوە.

یاخیگەری لەزمان و فـۆرم دا زۆرتر لەم ڕەوتە ماناییە زەق دەبێتەوە. وەک:

... بیدەنگـی تۆ منم... لە خۆما/ هەناسـە/ تا.... هەتا/ وم ..... شێوا ... باوان ! .... زەمەن .... ئاخ باوان شێوا ... وم

چ ڕەنگە ئەم ئەشـقە شێواوە / ئەشـێوم / وەک نامە بۆ ئەو با کەنەهات

حـەز ئەکم هەتا ڕۆژ کە نایێ/ بتلێـم و / هەتا ڕەنگ / کە نیمە/ بتنووسـم / بەچاوت/ کەنەرم/ وەک سـەوزو / بە دەستت کەیاخی/ دواتریش / خەونـە... خەون/ هەتا کەی؟/ تەمەنی ئەم ئەرزە چەند کورتەو/ ئێمە بۆ ئەوەندە لە یەک دوور ... / بازێک .... هەزار باز / هەتا کوێ ... نازانم.

کە ئەم چەن نموونەی دوایە هیوادارمان دەکاتەوە کە شاعیر ئەگەر بیهەوێ دەتوانێ وێنەی بێ‌وێنە لە شیعردا بخولقێنێ.

٭. شیعرەساتی(٧) لە زرێبار و سروەدا بلاو بۆتەوە.

# شێعر و خوێندنەوە

هەواڵنامەی کتێب

لێکدانەوەی ڕەوتی نوێی شێعری کوردی / د. مەسعوود بینەندە | ٤٤
ئێمە لە هیوای سەوزدا ناخنکێین/ فاتمە ساوجی | ٥٤
پەڕاوێزەکانی شەوکەران/ عەبدولقادر نیازی | ٥٦
کایە بە ئەلف و بێی گریان/ یوونس ڕەزایی | ٥٨

# لێکدانەوەی ڕەوتی نوێی شیعری کوردی[١]

**د.مەسعوود بینەندە**

سەردەمی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان هەمیشە ساتی قەیران و بەرزبوونەوەی ئاستی ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەی بەرەکانی مێژوو بوون. هێزە کۆمەڵایەتییە نوێکان ڕوویان لە داهاتوویە و بانگەشەی گۆڕانی بنەڕەتی و پێکهێنانی جیهانێکی تازە دەکەن؛ و لەبەرامبەردا ڕەوتە کۆنەپارێزەکان لەژێر مەترسیی لەکیسچوونی نەزم و ڕیزبەندیی جیهانی هەبووندار و پشتبەندە نەریتییەکانیان خۆیان بە بیرەوەری ڕابردوودا هەڵدەواسن و لە بەرگرییەکی پاشڤەڕۆخوازانەدا(regressive) وێنای جیهانێکی ڕۆمانتیک دەنەخشێنن. ڕەوتی کۆنەپارێز و ڕابردووخواز، ڕۆحی مردووەکان و بیرەوەریی سەردەمی بەسەرچوو بانگهێشت دەکەنەوە بۆوەی بە زیندووکردنەوە و کەڵکگرتن لە قورسایی و هەیمەنەی ئەو فیگۆرە وشکهەڵگەڕاوانە پێش بە گۆڕانکاری و تێکچوونی جیهانی ئەفسووناوی و پیرۆزی ڕابردوو بگرن. لێرەدا و لە ئیحزاری ڕۆحی مردووەکاندا، ڕابردووخوازان تەنیا نین، هەندێ جار پێشکەوتنخوازانیش بۆ ئەوەی بتوانن لە پێکهێنانی جیهانی نوێدا سەرکەوتوو بن، بەناچار لە وزەی هێما و هێزی نیشانەکانی ڕابردوو کەڵک وەردەگرن. قارەمانە ئوستوورەییەکان، کەسایەتییە پیرۆزەکان و ڕووداوە نەتەوەییەکان لە لایەن گۆڕانکاریخوازانەوە جلوبەرگی ئێستا لەبەر دەکەن بۆ ئەوەی وەکوو پێشەنگی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی پێشکەوتنخواز جووڵاندن و بزواندنێکی سەرەکی لە پانتاییی ئێستادا بەدی بێنن. کەوایە ڕابردوو هەمیشە لە یەک ڕوومەتدا دەرناکەوێ و بۆ یەک مەبەستیش کردار نانوێنێ؛ بەڵکوو جار وایە بارستاییی ڕابردوو بۆ بەدیهێنانی داهاتوویەکی نوێ و دابڕانێکی ئەوتۆ لە ئێستادا دەکار دەهێنرێت.

لە جیهانی ڕۆژئاوا شۆڕشی پیشەسازی(industrial revolution) و هەروەها شۆڕشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەدەکانی هەژدە و نۆزدە کەلێنێکی مەزنی لەنێوان پێکهاتەی جیهانی کۆن و نوێی هێنایە ئاراوە و لە هەناوی ئەو گۆڕانکاریانەدا ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئەوتۆ لەنێوان هێزە سیاسی و کۆمەتییەکاندا هاتە ئاراوە کە هەمووی ئەو ناکۆکییانە بە شێوەیەک بەرهەم و بەرامەی دیاردەی قەیران بوون. قەیرانێک کە لە داڕووخانی نەزمی کۆن و جێگیرنەبوونی نەزمی تازەدا دەرکەوتبوو، ڕیزبەندییەکانی لە ڕووبەڕووبوونەوەی شۆڕش/دژە شۆڕش، جیهانی/نەتەوەیی، ڕیالیستی/خەیاڵکرد، پاشکەوتوو/یوتووپیایی، دارشتبوو و بەم پێیەش هوشیاری و سووژەی هاوپێوەند و گرێدراوی خۆی پێک هێنابوو. ڕەوتی ئەدەبیی ڕۆمانتیسیزم کە لە بەهێزترین بەرهەمەکانی دابڕان و قەیرانی کۆتاکانی سەدەی هەژدە و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەی ئەورووپا دێتە هەژمار لە سێ شێوازی ڕۆمانتیسیزمی تاکخوازانە، کۆمەڵایەتی و ڕەشبینانەدا دەرکەوتووە و خاوەنی هەندێ تایبەتمەندیی گشتییە کە دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا پۆلێن بکرێن:

- هاودڵی و یەکگرتوویی لەگەڵ سروشت
- گەڕانەوە بۆ قۆناغی ڕابردوو و سەردەمی پاکی و بێخەوشی منداڵی
- ستایشی گوند و لادێ و ژیانی پاستۆڕاڵ
- لەپێشێتی و گرنگیدان بە هەست و خەیاڵ لەئاست لۆژیک و ئاوەزدا
- تاسەبێژی و حەسرەتی ڕابردوو و داخی زەمەنی لەکیسچوو
- عەشق، ناهومێدی، مەرگئەندێشی، ناسیۆناڵیزم و ...

کوردستانی ئێران لەپاش مەشرووتە و دواتر دامەزراندنی ئیتنۆ-دەوڵەتی ڕەزاخانی، بەرەو ڕووی ڕەوتی مودێڕنیزاسیۆنی سەرەتایی بوویەوە و پریشکەکانی ئەم گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییە شێوەژیانی نەریتی و کۆنباوی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە. سەرهەڵدان و ڕووخانی کۆمار(١٩٤٥-١٩٤٦) و هەروەها سیاسەتی گۆڕانکاریی پاڵەویی دووهەم(١٩٤٢) شۆکێکی مەزنی گەیاندە پێکەری ژیانی عەشیرەیی لە کوردستان و ڕێگای بۆ چینێکی بەرتەسکی مامناوەند ئاوەڵا کرد کە بە

تێپەڕاندنی بازنەکانی ژیانی خێڵەکی و شـوانکارەیی روویان لە ناوەندە ئابووری و زانسـتییەکانی شارەکانی ئێران وەکوو تاران و تەوریز کرد و دەرفەتی ئەزموونگەریی مۆدێرنیتەیان وەدەست کەوت. چاوە شێخولئیسـلامی(رێبوار)، عەلی حەسەنیانی(هاوار) و سوارە ئیلخانیزادە(سـوارە) لەو لاوە کوردانە بوون کە وەکوو ئیلیتی سـەردەم لە بازنەی خوێندنی زانسـتی نوێ و هەروەتر ئایدۆلۆژیای سیاسـیی شۆرشـگێڕانەدا راهاتـن و یەکەمیـن ئەزموونەکانـی نوێخوازیـیـان لە ئەدەبـی کوردیی رۆژهەڵاتدا بـەدی هێنا. ئەم کەسـانە بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانـی ئەدەبیی گەلانی دیکە و رێچکەکانی نوێکاریـی ئەدەبی جیهانی، هەوڵی نوێکردنەوەی شـیعری کوردی دەخەنە گەڕ و هەنگاوەکانی سـەرەتایی لەم ئاراستەیەدا هەڵدەهێنن.

سـوارە لە شیعری شاردا رەوایەتی سووژەی دابڕاو لە ژیانی عەشـیرەتی و خوونەگرتـوو بـە تەنـگ و چەڵەمەکانی ژیانی شاری دەگێڕێتەوە و لە سـۆنگەیەکی رۆمانتیکییەوە هەوڵ بۆ بەرسـازدانی هوشـیارییەکی تازە لە پانتاییی ئەدەبی کوردی ئـەدات. تایبەتمەندییەکانی ئـەم ئەزموونە چەنـد رەهەندی جیاواز دەگێڕێتەوە. یەکەم ئەوەی کە سوارە وەکوو نامۆیەک لە پانتاییی شـاری تارانـدا خۆی دەبینێتەوە؛ شـارێک کە نەتەنیا بەسـتێنی لەبار نییە بۆ کوڕی عەشـیرەت و سەوداسـەرێکی هەڵوەدا، بەڵکوو لە زمانی ئەو تێ ناگات و دژ بـە خولیا و ئاواتەکانی دەوەسـتێتەوە. تاران، پاریس نییە کە جیاوازییەکان راکێشێت و دەرفەتەکان بە یەکسانی دابەش بکات، تارانی ئەو سەردەمە تەنیا درگا لە ئەزموونێک دەکاتـەوە کـە لە ژیانـی گوندیـی کوردسـتاندا ئیمکانی بەرێوەچوونی نەبوو و ئەمەش بۆ خەیاڵی جیاوازخوازی شاعیر خـۆی لە خۆیدا دەرفەت دهاتە هەژمـار. تاران لە روانگەی سـوارەوە سـیمایەکی دژوازی تێـدا چنراوە، لـە لایەکەوە ناوەندی سـەرکوتکاری و بنەبڕکردنی هیواکانی کوردە کە لە رووخاندنی کۆماردا دەوری گێڕاوە؛ لە لایەکی ترەوە بەستێنی ئـەو نابەرابەرییـە کۆمەڵایەتییەیە کە هوشـیاریی چینایەتی دەورووژێنـێ و ئاسـۆکانی داهاتوویەکی گەش لە ئاسـمانی تەماویدا، دەردەکەوێت. رۆحی سـەربزێوی سوارە لە قەفەسی ئاسـنینی تاران هەڵدێت بەڵام تەرمەکـەی وەکوو فۆرمێکی زامدار؛ شەقار شەقار و بریندار، لەسەر تەختاییی ساردوسڕی کۆنکرێتی خیاباندا بەجێ دەمێنێت و لە دوا هەناسـەکانیدا، پەیڤەکانـی یەکەم پرۆژەی ئەدەبیی شـیعریی نەوەی نوێ دەپرژێنێت:

**شار**

گوڵم!
دڵم پـڕە لە دەرد و کوڵ
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت
ئەڵێم بە جامێ ئاوی کانیاوی دێیەکەم
عیلاجی کەم کوڵی دڵی پڕم، لە دەردی ئینتیزارەکەت
وەڕەز بوو گیانی من لە شار و هارە هاری ئەو
لە ڕۆژی چڵکن و نەخۆش و تاو و یاوی شەو
ئەڵێم بـڕۆم لە شارەکەت



لە شاری چاو لەبەر چرای نیئۆن شەوارەکەت
بـڕۆمە دێ کە مانگەشەو بزێتە ناو بزەم
چلۆن بژیم لە شارەکەت
کە پـڕبەدڵ دژی گزەم؟!
لە شارەکەت، کە ڕەمزی ئاسن و منارەیە
مەلی ئەوین غەوارەیە
ئەڵێی لە دەوری دەست و پێم
ئەوەی کە تێل و تان و ڕایەڵە، کەلەپچەیە
ئەوەی کە پەیکەرە میسالی داوەڵە
ئەوەی کە دارە تێلە، مەزهەری قەنارەیە
لە شارەکەت کەمەندی دووکەڵە
کە دێتە دەر لە ماڵی دەوڵەمەند
و تیشکی بێگوناهی خۆرەتاو ئەخاتە بەند
لە هەر شەقام و کووچەیەک شەپۆڕی شینە
دێ بەرەو دڵم
دەستی گەرمی ئاشنا نییە کە ئەیگوشم
دەستی چێوییە
لە شارەکەت زەلیلە شێر،
باوی ڕێوییە
بە هەر نیگایەک و پەتایەکە
ئەڵێم بـڕۆم لە شارەکەت
گوڵم، هەرێمی زۆنگ و زەل
چلۆن ئەبێتە جارە گوڵ
لە شاری تۆ، لە بانی عەرشە قۆندەرەی دڕاو
شارەکەت
ئاسکە جوانەکەم!
تەسکە بۆ ئەوین، بۆ خەفەت هەراو
کێ لە شاری تۆ، لە شاری قاتڵی هەژار
گوێ ئەداتە ئایەتی پەڕاوی دڵ؟
منێ کە گۆچی تاوی گەرمی بەردەوارەکەی عەشیرەتم
بە دارە تەرمی کووچەکانی شارەکەت
ڕانەهاتووە لەشم
بناری پڕ بە هاری دێ
ڕەنگی سوور و شین ئەدا
لە شێعر و عاتیفەی گەشم
ئەڵێم برۆم لە شارەکەت گوڵم

(سوارە ئیلخانیزادە، خەوە بەردینە)



شۆڕشـی ئێران هەنـدێ لەو هێزە کۆمەڵایەتـی و فیکرییانە ئازاد دەکات کە لەنێوان جیهانی کۆنباوی عەشـیرەتی و شـێوەژیانی مۆدێرندا پەنگیان خواردبووەوە و ملبەند و ئەستۆگری دۆخی دژواز و هەڵپەسێردراوی مۆدێرنیتەی سیاسـی و ئابووریی پڕتاوی پاڵەویی دووەهەم کەوتبوون. پاش شۆڕشی ٥٧ ئەو هێزانە بە گوڕوتینێکی تەواو دێنە گۆڕەپان و چەک لەشـان و قەڵەم لەدەست دەکەونە بەربەرەکانێی ئەو هێزانەی کە تا ئێسـتا خۆیان بە کۆیلە و گیرۆدەی دەزانی. ئەحمەد بازگر لە شـیعری گۆمەشـیندا ڕەوایەتی فاوستی ئەم سووژە نوێیە دەگێڕێتەوە کە لەژێر تیشکی مەشخەڵێکی پرۆمتیوسیدا[٢] و بە ئیرادەیەکی هێرکوولیەوە[٣] بەرەورووی سەرکەشـی و بێباکیی سرووشـت دەبێتەوە و بەڵێنێکی هیومانیستی لە چاوی مێدۆساوە[٤] تۆمار دەکات:

**گۆمەشین**

پێت ناخنکێندرێم گۆمەشین!
لەخۆبایی ئەی گۆمەشین
ڕەنگە بەوەی شەپۆلەکانت
بە گرمە و لرفە و هاوار و هەڕەشەن،
گێژ دەخۆن و خۆ بە دیواری هەڕۆڵی شاخا دەدەن
بایی بووبی و ڕفاندبێتت
ئەو هاوڕێی هاوسەنگەر،
ئەو ڕۆڵەی شیرین!
ئەی وەیشوومەی نەهات،
بەس لەبەر چاوی گیاندار و پەلەوەری دەوروپشتت
خۆبایی کە!
بە قاقای ڕەش، بە نێوچاوانی وا گرژت
ئاوازی دەلووشم دەکۆژم بەس بخوێنە!
گوێ ڕادێرە
بزانە بە گژ کێدا هاتووی!
بمناسە و بە هەموو چۆمان و
بە دەریا و خەلیج و ڕۆخم بناسێنە!
لەمپەرەکەی دەریای دووکان،
کە پێش بە تۆ و چەند ڕووباری لە تۆ بەلرفەتر دەگری
دەسکردمە!
ئەو کەشتیە مەزنانەی
هەزار شەپۆلی سەرکێشی تۆف دەشێلن،
دەسکردمە!
ئەو ئاگرەی کە دەیبینی ستەمکار هەڵدەقرچێنێ
دەسکردمە!
من کارگەرم، من ڕەنجدەرم،
من ئینسانی تێکۆشەری جەنگاوەرم!
پاش وەی سەری سەرکوتکەرم پان کردەوە،
ئەمجار دێمە سەرینی تۆی لەخۆبایی،
شەرتبێ وەها بتبەستمەوە،
بە هەورازا، بە نشێوا،
وێنەی ئەسپێکی دەستەمۆ،
بە دەشت و دەرا خۆشئاژۆ،
وا بتبەم و بتگێڕمەوە،
لەبن هەموو دارێک، هەموو بنچکێکدا،
چۆک دابدەی؟ سوجدە ببەی،
بۆ دار، بۆ گوڵ، بۆ گەنم، بۆ ئاوەدانی!
دەستی ماندووم،
پڕ بکەی،
لە سەوزەڵانی، لە هەرزانی!
لەسەر دەرکەی،
خەیاڵی زیانەخرۆیی و خنکاندن و ماڵوێرانی!
لەسەر دەرکەی،
ئەو بای سەری لەخۆباییت،
لەبەر پێمدا،
لەبەر پێی ئینسانی ڕەنجدەر،
کش و ماتی مەندیی گۆمت:
لە ترسانا بلەرزێنی!
لەبەر دەست و دەسەڵاتی
منی داهێنەر،
منی داهێنەری خۆلقێنەر،
سەری تەسلیم،
چاوی ڕێزگرتن و تەعزیم،
دانەوێنی!

(ئەحمەد بازگر، هاوینی ١٣٦٢ هەتاوی)

سووژەی شیعری شاری سوارە، شۆڕشگێڕێکی بە ڕەچەڵەک گوندییە کە بەرگەی ناکۆکی و دژوازییەکانی خیابان و ئاپارتمان و کۆنکرێتی مرۆڤبردەی ئەوانە ناگرێت و هەوڵ ئەدات نامورادی و نامۆییەکانی شار نە لە ڕێگای ئەزموونی شار و لە قووڵاییی ناکۆکییەکانیدا بەڵکوو لە دەسبەسەرداگرتنی شار لەڕێگای گوندەوە چارەسەر بکات. سووژەی خەونباز و هەروەها ئەویندارى سوارە لە سووژەی پەرەپێدەری ئەحمەد بازگردا درێژ دەبێتەوە تاوەکوو ڕۆمانتیسیزمی تاکەکەسی و سروشتخوازانە، لەگەڵ ڕۆمانتیسیزمی کۆمەڵایەتی و مێژوویی شیعری نوێی کوردی هەنگاوێ بەرەو پێش بهاوێن. شۆڕش سەر دەکەوێ و خەونی ڕۆمانتیکیی خەونبازان دێتە دی، بەڵام خەیاڵی پاستۆراڵی شۆڕشگێران کە لایەنی بزۆز و دەسپێڕانەگەیشتووی مۆدێرنیتەیان ڕەچاو نەکردبوو، شۆکێکی دڵکوت و هەژێنەری وەبەر دەکەوێ. ئەو واقیعەی کە ڕەنگە شەپۆلە سەرکەشەکانی گۆمەشین وەکوو ئەسپێکی دەستەمۆ ڕاگیر کرابێت بەڵام چیدی ئەم ئەسپە لە ئەسپێتی کەوتووە و ئەم جارەیان ڕاگیربوون و زێدەبوونی زەربەتی پێڵاوەکانی لەسەر وزەی مرۆڤ، عەقڵێکی کەرەسەمەند(instrumental)ی پێک هێناوە کە ئامادەیە تەنانەت دەوری خاوەنەکەشی بتەنێتەوە و ئاسۆی چاوی لە بیابانی بێ ڕێگا و بێ ئاسۆدا هەڵە بکات. بیرۆکراسییەکی مەزنتر و چاوەدێرییەکی بەربڵاوتر و تەنگەتاوکردنێکی هەمەلایەنەتر؛ هەمووی ئەمانە هاوزێدی ئەو خەونە پیرۆزانە بوون کە پیرۆزیبردەیی(profanation) خۆیان بە خەیاڵدا نەدەهات و ئاشیان لە بەرزەجێیەکی نادیاردا دەگەڕا. ئەم شۆکە ئاراستەی خەیاڵی خەونبازانەی بەرەو قووڵاییەکانی هەناوی خۆی و هەبوون و نەبوونی جیهان ڕۆبرد و مرۆڤێکی ڕەشبین و خواروخێچنوێنی بەرهەم هێنا. قەدەر وابوو کە چارەنووسی فاوستی پەرەپێدەر لە مرۆڤی تراژیکدا تووشی دەروونبینیی ئەگزیستانسیالیستی بێت و چارەنووسی دۆزەخیی خۆی ڕەوایەت بکات. بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانی جەلال مەلەکشا، سیزیێفئاسا بەرەو ڕووی دۆخێکی بێواتا، چەن پاتە، بێمەبەست و دۆزەخی دەبێتەوە و بە هێوایەک کە ئاکامی بێهیوایيە گاشەبەردەکەی لە کۆڵ دەنێت.

ـ ئەم سەردەمە/ چەرخی دەردە/ سەردەمی تەنیاییی ئینسانە/ تۆ نازانی/ لەکام لاوە/ لە دۆزەخی تەنیاییدا/ لاشەت دابێژ دابێژ دەکەن.

ـ ژیان، خاچێکی گرانە/ من وەک عیسا/ بەرەو گردی یاخیبوون، کێشی دەکەم/ یان، گاشەبەردی تاوانە/ من وەک سیزیف/ لە بناری منداڵییەوە/ هەتا لووتکەی مەرگی دەبەم!/ هەرچەندە بارم

زۆر گرانە و/ هەزار ساڵە / ئەم هەورازە تووشە دەبڕم/ بەڵام شادم/ کە سەرئەنجام/ لە جولجوتای عێشقا دەمرم!
ـ دەستم لێ هەڵبگرە/ من خەڵکی دنیا نیم.
ـ لەنـــاو گڕ و کڵپەی پڕ لە ئازاری ئەم دۆزەخەدا/ دەســـووتێم و هەڵدەقرچێم/ ڕۆژێ هەزار کەڕەت دەمرم!/ ئەو بەهەشـــتە شاد و سەربەســـتە بۆ ئێوە و بەکامتان بێ/ من تەنیا هەر لەم دۆزەخە/ هەست بە بوونی خۆم دەکەم و ئارام دەگرم!
ـ ئەی ڕێبـــوارە غەریبەکە/ بەم لا و بـــەو لا چاو مەگێڕە/ خێڵ ڕۆییوە/ تەنیا جێگەی کوچکاورێک/ بەجێ ماوە لەم هەوارە/ ئەم گەردالە/ تەپوتۆزی خۆڵەمێشی یادەکانە/ ئەو چنوورە کێویلەیەی/ بۆی دەگەڕێی/ ئێســـتا گوڵێکی دەستەمۆی/ نێو گوڵدانی خەڵکی شارە.

(جەلال مەلەکشا، زرەی زنجیری وشە دیلەکان)

ڕۆمانتیســـیزمی ڕەش و ڕادیکاڵـــی مەلەکشـــا، چیرۆکی مرۆڤی کێشـــەمەند و تراژیکە، ئەو مرۆڤەی کە لەسەر بەستێنی شکست و داڕووخان پێهەڵدەنێ، بەڵام هەمدیســـان پەنجەی لە پەنجەی دێوەزمە ناوە و خەریکی «نە»وتنێکی قارەمانانەیە، قارەمانێک کە لە پێشدا دۆڕاوە بەڵام دەیهەوێ لە ساتی کەوتنیدا دەنگی دەنگ بداتەوە و برووســـکەیەک لە تاریکیی شـــەوەزەنگا بۆ چرکەیەک هەڵبکا تاکوو داســـتانی ئەو ســـەربزێوی و ملنەدانە تۆمار بکات. مەلەکشا لە ئەزموونی خۆیدا ڕێچکەی سوارەیی بەر ئەدات و پەنا بۆ سێ کوچکەی شێرکۆ/هەڵمەت/پەشێو دەبات بەڵام ئەم هەوڵە بە ڕێزمانێکی ســـاکارتر و بازنەیەکی بەرتەنگتری وشەوە دەباتە پێش هەر بۆیە دەتوانین بڵێین شـــیعری مەلەکشایی تەنانەت لە ترۆپکی تیژبێژی و بەرزەفڕیدا ڕوخســـارێکی منداڵانە و ساکارانە لە شیعرەکانی ســـێ کوچکەی ناوبراو دەنەخشێنێ و لە بازنەی هەندێ وشـــە و وێنەی بەردەوام دووپاتە و چەندپاتەدا قەتیس و سەرگەردان دەمێنێتەوە.

ســـووژەی ڕادیکاڵ و ڕەشـــنوێنی جەلال لـــە مارفی ئاغایی و ژیـــلا حســـەینیدا پاڵاوتە دەبێت و تا ڕادەیەک تاکەکەســـیتر دەبێتەوە. مارف کە سەرقاڵی گێڕانەوەی ڕازی مانەوەی خۆیەتی لە خاکدا، لە ئیماژیسمدا قووڵتر دەبێتەوە و هەرچەندە شەوەکانی پڕ دەبێتەوە لە تەنیایی من و بێتۆیی تۆ، بەڵام بەردەوام هوژدار دەدات کە زیندووبوونتان بسەلمێنن.

گۆڕستانی وڵاتی من
سەدان گۆڕی
چاوەڕوانی تەرمی لێیە،
زیندووبوونتان بسەلمێنن،
دەنا لێرە
وەنەوزیش هەر
ئاویلکەیە

(مارف ئاغایی، زەوی سەخت و ئاسمان دوور)

پانتایی وشـــە و وێنـــەی مارف لە مەلەکشـــا بەرزتر دەڕوات و هـــاوکات لە ســـێ کوچکـــەی باشـــوور نزیکتر دەبێتـــەوە. ئەم نزیکبوونـــەوە ئەگەرچی ئاســـۆی تازەی لە پێـــش چاوی مارف

کردۆتـــەوە بەڵام هاوکات دەستئاوســـانی ئەو چەشـــنە ڕێبازەی کردوە و چون نەیتوانیویـــە خۆی لێ دەرباز بکات یان داهێنانی نوێی تێـــدا بەدی بێنێت، پێمل بە دووپاتە و لاســـاییکردنەوەی بۆتـــەوە و تا ڕادەیـــەک بەربەســـتێکی لە پێـــش هەنگاوەکانی خولقاندوە. تاکەکەســـیبوونەوەی ئەزموونی ڕۆمانتیسیزم هەروەها لە شـــیعرەکانی ژیلادا بە شێوەیەکی تایبەتیتر سەر هەڵئەدات و ئەویندارییەکـــی «ژن/کچ»انە(نە دەنگی ژنانە) دەبێتە تانوپۆی ئەو دەقانەی بڕیارە هەنگاوێ لە هەنگاوەکانی ڕەوتی نوێی شـــیعری کوردیـــی ڕۆژهەڵات تۆمار بکات: ژیلا کە دڵـــی برینداری وێڵی خەیاڵێکی ئەویندارە، خۆزگە بە پەلکەزێڕینە ئەبات و چاوەڕوانی پەنجەی خۆشەویســـتییە تاوەکوو ببێتـــە بزوێنەری دەربڕینێکی شێعرێکی نوێ.

دڵی تەنگم سێتارێکە
کاتێ پەنجەی خۆشەویستت
تاڵی کەزیەی تاسەکانی ئەبزوێنێ
لەو ساتەدا یادی ماندووی ئەلەرزێنێ
ئاوزی خەم لێ ئەدات و
پڕ بە زاری شیعرێکی نوێ ئەچریکێنێ

(ژیلا حسەینی، گەشەی ئەوین،١٣٧٤)

ژیلا و مـــارف بە کۆچی نـــاوادە پرۆژەی ناتـــەواوی خۆیان بۆ هەنـــدێ دەنگی تـــر بهجێ دێڵن کـــە لە ڕاســـتیدا بڕیار نییە تەنیا ئەو ڕێچکەیە ئەوانە ببڕن و ئەزموونی شکســـت تەنیا لە خۆشەویســـتیی دڵ و ئەوینداریی نیشـــتماندا ئاماژە پێ بدەن. پرۆژەی شـــیعریی داکار، ڕەوتی نوێترخواز و هەروەها شـــیعری بەرەی چوار-جیاواز- ســـێ ڕەوتی هاوشـــێوە بوون کە لە ئایدیا و تیۆریـــدا بە بەرئەنجامێکی لێک نزیک گەیشـــتبوون بەڵام لە ئەزموونداتا ڕادەیەک لێک جیـــاواز دەردەکەوتن. داکار بەپێی دەربڕینی بەیاننامەی ژمـــارە یەکی کە لە ١٣٧٧ی هەتاوی لە مەریوان هاتە وەشـــاندن، خۆی بە پـــرۆژەی ئەدەبی- هونەریی پێشڕەوی کوردی ناودێر کرد و خولیای سەرهەڵدانی بەرەیەکی ئاوانـــگاردی هونەری ئەدەبیی هەڵگرتووە و ئاماژەیان بە هەندێ خاڵ داوە؛ وەکوو: نوێگەری لە باری فۆرم و ناوەرۆک، ڕوانینێکی ئەورۆیی و ئێســـتایی بۆ مرۆڤی هاوچەرخ، شـــیعرینەکردنەوەی ژیـــان، تێپەڕاندنی ئەدەبی بەرگری بەرەو ئەدەبی ســـەربەخۆی هەڵمەت، شـــلکردنی جڵـــەوی ناخودئاگا و ناســـینی مەدلوولە زەینییەکان و بەرهەمهێنانی مرۆڤی ژەڤەر کورد. ئەم خاڵانە کە وەکـــوو بنەمای فیکریی پرۆژەی داکار دیاری کراوە تێکەڵاوێکە لە توخمـــە فیکرییەکانی ڕێبازە ئەدەبییەکانی وەک، فۆرماڵیزم، پێکهاتەخوازی، پاشـــپێکهاتەخوازی، سوررئاڵیزم، ئاوانگاردیزم و چەن ڕەوتی دیکە. لە ڕاســـتیدا ئەم مانیفســـتۆیە، بەیانی کۆی ڕێبازە ئەدەبی و فیکرییەکانی سەدەی بیستەمی ئەورووپایە کە هەرکامە و لە سەردەمێکی تایبەتی مێژوویدا و بە ئاڕاستەیەکی جیاوازەوە هاتنە ڕۆژەڤەوە و لە زۆر شوێنیشدا بۆ بەرپەرچدانەوە و تێپەڕاندنـــی یەکتـــر جووڵـــەی ئەدەبـــی و هونەریی خۆیان وەگەڕ خســـت. لە ڕاستیدا ئەم مانیفســـتۆیە بەرهەمی خولیای نوێخوازیـــی مرۆڤێکی کوردی ڕۆژهەڵاتـــە کە لەژێر کاریگەریی

وەرگێڕانە فارسییەکانی حەفتاکانی هەتاوی لە ئێراندا لەناکاو چاوی بە کۆیەک ڕێباز و ڕەوتی ئەدەبی هەڵهێنا و فورسەتی خوێندنەوە و دەروونیکردنەوەی تاک بە تاکی ئەوانەی نەبوو، سەرەڕای ئەوەش کە مەبەستی سیاسیی پێشخستنی دۆزی کوردیشی لە بەرچاو بووە و بۆیە دەکرێ بە ڕوانینێکی خێلوخێ چبینانەوە(ئانامۆرفۆتیکی)، مەبەستێکی بنەماییتر لەهەناوی ئەم مانیفستۆیەدا ببینین کە تا ڕادەیەک شاراوەیە: ڕۆمانتیسیزم. باسکردن لە جەماوەر و بەجوانیناسانەکردنی ئەو چەمکە ئەو کەڵکەڵە ڕۆمانتیسیستییەیە کە لە دەربڕینی ئینسانی «ژەڤەر کورد» یان سوپێرماندا بەڕوونی خۆی دەنوێنێ؛ چەمکێکی «نیچە»یی کە لۆکاچ بە بیرۆکەیەکی دژەئاوەزخوازانە(irratio nalism) و هەوێنی سەرهەڵدانی فاشیزم پێناسەی دەکات. ئەم دژوازییە لەوەیدا کە داکار مەبەستی نوێکاری و ئاوانگاردیزمی ڕاگەیاندبوو بەڵام خولیای خەونبازانەی ڕۆمانتیسیزم داڵدەی دابوو، بووە هۆی تەقینەوە و تێکچڕژانی ئەو وزە و هەوڵانەی کە مەبەستی نوێخوازانەی داکار لە تەنیشت یەک کۆیانی کردبووەوە، هەر بۆیە بەشێکی زۆری ڕاوەستا و بەشێکیشی لە ڕەوت و ڕێبازی جیاوازدا ڕێگای خۆی جیا کردەوە.

پرۆژەی نوێترخوازانەی ساڵەحی سووزەنی و شیعری شێتی یوونسی ڕەزایی و بەرەی چواری ڕەزا عەلیپوور لە سەردەمی پاش داکاردا هەوڵێکی نەرێکارانە(negation) و بردەگەرانە(sublation) دەهێننە گۆڕی تاوەکوو هاوکات کە خولیای بەسەرچووی داکار دەسڕنەوە، هەوڵ بۆ دەستەبەرکردنی مەبەستە نوێباوەکانی بدەن. ئەم ڕەوتە شیعرییانە کە ئەزموونی نوێخوازی و پاشنوێخوازیی ئەدەبی فارسی و هەروەها ئەدەبی گەلانی تریان دیوەتەوە، دەگەڕێنەوە سەر ئەو پرۆژەیە کە سوارە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو دەیە لەمەو پێش، بەشێوەیەکی ناتەواو بەجێ هێشتبوو و تەنانەت بەدواداچوونی پاش خۆی نەیانتوانیبوو پرسگری سوارەیی واتە پرسی «شار» بووروژێنن و لە بەپرۆبلێماتیککردن و بەدەقکردنیدا هەنگاوێکی ئەوتۆ هەڵبێنن.

دیالێکتیکی ژیانستی ئاوەزی و هێزە مادییەکان لە سەدەی نۆزدەی پاریسدا، ئەو بەستێنەیان پێک هێنا کە بودلێر لە سێ ئاڕاستەی جیاوازەوە ڕۆمانسی ژیانستی مۆدێڕنی لەسەر نووسیەوە:

## ڕەوایەتی پاستۆراڵ، ڕەوایەتی دژەپاستۆراڵ و ڕەوایەتی بودلێری

کاتێ کە بودلێر پێبەستە و سەرمەستی لایەنی بریقەدار و بێخەوشی کەشوهەوای شاری دەبێت تەواوی ڕەهەندە کێشەمەند و تاریکەکانی شار لەبیر دەباتەوە و گشتێتیی شار لە کۆلکەزێڕینەی داربرقەکان و جوانی و پڕتاویدا قوتار دەکاتەوە. لەم ڕوانگەوە مۆدێڕنیتە لە شێوازی «مۆدێڕنیتەی بێوەری لە فرمێسک و زام»دا دەردەکەوێت و دژوازی و ناکۆکیی دواهاتە دزێو و دژەئینسانییەکانی دەکەوێتە سێبەرەوە. لە ڕەوایەتی دژەپاستۆڕاڵدا بودلێر لەئاست ڕەوتی پێشکەوتن و پاشهاتەکانی هەڵوێست دەگرێت و بێهیواییی فەرهەنگیی خۆی لە ڕەخنەکاریی «ڕۆمانسی مۆدێڕنی پێشکەوتن»دا تۆمار دەکات. بەڵام بودلێر لە هیچکام لەم ئەزموونانەدا نامێنێتەوە و بەردەوام هەوڵ ئەدات شار لە شارێتیی خۆیدا بخوێنێتەوە و دەستەمۆی هیچکام لە دەسەڵاتە داسەپێنەر و دەستەمۆسازەکان نەبێت، هەر بۆیە لە بزۆزیی شەقام و ئاژاوەی ترافیک؛ و ئاپۆرەی خەڵکدا چێژی ونکردنی خەرمانەی پیرۆز و نادابینکراوی زەمەنی تێپەڕبوو لەئامێزگرتن(espouse)ی واقیعی ساکاری کووچە و کۆڵانان دەستەبەر دەکات.

لە نیوەی دووهەمی



حەفتاکاندا لە ئێران بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی هاتە ئاراوە کە خوازیاری کرانەوەی کەشی سیاسی و هەروەها پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکییە فەرهەنگییەکان بوو. لە ڕاستیدا ئیرادەیەک لە هەناوی ئاپۆڕەی خەڵکەوە سەری بەرز کردەوە و خوازیاری وەرگرتنەوەی خیابان (reclaim the streets) و بلوار و تەنانەت پانتایی ڕۆژنامە و گۆڤار و جیهانە مەجازییەکان بوو. لەم سەردەمەدا کە شار وەزلە کەوتبوو و هەڵسووڕان و بەرهەمهێنانی سیاسی و فەرهەنگی پرتاو بووبوویەوە؛ ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانە کە تا ئەو سەردەمە لە ژێرزەوینی شاردا و لە پەراوێزی ناوەندەکانی پێوەندیگرتن و ڕووبەڕووبوونەوەدا تەریک کەوتبوونەوە سەریان هەڵهێنا و لە لێگەڕان بەدوای شێوازە جیاوازەکانی ئەزموونی ئێستایی و سەردەمیدا، نواندنەوە و ڕەوایەتی خۆیان بەرهەم هێنا. سووژەی نەرێکاری خوێندکاری ڕادیکاڵ، ڕۆژنامەنووسی ڕووناکبێژ، ڕەخنەکاری سیاسی، ژنانی یەکسانیخواز و کرێکاری مافخواز لە هەناوی خەڵکەوە سەریان بەرز کردەوە و هەرکامە و لە ئۆرکێسترای شاردا بەپێی نۆتی خۆی دەنگێکی هەڵدەهێنا و لە ڕۆمانسی مۆدێرنیتەی شاریدا چیرۆکی کاراکتەرێکی دەگێڕایەوە. شەپۆک و زەربەتی ئەم گۆڕانکارییانە لە ڕەوتی بزۆزی و پرتاویی شاردا، فیگۆرێکی نوێیان لە پانتایی ڕسکاندن و ئەفراندنی ئەدەبیدا بانگهێشت کرد کە بانگەشەی تێپەڕاندنی سنوورەکان و تێکشکاندنی فتیشە نەریتییەکانی دەکرد. فیگۆرێک کە هەوڵی دەدا شوناسی چەقبەستووی ڕابردوو، لە شوناسخوازیی بەردەوام و پەیتا پەیتای دۆخی نەوەستاوە و تێپەڕبوودا بتوێنێتەوە و بووتیقایەک لە ڕانەوەستان و دەسڕانەگەیشتوویی شار بنووسێتەوە.

سالەحی سووزەنی لە وەسف و وێناندنی دیاردەکاندا کەڵک لە هێما سوواو و سواوەکان وەرناگرێ؛ بۆ نموونە لە ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕدا ئاڵای سپی و گەڵای زەیتوون و کۆتری باڵشکاو دەکار ناهێنێ بەڵکوو لە گەمەیەکی فۆرماڵیستیدا و لە تێکشکاندنی ڕیزبەندی و ڕێزمانی وشەی شەڕدا، بنەمای عەقڵی دووجەمسەریی شەڕ/ئاشتی هەڵدەوەشێنێتەوە و دەڵێ:

شەڕی ناو ئەم دێڕە؛
بە شینەوە دەست پێ دەکا و
بە «ڕێ»وە کۆتایی دێ...
کەوایە ئەو «هێ» قۆڕە چ گێ و وویەک دەخوا لەو بەینەدا!
بیسڕنەوە!
ئەو کات ئەوەی کە ئەمێنێ «شڕ»ە ماعیر!

ئاوانگاردیزمی سووزەنی،
لە ئاستی دەربڕینی واتا
و ناوەرۆکێکی جیاوازدا
ناوەستێتەوە و بەوە
گەیشتووە تاوەکوو بنەمای
گەمەکە نەشێوێت، لۆگۆسی
حەقیقەتخوازانەی شەڕئەنگێزانە
هەر بەردەوام دەبێتەوە و
زمانی وێژەوان و هەستی وێژە
هاودەستی تاوانبارانی شەڕ
کردار دەنوێنێت

گەمەکەش هەمووی دەشێوێ....
(سالەح سووزەنی)

ئاوانگاردیزمی سووزەنی، لە ئاستی دەربڕینی واتا و ناوەرۆکێکی جیاوازدا ناوەستێتەوە و بەوە گەیشتووە تاوەکوو بنەمای گەمەکە نەشێوێت، لۆگۆسی حەقیقەتخوازانەی شەڕئەنگێزانە هەر بەردەوام دەبێتەوە و زمانی وێژەوان و هەستی وێژە هاودەستی تاوانبارانی شەڕ کردار دەنوێنێت. سالەحی سووزەنی لە قۆناغێکدا دەوری مارسل دووشانی شیعری کوردیی گێڕاوە، حازر-ئامادە(ready-made)کانی توانیویە وەکوو شەپۆکێک، خەونی سەرەڕۆخوازانەی ڕەوایەتی هاوگرتوو و واتاگەرانەی ڕۆمانتیسیزم بڕەوێنێتەوە و لەڕێگای شیزۆفرنیای زمانییەوە، عەقڵی نەریتی و هاوسەنگخواز بەرەورووی تەنگژە بکاتەوە. هەوڵی زمانپەرێشانەی سووزەنی داڵەکانی زمانی شیعری، لەژێر ئۆتۆریتەی مەدلوولی باوانخوازدا ڕزگار دەکات و ڕێگا بۆ نەوەیەک دەکاتەوە کە دەیانهەوێت بێبەربەست ئەزموونی ئەورۆییی خۆیان نە لەژێر نیگای واقماوی ئەویدییە مەزنەکان بەڵکوو لە لێگەڕانێکی بەردەوام بەدوای ژویسانسی مەرگ و شێتی و شاگەشکەی نامومکینی هاوجووتبووندا تۆمار بکەن. پرۆفانەکردنی سووزەنی واتە بێئابڕووکردنی وشە پیرۆزەکان بە ڕەهەندێکی گاڵتەجارانە و کینایی، خەرمانەی پیرۆزی شیعری ماقووڵ و تابۆنوێن تێک دەشکێنێ و دەڵێ:

شاعیریان گوتووە گوو.. بخوا و خۆی هەڵمسێنێ
⟵ / تازەگەریی ی ی/ ⟶
کە بەردی بە ئاسمانەوە وەستاندووە
باڵی کردۆتە مل کەر
{ئەرێ شاعیر ئازان}
بە کەوش ئەڵێن بفڕە !
بە مەل ئەڵێن بدووا!

(سالەح سووزەنی، بە ژمارەی تەلەفۆنەکانی عالەم)

ڕەزا عەلیپوور کە لە حەفتاکانی هەتاویدا بە دەرکردنی بەرهەمە شیعری قاڵبیەک دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە وەکوو پێشەنگی بەرەی چوار ڕچەشکێنی دەکات و ڕێگایەکی نوێ بۆ دەربازبوون لە بنبەستی داکار پێشنیار دەکات. پاش دە ساڵ لە ئەزموونکردنی ئەم ڕێبازە نوێیە لە لایەن کەسانی جیاواز و بە گۆشەنیگای جیاوازەوە میراتێکی نە چەندان بەرچاو دێتە بەرهەم کە هەر شاعیرێک بە چەند شیعر یان یەک دوو بەرهەمی چاپکراو بەشداری تێدا دەکات.

لە نەوەدەکانی هەتاوییەوە بەدواوە کە ئیمکانی ئاوردانەوە و هەڵسەنگاندنی زۆرتر لە یەک دەیە ئەزموونی ئەم ڕێبازە دێتە ئاراوە خەسارناسی و لێکدانەوەکان بەرجەستە دەبنەوە و لە هۆکارەکانی غەریبکەوتنەوەی شیعر و تەریککەوتنەوەی ئەم ڕەوتە نوێباوانە دەکۆڵرێتەوە. تێڕامانێک لە ئاستی ڕەخنەی ئەدەبی و هەروەها لە بەرهەمهێنانی شیعریدا سەبارەت بەو وەڵامەی کە ڕێبازی بەرەی چوار بە پرسگری داکاری دایەوە دێتە ئاراوە و هەوڵ ئەدات هەم خودئاگایی و پێناسەیەک لەخۆ بەرهەم بێنێت و هەم فۆرم و زمانی تازە بۆ بەردەوامبوون و گەشەکردن بدۆزێتەوە. لە بەرهەمی نوێی ڕەزا عەلیپووردا زمانێکی تازە دێتە گۆڕێ کە دەیهەوێت بە بارێکی تردا(بەو بارا) جوانیناسیی شیعری نوێی کوردی درێژە بدات:

تۆ ئێستە
گیرفانێکی        سەنەم        هیچ
لە جانتاکەتا؛
پارەی چوار ڕۆژی نیو نەفەر
جانتاکەت؛
چەسپێکی برین پێچ        -ئەوێکەت بیپێچە-
سی کاندۆم و بلیتێکی مێترۆ   سەنەم
چوارشەمە بەو لاوە حەبی LD
تۆ ئێستە جانتاکەت
کرێم و کلینێکس، دوو ماتیک        -بۆ مۆد و مەبادا-
نامەیەک، شینەکی
«بۆ خوا گیان،
یان جێگرە سێ نوختەکەی»
(نازانی لە کوردی تێ ناگا)-
تۆ ئێستە جانتاکەت سەنەم
سێوێکی چرچ و لەتە مۆزێکی ڕەش.
(ڕەزا عەلیپوور، کەڕاکە، ١٣٩۴)

لەم کۆپلەیەدا پێرسۆنای سەنەم لە قەوارەی گیرفان و پانتایی نێو جانتاکەیەوە ڕەوایەت دەکرێت و شتومەکەکان لە درێژەی جەستەی بریندار و دەستەمۆکراودا، گوزارشتی ڕەوتی بەشمەکبوون(commodification) و بازاڕیبوونەوەی شوناسێکی ئینسانی دەگێڕنەوە. بنیامین لە خوێندنەوەی پاریسی سەدەی نۆزدەدا ئاماژە بەو شوناسە بۆهێمیانە ئەدات کە لە پانتایی سیستەمی دابەشکاریی کار وەدەرنراون و وەکوو دژەقارەمانی ژیانی هەرڕۆژەی سەردەمی شار دەرکەوتوون. سۆزانی یەکێ لەو فیگۆرانەیە کە بەرهەمی پارادۆکسەکانی مۆدێرنیتەی شارییە و هاوکات کە بەشمەکبوونی جەستەی ژنانە لە پێناو بەرژەوەندییەکانی سەرمایەدا ئاشکرا دەکات دەنگێکی نەبیستراوە و کپکراوە بەرز دەکاتەوە، دەنگێکی تێکەڵاو بە ژویسانس کە دەستوپێوەندییە ئۆدیپییەکان تووشی تەنگژە دەکات و کەلێنەکانی ئەویدیی مەزن بەرجەستە دەکاتەوە. فاوستی شیعری کڕاکە لە سەنەمدا مفیستۆیەکی تراژیک دەبینێتەوە و هاوکات کە هەنگاوەکانی ئەو بەسەر مەداری داڕووخاندا دەگێڕێتەوە، بەهاکانی ئەزموونی مۆدێرنیتەی شاری لە دۆخێکی دژوازدا ئاماژە پێ دەدات و ڕەوتی چەوساندنەوە و پەراوێزخستن بەرەو ڕووی پرسیار دەکاتەوە. ڕەوایەتی کڕاکە لە سووژەی بناسی خوداناس و هەروەها لە فیگۆری خەونبازی حەسەندا گێڕانەوەیەکی دژەپاستۆڕاڵ و پچڕپچڕ بەرهەم دێنێت کە لە ناوەندشکێنیی گوتاری حەقیقەتخوازانەی ئەوان و لە ئاماژە بە حوزووری غایبیاندا بێواتاکردنی واتا لە سەردەمی ئاوارتەدا دەستەبەر دەکات.

لە زمانی کەڕاکەدا چەشنێک زمانی ریتمیک خۆی دەنوێنێ کە هاوئاهەنگی ڕەوتی ڕەوایەتکردن بەرز و نزم دەبێتەوە و تەبا دەگەڵ ژینگە-جیهانی پێرسۆناژەکاندا ژویسانسێکی نامۆ و دڵهەژێن بە خوێنەر دەبەخشێت. بێگومان دەوری ئەم ریتمە لە کەڕاکەدا زیندووکردنەوەی مووسیقای دەرەکیی شیعر نییە بەڵکوو چەشنێک ئۆبژێکتیڤکردنی پێگەی وشەیە تاکوو بەماکەبوونی زمان(materiality of language) هەرچەند لە ئاستێکی کۆنترۆڵکراودا بەرهەم بێنێت و هەوڵێک بۆ جەستەمەندکردنی زمان و داڕشتنەوەی جیاوازی فۆرمی وشەکان بنوێنێت.

یونسی ڕەزایی لەو شاعیرە نوێخوازانەیە کە لە پۆلێنبەندیی بەرەییدا زۆرتر پێگەیەکی نێوانبەرەیی دابین دەکات و هەرچەند هەوڵی تێپەڕاندنی بەرەی سێهەمی داوە بەڵام دەگەڵ شاعیرانی بەرەی چواریشدا کە بە نوێخوازتر و جیاوازیش دەناسرێن سنووری تایبەتیی خۆی هەیە. یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی شیعری یۆنس ئەوەیە کە لە سووبژێکتیڤیتەی شاعیر دادەبڕێ و منی شاعیر ماوە بە زمان نادات کە مەیلەو باوی خۆی ڕێگا ببڕێت، هەر بۆیە دەکارهێنانی تەکنیکی نوێ و هەوڵدان بۆ بەرجەستەکردنەوەی بارستایی و شمەکێتیی وشە لە ئۆتۆریتەی واتا و حووزووری شاراوە و ئاشکرای پێکهاتە و سەناعەتی بەلاغی کەم ناکاتەوە. فیلتەری کووبیستیی شیعرەکانی یونس لە پێکەربەندی و پرێسپێکتیوی شیعری بەرەی سێ تێ دەپەڕێت ئەگەرچی لێرەشدا گۆچان بەدەست و کاوەخۆ هەنگاو هەڵدەنێت.

لەم شیعرەدا بەجوانی شاعیر لە کۆپلەی یەکەمدا پیاوەتی لە دار و ڕاکشاوەیی لە شەقام و عاشقی لە

**یونسی ڕەزایی لەو شاعیرە نوێخوازانەیە کە لە پۆلێنبەندیی بەرەییدا زۆرتر پێگەیەکی نێوانبەرەیی دابین دەکات و هەرچەند هەوڵی تێپەڕاندنی بەرەی سێهەمی داوە بەڵام دەگەڵ شاعیرانی بەرەی چواریشدا کە بە نوێخوازتر و جیاوازیش دەناسرێن سنووری تایبەتیی خۆی هەیە.**

هەواڵنامەی کتێب

هەوردا دەنوێنێت و ڕووناکی و تاریکی و تەنیایی دەکاتە ئامانجی ئەم پێوەندییە وێنەییە؛ بەڵام لەم پێکهاتە وێنامەندەدا نامێنێتەوە و لە کۆپلەی دووهەمدا پەنجەرە ئاژاوەی تێ دەکەوێت، عەشق ڕاکشاوە دەبێت و هەور تەنیا دەکەوێت؛ بەڵام لە ئاکامدا شاعیر لە پشتی تەواوی ئەم ڕووداوانەوە دەستپێوەردانی خۆی ئاشکرا دەکات و پێمان دەڵێت تەواوی ئەم وێنانە لە گۆشەنیگای شاعیرەوە یەک دەگرێتەوە.

پیاوتر لە دار... بە ریشاڵۆی پەنجەرەتدا... ڕووناک
ڕاکشاوتر لە شەقام... بە ئاژاوەی چاوتدا... تاریک
عاشقتر لە هەور... بە تەنیاییتدا.
منم پیاوی عاشقی ڕاکشاو... لەو دێرەدا کە شێعرە
منم پەنجەرەی ئاژاوە... لەو عیشقەدا کە تەنیا
منم شاعیری تەنیایی هەور... لەو ئاژاوەی شەقامەدا...کە
ڕووناک

(یۆنس ڕەزایی، منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان)

کەماڵ ئەمینی کە ئەزموونی خۆی لە دووتۆی بەرهەمی «قالاو یانی قەفەفەسێکی خاڵی»دا پێ گەیاندووە و لە ڕەوتی شیعری بەرەی چواردا دەوری چالاکی نواندووە لە شیعرێکدا ئاوەها گەمە بە چەمکی دووری و کەوتن و ژیانی ڕووتینی هەرڕۆژە ئەکات:



دوور یانی کەوتن
لە حافزەی گەرۆڵی پارک وەک
گەڵا
کەس نەیزانی کەوتن خەسڵەتی
خاک بوو یان شعووری
ئوتووبان
من ئەوەتا نغرۆی
هەڵوەدایی و ئیرەییبردنم
بە گمەگمی بەیانییەکانی
قوتابی و مەدرەسە
بە نیوەرۆی تەمەڵی
دەوام
بە ئێوارەی پیاسەیەکی
ئارام
ئێرەیی ئەبەم بە تای تەنیایی
شەوانەت
بە تایەک کە دەستت
ئەگرێ
جووتت ئەکا بێ من
لەوانەیە ئێرەیی بەم گڵۆپی
نووستنی ژوورەکەت
بە کزەی ساردی درزی
پەنجەرە
بە مەلافە و بە

چکۆڵەکەکانی بەیانی
کە هێشتا بێ من چۆڵەکەن
(کەماڵ ئەمینی، بەشێک لە شیعری هەڵوەدا)

لەم شیعرەدا هێماکانی سروشت تێکەڵ بە فەزای ڕووتینی ژیانی شار بۆتەوە؛ هەر بۆیە، کەوتن و هەڵوەرین چیدی ئاماژەیەکی ڕۆمانتیکیی پێوە دیار نەماوە بەڵکوو لە بەستێنی یاسامەندیی پارک و ئووتاباندا پێناسە کراوەتەوە. دووری کە لە ڕەوایەتی کلاسیکدا هەمیشە دابڕانێکی ئانتالۆژیک یان ئەویندارانەیە کە بە کارتێکەریی لەسەر سۆز و هەستی مرۆڤ، ئامانجێکی کاتارسیسی دەپێکێ و مەبەستێکی ڕۆمانتیسیستی بەرهەم دێنێت. لە گوتاری ئەم شیعرە و زۆربەی شیعرەکانی تری کەماڵی ئەمینیدا ئەو میکانیزمەی کە تەنانەت خۆشەویستی بەرهەم دێنێت لە بەستێنی ژیانی هەرڕۆژەی ڕووتینی شاردا هەڵدەسووڕیت و پاشتر لە پێوەندی لەگەڵ هەستەوەریی شتەکانەوە کردار دەنوێنێت.

ئیبراهیم ئەحمەدی‌نیا کە سەرەتا ئەزموونی شیعریی خۆی بە کۆمەڵەشیعری «مەداری زوقم»ەوە دەست پێ کردووە لە هەشتاکانی هەتاویدا لەژێر کاریگەریی بەرەی چواردا تا ڕادەیەک لە زمانی واتاخواز و وێنەمەدارانەی زوقمبەستوو دوور دەکەوێتەوە و هەوڵ ئەدات لە ڕەوتی نوێخوازیی سەردەمدا زمان و زاری خۆی بەشدار بکات. نزیکایەتیی زمانیی ئەحمەدینیا بە زمانی ئاخاوتن و ورییایی لەمەڕ تێنەپەڕاندنی ئێجگاریی سیستەمی وەسفی و چواندنی و سەمبولیستی، بەرهەمەکانی ئەم شاعیرە لە ئاقارەکانی بەرەی چواردا دەهێڵێتەوە. لەم شیعرەدا ئاو وەکوو هێما و سیمبوولی پاکی و بێگەردی، دەمانباتەوە بۆ لای باوەڕی میترایی و میهری؛ و لێرەوە بەرەی دژەڕووناکیی ئەهریمەن کە ڕەوتی زەوین و مەلەکووتیی ئاسمانی بەدەست گرتووە دەکێشێتە تەنگژەوە و بەرائەت و دابڕانی خۆی لێ ڕادەگەیەنێت.

لەوپەڕی سنوورەکانی ئاو
هیچ هەواڵێ نییە....
لە غوربەتی ئەم چوارشەممەیە
نێرگز تووڕەیە بە زاراوەی مردن
قەراڵەکانی ئەهریمەن دونیایان گرتە بەر.
تا قیبلەنما بە دەستی شەیتان بێ،
چ مەعلووم
حەزمان لە باخچە ساردەکانی بەهەشت؟
ئەگەر مەلەکووتی ئاسمان
من و ڕێوی ناگرێتە خۆ،
ئەی باران!
شایەتیمانم تەنها بە شانی تۆ دا
حەقیقەتی سپی تەنها لای بەفرە و
تەنها ئاو جێی متمانەمە!
(ئیبراهیم ئەحمەدی‌نیا، بەشێک لە شیعری کە لاوەکانی اناالحق)

جەمیل مورادی لە شیعری موناجاتدا بە دەمەلاسکێیەکی ئایرۆنیک بە پێکهاتە و ناوەرۆکی موناجات کە خاوەنی هێمایەکی کلاسیکە و بە میراتی کلاسیکبێژان دەژمێردرێت، سەرەڕای گێڕانەوەیەکی دەردەدڵانە، فۆرم و ناوەرۆکی ڕەوایەتی موناجاتنامە بنەماشکێنی

دەکات و بـــە کەڵکگرتـــن لە ئیهامـــی واتایـــی و مۆرفۆلۆژیک گەمەیەکی زمانـــی دەهێنێتە کایەوە کە تێیدا گومان و بێواتایی باڵ بەســـەر ئەوە واتایانەدا دەکێشن کە دەقی شێعری بەرهەمی دێنن: «با» و «با[باد]»، «وان» و «[ئە]وان»، «ئاو» و «ئاوی»، «سین» و «یا/ســـین»، «دینم کە با» و « دینـــم کە با»، «وان» و «وان[ی حەمام]»، «شـــیر» و «شـــینتر» و ... . ئەم تەکنیکە سەرەڕەرای گەمەکردن بە شیعری دروشـــمی و پرۆپاگاندیستی، چەشنێک گۆڕانی واتایی(semantic shift) بەرهەم دێنێت و ئاسـۆی «واتا/بێواتا»یی شیعرەکە بەرفراوانتر دەکاتەوە.

رووم تێ کە با / بێ
وڵاتی
دەمارەکانم (شین) بێ
لە (وان)ەێک کە کوردم
کە غوربەتی هەناسەکانم
ئەگاتە ئەو مراوییانەی ماوەیەکە شەکەتن لە ئاو بە ئاو
رووم تێ کە ئاو
بێ ئاو چۆن بچمە دەمی مەرگەوە؟
ئایلان ئەڵێ؛
لە وان تەنیاتر
مەگەر (وان)
لە کورد تەنیاتر مەگەر باکووری نالی
لە شیعر ئاوی...تر مەگەر؛
شین م کە یا/سین م کە
دینم کە با /دینم کە با
بتلێ بم
بە قورقینەی نەوتەوە خۆۆۆششش
سەری تۆ خۆش
کێیە بە کەس مەڵێ کورد مردووە/ نەمردووە؟
مێژوو ئەڵێ:

نەمردین و مەودایەک تر
ترانزیت هەتا تاران
بۆنی سنوور و سەلەفی
بە عەبای رەش و سپییەوە
سەری خوای کەچەڵ کردین
بە خوا جەلال!
+++
(وان)م بۆ پر کەن لە شیر
شینتر لە رۆژئاوا
بمدەنە دەم چاوی ئەستەمبوولەوە
ئاخۆ نالی نەیتوانی یا نەیتوانی
چاوە خێڵەکانی حەبیبە
بە چاوە شینەکانی(وان) بگۆڕێتەوە
شاعیر ئەڵێ:

( شیعری موناجات- جەمیل مورادی، گەلاوێژی ٩٣)

**بەرئەنجام**

ڕەوتی شیعری نوێی کوردی لە رۆژهەڵات بە ئەزموونی نوێگەریی سـواره و هاوڕێکانیەوە لە چلەکانی هەتاویدا دەست پێ دەکات و تا بیسـت ساڵ دواتر لەپێشـچوونێکی ئەوتۆ بەخۆوە نابینێت. بەرەی پاش سـواره بە شێوەیەک لە درێژەدانی ڕەوتی سوارەیی دۆش دادەمێنـن، هـەر بۆیە روو لە سـێ کوچکەی شـیعری نوێی باشـوور دەکـەن. ئەم بەرەیە ئەگەرچـی لە گۆی مەمکی کانیاوەکانی شـیعری نوێی باشوور تینوویەتیی خۆی دەشکێنێت بەڵام پێبەستە و دەستەمۆی زمان و زاری ئەو ڕەوتە دەمێنێتەوە و ناتوانێت داهێنان و دەسکارییەکی بەهرەمەندانەی تێدا بێنێتە گـۆڕێ. لە نیـوەی دووهەمی حەفتاکانی هەتاویـدا بەیاننامەی شیعریی داکار دێتە وەشاندن کە مەبەستی نوێخوازانەی زۆربەی شـاعیرانی رۆژهەڵات لەخۆ دەگرێت و هەرچەندە خودی داکار و بەرێوەبەرانی دەسکەوتێکی ئەوتۆ بەرهەم ناهێنن بەڵام پرسگر و کێشـەیەک دەخولقێنن کە وەڵامی خۆی لە هەوڵە جیاوازەکانی نوێخوازاندا وەکوو ڕەوتی نوێترخواز، شـیعری شێت و ڕێچکەی جیاواز کە لە کۆبەندا دەتوانین بە بەرەی چوار ناودێریان بکەین خۆیان دەبیننەوە. پاش زۆرتر لە دەیەیەک ئەزموونی نوێخوازیی بەرەی چوار، ئاوردانەوەیەک لە دەسـکەوتەکان و خەسارناسیی لاوازییەکان ئەو راسـتییەمان بـۆ روون دەکەنەوە کە هەگبەی بەرەی چوار سـەرەڕای نێوێکی هاوبەش و خولیایەکی یەکگرتوو پڕە لە ئاراستەی جیاواز و جوولەی ناچونیەک و لادان و لادەریی زۆر و زەوەند. ئێسـتاکە و لە خوێندنەوەوی بەسـەرهاتی هەوڵ و ئەزموونەکانـی بێوچانی نوێخوازیدا پتر لە هەر کات و سـاتێ بۆمـان روون دەبێتەوە کە نوێخوازیی بـەردەوام و رادیکاڵ لەم پانتاییەدا پێویستییەکی بنەماییە و ئەگەرچی سیمپتۆمی هەڵە و خەسـارەکان بەردەوام بەرۆکمان پێ دگرن و وزەی ئەژنۆمان شل دەکەنەوە بەڵام بنیامین وتەنی هەر ئەو ژێستە رادیکاڵەکانە بە دووپاتکردنەوەی بەردەوامی شکسـتە مێژووییەکان دەتوانن وزەی رزگاریخوازانەی ئێستاییی سەردەم وەدەست بخەن و ڕێگا بۆ سەرهەڵدانی بابەتی نوێ ئاوەڵا بکەن.

**پەراوێز:**

١. لەم وتارەدا بەشێک لە نموونە شیعرییەکان بە پێی پێویست ئاماژە و لێکدانـەوەی بۆ کراوە؛ و هەوڵ ئەدرێت لە بەشـی دووهەمی ئەم وتارەدا بەرهەمی شاعیرانی تر کە خاوەنی دەنگی بەرچاو و بەرهەمی کاریگەر بوون بخرێتە بەر تیشکی رەخنە و لێکۆڵینەوە.

٢. بەپێی ئووسـتوورەی یۆنانی زیۆس لە ڕەوتـی ئەفراندنی مرۆڤدا پرۆمتیۆس رادەسـپێرێت بۆ ئەوەی هەموو شـتێ پێشکەشی مرۆڤ بکات بێجگە ئاگر، بەڵام پرۆمتیوس بەنهێنی ئاگر رادەسـتی مرۆڤ دەکات و کاتێ زیۆس ئاگاداری ئەم کارەی دەبێت لە سەر لووتکەی قافدا(قەوقاز) بەندی دەکات و سـزای دەبێتە ئـەوەی کە هەر رۆژ هەڵۆیەک دێت و جەرگی دەخوات و دیسانەوە جەرگی دەڕوێتەوە و ئەم سزایە بەردەوام دەبێت.

٣. هێرکوول یان هێراکلێس پاڵەوانێکی ئەفسـانەیی یۆنانی و رۆمییە کە هێمای بەهێزی و سەربزێوییە. لە چیرۆکی سزادانی پرۆمتیووسدا ئەوە کە هەڵۆی جگەرخۆر دەکوژێت و پرۆمتیوس رزگار دەکات.

٤. بە پێی ئووستوورەکانی یۆنانی مێدووزا خاوەنی نیگایەکی سێحرئاوی بووە و بە چاولێکردنی شـتەکان توانیویە بیانکا بە بەرد. ئاماژە بە نیگا و روانینێکی بەدەسەڵات و دابینکارە.

# ئێمە لە هیوای سەوزدا ناخنکێین

فاتمە ساوجی

و: سەیوان سەعیدیان

لـە سـاڵی ١٩٧٤دا لە گوندی «گرێ مێرا» سـەر بە نسـیبین ی شـاری ماردین لـە دایكبووە. خوێندنی سـەرەتایی هەر لەو گوندەدا خوێندوە. هێشـتا بچوک بووە کە تێکەڵاوی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەی بووە. سـاڵی ١٩٩٢لەسەر دەربڕینی بیر و ڕامان و بەشداری چالاکی سیاسی دەگیرێت و یازدە ١١ ساڵ زیندانی دەکرێت. هەر لە کاتی زیندانەوە، شیعرەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانـدا چاپکراون. دوای ئـازاد بوونی لە زیندان، کتێبی شـیعر، چیرۆک و پەخشـانەکانی چاپ کراون. ئێستا لە وەڵاتی سـوئێد دەژی و مامۆسـتای زمانی کوردییـە و درێژە بە کار و بەرهەمە ئەدەبییەکانی دەدات.

**لە بەرهەمە چاپکراوەکانی**

**شیعر:**

گوڵە ڕاسپاردراوەکان ٢٠٠٦
خەونە زیوینەیەکان ٢٠٠٧
یادی برینێک ٢٠١٠
کچە ئامۆزای مار و لاڵەکەم ٢٠١٣

**چیرۆک:**

ڕستەی مورووییەکان ٢٠١٢

**یادداشتی ڕۆژانە:**

بەرەو ئەودیو ٢٠١٢

**پەخشان:**

شەوق و پاییز ٢٠١١

**سوار**

ڕەزبەر
کاتی ڕنینەوەی ترێ
پاییز دێت و لەسەر کراسەکەی
لەنێو گوڵە بەهارییەکاندا
دەخنکێت

لەژێر پردێک
نوح، هێشتا دەستی لەناو ئاوی دیجلە دایە و
بەسەر ئاوێنەی ڕوخساریدا
دادێتەوە و
لە پشت سەری دەنگی سمی ئەسپێک دەبیسێت
نیگای بەرەو دواوە
دوو چاوی بە کلی جوانچاک سوارێک
دڵی دەدزن و دەڕۆن.

سوار وەکوو با تیژ تێدەپەڕێت و
لە شوێنی ئەو
جەنگاوەرێکی وەرزی سوور دەڕوێت
«زەرێ» وەکوو ئەوەی دەست بۆ برینێک ببات
یان گوڵاڵەیەک
ئەو وەرزە هەڵدەگرێت و
دەچێتە ناو کۆشکی هەڵدێرێکەوە.

لەبەر پەنجەرە دادەنیشێت و
لەناو ڕووپەڕی ڕوناکی خۆیدا
هیچ گەیشتنێک ناخوێنێتەوە
ڕەشبینی گەمارۆی دڵی دەدات و
بە بێدەنگی
ئاگری دەروونی
لەگەڵ خوشکە «دیجلە»ی دابەش دەکات.

تاوێکیتر
«زین»یش دەگات
تا لەو کەنارەدا مۆمەکان هەڵبکات و
هەر دوو چاوی مێزۆپۆتامیا
لە فرمێسکەکان بسڕێتەوە.

**هاواری برین**

وا دیارە دەبێت لە پشتی هەر خەیاڵێکی ئێمەدا
خەنجەرێکی دەسک سوور هەبێت
چەند سەدەیە
هەڵگری خەونی کراس زێڕینین و
بە بسکی هۆنراوە و
بە لفکە شۆڕەکانمانەوە
هەنگاو بە هەنگاو نا
مردن بە مردن
دەستمان لەسەر هاواری برینمانە و
بە ڕووبارێکی ڕەوا
یاری دەکەین.

بڕوانە
ئێمە لە هیوای سەوزدا ناخنکێین
یەک بە یەکمان
وەکوو پەیمانێکی فەرامۆش نەکراو
لە گەردنی ڕاکردنی ئاسکێتی خۆمانمان
توند توند گرێ دەدەن.

ئێمە دڵە تینوویەکانمان

بە خەونە ڕووبارییەکانمان فێنک دەکەینەوە
چەند شەرمەزاری ژیانین
کە هەموو جارێک
بەسەر خەیاڵە گوڵستانیەکانماندا
سەرسم دەدین و
خەمگین نابین.

هیچ نییە
باڵامان مۆێکی هەڵکراوە لەو هەڵدێرەدا
بە گریانی دڵبێژێکی گوندێکی سەر چیا و
بە فەرمانی پەپولەیەک
گوزەر دەکات.

دڵی من
کە نێرگیزەکان ئەو بەربانگەم لێنەستێنن و
ئاسمان بە فرمێسکە ڕوونەکانی
لەسەر گەڵای سپێدارەکان
ئاوێنەی زیوین
بۆ ڕوخساری تاوەسوتمان چێ نەکات
لۆمەم مەکە
ڕەنگە ویژدان دڵی کانی هەڵبەستێکی هەڵە بێت و
باش بزانێت
ئێمە لەژێر بارانی خوێناوی
گۆرانییەکی پڕ لە کین داین و
لەسەر ڕۆحی زەمان
بۆ چارەنوسمان
ئایەتی هەزار ئەنفال نوسراوە.

**سنەوبەرێکی سەوزە باڵا**
لە ژێر دوو لقی دارێکدا و
لەناو چیرۆکی مێرخاسێکدا
ئەو
نە خەواڵوو
نە بەخەبەر
هەزار و یەک شەوێک بوو.

مەلۆتکەکەی لە بەفر و
هاوزمانی سروشت،
کە ڕۆحی گوڵەکان تینوویان دەبوو
لە کانیلەی خانەکانی لەشیدا تێراو دەبوون
بێ ئەوەی گۆرانیەکانی کەزیەکانی
پەلکێشی بولبولەکانی کردبێت
بە فرمێسکی لاجانگی
دەریایەکی چی کردبوو.
چیا وەکوو دایکێکی جەرگ سوتاو
بە سەر گوڵە گەزیزەکاندا شۆڕ ببۆوە
ڕووباری ڕەبەنیش
کە بە نەواڵەکاندا تێدەپەڕی
سرنجی لە ناو نارەنارێکی خەستدا مەییبوو.

لە تێپەڕینی هەر چوار وەرزدا
ئەو سنەوبەرێکی سەوزەباڵا بوو
لە تارەمایی مژێکدا
هێندەی مەرگێک
دانی بە بێدەنگی گەلدا دانابوو.

نا، ئەو وەخەبەر نەدەهات
ئەو خوێی سەر برینێکی کولاوە بوو
کە لەشی لە حەوت شوێنەوە بریندار
لە ڕازی خەونێکدا و
ڕووەو لقی دارەکان و
دەربەندەکان
ڕای دەکرد.

لە شەوەزەنگێکدا
بێچووی شای مارانێک لە تەنیشتی تێپەڕ ببوو
کە زۆر دوور ببۆوە
لە تاریکی پرسیبوو
بۆ لەشی ئەو کوژراوە
وا لێوڕێژی چیرۆکە؟

نەکا گەوهەر خانمی قەڵای دمدم بوو
لەناو خەونی خانی لەپ زێرینی کوژراویدا
لە برادۆست و مێرگەوەرەوە
هەتا ئەو نەواڵانە
چیرۆک بە چیرۆک
دەگێردرایەوە.



هەواڵنامەی کتێب

# پەراوێزەکانی شەوکەران

عەبدولقادر نیازی

خەونی ئەشکەوت کە دەبینم
لە دەمارمدا ئەفلاتوون ددانی عەقڵ دەردێنێ
بە چاوی نیسێ کە لێم بڕوانی
خۆریش دەست لە دەمارگرژی بەرنادا.

دووکەس بووین
دەمار لە سینەمادا دانای کوللی ئەو پیلانە
/پەرانتێزیش بکەمەوە ئەو سناریۆیە جێگای پێکەنینی ڕووخاوی
ئێزرائیل نابێ/.
چاوت جوورێک بسووڕێنە ئەشکەوتەکان گەسک بدا

ناتوێرمێ!
چاوت جاددە لەگەڵ خۆی دەباو
تەنیایی لە عەقڵمدا دەترەکێ
[بە عەقڵم ئەفلاتوون تەنیایە]و،
بە هیچ بایەکیش نەلەرزم
درەخت لە نیسێمدا نارەقسێ.
ئێستا دەمندا شەڕێکە
دۆن کیشۆت سینەخێز دەڕوا و
ئەفلاتوون بە زەعفەرانەوە مەجبوورە
زەوی لە ئەشکەوتێکدا بنێژێ و
سوقراتیش دەعەقڵم بفکرێ بۆ پیاڵە

لە دەرەوەی عەقڵمدا
هەتاو لە خۆی ناڕوانێ (ئەفلاتوون نیسێکانی ناشتووە)
کاتژمێرێک لە چاومدا بە زیندانبان دادەکەوێ
قەرارە قیامەت بەر لە دۆن کیشۆت
ببم بە سەرباز بۆ ئێوە
/لازمە پڕ بم لە نیسێ ئەو ئەشکەوتە خۆری ناوێ/

خەونێکم دی؛
/ئەفلاتوون تاقەتی پازێلی نییە دەسناریۆکەدا
دەڵێ: هیچ شەهیدێک سوورناچێ سوقرات/
ئێستا نیسێ کەم وەسەتی جیهانە و
چاوتان خۆ فەلسەفە بە دووی خۆیدا ڕادەکێشێ
لە دەمارمدا بە شوێن بکووژێک بکەون
تا ئێزرائیل لەسەر نوقتەیەک خەو بیدزێ
تێیدا
ئەشکەوت نیسێ لە عەقڵی خۆی دەکا.
نیسێ هاوتەریبی پیاوێکی موبتەلایە

عەقڵم ئەگەر لای دیوارێک بەجێ بێڵم
هەموو مەوداکان دەتوکمێن

دەفیلمێکدا ئەفلاتوون ددانی دێشا
من چاوم دەعەقڵمدا نەبوو
/دانیشن و ئەشکەوتەکان میسواک لێدەن/
باوەڕکەن لە خوێنمدا شتێک هەڵ دێ
دۆن کیشۆت پەنجەرەیەک دەکاتەوە!

لە خەونێکم ببەستنەوە هیچ سناریۆیەک
تێی دا ئەگەر تەواو نەبم
ئێزرائیل قەت پێ نەکەنێ
(فیلمەکە کۆتایی هات)
ئێستاعە قڵم دێشێ و
سینەما لە هەنگاوەکان دەهاڵێ.

کەسێک کوتی:
سەربازیم کۆتایی هات/ دۆن کیشۆت بوو؟/

مێژوو دەبێ کەسێک بیکڕێ
کەسێک کوتی:
لە ئەشکەوتەوە تا شەهید سۆقرات دەبێ دەمارو
عەقڵی بفرۆشێ.
تۆ دەڵێی چی؟
/پۆتینەکانم دێشن قووڵترین ئەشکەوتمن/.

من حازرم ئەشکەوتێک بە نیسێمدا هەڵواسم
ئەگەر جارێک
پێڵاو بە تەنگانەی ئەفلاتوونەوە تەنگ نەبێ.
جووتێک بووین
نیسێ لە سینەمادا دانای کوللی ئەو پیلانە
«با» خەریکە عەقڵم ڕادەگوێزێ
بە گومانم ئەفلاتوون یانی چاویلکە
ئەشکەوتەکان بسڕنەوە.........

(شەهیدتر لە زولاڵ بدوێ؛ دێمۆکڕاتتر لە مەرگ من بە)

لە تاوتۆی جیهانەوە، تا مەزراکانی ناوقاڵی
کە لێورێژم لە هەرێمی دێم نەهێناوی ئێوارەت،
تۆبە درێژترین هەناسەکانی ئەسبێک
لە دێڕمدا هاوین دەچی.
بێت و بێیە ناو مەیدانی ئەو هەرێمە
تۆزی هیچ کام لە هەناسەکانی ڕاکردنم،
جاددەیان لێ نانیشێ.
بۆ وێنە جاروبارکە لە ئەگەرەکانی درێژەدرانم ورد بییەوە
سڵ دەکەم لە پەراوێزەکانی ئێوارە و
لە دەست خۆم لە قاڵیدا سەرگەردانم.
دەترسم، دارهەناری ناو قاڵییەکە
مردنێک بێ و خەونەکانمی پێ ئاوێزان،
یا دەو شێعرەدا،
ئەگەر زۆریش ڕادیکاڵ بێ
خۆر؛
خەون بە سەرشێتی ئەسبەکانەوە نەبینێ.....

بە گومانم نیگات هێشتاڕام نەکراوە

هەواڵنامەی شیب

کە سەرم کرێوەی درەخت ناپێکێ و
عادەتێک، نیشتمانی مانگانەی ژنێکە
شەهیدەکانی ناناسێتەوە...

کەمێک زولاڵتر بێدەنگ بە
کە ڕژامە دووبارەی هاتنەوە، ناوم بێنە
بێ ئەوەی دێڕەکانم لە دراوسێدا
کۆ بنەوە
هەدەر لە کەوشەکانمدا جووت کە
تا هەتاو بە هاوینی ئەو شێعرەوە
لە دۆسییەمدا بگەوزێ،
من لە هەتاوێکدا کە بە شوێن هاوینەوە
دەگری، بووم بە زاری ئاسمان،
فنجانێکم لە بەیانی و دەنگت دەویست،
جودا لە خوێن
کە لە پەنا بەیانیتدا ڕاکشاوە
من هەر کوڕەکەی جارانم
پڕلە دۆسییەی دراوسێ
کە جارجار هەناسەم تێیدا دەقەومێ

تکایە بەر لەوەی منالییەکانم لێژکەیەوە
بیانووی شەهید بترووکێنە
من مەجبوورم هەندێ جار هەنار بم
ئاوێزان بە خەونی شەهید،
تاوانی دراوسێکان دەدەمەوە
هەر نەبێ دۆسییە لە ئاسمان دەدزم،
ئەگەر مردم
بمگۆڕەوە بە فەلسەفە یا پارک
لە بری توکماندی هەنار بم کە بە دووکانی گوللە/ بەڵام بیر لە
شەونم بکەوە، شووی پێ مەکە/ مێژووی باران لەو شێعرەدا
زۆر نەزۆکە/

حەز دەکەم دراوسێکانم بتوکمێن
شەهید لەو شێعرەدا تەزیوە
بەرامی هەناسەیەکم لێ دێ
لە هەرێمی هەنارەکاندا قورس بووە

ژنەکەم پڕە لە نۆستالۆژیای هەڵمساو
تەخت و فاڵ و پۆلیسەکانی لە بەرە/ ئۆپۆزیسیۆنیشی دەناسی،
بە ئانالیزی ماچێک
ڕژایە ناو تامی ترێ و ستاتیکی ماتیک و شەڕ/
جارجار دەستی هەدەری بە پیاوەتیم
پڕپڕ دەکرد/ هەمیشە موازی شەهیدەکان سوور دەبۆوە،/

پێویستە شەهیدێک لەو دێڕەدا بکوڵێ کە
فنجانی پێ شوێنێکی بەجێیە بۆ دراوسێ،
کۆڵان لەو شەهیدەدا دێڕێکە لە درێژەدا ڕەنگە نوقتەکان بە
سەریدا بڕۆن،
ئێستا دراوسێکەمان شاڵاوێکە لە نوێخوازی؛
گرامێر لە مانگ فێردە بێ/ ڕێئاڵ بوون لە باران/ عەقڵانییەت لە
مێنیمالی گوڵدان
و رادیکاڵبوون لە حەمام/
کوا شەهید؟!!!
عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشت، لە یەکەم فاڵی ئەو دێڕەدا
شەهید بوو/

لە بەتاڵایی فنجاندا
ژنێک بە نوقتەدا گریا
(هەناری لەبەر چوو).
لە چاومدا خەو دڵۆپە دەکا
(باران کون بووە)،
لە کوێ نەتنووسم چەپ دەبێ؟

من دراوسێ فێر نابم
دیالکتیک بە ئەرەستووە مەجبوورە
جۆرێکی تر بمسەلمێنێ/ مەسەلەن بە دانانم لە جێی هەنار/
جارجار کە پەنجەرە دەکاتەوە هەموو شەهیدەکان تووشی وەهم
پیلان
دەبن
دەبنە پەراوێزی ئۆپۆزیسیۆن!

قەرار بوو کۆڵانەکەمان لە دێمۆکراسی
بهالێ
فەرموو چایی... ئێوارەکەمان دێمی هێنا
/ فنجان چ فیلتێرێکی باشە
بۆ نۆستالۆژیا و دراوسێ/

لە تۆدا لەشم تەواو دراوسێتە دۆسییە لە خۆم
کۆڵان ئەگەر وەدووم کەوێ
ئەو شارە دەبێتە پەراوێزی پارک و
تەقریبەنی جاران،

من بۆ شەهید نابمە باوێشک،
خۆت پەراوێزێک بۆ گارانتی داتاشە
من قەرزداری شەڕێکەیەکم بە ناوی نیشتمان،کە تێیدا
قالییەکمان
تا دونیا دونیایە، باوێشک بە وەسوەسە دەدا،
هیس!
شەهید خەوی دێ
دێمۆکراسی بکوژێننەوە.............





# کایە بە ئەلف و بێی گریان

یوونس رەزایی

پاڵ وە تەختی خوێنەوە دە
جیهان سوورە لە گوێن دەستت
ئەو دەمانەی رەسالەتێکی نوێت لە جانتادا
.
ئەو رۆژانەی بووکەشووشەکان دڵتەنگی منداڵیت
وە تۆ لە شیعرێکی ئۆرژانسی دا...دەردەکەوی
بەسیمایەک لە سەرەتای وێرانییەوە.
.
بە لاپەڕەیەک لە ئاوادنیدا
منداڵانـــی فلۆرانس...لە نەقاشـــی وەن گـــۆکدا دەبنە گوڵە
بەڕۆژە
لە تابلۆکانی مۆنشدا هاوار دەکەن
تا مانگایەک بهۆڕێنی بە پێنووسەکانەوە...کە شیری سپین.
.
دوو لیوان شیری سپی بەیانان
دوو چاکلێت بۆ تاڵی ئێوارە وەڕەزکان و
قاقا بە تام و جێری...کە لە شەقامەکانی شاردا
سەنگەر پڕ دەکەن لە دژوازی سوور.
.
پاڵ وە ئامبۆلانسێکی سەوزەوە
کە مانگی سوور...کە خاچی سوور...کە پاکی سوور دەکاتەوە
ئەو جوغڕافیا ماندوە.
.

پەنجەکەکانت ژانێکی دوور لە رۆژئاوان
چاوەکانت خوێن بەری گرتوون دەمێکە
وە چەمۆڵەیەکی سوور لەو بەری ئوقیانووسەکان ...
یەک لە شەقامە ئاڵۆزەکانی ئیستامبووڵ...
کە رووت دەبنەوە لە ئینسان.
.
تۆش بووکە شووشەکانت فێری ئەلف و بێی سوور کە
وە لە دەلاقەی شێعرەکانەوە...چاو لە دوور کە
با بایسیکڵەکانت ماندوو نەبن ئیتر
لە کاولاشەکانی ئێرە.
.
پاڵ بە جیهانەوە دە رۆڵە
کایەیەکی دی لە کتێبی مێژووتدا سبەی
کۆماریخوزاەکان خۆیان لە کۆڵانێکی دیکەدا حەشار دەدەن
دێموکڕاتەکان لە دارستانێکی تاریک دا
بیر لە کرێملین و کچە سپیکەڵانەکانی ئۆکڕاین
.
هێمن لە سوورایی ساتەکان وەرەدەر
شار بگرە...کە شەپۆلێکی دیکە لە خوێنە و
لە شیعرەکان دوور کەوە کە بووکەشووشەیەکی وێرانن
وە ئەو جوغڕافیایە گول کە
کە بێ بەری لە دەستنووسەکانی بارانن.



# فرزاد آریا کیست؟

هەواڵنامەی کتێب

دکتر محمد رحیمیان، سال‌ها با نام مستعار فرزاد آریا به نوشتن و نشر مقالات در روزنامه‌ها و مجلات فارسی و کردی پرداخته و جا داشت یادی از این نام مستعار کرده‌باشیم ...

اشیای عضلانی در پرتو نگاه هندسی | ۶۰
مرگ کنش‌ها | ۶۸
مدلول‌های معوق | ۷۰
در حیطه‌های ناممکن فرم | ۷۲
شورش وانموده‌ها | ۷۴
سه‌شنبه‌ی خیس و اختلال در نظام دلالت | ۷۶
سه‌شنبه‌ی خیس/ بیژن نجدی | ۷۸



# اشیاء عضلانی در پرتو نگاه هندسی

د. محمد رحیمیان

من اشیاء را نه آن‌گونه که می‌بینم، بلکه آن‌گونه که می‌اندیشم نقاشی می‌کنم.
**پیکاسو**

**چکیده**

حاح جا شتی وا چۆن لە بیر دەکرێ! ساڵی خایاند دەزانی؟ ئەی خۆ ئەو شەڕە ساڵی پێ چوو تا داکووژا! وڵات وێران ببوو!ئەگە هاتن... لە بیرمە لە پڕدا بوو. کورە بە تانگەوە وە نێو شارەکان دەکەوتن! دەنا خۆ خەڵکی ئەودەم هەموو چەکدار بوون. ئەیچۆن. تۆ نازانی! ئەخە خۆ نەتدیوە ناحەقت نییە!کەس خۆی لەبەر نەدەگرتن! چەکی ئەوانمان پێ نەبوو، دەزانی؟ بۆیە. ئەیچۆن. ئەگە هاااا..هاتن م. ..مممن لە ژێرزەوێ لە تفەنگەکەم دەگەرام. ڕ...ر..ڕەەەەش .. لیباسەکانیان هەموو ڕەش بوو. سەرتاپا! دەزانی؟ ئاڵاکانیان لا اله الا الله یان لێ نووسیبوو دەزانی؟هااا..ها..هاتن ...ن نەیان دیتم. ب ب ب با...باوکم، خ خوێنەکەی.. کەژێ... خێنەکە پڕژا پیپ پڕژاااایە سەر شو شو شووو... شوشەی ژێرزەوێکە. کەوت... باوکم... دانەر.. ک.. ک.. کەژ.. ڕووت..ڕووتیان کردەوە.. من.. من دەمدیت...دانەریان برد. د.. دە... دەزانی؟ کە... کەژێ... ڕووتیان ک... کرر...دەزانی؟... لەوێ... هەر لەوێ... ز.. زۆۆۆر بوون.. هاا... هاااتن...لەوێ کەژێ... من نەمتوانی! ت تۆۆ... تۆ نازانی چ بوو! دەزانی؟ نازانی! ب....بۆ... بۆ لێم ناگەرێی؟د.. دەڵێم... ناتوانم ئ...ئە...ئەوانە بنووس...ناتوانم نا...ناا!...لە کۆڵم بەوە... هەستە... هەستە بڕۆ دەرێ... بڕڕڕۆۆۆ... بڕۆ ل...لە کۆڵم بەوە..

**دەسکەنە**

چنار بوداغی

٥ی مانگی پوشپەڕ، کاتژمێر ٥ی بەرەبەیان، ٥ کەس لە بەر دەم شاخ و دەشتێکی زەرد و ویشک، شین بوونەوە. ٥ ڕۆژ و ٥ شەو بست بە بستی ٥ هێکتار زەویان سەر و بن کرد. لە قرچەی گەرمایی نیوەڕواندا ٥ جار هەموو لەشیان شەلاڵی عارەقە بوو. لە کاتژمێر ٥ی ئێوارەی ڕۆژی ٥م دا، دۆزیانەوە.

**مینیبووس**

رووبار بوداغی

لە ئاوێنەکەوە چاوم لێ بوو، زۆر بە نائەمنی دانیشتبوو. نەمدەتوانی چاوی لێ هەڵبرم. هەرچی دەشمڕوانی هیچم نەدەدی. لە نەکاو بە دەنگی ژنێک داچڵەکام. کاتێ ئاوڕم داوە ئەوینی هاو خابگاییم بوو. دەنگی هەڵێنا و بەسەر پیاوە پیرە، وا لە کورسی پشت کچە گەنجەکەوە دانیشتبوو ڕاوەستابوو. کاکی شۆفیر ڕایگرە. با ئەو خوێڕییە فڕێ دەمە خوارێ. ئەو خەرەفاوە لەوەتی ڕێکەوتووین ئاگام لێیە لە بن ئەو کورسیەوە چ دەکا. پیاوە تەمەنی لە شەست بەرەو سەر دەبوو هیچی نەدەگوت ئەننەهوو لەگەڵ ئەویشیان بێ. ئەوین نووکە کەوشێکی لە لاقی کوتا. جەماعەتەکە بێ دەنگ، سریوەیان نەدەهات.

شۆفیر ڕایگرت و گوتی هەستە نامەرد هەستە، بڕۆ خوارێ. لەو لاشەوە دووسێ خوێندکاری کوڕ لە چوار نەفەرییەکە بوون، دەنگیان هەڵێنا هەستە بڕۆ خوارێ نامەرد، جا ئەوە کارە تۆ کردوتە؟ هەی دارزێی.

کابرا کەزانی جێی پێ لێژ بووە، مستی لە ئەوین ڕاست کردەوە و گوتی هەی قەحبە، تۆ هەر قەحبەی، دایکیشت دەناسم قەحبەیە، پێتوایە نازانم کێی؟ وەک ئەوەی هەرچی بیڵێ ڕاستە.

ئەوین قەبری ئاورین بوو. زۆری هێنا بۆ پیرەپیاو.

مەلایەک لە پشتەوە دەنگی هەڵێنا، دانیشە کچێ دانیشە بۆ ئابرووی خۆت دەبەی. ئەوین گوتی تۆ نازانی ئەو خوێڕییە خەریکی چ بوو، من ئاگام لێبوو.

پیاوێک لە پشتەوە گوتی دانیشە خانمەکە تۆ بە قسەی مامۆستاش ناکەی؟ ئەو قورئان لەسینگە. کاکی شۆفیر لێخوڕە، خۆ تۆ نابێ ئاورەکە خۆش کەی، لای خۆی تۆ پیاوی.

## کایەی خوداکان

سامان ئەهوورا

هەمووی موسافیرکان دانیشتبوون و چاوەڕوانی ڕۆشتن بوون هەرکەسە و شتێکی دەکوت، پاپۆڕەوان زوو زوو دەهاتە خوارێ و بە تکا و ڕەجا داوای دەکرد خەڵکەکە بێدەنگ بن، یەکێک لە موسافیرەکەن بە دەنگی بەرزەوە هەلی دایە و کوتی، ئەی بۆ وەڕێ ناکەوی؟ کێشە چیە؟ خنکاین، دەنگێک هات و پاپۆڕەوان بە پەلە گەڕاوە سەرێ و پاپۆڕی وەکار خست و وەڕێ کەوت. بزە کەوتە سەر لێوی هەموو موسافیرەکان، چەند پیرێژنێکیش لە ژێر لێوەوە دووعایان دەخوێند.

پاپۆڕەوانەکە بەردەوام سەیری ئەملا و ئەملای دەکرد چەن کەسێکیش دەیانویست بێنە دەرێ، لە تابگە «کەنار دەریا» دوور کەوتنەوە. خۆر هێدی هێدی خۆی وەدەر دەخست و تەنیا دەنگی شەپۆلی ئاو، دەنگی ماتۆڕی پاپۆڕەکە و نووکە نووکی چەند منداڵێک دەهات کە هاتبوونە دەرێ هەوایەک بگۆڕن، چەند کەسێک جگەریان بە دەستەوە بوو و دووکەڵەکەیان بە ئیشتیا بەر با دەدا،وەک ئەوەی زۆر لە دواڕۆژیان دڵنیا بن، قسەی زلیان دەکرد و فیکەی سمێلیان دەهات. گەنجێک لە لای پاپۆڕەوانەکە ڕاوەستابوو، چاوێکی لێکرد و پرسی: بڵێی بە چەند ڕۆژ بگەینە جێ؟ ئەویش تەنیا سەرێکی دەلەقاند و دەیکوت دەگەینێ!

کاتژمێر بێوچان دەڕوویشت زۆربەی موسافیرەکان سەری قسەیان لەگەڵ یەک کردبووەوە پێکەوە دەدوان، ژنێکیش لە گۆشەیک دانیشتبوو شیری بە منداڵە ساواکەی دەدا.

سێ ڕۆژ بە ئاسایی تێپەر بوو بەڵام شەو ڕەشەبایەکی بەهێز پاپۆڕەکەی وەک لانکەی منداڵ ڕادەژاند. ترس کەوتە دڵی هەمووان. بای بەسام و بەهێز خۆی بە سینگی ئاودا دادەداو شەپۆلی ترسناک هەڕەشەی لە ئێمە دەکرد. هەرکەس هاواری بۆ خودای خۆی دەبرد و زۆر جار تۆبەیان دەکرد، یان بەڵێنیان بە خوداکەیان دەدا کە ڕزگار بن، چی دەکەن و و چۆن دەکەن! ڕوژ هات و شەو ڕویشت، خۆرەتاو بوو بە ئاژوانی نیوان با و دەریا.

لە ئێوارەی ڕۆژی حەوتەم بە دیتنی یەکەم شاری ئیتالیا کەس وەعد و بەڵێنییەکەی لەبیر نەما.

## (....)

ئاکۆ عەبباسی

جگە لە خۆم و دایکم و قەبر هەڵکەنەکە و کوێرە مەلایەک کەسی دی نەهاتبوو. قەبر هەڵکەنی بەستەزمان هێند پێمەڕەی لێدابوو ئارەقە لە هەر حەوت کونی ئەندامی دەچۆڕا. مەلاش لە بن خۆیەوە شتێکی بە عەرەبی دەجوو. دایکیشم هەر تاو نا تاوێ کوڵی گریان دەیگرت و گیر دەبۆوە. لە ناکاو پۆلێک بنیادەمی کۆک و پۆشتە و تەرپۆش بە هات و هاوار ڕژانە سەر قەبری بابم. هەرکەسە و بە هۆکارێک هاتبوو. هێندێک کۆچ کردوو پێیان قەرزدار بوو و ئەوەش دەبووە هۆی ئەوەی خەمەکەیان دووهێندە بێ و بێ ئەوەی بیانهەوێ لە پرمەی گریانی بدەن، هێندێک ڕووداوی مەرگەکەیان بەهێندێک دەستێوەردانەوە بۆ جەماعەت دەگێڕاوە، هێندێکیش بەپێی بیرو بڕوایان زۆر بە هاتنی مەلا قەڵس بوون و بە داڵێکیان دەشوبهاند بۆنی مردووی کردبێ،دەستەیەکیش بە نابەدڵی و بە هەڵکەوت لەگەڵ ئەو جەماعەتە کەوتبوون، بەڵام پێشیان خۆش بوو بۆ چەند ساتێکیش بێ بیر لە پووچی و سپڵەیی ئەو ژیانە بکەنەوە، لەگەڵ ئەوەش پەیتا پەیتا باوێشک بەربینگی پێ گرتبوون کە لەو مەجلیسەدا لە شان و شکۆی ئەوان نەدەوەشاوە و ناچار دەبوون زوو بە زوو دەستیان کە گیرفان بێتە دەرێ و باوێشکی پێ بشارنەوە. لەو قەرەباڵغەدا بوو دەنگێک لە دوورەوە هاواری کرد کاکە وەرنە ئێرە ئەوەیە قەبری ئاغا! هەموو ئەو حەشیمەتە بەئیزافەی مەلاکە ڕوویان کردە قەبرێکی دی.



## شارە مێروولە

موحسین مستەفازادە

لە چاوەکانیدا ئازادیم
بەدی دەکرد بۆیە
هەڵیانفریواندم تا
بێ ئەوەی بیر لە
زستان و خزم و
کەس بکەمەوە
بێم بۆ شاری ئەو،
کەچی لێرەش
هەر کاریگەرم،
ها و کا ت
ڕێگەکانیشم بۆ
نامۆن؛ تەنانت
ئێستا سێ ڕۆژە
منم و لەتە
گەنمێک...

## تۆڵە

سولەیمان

ئیبراهیم زادە

دەمانچەکەی هەڵگرتەوە و چاوێکی لێ کرد. تەنیا یەک گوللەی تێدا مابوو. چاوێکی لە دەورووبەری کرد. کەس دیار نەبوو. زوو لە باخەڵی ڕاکرد. «ئۆخەیش لە مێژ ببوو لە شتێکی وا دەگەڕام. قەت باوەڕم نەدەکرد ڕۆژێک ... دەیتۆپێنم. شەرت بێ دەیتۆپێنم». تەواوی ئەو نەخشانەی کە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا دایڕشتبوو. هاتەوە بەر زەینی. ئەو ڕۆژە هەتا بەیانی سەد ڕەنگی هێناوبرد. دەیکوشت و لەگەڵ خەڵکەکە دەشی ناشت. بریندار دەبوو. دوو سی مانگ لەجێیەدا دەکەوت و کەسیش نەیدەزانی کاری کێ بووە. ئەوێش بە زەلیلی دەیدیت و ئۆخژنی دەهاتێ. بریندار دەبوو ئاورێکی دەداوە و ئەوی دەناسییەوە و بۆ هەتا هەتایە لە بەندیخانەدا دەبوو. یان خۆی بە هەڵواسراوی دەدی و ژن و منداڵەکەی چاو

بە فرمێسک و هەڵوەدا بۆ پارووە نانێک. لە چاو ڕۆژان زۆر زووتر وەخەبەر هات. سەعاتێکی مابوو کابرای گۆرین لە ماڵ وەدەر کەوێ. دەچووە دەرێ و دەهاتەوە ژوورێ. دەتگوت بایەکی سارد لە هەناویدا هەڵیکردووە لەرزی بوو زوو زوو کاری ئاودەستی دەبوو . هەر لەخۆڕا دڵی پڕ دەبوو. دەهاتەوە ژوورێ چاوێکی پڕ بەدڵی لە منداڵەکانی دەکرد. بە دزی خێزانی چاوێکی لە کاتژمێرەکە کرد. بە لەعنەت بی ئینسانی خراپ هەموو کارێکت پێدەکا. دوازدە خولەکی بۆ کاتی وەرێکەوتنەکەی مابوو.
کوڕەکەی ئەودیوئەودیوی کرد بە هەستی بابی چاوی هەڵێنا. «بابە ئەوە دەڕۆی ئەتۆ نەتگوت ئەورۆ دووچەرخەت بۆ دەکڕم».
دەستێکی بەسەری داهێنا و چووە بەر ئاوێنەکە. « ئێستا نان و چایی دەخۆین و دەڕۆین هەتا دووچەرخەت بۆ نەکڕم هیچ کارێک ناکەم». کچەکەی بە دزییەوە چاوی هەڵێنابوو. گورج دەرپەڕی ئەی تەبلێت بۆ من بابە. «بەسەر چاو بۆ تۆش کچم».



**مەودا سوورەکان**

مەحموود محەممەدیان

دەمانچەکەی هەڵگرتەوەو چاوی لێ کرد، تەنیا یەک گوللەی تێدا مابوو. یەک گوللە... زۆر جار بیری لەوە کردبۆوە کە مەودای نێوان مان و نەمان، سەرفرازیو سەرشۆڕی زۆر بەرتەسکە.وەک ئێستا کە فیشەکێک دەتوانێ ژیان و مەرگ بنووسێتەوە. لەم فکرانەدا بوو کە تەقە دەستی پێکرد و بەردەوام نزیک دەبۆوە. فکرێکی ڕەش و سپی بە خێرایی سەدان کیلۆمیتر لە سەعاتدا بە مێشکیدا تێدەپەڕی.دوای چەن چرکە بێدەنگی لە نەکاو تەقەیەکی بچووک لەو دیوی سەنگەرەکەوە هات
ـ زوو تێپەڕ بن،مەترسیمان لەسەر نەماوە
ـ ئەی ئەو تەرمە چی لێ بکەین؟
ـ نازانم... بیخەنە بن ئەو بەفرەوە با هیچ ئاسەوارێکی نەمێنێ لەشکرەکە زۆر دوور نەکەوتبۆوە کە لوورە لوور باڵی بەسەر وڵاتدا کێشا

**ئاخرین گوللە**

پەروین شێخی

دەمانچەکەی هەڵگرتەوەو چاوی لێکرد تەنیا یەک گوللەی تێدا مابوو› لەبەر خۆیەوە کوتی; چم کرد تەنیا گوللەیەک؟!!! هەمووی بەفیڕۆ چوو پێویستم بەدوو گوللەیە› یەکیان بۆ ئەوو یەکیان بۆ...
دمووچاوی سووری لەبەرخۆری نیوەڕۆێ گەرمی هاوین سوورتر ببووو لە عارەق دا خووسابوو› دەستێکی بە نێوچاوانی داهێناو عارەقە ی سڕیەوە ‹ سمێڵە زەردو پانەکەی وەکوو هەمیشە خستە نێو دمی وەدەیجوو سیلەی گرتە حەوزەکەی بن دارتووەکەو جارجاریش نیگای بۆلای دارمێوەکە دەگوێستەوە› دەمێک بوو پاڵی بەدیواری لای دەرکەی حەوشەوە دابوو› دیاربوو لاقە کزولاوازەکانی ماندوو ببوون...
ئەوجارە نابێ هەڵە بکەم دەزانم خۆی لەپشت دارتووەکە حەشارداوە!!!
لەدیوارەکە بۆوەو بەئەسپایی بەرەو دارتووکە ڕۆیشت بە دەوری دارتووداگەڕا چی لێ نەبوو بەرامبەر بە دەرکەی حەوشە ڕاوەستا چاوی بڕیە ناوەڕاستی حەوزەکە «ڕووداوە تاڵەکەی وەک فیلمێکی خێرا و بەپەلە هاتەوە بیر» دەمانچەکەی لەسەر تۆقی سەری دانا هێلنجی دەهاتێ و چاوی ڕەشکە وپێشکەی دەکرد سەری لەگێژەوە هات و خواربۆوە بکەوێتە نێو حەوزەکە «لەناکاو یەکێ لە پشتەوە لەباوەشی گرت ودەستی توند گرت گیانی وەک شەقشەقە دەلەرزی دڵی ئەوندە توند لێدەدا لەوانەبوو سییەکانی بپچڕێن» لەوحاڵەدا دەستی کرد بە جنێودان وخۆی ڕادەپچکاند ودەیکوت لێم گەڕێ تاهی عەزیز تکایە جوان بیرکەوە تۆ لەهەڵەی کەس تاوانبارنییە «بە مردنت ئەو ناگەڕێتەوە !!! عەزیز دەستی شل بوو» دەمانچەکەی نیشانە گرت و دەستی لەسەرپەلەپیتکەکەی داناو ئاخرین گوللەی لە نێوەڕاستی حەوزەکە دا تەقاندەوەو دەمانچەکە لەدەستی کەوتە نێو حەوزەکەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا «فرمێسکەکانی شۆڕاوگەی بەست» هەستی بەسووک بوون کرد «چاوی بڕیە حەوزەکە» ئاوی تێدا نەمابوو...

**(.........)**

سیامەند موهتەدی

لە ناو جەماوەرەکەدا مێرمنداڵێکی ڕەشتاڵەی چاو چکۆلەی تووڕە بە دەنگی بەرزەوە دروشمی دەدا. کەپۆیەکی قیت و دەمێکی ورد، چەنەیەکی خڕ و ملێکی باریک.کراسێکی سپی مەیلەو بۆر لە بەر و شەلوارێکی شین لە پێ. لە خوێندکاری پۆلی یەک یا دووی ناوەندی دەچوو.
....
چاوی دەرهات، بە من چی؟! هەر کە سێک بێت!
قامکم کێشا بەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکەم. لەگەڵ تەکانێکی بەتەوژم، شان و مل و سەر و چاوی بە دوای یەکدا و وەک شەپۆلێک تێکهاڵا. تۆز لە جل و بەرگ و ناوچاوان و تەنانەت موی سەریشی بەرز بۆوە. زانیم پێکاومە. خوێن لە سینگیەوە قڵپەی کرد و بۆ یەک دوو چرکە چاوی لێکنا. بەڵام هەر کە چاوی هەڵێنا لە ناو ئەو قەرەباڵغیەدا منی بینیەوە. زۆر تیژ ئەیڕوانیمێ. تیژتر و ترسناکتر لە هەموو چاوێکی تر.

سـەیر بوو، ئەو فیشەکی بەرکەوتبوو بەڵام لە چاوی مندا داوەڵی ترس هاتبوە سەما! نیگای وەک تاپۆیەکی ترسناک خوێ لە چاوم گرێ دابوو و نەمدەتوانی خۆی لێ بدزمەوە. وەک ئەوەی بیهەوێ قسەیەک بکا...

لە ناکاو شـتێکم بیر هاتەوە: « بشـمکووژی هـەر تۆ دۆڕاوی!! فیشـەک هەرگیز بەرەنگاری بیری سـەربەخۆیی ناکا!! ئەو تۆوە بە دەسـتی باپیرانم چێنراوە و بە چەخماخەی هەر فیشەکێک هەزارانی وەک من لەو خاکە وەک کارگ هەڵئەتۆقێن و کۆتەڵی مەرگ ئەڕازێننەوە بۆ تۆ و هاوبیرانی تۆ!!»

(ئەوە ئاخرین وشەکانی یەکێک لەو سەگانە بوو چەند چرکەیەک پێش ئەوەی مێشکی بپرژێنمە سەر خاکی پیرۆزی وڵاتەکەم)

دڵنیام ئەو منداڵەش هەر تەمای بوو ئەوەم پێ بڵێ.

ئەوەندە ترسابووم کە ویستم فیشەکێکی تر حەواڵەی جەستەی نگریسـی کەم بەڵام بینیم لاقی فیـزا و وەک ڕنوویەک کە لە سینگی شاخ بەر دەبێت، کەوتە سەر چۆک.

ئەو سـەگە کە دواتر زانیم ناوی ناسر بووە و کوری کابرایەکی کرێکار، ئێسـتاش لەسەر چۆک وەسـتابوو و وەک تاپۆیەک کە ئەیویست گیانی من بکێشێ، چاوی بڕیبوە چاوی منەوە.

بۆ جاری سێهەم ویستم تەقەی لێبکەم، مەخابن ترس دەستمی وەها سست کردبوو کە توانای چرکاندنی پەلەپیتکەکەم نەمابوو. چاوم لێکنا و چاوەڕێم کرد گیانی دەرچێ، ئەوە تاکە ڕێگەیەک بوو بۆ دەرباز بوون لەو ترسە.

## (.........)

جەلال نەججاری

هـەر بە خەیاڵیـدا نەدەهات کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەم شـێوەیە بمـرێ ، ئەویـش لە کوێ ؟ لە قەرابالغترین خیابانی شـار، ئەو شـوێنەی پتر لە هەزار کەڕەت پێیدا ڕۆیشـتبوو بۆ قوتابخانە ، هەر لەو شـوێنە هەزار کەڕەت قسـەی بە هـەزار کچ کوتبوو ، هەزار ژومارەی دابوو ، هەزار جار عاشق ببوو... بیری لێ کردبۆوە لەوانەیـە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ڕووداوێکی هاتوچۆ تێدا بچێ! یان لە تەمەنی سـەرێدا ئەو کاتەی منداڵ و نـەوە دەوریان داوە بە جەڵتەی دڵ یان سەرەتانی پرۆستات بمرێ ! بەڵام هەرگیز پێی وا نەبوو ڕۆژێک لە ڕۆژان ، لـە تەمەنی میرمنداڵیدا ،گوللەیەک شارەوشـار و وڵاتەووڵات ببڕێ و لە تێهەڵچوونێکی جەماوەریدا و لە قەرەباڵغترین خیابانی شـار سـینگی ئەو ببێکێ.ئەو ئێستا مردبـوو و تەنانەت نەیدەتوانی بیر لەوە بکاتەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان چۆن دەمرێ..

## چاوەڕوانی

شەهێن فەتحوڵڵایی

لـە باڵاخانەوە بەرەو خـوارێ هەڵات.شـەش پلیکانی مابوو کە بەربۆوە، سەری لە گۆشەی پلیکانی ئاخر درا.پۆستچی جارێکیتر قامکی بە زەنگەکەوە نا.

## کورتە چیرۆکی کورتە چیرۆک

یونس گوڵشەن زادە

لە پەنجـەرەی قاتـی حەوتەمـەوە دەیڕوانیـە خوارێ،هەولی دەدا ئاراسـتەی بینینـی بگۆڕێ،حەوشـە پـان و بەرینەکەی ئـەو نەخۆشـخانەیەی بەرانبەریان دیسـان تێکـەڵ بە دۆخە ناجێگیرەکـەی خـۆی دەکردەوە،نە هیوای مانـەوەی هەبوو نە جەرگی کۆچێکیتر،نەدەبوو بیر لـە گەرانەوەش بکا،ژیان وەکوو چیرۆکێکی قۆری لێهاتبوو،لە ناکاو ئیلهامێکی بۆ هات!وەکوو تەنیا چارەسەر دەستی دا قەلەم و کورتە چیرۆکێکی نووسی،چیرۆکی ئەو ژیانەی کە دەبێ سازیدا.

## گێژ

عەلی سۆهرابی

چـاوم بڕیبوە جەسـتەی خوێناوی ئەو
و کێردەکەی دەسـتی. شۆڵاوگەی
خوێنەکەیـان بە بـەر دەممماندا
دەڕۆیـی و بـڕێ ئەولاتر لە
چـاوان ون دەبوو. ئەویش
چاوی بڕیبوە جەستەی
خوێناوی من و کێردە
خو ێنا و یە کـە ی
دەسـتم. ئاوێنەی
باڵا نوێنی یەکتر
بووین.
ئاورێکـم داوە
و تەماشـایەکی
پشـت سـەرم
کـرد. هیچیان
مەتق لە دەمیان
نەدەهات. بە ڕیز
لە پشت سەری
هەردووکمانـەوە
لە سەرەدا سەریان
بەردابـووە. چاویان
تەنیا بەرپێی خۆیانی
دەدی، زمـان لـە
دەمیانـدا گوێ نەدەکرد.
مێشـک هەر باسی مەکە!
وادیار بوو تەنیـا بەرێوە بەری
خورد و خوراک و زاوزێیە....
بەدەنگی حەسـەنی برام داچڵەکیم:
دەزانی ژیانی ئەمانەش هاوشـێوەی ژیانی
خۆمانە!
کورە گێژە مەرِی خۆت سەر بڕە درەنگە، ئێستا دوکتور دێ!



## (..........)

محەممەد ڕەسووڵی

هێندێک لە من نزیک بووە و دەسـتی لە سەر شانم دا و کوتی : زۆر لەوە پێشـتر دەبوایە ئـەو کارم کردایەت ، ئەوەی کوت و پێکەوە لە درگاکە وەسـەر کەوتیین،سەعات لە دووی شەو لای

دابوو و هیچ دەنگێک لە ماڵەکەوە نەدەهات،چراقووەکەی هەڵکرد و گۆرەویـــە ژنانەکەی کرد بە ســەری دا،دڵم توند لێدەداو لە ترسان تەواویی گیانم وەک شەق شەقە دەلەرزا، زۆر بە ئەسپایی بە گۆم دا کوتی : لە چی دەترسی؟ تۆ کارت بە هیشتێک نەبێ تەنیا بە دوام دا وەرە.

ســەعات چوار و نیو بوو،دەنگی ئاژیری پۆلیس و مەعموورەکان ئەژنـــۆی شــکاندبووم، ژوورەکە و ڕزگار و دایکــی لە خوێن دا گەوزابوون.

ســەعات ببوو بە شەش،دەســتی گرتــم و کوتی : نازانــم چی بکەین بە خــودا نەم دەزانی دایکیشی لێرەیە،درگای زیندانەکەیان کردەوەو دوو مەعمــوور ئێمەیان بــردە ژوورێــک و پیاوێکــی ڕیشــی چــوار شــانە بە لیباســی شەخســیەوە کوتی : بشــینید بینم . قــەت جێــگای ئــاوا نەهاتبــووم و نــەم دەزانــی چــون گریــان و ترســەکەم بشارمەوە. پیاوە ڕیشیەکە کە دیــار بوو مەعمووری‌کی پلە بــەرز بوو بــە دەنگێکی گــڕەو کوتــی : تعریــف کن ببینم چە گوهی خوردین مرتیکە، ئەمیر دەستی کرد بە قســە کردن و بە گریانــەوە کوتــی : بە خودا نــەم دەزانی دایکی لەوێیە،جەناب ســەروان من خەریکی زیندەگــی خۆم بووم ڕۆژێک هاتە لاموو کوتی: چاو لێکە ئەمیر من و تۆ دەتوانین تا ئاخری عومر لە خۆشی دا زیندگی بکەین،تاکەی دەتەوێ لە بەدبەختی دا بەسەر ببەین،من ئیدی وەڕەز بووم لەم هەموو بەدبەختیە. ئێمە ڕەفیقــی دەورەی منداڵی بووین،باوەڕم پێ هەبوو،ڕۆژێک چووینە دووکانی زێڕینگەریەک و هەر سێکمان هەر چی لەو دووکانە دا بوو تالانمان کرد و ڕۆیشــتین، زێڕەکان لای ڕزگار بــوو ڕۆژێک دوای دزیەکە زەنگی بۆ لێداموو چووینە باغێــک لە دەرەوەی شــار،زێڕەکانی هێنابوو و کردی بە ســێ بەشــەوە و یەکتریمان ماچ کرد و ڕۆیشــتین. وەختێک چوومە ماڵەوەو درگا کەم کردەوە، هیــچ کەس لە ماڵێ نەبوو،هەرام لە



چنــووری خێزانم کرد وەلی هیچ جوابێکم نەبیست،دەمویســت پێیبلێم ئیدی زیندەگی قۆڕ و پڕ لە بەدبەختی تەواو بووە و خۆی ئامادە بکا کە لەم شارە بڕۆین.

بــەڵام کەس لە ماڵێ نەبوو.بە مانگ بــە دوای دا گەڕام،جێگا نەمابــوو نەچم کەس نەمابوو لێ نەپرســم ئــەرێ چنوورتان نەدیوە.خەریک بوو شێت دەبووم،من تەواویی حەول و تەقەلام بــۆ ئەو بوو. ڕۆژێک ئەفشــینی ڕەفیقم. نێــوی منی کە هێنا وەختە بوو ســەکتە بکەم،هەموو شــتێکم خــراپ کردبوو... ئەفشــینی ڕەفیقم زەنگی بــۆ لێدام و کۆتــی: خەبەرێکم لە خێزانــت هەیە وەرە جێەک با پێــت بلێم.ئەو زەنگەی زۆری دڵ خـــۆش کردم هەر دوای زەنگەکە چوومە لای ئەفشـــین. ئەوەڵ نەیدەویســـت پێـم بلێ وەلی مەجبـــوور بوو من هیچ خەتایێک لەوەوە نادینم. ئەفشـــین بە منگە منگەوە دەســـتی کرد بە قسە کردن: چاو لێکە ئەمیر ، هیچ کەس نەتوانێ هیچ کەس بــە زۆری ڕاگرێ،خۆشەویســـتی هەمووی حەکایەت و زیندەگی ئەو جۆرە نیە کە ئێمە بیری لێدەکەینەوە،من نازانم چۆنــت پێ بلێم وەلی دەبێ ئاخــری بیلێم چنووری خێزانت لە گــەڵ ڕزگار پێکەوە دیویانن هەر ئــەو ڕۆژەی زێرەکەمان بەش کرد .

## شەشی بەیانی

دیاکۆ دادگەر

بایەکی فێنکی هاوینی، کاتژمێر شەشـە. بە ترسەوە دەچێتە ژێر دووشی حەمامەکە و لەگەڵ چڵکنیی لەشی فکرەکانیشی دەشوا. نایهەوێ خەوەکەی بڕەوێتەوە. لە ژێر فشاری کەمی دووشەکەدا کەم کەم هەست بە حەسانەوە دەکا...

خوێندنی کەڵەباب، گەرمای ژوورێکی تاریک و دەنگی باوەشێنێکی خراپ بە دیوارەوە...لەشـی ماندوو و چڵکنی، قورساییەکی زۆری لەسەر زەینی ساز کردبوو.

چاوەکانی قورســن بەڵام خەو نایباتەوە. جار جارە لە ژێر خۆیەوە جنێوێک دەدا و جار و بارەش ژێستی کەسێکی بەش لێ خوراو لە خۆ دەگرێ.

« ٥ کاتژمێریــش بخەوم تەواوە. ئەگەر دوو کاتژمێریش دانێم بۆ قسەو باسی خاوەن ماڵەکەم دیســان دەتوانم دوای نانی نیوەڕۆ تۆزێــک بخەومەوە. ئەو ســەگبابە نازانم چی دەوێ لێم، ئەوە لە خەوی شــەوانم و بە ڕۆژیش گوێ بیســتی قسە و وەهمەکانی. ئێواریش خزمەتی خواردنی خەڵک...کار و کرێکاری هەی بەزیاد نەبێ»

لــە حەمام دێتــە دەرێ و خۆی وشــک دەکاتاوە. هەســت بە ســووک بوون دەکا، چیتر دەنگی کەڵەباب و گەرمای ژوورەکەی تووشــی جنێودانی ناکەن. بەڵام دەنگی باوەشــێنەکە ناهێڵێ بە باشــی بیر بکاتەوە و دواتریش بخەوێ. چاوی بە زۆری هەڵدێت. دەیکوژێنێتــەوە. وردە وردە بــە دەم خــەوەوە دەڕوا و چــاوی دەقووچێنێ و لەبەر خۆیەوە دەڵێ:»٥ کاتژمێریش بخەوم هێشتا هەر باشە. دوای دوو کاتژمێر قسە کردن بە هۆی بێتاقەتی خاوەن ماڵەکەم، دەتوانم تۆزێکیکەش بخەومەوە. ئێوارێ خزمەتکارێکی باش دەبم و چیدی تووڕەیی خۆم لەســەر داوای مشــتەریەکان خاڵی ناکەم.»

# پێنج کورتیلەچیرۆک

## لە دەفتەری یادداشتەکانی کارمەندێکی سادەی فەرامۆشکراو

ڕەحیم عەبدولڕەحیمزادە

ئەو ڕۆژەی ژنەکەم با بردی ئێمە لە هەموو ڕۆژێک کەیف سازتر بووین. توند دەستی یەکتریمان گرتبوو، لە شەقام پیاسەمان دەکرد و باسی هەموو شتێکمان دەکرد کە لە پڕ بایەکی توند هەڵی کرد. ئیمە تەنانەت بەو بایەش پێکەنینمان دەهات کە هەستم کرد ژنەکەم خەریکە لە عەرز جیا دەبێتەوە. سەرەتا هێندێک بەرز بۆوە و دواتر تەواو چووە سەرێ من توند دەستیم گرتبوو و ئەو وەک کۆلارەیەک بە دەستمەوە دەشەکاوە. سەیر ئەوە بوو ئەو تەنیا شتێک یان کەسێک بوو کە بەو بایە وە حەوا کەوتبوو وەک کاغەزێک یان پەڕۆیەک. گاڵتە و گەپەکەی ئێمە لە گەڵ ترس جێی گۆڕیەوە بایەکە کەمێک توندتر بوو و ئیتر بۆم ڕانەدەگیرا. هاوارم لە خەڵک دەکرد بەڵام هەر کەس دەستی بە کڵاوەکەی خۆیوە گرتبوو و هەڵدەهات. بایەکی توندتر ئەوی لە دەستم ڕاپسکاند و بردیە سەرێ و هێندە دووری خستەوە تا لە بەر چاوم ون بوو. دوای چەن دەقەیەک بایەکە خەوت و دەتکوت هیچ ڕووی نەداوە. تەنانەت نە لە ئیدارەی پۆلیس و نە خەڵکیش هیچیان بڕوایان بەوە نەبوو ژنەکەم با بردوویەتی. ئەوان بە بزەیەکی تەوساوی دەیانکوت لەوانەیە بە جێی هێشتبتم یان لە گەڵ پیاوێک هەڵگیرابێ، بەڵام ئێمە یەکتریمان زۆر خۆش دەویست. تەنانەت پۆلیسێک پێی وابوو من ژنەکەی خۆم کوشتووە و ئاوا دەمهەوێ تاوانەکەم داپۆشم بەڵام هەرچی گەڕان نە تەرمێکیان دۆزییەوە و و نە شتێکی ئەوتۆیان لە سەر تاوانبار بوونی من گیر کەوت. هێندێکیش پێیان وا بوو من هەر ژنم نەهێناوە و شێت بووم بەڵام کاتێک قەباڵەی زەماوەندەکەی منیان دی بڕوایان کرد کە من ژنم هێناوە و ڕاستە ژنەکەم خەڵکی ئەم شارە نەبوو و کەس نەیدەناسی، بەڵام زۆر کەس ئەویان لە گەڵ من دیبوو و دەیانتوانی شایەدی بدەن.

دوای ئەم ڕووداوە بەشێکی ژیانی من بەوە ڕادەبرا کە بە خەڵک و کاربەدەستان بسەلمێنم ژنەکەم با بردوویەتی و بەشێکی ژیانم بەوەی چاو لە ئاسمان بڕم بەڵکوو ڕۆژێک بگەڕێتەوە. بە تایبەت ئەو ڕۆژانەی بای دەهات من زۆرتر هیوام هەبوو کە بایەک لە گەڵ خۆی بیگەڕێنێتەوە. شەوانەش کاری من ببووە گەڕان لە ناو ئینتێرنێت دا کە بزانم ئایا لە هیچ گۆشەیەکی دونیا ژنێک لە پڕ لە ئاسمانەوە بەر نەبۆتەوە یان ڕووداوێکی نائاسایی لەم چەشنە.

بەم جۆرە من کە کارمەندێک بووم کە دوارۆژێکی گەشی بۆ پێشبینی کرابوو وەها تێکەڵ بەم دۆخە بووم کە دوای چەن مانگ لە کار دەرکرام و وردە وردە هیچ بژیوێکم بۆ ژیان نەما. بەڵام ئەم ڕووداوە چەندین خاڵی ئەرێنیشی هەبوو کە یەکیان فێر بوونی دەیان زمانی زیندووی دونیا بوو. هەروەها کتێبێکی بەناوبانگم لە سەر هەموو ئەو ژنانە نووسیوە کە لە مێژوودا با بردوونی کە بە چەندین زمان وەرگێڕدراوەتەوە و وەک گەورترین پسپۆڕی ئەم بوارە لە دونیادا ناسراوم.

ڕەنگە ئێستا تەنانەت سیمای ژنەکەمم لە بیر نەمابێ و تەنانەت بە دواشیدا نەگەڕێم، بەڵام ئەگەر ڕووداوەکان بەو جۆرە نەبوایەن من ئێستا کارمەندێکی سادە بووم لە شارۆچکەیەکی چکۆلەی وڵاتێکی فەرامۆشکراو.

### بەندی تا هەتایی

یەکەم جار بوو تینی ماچێکی گەرم لە لێوەکانی دەگەڕا. دەرفەتیان دابوو بەو و بە چەن بەندیی تر کە بارودۆخیان وەک یەک بوو تا هەر لە بەندیخانە زەماوەند بکەن، تەنانەت کوتبوویان لە دیدارەکانی تردا دەهێڵن لێک نزیک تر ببنەوەو ئاوێتەی یەکدی بن. هێشتا ناوی ژنەکەی نەدەزانی، ئەوەندە نەبێ دەیزانی لێوەکانی گەرم و گۆشتن بوو.

ڕەنگە پاسەوانەکان بەزەییان پێیان دا هاتبێ یان ئەوەی ئەمەش بەشێک بێ لە ئەشکەنجە دڕندانەکانیان. چەن ژنیان لە بەندیخانەی ژنان هەڵبژاردبوو کە هەر لە بارودۆخی ئەوان دابوون

و له مێرمنداڵییەوە له زیندان خرابوون.

لەوەی بە بەرچاوی چەن پاسەوانی حیز و چاوچنۆک ژنەکەی رادەمووسی ئێجگار پەرۆشی کردبوو بەڵام نەیدەتوانی له لێوە گەرمەکانی دابڕێ.

چاوی به پاسەوانەکان کەوت کە بزەیان دەهاتێ و ئەم بیری دەکردەوە ئەگەر منداڵییان ببێ، منداڵەکەشیان تا هەتایە دەبێ لە بەندیخانە بمێنێتەوە.

**قەتیس**

چاوم بڕیبووە جەستەی خوێناوی ئەو. نازانم بۆ لە ناو ئەم هەموو تەرمەدا کە خەڵتانی خوێن بوون، ئەو تەرمە سەرنجی ڕاکێشابووم.

جگەرەیەکی پاڵ ماڵم داگیرساند وەک ئەوەی بمهەوێ خۆ لەو تەرمە گێل کەم و دیسان وەک هاوڕێکانم دەستم کرد بە گەڕان بە ناو تەرمەکان دا بەشکوو شتێکم گیر کەوێ، سەعاتێک بڕێک پووڵ یان چەقۆیەک، بەڵام زیاتریان وێنەیەکیان پێ بوو لە ژنێک یان ژنێک و منداڵێک کە بزەیەک لە سەر لێویان قەتیس مابوو.

دیسان بێ ئەوەی بزانم بۆ ئەو تەرمە خوێناوییە سەرنجی ڕاکێشام. ئەمجارەیان لێی نزیکتر بوومەوە، هەستم دەکرد سیمای ئاشنایە. بە پەلە خوێنی سەر دەم و چاویم سڕی. زۆر ئاشنا بوو وەک ئەوەی ساڵانێک لەمەوبەر ناسیبێتم، بەر لە شەڕ.

زیاتر لێی ورد بوومەوە زۆر شێوەی خۆمی دەدا، بەڵام زۆر گەنجتر وەک سێ ساڵ لەوە پێشی خۆم، بەر لە شەڕ. شڵەژام، دەستم بە گیرفانەکانی دا گێڕا، تەنیا وێنەیەک و پاکەتێک جگەرەی پاڵ ماڵ. سەیری وێنەکەم کرد، ژنەکەم و منداڵەکەم کە بزەیەک لە سەر لێویان قەتیس مابوو.

**زایەڵە**

لە خەو کە ڕاچەنیم، دیتم لە بە تەنافێکەوە لە کێوێکی ئێجگار بەرز شۆڕ بوومەتەوە. نەمدەزانی لێرە چ دەکەم. من دوێشەو لە ماڵەکەی خۆم خەوتبووم و ئێستا لێرە، لە شوێنێکی نامۆ کە قەت پێشتر نەمدیبوو خەبەرم بووەوە. من هەرگیز کەژوان نەبووم، تەنانەت لە بەرزایی دەترسم. سەر هەڵدەبڕم کەس دیار نییە، چاو لە خوارێ دەکەم و تەنیا ترسێکی قووڵ دە نیشێتە گیانمەوە. بە سەرمایەک کە خزیوەتە ئێسقانەکانمەوە دەزانم خەون نییە.

دەنگ هەڵدەبڕم:

ئێرە کوێیە؟

بەڵام تەنیا زایەڵەی دەنگی خۆم دێتە گوێم:

کوێیە... کوێیە... کوێیە

لێرەدا نووسەر قەڵەمەکەی دادەنێ، هەم خەوی دێ و هەم لە بەینی خۆمان دا بێ نازانێ لە گەڵ کاراکتێرەکەی لەم دۆخە دژوارەدا چبکا. دەچێتە سەر تەختەکەی. کە لە خەو ڕادەچەنێ، دەبینێ بە تەنافێکەوە لە کێوێکی بەرز شۆڕ بۆتەوە. پێی وایە خەون بە چیرۆکەکەیەوە دەبینێ و قا...قاڵ پێدەکەنێ، بەڵام تەنیا زایەڵەی قا...قاکەی خۆی دەبیستێ و سام دایدەگرێ.

هەر لێرەدا کتێبەکە دەبەستێ و باوێشک دەدا، هەم لە بەر ئەوەی خەوی دێ و هەم لە بەر ئەوەی لە بەینی خۆمان دا بێ کەمێک دەترسێ لەوەی درێژەی چیرۆکەکە بخوێنێتەوە چون ئێجگار لە بەرزایی دەترسێ. دەچێتە ناو پێخەفەکەی. کە لە خەو ڕادەچەنێ دەبینێ بە تەنافێکەوە لە کێوێکی بەرز شۆڕ بۆتەوە. پێی وایە خەون بە کتێبەکەوە دەبینێ بەڵام بە سەرمایەک کە خزیوەتە گیانی دەزانێ خەون نییە. یەک بە خۆی هاوار دەکا بەڵام تەنیا زایەڵەی هاوارەکەی خۆی دەبیستێ کە هێندەی تر خۆف دەخاتە دڵیەوە.

ئێستا کە ئەو چیرۆکە بۆ ئێوە دەگێڕمەوە بە تەنافێکەوە لە کێوێکی بەرز شۆڕ بوومەتەوە. نازانم چۆن هاتوومەتە ئێرە. بیرم لە نووسینی چیرۆکێک دەکردەوە و بە دەم ئەم بیرەوە خەوم لێکەوت. کە لە خەو ڕاچەنیم لێرە بووم. بڵێی تەلیسمی ئەو چیرۆکە بووبێ کە بیرم لێ دەکردەوە؟

تۆش کە ئێستا زایەڵەی چیرۆکەکەی من دەبیستی لەوانەیە ترس نیشتبێتە دڵت کە ئەمشەو دوای خەوتن تووشی ئاوەها چارەنووسێک دێی، بەڵام مەترسە چون هەر ئێستاش بێ ئەوەی خۆت بزانی بە تەنافێک لە کێوێکی بەرزەوە شۆڕ بوویەتەوە و خەریکی چیرۆکێک دەبیستی.

**مەرگ لە ئاوێنە ڕووبەڕووەکان دا**

هەر کە دەرگاکەی کردەوە، چاوی بە جەستەی خوێناوی ژنەکەی لە سەر عەرز کەوت. دەنگێکی لە پشتەوە هاتە گوێ، ئاوڕی داوە، ژنەکەی لە بەر دەرگا دیت کە سەیری جەستەی خوێناوی ئەم لە سەر عەرز دەکا. دەنگێک لە پشتەوە هاتە گوێی ژنەکەی، ئاوڕی داوە...



# کۆمینیماڵ

فریا یوونسی

## جووتبوون لە ئاسندا

لە سەر شیشەکەیشی نووسرابوو، ها! نووسرابوو: خێرتان دەگات، بمشۆن؛ کەچی من هەر دەموت وشترە!

موسافیرەکان بانگ کران کە چیدی ماتڵمان نەکەن، سوار بن.

جێگەی مـــن لای کچێکەوە بـــوو. کەمێک لە شـــار دوور کەوتبووینـــەوە و من هێدفۆنێک لە گوێما بوو. کچە، ناچار قۆڵی گرتم داوای موسیقی لێکردم.

وتـــی: موبایلەکـــەم هیچی تیـــا نییە، ئەگـــەر دەکرێت بۆم بلووتووز کە.

بۆم نـــارد و پێم وت: ئەوە هەر ئەوەیە کە ئیســـتا خەریکم گوێی لێ دەگرم.

نێوانمان گرتی. لە شیشەی ئوتوبووسەکەدا تماشای یەکترمان دەکرد و هەر مژی یەکمان دەبینی لە شـــەبەقی شکڵ گرتووی نێو ئاسنەکانی ئوتووبووسەکەدا فڕکە فڕکیان بوو بەرەو یەک.

گەیشـــتین و پێش دابەزین، لـــە خەیاڵاتیش دابەزین. هەر تماشای دەکردم. پێکەنیم.

وتم: ئوتوبوســـی چی؟ کە پیاو لە ســـەر پشتی وشترەکەی حەزرەتی داوود عاشق ببێت، ئاوایە!

هیچی نەوت، دەتوت هەر نەشیبیستووە.

## کونە «خۆش»ـــەکان

بانگی کردمە ئەو دیو مێزەکەی و ویستی لە شاشەی لەپتابەکەیدا فەخرم پێ بفرۆشێ، چی؟ نازانم. وتی «ویژدانەن وەرە! بزانم بۆت ئەژمێردرێت؟»...

لە کادرێکی حســـێبی بانکییەکەی دا، چوارێک و لابەلایەک ســـفر دیار بوون. وتی «ئەتوانی تێبگەی چییە، دەبێتە چەنێک؟». بە نەرمییەک پێکەنیم و ســـەیرێکی چـــاوە وردەکانیم کرد. وتم «کاکە! ئەوانە هیچ هەموویان جارێک سفرن، هەزار جاریش هەر یەکەو کونێکن، بەر بوونەتە عازای ئەو خۆشەی هەمیشەی ژیانت لە سەر تەپڵە سەرت بووە و کەچی تۆ هەر هەڵهاتووی بە دوویدا، هاکا نیوەشـــەوێکیش لە بیرت چوو لەپتابەکەت خامۆش کەی، ئیتر هەڵیانلووشیویت...»

هەر ســـەیری دەکردم و دەتووت هیچم نەوتووە، دەتووت لە دڵی خۆم دا وتوومە، وا چاوەڕوانی قســـەیەک بوو لە دەمم بێتە دەر...

وتم «جا چووزانم!»

هەواڵنامەی کتێب



## دەرپەڕین

ئەهـا!
کە پژمام، وێستام. ئەوەندەیان وتبوو سەبری هێنا سەبری هێنا، ئیتر قاچەکانم لە خۆڕا سوستیەک گرتنی و وێستام. نەمزانی ویرووسەکانی پژمەی یەکەم هێندە زۆر بوون کە خێرا دەمخەنە پژمەی دووهەمەوە و هەتا لە کونی کاولی لووتمەوە دەرمدەپەڕێنن لە ژیان.

چەنێک دووجار پژمینی من خێر بوو، چەنێک!!!

## مەلوول

کەشیش وتی: کوڕەکەم! بە خێر هاتی، خوای دلۆڤان بە ناردنی تۆ بە سەری کردینەوە، دڵنیام هەنووکە، رێک وەکوو عیسای ئێمە دێیتە گۆ و پێمان دەڵێی لە کوێوە، لە بەر چی هاتووی؟

خاخام، بێ خۆ شەمزان، وتی: من پێم وایە زمانی ئەمیش گە بێت و قسەش بکات، تێمان نەگەیەنێت لە کوێوە، لە بەر چی هاتووە و لە سەر کام دینە.

مەلا، بە هەر دوو دەستی درێکی بە هەر دوو لا، دا و وتی: گوێ بە قسەی کەس مەدە، رۆڵە! پەلەمان نیێ،ئاخری هەر دەزانین لە کوێوە و لە بەر چی هاتووی، با چلساڵی دیکەش بێ. جا نەڕاندی: ئەوە کەس نیە کەمێک شیری دەرخوارد بدات؟

مەلۆتکەکە، بێ ئەوەی کەس چاوەڕێ کات، سەرێکی هەڵبڕی و رووی کردە درگای ئاودەستەکە و لە درزێکی درگاکەوە، نیگای لە سەر کونی مەستەراحەکە، ڕاگرت و مەلوول، پێکەنی!



# کارمـــــەند

## چـــــیرۆك

ئەنوەر عەرەب

شـایەد بە فکری کەس نەگات ئەو کوڕەی وا دەستی لە لووتی دایە، بۆ چی لە وێسـتگەی ئەوبەری خیابان ڕاوەستاوە و نوقمی ساختومانی بەرامبەریەتی؟

تـۆ کە لە پەنجـەرەی ئەمبـەری خیابانەوە لـە ئیدارە لە سـەر سـەندەڵییەکەت دانیشـتووی و پاڵت داوەتەوە، دەست دەکێشـی بـۆ لیوانی چایەکـەت و چاو لەو کـوڕە دەکەی وا لەوبەری خیابان ڕاوەسـتاوە و دەستی لە لووتی دایە، قومێک لە چایەکـەت دەخۆیەوە و بێ ئەوەی ئاگات لە خۆت بێ لە سـەر میزەکەت بەری دەدەیەوە خواری و وڵات تەڕ دەکەی. بانگی چایپەزەکەتان دەکەی تا چایەکی دارچینی تازەدەمت بۆ بێنێ، پاشان خۆت سـەرقاڵی کارە وەدوا کەوتووەکانت دەکەیـەوە. جاروبار سـەر هەڵدێنی و چـاو لەو کوڕە دەکەی وا لەوبەری خیابان ڕاوەستاوە و سەیری تۆ دەکا. سـەدان فکروخەیاڵت بە مێشکدا دێ، بەڵام هیچیان پێوەندی بەو کوڕەی وا لە وێستگەی ئەوبەری خیابان ڕاوەستاوە و دەستی لە لووتی دایە نییە.

یەکەم خەتی واحید هات و ڕاوەسـتا سـوار نەبوو.
دووهەم خـەت هات و بۆی ڕاگرت سـوار نەبوو.
سـێهەم خەتیش هات و هەر سوار نەبوو چوارەم و پێنجـەم و بە هەمان شـێوە چەندین و چەند موسافیربەر و تاکسـی هاتن و چرایان بۆ لێ دا بەڵام سواری هیچیان نەبوو...

تۆش کە لە سـاختومانی ئەمبەری خیابان، بەرامبـەر بەو کوڕەی وا دەسـتی لـە لووتی هێناوتەوە دەرێ دانیشـتووی و پاڵت داوەتەوە، قومێک لە چاییـە دارچینییەکەت دەخۆیەوە و چاوێک لە کاتژمێری سـەر دیوارەکە دەکەی و لە خوداتە زوو کاتی ئیداری تەواو بێت و بەرەو ماڵێ وەڕێ کەوی.

ئـەو کـوڕەی وا دەسـتی لە لووتـی هێناوەتە دەرێ، برێـک دەچێتە ئەولاتر و پـاڵ دەداتەوە بە میلەی وێسـتگەی بەرامبەر ساختومانی ئیدارەکەت. تەسـبێحێکی درێژ لە گیرفانی پاتۆڵەکەی دەردێنێ و دەسـت دەکا بە هەڵسـوڕاندنی و ڕاسـت چاو لە ژوورەکەی تۆ دەکا، تۆش بەو چاو لێکردنانە ترسێک لە دڵت دا دەنیشـێ و لە ژێر لێوەوە دەڵێی: «نەکا چاوەڕوانی من بێ و بەو نیوەڕۆیە...»

ئەو کوڕەی وا لەوبەری خیابان ڕاوەسـتابوو وردە وردە بەرەو ئەمبەری خیابـان دێت، بە دارتووی بەرامبەر پەنجەرەی ژووری کارەکەتەوە پـاڵ دەداتەوە و چاو لەو کچانە دەکا وا بەوێدا دێن و دەڕۆن. تاوناتاوێکیـش چاو لە پەنجـەرەی ژوورەکەی تۆ دەکا و سـەری دەجووڵێنێتەوە و پێدەکەنـێ. تۆش خۆف دەتگرێ و دڵـت گرمگرم لێـدەدا، بانگی چایپەزەکەتـان دەکەی و دەڵێی ئـەو کـوڕەی وا پاڵی بە هـۆو دار تـووەوە داوە و خەریکە سیغارێک دادەگیرسـێنێ دەناسـی؟ چایپەزەکەشتان کـە حوکمی چاوی نەماوە بـە دوو قامک پێلووەکانی هەڵدێنـێ و جوان لە پەنجەرەکە دەڕواتە پێشـێ و دەڵێ:«کێهـا کوڕ؟» تۆش کـە دەبینێ بەو کارە زیاتر سـرنجی ئەو کوڕەی و بەردەوام مژ لە سـیغارەکەی دەدا و چاوت لێدەکا بۆ لای خۆت ڕادەکێشی دەڵێی لێیگەڕێ مامە گیان ڕۆیشت. پاشان لە دڵی خۆتدا دەڵێی: بڵێی لە سەر من ڕاوەستابێ و مەحتەلە تا بێمە دەرێ؟ چاوێک لە کاتژمێری سـەر دیواری ژوورەکەت دەکەی، وەختی ئیـداری تەواو بووە دەفتەردەسـتەک کۆ دەکەیـەوە، کیفەکەت لە ڕەختئاوێزەکە دادەگـری، زیپەکەی دەکەیەوە بە دیتنی ئیسـپری بیبارەکەت سـووکنایت بە دڵدا دێ، برێک ورەت زیاتر دەبێ، ئیسپرێکەت بە دەسـتەوە دەگری و بەرەو دەرێ لە سـەر هەسـت هەنگاو دەنێی، لە درگای ئیدارە دێیە دەرێ بە لاشـانەوە چاوێکـی لێدەکەی، پێت خۆشـە بچی و تەواوی ئەو ئیسپرییە لەو چاوە پیسانەی‌دا خاڵی کەی. چاوێکت لێ دەکا و مژێک لە سـیغارەکەی دەدا و دووکەڵەکەی بەرەو لای تۆ توور دەدا. دڵـت گرمگرم لێدەدا، ڕوو دەکەیە ئەولا، بە لەز دەپەڕییەوە ئەوبەری خیابان. ماشێنێک چرات بۆ لێدەدا، خۆشـییەک بە دڵتدا دێ، دەسـتی لێ هەڵدێنـی، بەر لـەوەی ئەو کوڕەی پـاڵ دار تووەکە چاوت لێکاتەوە خۆت دەخەیە ناو ماشێنەکەوە و کەس نازانێ چیت لێ بە سەر دێ کەس...





# کڕاکە

هەواڵنامەی کتێب

خوێندنەوەی کتێبی کڕاکە

نووسینی شاعیر

ڕەزا عەلیپوور


کڕاکەی زمان/ د. مەسعوود بینەندە | ٩٦

ڕێزمانی شێعریی کڕاکە/ د. ئەحمەد مەلا | ١٠٦

خوێندنەوە و ڕەخنەی کڕاکە/ حەمەی کەریمی | ١٠٨

دنیا کەمە و زەوی غوبار/ نیروان ڕەزایی | ١١٤

شێعر لە نێوان فۆڕم و مانادا/ ئارام سدیق | ١١٨

کڕاکە/ بەختیار حەمەسوور | ١٢٤

# کڕاکەی زمان

## نواندنەوەی سۆزانی لە دەقی شیعریی کڕاکە؛ بەرهەمی ڕەزا عەلیپوور

د.مەسعوود بینەندە

بە بڕیارێکی ساکارەوە دەستپێدەکەم: «واتا کڕاکەی زمانە»؛ بێگومان ئەم ڕستەیە، بڕیاری بەناوبانگی هێگێلمان وەبیر دەهێنێتەوە کە «ڕۆح ئێسکوپڕووسکە». ڕۆح ئەو بابەتە نەرێنییەیە کە سەرەتا دەبێ لە ئێسکوپڕووسکدا جەستەمەند بێتەوە تاکوو لایەنی نامومکێن و نێگەتیڤی دەربکەوێت و کاریگەری بنوێنێت. لەم بڕیارەدا بزۆزی و دەسپێڕانەگەیشتوویی واتا لە فۆرمی ساردوسڕ و وشکهەڵگەڕاوی زماندا قەتیس ناکەوێتەوە؛ بەڵکوو کڕاکەی زمان ئەو پێگە داڕووخاو و تەنگەبەرانەیە کە وێچوون و ئەگەری سەرهەڵدان و تێپەڕاندنی واتا بە شێوەیەکی دژوازانە دەستەبەر دەکات. فۆرمی تێکشکاوی زمان ئەو ڕێگا هەڵە و خوار و خێچ ڕێکردنەیە کە وەکوو هەڵبژاردنێکی نادرووست، هەنگاو بەرەو شوێنی مەبەست و ڕێگای بەجێ دەهاوێت. بەم چەشنەیە کە بڕیاری ئادۆرنۆیی «فۆرم، پاشەڕۆک و جەستەمەندبوونی ناوەرۆکە»؛ یان بڕیاری «هاوشوناسی و چونیەکبوونی فۆرم و ناوەرۆک» بە پێی لۆژیکی ئاوفهبوونگی(negation of negation) هێگێلی واتا بەخۆوە دەگرێت.

«کەوایە «نەلێکردنی نەرێنی» شتێک نییە بێجگە پەتیترین شێوازی دووپاتبوونەوە: لە هەوڵی یەکەمدا، ژێستێک دەنوێندرێ و بە مەبەست ناگات؛ دواتر، لە هەوڵی دووهەمدا، هەمان ژێست تەنێ پاتە دەبێتەوە. ئاوەز شتێک نییە بێجگە ئەم چەشنەی پاتەکردنەوەی تێگەیشتن کە تێگەیشتن لە شەڕی زێدەباری [بڕواداری بە] ژەڤەرێکی پاشعەقڵانی ڕزگار دەکات، هەر بەو چەشنەی کە مەسیح نە هەبوونێکی دژ بە ئادەم ئەبوولبەشەر بەڵکوو تەنیا ئادەمێکی دووهەمە.»(ژیژک، ٨٤، ل ٤٨و٤٩)

سەرەتا لە قۆناغی نەفیدا، واتا(ڕۆح) خۆی لە کەوڵی فۆرم(ئێسک)دا جەستەمەند دەکاتەوە؛ ئەمە تەنیا ژێستێکی نواندنکارانەیە؛ بەڵام لە مۆمێنتی «نەفییەنەفی»دایە کە چیدی فۆرم لە ئاستی ئەو ئێسکە دابەزیو و قەتیسکراوە نامێنێتەوە کە هەڵگری ئاوەڵناوی فۆرماڵیزم و گەمەی فۆرماڵیستییە، لەم چرکەساتەدا بنیامین گوتەنی مێژوو تووشی یەقینێکی هەرەمەزن دەبێت و ڕۆچنەیەک بۆ داهاتنی ڕزگاریدەر(مەسیح) دەکرێتەوە. لێرەدا «واتا» لە «فۆرم»دا ڕۆدەچێت و لە پاتەبوونێکی دووبارەی ئەم ڕۆچوون و دووبارە-دەربڕین (Re-mark)ەدایە کە بەرهەم و بابەتی ئەفرێنراو دێتە کایەوە؛ بابەتێک کە بارستایی مێژوو و هەوڵە تێپەڕیوەکان(و زۆرجار شکستهاوردەکان) لە چرکەساتێکدا کۆ دەکاتەوە و بە تووشیارکردنی ڕەوتی کرۆنۆلۆژیکانی زەمەن، بە ڕاوەستان و شڵەژان دەنگێکی شاز و وێنایەکی بەجێ لە پانتایی داهێناندا تۆمار دەکات.

هایدگێر لە زماندا جێگایەک بۆ «دازاین»(Da-Sein) دەدۆزێتەوە؛ جێگایەک کە ڕۆچنگە(lichtung) و ڕووناکی خۆیەتی، و ئاکامی هەبوون-لە-جیهان(being in the world) دایە؛ و پێوەندی بە تووڕدراوی(thrownness) و تێکەوتنی مرۆڤ لەوێدایە. «Da»ی «دازاین» لە ڕوانگەی هایدگێرەوە جێپێگەی مەرگ و مەنفییەتە؛ واتە تەنیا لەم ناشوێن(non-place)ەدایە کە زمان دێتە گۆ و هەبوونی ڕوو لە مەرگی بۆ بەدی دێت. لەم سەردەمەدا کە گێشتێل(Ge-Stell) بە چەشنێکی تایبەت بێبونیادبوونی ژیانی مۆدێڕنی بە عەقڵێکی بێناسنامە و بێبەستێن پڕ کردۆتەوە، سیمای هەستی و ڕووی ڕاستی شتەکان خۆیان لێمان دزیوەتەوە و کەلێن و بۆشاییەکان بەردەوام لە ڕێگای فەرامۆشی و ڕۆنانی خودبونیاد و سوبژێکتیڤی مرۆڤی سەردەمەوە دەشاردرێنەوە. «زمان»یش کە پانتایی دەرکەوتنی هەستۆمەندەکان لە ئانتالۆژی و ئیگزیستانسیلی خۆیاندایە، و بە وتەی هایدگێر ماڵی هەبوونە بە زمان و گێشتتێلی ئاخێنراو لە ئۆنتیکی بێبنەما، تووشی نامۆگەری و سەرلێشێواوی هەراوهوریای سەردەم هاتووە. « سووژەی ئاوەزمەند، بە پلانڕێژیی چالاکانە و هێرشبەرانەی چەمک و پێوەر و یاساکان بۆ سەر شوێنەواری دەورووبەر، شوێنەوارێک کە دەبێ بەپێی هەمان چەمک و پێوەر و یاسا ڕاڤە بکرێت، بە شێوەیەکی لەپێش و بەر لە ئەزموونکردن(-pre

presenting)، جیهان ڕۆ دەنێت(projecting).»(پی‌فل، ٩٤، ل٥١)

هایدگێر پێی وایە ئەم چەشنە ڕۆنانەی جیهان، لە ئاخێزی سەرەکی خۆی دابڕاوە و بیرکردنەوەیەکی بێبیرەوەری هێناوەتە ئاراوە؛ هەر بۆیە هەرچەشنە دەربڕین و ئەفراندنێک لە بەرهەمهێنانێکی تەجاوزکارانەدا و دەنگەدەنگێکی زمانشکێنانەدا دابەزیوە؛ دەنگێک کە لە بێدەنگی و بێزمانیدا(sigetics) بیر دەکاتەوە و قسە دەکات. هەر بۆیە بە هیواداریيەوە ئاوڕ لە پۆئەسیسی شاعیرانە ئەداتەوە؛ ڕۆنان و ئەفراندنێک کە لەجیاتی هێرشکردن و دەستەمۆکردن مەجال بە شتەکان ئەدات خۆیان نومایش بکەن و هەستۆمەندی خۆیان لە پێوەندی لەگەل جێپێگەی شیاوی خۆیاندا بنوێنن.

«هونەری شاعیرانە مەودادانە بە شتەکان، تاکوو خۆیان بەوچەشنەی کە هەن دیاری بکەن، هونەرێک کە بە پەرۆشبوون لە ئاست شتەکان لە جێپێگەی شیاوی خۆیاندا بەئەنجام دەگات.»(هەمان، ل ٤٩)

جۆرجیۆ ئاگامبێن بە ڕەچەڵەکناسیی بابەتی نەرێنی(negativity) لە بەرهەمەکانی هێگێل و هایدگێردا پێی وایە تێپەڕاندنی هێڵی نیهیلیزم و هەروەها میتافیزیک نە لە بەرهەمهێنانەوەی ئەو بابەتە نەرێنییە بەڵکوو لە دابڕان لەو دیاردە لەوتن‌نەهاتوو و دەسپێڕانەگەیشتووەیە کە وەکوو بابەتێکی ڕازئاوی تەواوی وتن و دەربڕینەکانی مومکین کردووە. «لە ڕاستیدا، هایدگێر بە ڕادیکاڵکردنەوەی بونیادی نەرێنی زمان دیسان لە ئاسۆی ئەندێشەی میتافیزیکی‌دا دەمێنێتەوە، بەوبۆنەوە کە هەستی لە جێپێگە یان تۆپۆسی نەرێنێتی دا دادەنێت. بەم واتایە، باسکردن لە «دەنگا»ی خامۆش کە مرۆڤ بەرەو ئەزموونی هەستی ڕادەنێت لەئاکامدا وەکوو ئایدیای پاراستنی بابەتی نا-وتن-راو لە زماندا دەور دەبینێت کە هێگێل قۆستبوویەوە.»(ئاگامبێن لەزاری ئیمانی،٩١، ل٢٧)

ئاگامبێن پێی وایە یەکەمین شێوازی دەرکەوتنی زمان، ڕوودانی زمان لە دەنگا(voice)دایە؛ زمان لێرەدا بە خنکاندنی فۆنە(phone) لە هەناوی خۆیدا ڕێگا بۆ دەنگێکی دیکە ئاوەڵا دەکات، دەنگێک کە تا ئێستا لە هەستیدا بەرز نەبووبوویەوە و تەنانەت هاژەهاژی سروشت و نالەناڵی ئاژەڵانیش ڕێگایان تێ نەبردبوو. لێرەدا درگای فۆنە بەرەو لۆگۆس دەکرێتەوە و شەپۆلانی لانگ وادەکات پارۆل یان وتار بێتە دەنگ و یەکەم پەیڤەکانی هەستی لەزاری مرۆڤی خاوەن لۆگۆسەوە بێتە زمان. ئەم دۆنادۆن و ڕۆچوونە لە ڕاستیدا مرۆڤی بەرەورووی ڕازەکانی هەبوون کردەوە و لە هەمانکاتدا مەترسی مەرگی لە هەناویدا ئاخنی؛ کەوایە هەراسانیی مەرگ و پاشهاتەکانی، بەرهەمی مەرگێکی سەرەتایيە: مەرگی فۆنە لە لۆگۆسدا، فۆنەیەک کە لە شێوازێکی مەنفیدا حووزووری غایبی خۆی ڕادەگرێ و بە شێوەکانی وشە(gramma) لە سیستەمی ڕێزماندا، زەنای مەرگ(هێگێل)، هاواری هەستی و دەروون(هایدگێر)، و واج(phonem) لە زمانناسیدا گوتار و نڤیساری زمان مومکین دەکات. «ئەگەر پێوەندی نێوان زمان و مەرگ هێشتا تێنەفکراوە ماوەتەوە، لەو بابەتەوەیە کە دەنگا- کە ئەم پێوەندییە مومکین دەکات- ئەو بابەتە ئەندێشەنەکراوەیە کە میتافیزیک ئیمکانی ئەندێشەی لەسەر سوار دەکات، یان ئەو بابەتە لەدەربڕین‌نەهاتووەیە کە میتافیزیک هەموو دەربڕین‌هاتووەکانی لەسەر بینا دەنێت، میتافیزیک ئەندێشە و خواستی هەستییە، واتە ئەم ئەندێشە و ئەم خواستە دەبێ ناچەمک‌ئاسا بمێننەوە، بەو بۆنەوە کە بەچەمککردنی ئەم دووانە تەنیا لە چوارچێوەی توندترین و توندڕەوترین چەشنی نەرێنێتی دا بەڕێوەدەچێت.»(هەمان، ل ٢١٥)

گەڕانەوە بۆ ئاخێزگەیەکی ونکراو یان گوێڕاگرتن بۆ «دەنگا»ی نامومکینی هەستی لە ڕێگای زمانی شیعری و شیعری زمانەوە ئەو ئامانجە نەرێنییە نییە کە ئاگامبێن هەوڵی بۆ ئەدات؛ ئاگامبێن بۆ تێپەڕاندی هێڵی سیفری نیهیلیزم، دەروونیکردنەوەی نەرێنی و مەرگ، و پێوەندیدانیان بە زمانەوە وەکوو چارەسەر دانانێت، بەڵکوو دوورکردنەوەی مەرگ و زمان و ڕووبەڕووبوونەوەیان وەکوو دیاردەیەکی دەرەکی بەڕەوا دەزانێت. زمان هێلانەی هەستی نییە بەڵکوو ئیتۆسی مرۆڤە؛ واتە تەنیا جێپێگە و ماڵی ئەرێنی مرۆڤە کە لە هەرچەشنە دەنگا و گرامایەک داماڵراوە و بڕیار نییە لەژێر ڕکێفی هیچ بابەتێکی ژەڤەرمێژوویی و هیچ دڵکوتێکی ئیگزیستانسیەلدا بەردەوام لە دۆخی نۆستالژیا و سەرسووڕماندا هەناسە بکێشێت. نە بونیادگەرییەکی ئەرێنی و نە بێبونیادییەکی نەرێنی هیچ‌کامیان ناتوانن مرۆڤ لە هەژمەتی ڕقەبەرایەتی و توندوتیژی بپارێزن چوون لەراستیدا سەرچاوەی توندوتیژی هەمان بێبنەمایی کرداری مرۆڤە کە لە دەروونیکردنەوەی میتووژێمی قوربانی و دیهاوێژییان لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگادا بەردەوام دەبێت. بە وتەی ئاگامبێن « بنەمای توندوتیژی هەمان توندوتیژی بنەمایە».« لە ڕاستیدا، ئیتۆس، یان بنەما و جێپێگەی ڕاستەقینەی مرۆڤ، شتێکی نادەربڕێنەرانە یان پیرۆز نییە کە بەشێوەیەکی پێویست لە هەر پراکسیس و هەر وتارێکی مرۆڤدا نەوتراو بمێنێتەوە؛ هەروەها نەبوونێک نییە کە نەرێنێتییەکەی وەکوو سەرچاوەی بێباکی و توندووتیژی کرداری کۆمەڵایەتی دەور ببینێت، ئیتۆسی مرۆڤ خودی پراکسیسی کۆمەڵایەتی و

> **گەڕانەوە بۆ ئاخێزگەیەکی ونکراو یان گوێڕاگرتن بۆ «دەنگا»ی نامومکینی هەستی لە ڕێگای زمانی شیعری و شیعری زمانەوە ئەو ئامانجە نەرێنییە نییە کە ئاگامبێن هەوڵی بۆ ئەدات؛ ئاگامبێن بۆ تێپەڕاندی هێڵی سیفری نیهیلیزم، دەروونیکردنەوەی نەرێنی و مەرگ، و پێوەندیدانیان بە زمانەوە وەکوو چارەسەر دانانێت**

وتاری ئینسانییە کە بۆ خۆیان ڕوون و ئاشکرا بوونەتەوە.»(هەمان، ل۴۴-۴۳)

زمان لێرەدا بڕیار نییە شتێک ڕاگوێز بکات یان شوێنی بەئەنجامگەیشتن و ئاکچواڵبوونەوەی بێبنەمایی هەستی بێت، زمان تەنیا شێوازی ڕاگواستن و فۆرمی دەربڕینی دەنوێنێت؛ بەم پێیە پرسی سەرەکی فەلسەفە لای ئاگامبێن نە پرسیار لە نەبوون، و چییەتی مەرگ، یان ئەزموونی سەرسووڕمان و چمان؛ بەڵکوو ئەو ڕاستییەیە کە زمان دەنگای ئێمەیە و ئێمەش پێی دەئاخفین. هەر بۆیە لای ئاگامبێن کرداری having، گرنگتر لە ئۆبژەی هەڤینگ ڕۆڵ دەگێڕێت؛ بۆیە گەڕانەوە بۆ وشە و وتە ساکارەکان و تێڕامان لە چۆنییەتی هەڵسووڕان و بەخۆکردنیان دەتوانێت وەکوو ئەرکێکی سەردەمیانە ڕێگا بە پراکتیزەکردنی بێبنەمایی لە بەستێنی مێژوو و پانتایی دەقدا بگرێت و هەنگاوێک بۆ دوورکەوتنەوە لە نیهیلیزم بهاوێت. ئاگامبێن لە ڕوانگەیەکی ژەڤەرشیعرییەوە نە بۆ جیهانی یەکگرتووی فەلسەفە و شیعر تێدەکۆشێ و نەش لە پێناوی دوانەبینیی ئەفلاتوونی ئەو دووجەمسەرەدا هەڵدەسووڕێت بەڵکوو پیی وایە تێپەڕاندنی فەلسەفە وەکوو دەقێک کە ئۆبژەی خۆی دەناسێت بەڵام دەستی پێڕا ناگات و هەروەها دەربازبوون لە شیعر وەکوو فۆرمێک کە ئۆبژەی خۆی ناناسێ بەڵام دەتوانێ بینوێنێ دەمانگەیەنێ بە جێپێگەیەک کە هەمان ئیتۆسی مرۆڤ یان تۆپۆسی زمانە. لەم شوێنەدا، ڕەخنە کارا دەبێتەوە و شیعر نەتەنیا وەکوو فۆرمێکی دەربڕینەرانە بەڵکوو وەکوو ژێستێک؛ واتە زمانێکی بێ دەنگا، توخمی سەرەکی زمان نومایش دەکات.

لە ڕەوتی باسەکەماندا لە هەناوی دوو بڕیاری «واتا کراکەی زمانە»، و «زمان جێپێگەی مرۆڤە»؛ دەگەین بە بڕیارێکی سەرەکی کە «مرۆڤ هەمان ئیتۆسی خۆیەتی؛ واتە منداڵی». منداڵی(in-fancy) پۆتێنشیاڵی مرۆڤە، واتە دۆخێکی بەئەنجامنەگەیشتوو کە پێشمەرجی بەزمانداهاتن و پەیڤینی مرۆڤە؛ بەڵام وەکوو قۆناغێکی پێش-سۆبژێکتیو یان ئاگامەندیی بێزمان دانانرێت. «منداڵی لە پلەی یەکەمدا لەسەر زمان کاریگەری دادەنێت، بەرسازی ئەدات و لە بنەڕەتدا وەکوو پێشمەرجی، کردار دەنوێنێت... منداڵی وەکوو ئاقاری سەرەتایی(Ur-Limit) لە زماندا، لە ڕەوتی پێکهێنانی زمان وەکوو جێپێگەی حەقیقەت، سەرهەڵدەدات.»(ئاگامبێن، ۱۳۹۰، ل ۱۱۵_۱۱۴) کەوایە جیهانی ئەوپەڕی زمان یان پێش-زمان نە واقیعێکی دەروونی و نە جیهانێکی ژەڤەر-ڕەوانە؛ بەڵکوو هەمان منداڵی یان سەرچاوکەی بەرزەجێیانەی زمانە. ئێمە جیهانی بەستەزمانیی منداڵی تێناپەڕێنین بەڵکوو لەم جیهانەدا سووبژێکتیڤیتەی خۆمان بونیاد دەنێین؛ کەوایە لە هەر وتنێکدا منداڵی حوزووری غایبی هەیە بەو بۆنەوە کە سەرچاوەی کەلێنی نێوان زمان(langue) و وتار(parol)ە. ئەم کورتە باسە لە بنەما و کراکەی زمانەوە دەستی پێکرد و بە دۆزینەوەی پێگەیەکی دڵنیابەخش بۆ زمان؛ واتە ئێتۆس و ئەزموونی زمان، دیسانەوە پێگەی لێکۆڵینەوەی لە زماندا سەقامگیر کرد. بێگومان تێپەڕاندنی ئەم ڕەوتە بە بێ ڕوونکردنەوەی هێڵەکانی هێگێلی و هایدگێری و هەروەها دەرخستنی پرەنسیپی نێگاتیڤیتی لە کارەکانیاندا مومکین نەبوو؛ تێپەڕاندنێکی ئاوفهبوونگی کە بە بێ دابڕان و ڕاگیرانیان هیچ سەنتزێکی لێ سەوز نەدەبوو. لە ئاکامدا ئەم تێپەڕاندنە لە ئاگامبێن و لاکان و بێنیامیندا خۆی دەبینێتەوە؛ ماتریکسێکی فەلسەفی کە ڕەخنە وەکوو کردارێکی سیاسی و ئاکاری پێناسە دەکات و سەرەڕای ئاماژەدان بە پارادۆکسەکانی مەیل و کارەساتەکانی وێرانی، هیوادارییەک لە پێناوی داهاتوودا بەرز دەکاتەوە.

«تۆ چ غەمگینی وەک لە حەلەب یارت هەبێ
قاسیدێکی بە متمانەت لە قەندەهار
-بەم کوێستانە لەعنەتییە -
دەست نەکەوێ.» (ل ۷)

ئەم کۆپلەیە کە بە هەندێ جیاوازییەوە لە بەشی سەرەتای شیعرەکەدا پاتە دەبێتەوە؛ لە واتای سەرڕاستدا ئاماژە بۆ دوو لەمپەری سەرەکی مەکانی و زەمەنی لە پێوەندی خۆشەویستیدا دەکات، پێوەندییەک کە لە ئاکامی مەودای دوور و درێژی نێوان سووژەی ئەویندار و ئۆبژەی ئەوینداریێتی؛ بووە بە خەمێکی قورس و پەرۆشییەکی بنەمایی. ئاماژە بەم دۆخی دابڕانە کە خۆی لەخۆیدا دیاردەیەکی دژوازە؛ واتە خودی مەودا و دابڕان بزوێنەری خۆشەویستی و بەشێکی کلێشەیی حیکایەتی ئەویندارییە، و هاوکات ڕێگرێکی سەرەکییە کە لە زاری سووژەی شیعرییەوە ئامانجی تێپەڕاندنی بەرجەستە دەبێتەوە، وەکوو هوشیارکردنەوەیەکی ناوبەناو دێتە ناو ڕەوتی ڕەوایەتی شیعری و نەزمی دەق تووشی شڵەژان دەکات. ئەم ئاماژە هوشیاریدەرە لە لایەکەوە دەلالەتێکە بۆ نوستالژیای جیهانێکی تێپەڕیو و دەسپێڕانەگەشتوو؛ و لە لایەکیترەوە پەردە لەسەر دۆخێکی نوێی ژیانی مودێڕن هەڵدەداتەوە: «وێرانی ئەزموونی ئەوینداریێتی». بێنیامین داڕووخانی ئەزموون بە بەرهەمی داڕووخانی کۆمەڵگای نەریتی دەزانێ کە تێیدا خەرمانەی جواناسانە(aura)، تووشی نوشووستی هاتووە و دەستووپێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی هاوپێوەند لەگەڵ ئەم دیاردە پیرۆزە، بەرەو تێکچڕژان و هەڵوەشانەوە پێیان هەڵناوە. «بێنیامین بیرۆکەی دابڕانی خەرمانەی جواناسانەی کە ئەورۆکە بیرۆکەیەکی بەناوبانگە، بە هاوپێوەند لەگەڵ تێکچوونی نەریت، پێکهاتەی تاقمگەرانە(cult) ی کۆمەڵە سرووشتییەکان، و هەروەها داڕمانی بەستێنی هاوبەشی گشتی دەستنیشان کرد.»(ئارۆتۆ،۸۶)

لە گۆشەنیگایەکی هێگێلییەوە نوستالژیای ئەم کۆپلە شیعرییە خۆیلەخۆیدا ناتوانێ گشتێتی بنوێنێت، بەڵکوو بۆی هەیە ئەم پاژە لە پێناوی تەواوکۆییەک لە داهاتوودا بخوێنرێتەوە. هەر بۆیە ڕوانگەی مێژوومەندانەی هێگێل بۆ هونەر؛ لەلایەکەوە، هونەری ئێستا لە پێناوی حەقیقەتێکی گشتی کە لە داهاتوودا تەواو دەبێت بە هەند وەرناگرێت و لە لایەکی دیکەوە بە پێی بۆچونی سۆبژێکتیڤ، حەقیقەتی هونەری لە ئاست حەقیقەتی فەلسەفیدا بە گچکە دادەنێت کە ناتوانێ حەقیقەتی ڕۆح یان بابەتی ڕەها لە گشتێتی خۆیدا ئاشکرا بکات. ئەگەرچی ڕوانگەی مێژوومەندانەی هێگێل دۆخی هەستیاری داڕووخان هەست پێدەکات و سەرهەڵدانی هونەری مودێڕن دەبینێت بەڵام چیدی توانستی هونەر لە بەئەنجامگەیاندنی ڕاسپاردەی ڕۆحی ڕەها بەپێویست و تەواو نازانێت. هەر بۆیە دیالێکتیکی هێگێلی گومان

لە وزەی هونەری مۆدێرن و بێخەرمانە لە بەدیهێنانی ئازادی و گەیشتن بە تەواوکۆیی ڕۆح لە جیهانی سەردەم دەکات. «هونەر لەژێر ڕکێفی هەوەسبازی و گاڵتەجاڕیدا تێکدەڕووخێت.»(هێگێل لە زاری ژیمنز، ۱۳۹۳، ل ۱۷۴)

«تۆ چ غەمگینی وەک لە حەلەب یارت هەبێ
لە سەمەرقەند
- پڕ بە قەدیم –
کوژرابێتی.» (ل ۸)

لێکچواندنی غەمگینیی ئێستا بە کوژران لە سەردەمی قەدیمدا – پڕ بە قەدیم- دیسانەوە ئاماژەیەکی سەرەکییە بە داڕووخانی ئەزموون لە سەردەمی مۆدێرن؛ خەم و پەژارەیەک کە لەم سەردەمەدا سەرچەشنی نابینینەوە تاکوو هەڵیسەنگێنین، چونکوو لە بنەڕەتدا ئەزموونی خەمی ئەویندارانە بە هۆی تێکچڕژانی پێکهاتەی واتایی و کۆمەڵایەتییەکەی بە شێوەیەکی نەریتی نامومکینە. نامومکینبوونی ئەم ئەزموونە شاعیر ڕادەنێت تاکوو سەرچەشنێک لە ڕابردوو بهێنێتەوە؛ بەڵام نە بە شێوەیەکی ڕاستەوراست بەڵکوو بە داهێنانێکی زمانی؛ واتە نە لەقەدیمدا کوژرابێتی و نە وەکوو کوژرانی قەدیم بەڵکوو پڕ بە قەدیم. خودی ناوەکان لەم کۆپلەدا «حەلەب»، «یار»، «قەندەهار»، «سەمەرقەند»، «قاسید»، «قەدیم»، ئاماژەیە بەو جیهانە ڕابردوویە کە ئەزموونکردنی لەم سەردەمەدا نامومکین دەنوێنێ و تەنیا بە نۆستالژیایە وێنا دەکرێت. ڕوانگەی هایدگێر ئەگەرچی لە خوێندنەوەی ئەم کۆپلەیەدا بەدەستووبرد و کارا دێتە پێش چاو، بەڵام ئاراستەی خوێندنەوە نە بەرەو ئێستا و داهاتوو بەڵکوو بەرەو ڕابردوویەکی تەماوی(لە زماندا) دەباتەوە. ڕوانگەی هایدگێری پەرەئەستاندنی گیشتێل لە ڕووبەری ژیانی مۆدێرندا بە هۆکاری نامومکینبوونی ئەم ئەزموونە دیاری دەکات و پێی وایە تەنیا بە گەڕانەوە بۆ دەنگا و گرامایەکی نەبیستراو و قتکراو دەتوانین خۆمان لە نەزۆکی و بێئەزموونیی جیهانی لەخەرمانەداماڵراو ڕزگار بکەین. جوانناسی هایدگێری بە هۆی گیرۆدەبوون بە ئایدیای ئاخێز و زێدی سەرەتاییەوە لە ڕەسەنایەتی (authenticity) هونەری مودێرن گومان دەکات و پێی وایە ئیمکانی «شاعیرانە نیشتەجێبوون لەسەر گۆی زەوین» کە «بونیادی هەستی لە ڕێگای زمانی شیعرەوە» کەشف دەکات؛ تەنیا بە پێوەندی لەگەڵ ئووستوورە و خودان و هونەری یۆنانییەکانەوە کە نزیکایەتییان بە ئاخێز و سەرچاوەوە هەیە دەستەبەر دەبێت. «لە ڕوانگەی هایدگێرەوە هونەری مودێرن لە گەڵ فەلسەفەدا لەدایک بووە و بە بۆنەی تەکنیکەوە زایە بووە و لە سەرانسەری جیهاندا بڵاوەی سەندووە، کەوایە ئەم هونەرە چیدی «ژێرمەن»(Germanic) نییە. لە ڕوانگەی هایدگێرەوە هونەری مودێرن و بەرهەمەکانی ئاوانگاردیزم، لە بەجێهێشتنی خاکی ئاڵماندا، پێوەندی شازی خۆیان لەگەڵ بابەتی «خەڵکی» و «نەتەوەیی» پچڕاندووە. هونەری مۆدێرن لەگەڵ تەکنیک و زانستدا پەیمانێکی کڵۆڵیان بەستووە و ئەوڕۆکە تەنیا زانستە کە بارودۆخی نابەدڵی نیشتەجێبوون لە سەر ئەم زەوینە دیاری دەکات.»(ژیمنز، ۱۳۹۳، ل۳۰۲)

بەم پێیە لە ڕوانگەی بێنیامین و ئاگامبێنەوە کە داڕووخان و هەرەسلێکەوتنی نەریت و ئەزموونی نەریتی بە هەند وەردەگرن و دەرفەتێکی ڕزگاریدەرانەی بۆ ئێستا و داهاتوو تێدا بەدی دەکەن باشتر دەتوانین ئەم ئاپۆریایە بخوێنینەوە کە دەقی شیعری وەکوو سیپمتۆمێک بەرەوڕووی ڕەوتی باوی ڕەوایەتی شیعری کردۆتەوە. کەوایە خوێندنەوەی ئەم کۆپلە سیمپتۆماتیکە ڕێگا بۆ خوێندنەوەی دەقی شیعری ئاوەڵا دەکات و دژە-لۆژیکی ئانتاگۆنیستەکانی نێو ڕەوایەتی شیعریمان پێ دەناسێنێ. لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە هەروەها دەتوانین ئاماژەی مەودا و نەگەیشتن لە خۆشەویستیدا بە چەشنێکی دیکە واتە بە پێچەوانەی ڕوانگەی ڕۆمانتیسیستی بخوێنینەوە. کاتێ حاجی قادری کۆیی دەڵێت:

«ئەی بادی سەبا من ببە سوودی نییە نامە
تەشریحی زەعیفی من و خەم نایەتە
تەقریر»،



دۆخی دابرانێک وێنا دەکات کە ڕێگایەکی دیاریکراو بۆ چارەسەرکردنی لە ئارادایە؛ واتە ئەگەر لەمپەرێک پێش بەئەنجامگەیشتنی مەیلی گرتووە، تەواوی هێزەکانی ئاسمان و زەوین دەبنە یاریدەر و کێشەکە چارەسەر دەکەن. هەروەها

تێگەیشـــتنی کلاســیک بە پێی میتافیزیکی حوزوور، ئامادەیی ســووژە لە ئاستانی ئۆبژەدا بە چارەســـەر دادەنێت؛ حوزووریکی وتارمەندانـــە کە هیچ نقیســـاریکی راگوێزەرانـــە ناتوانێ ئەرکی راستەقینەی بەجێ بێنێت. فورموڵی کلاسیک بە لەبەرچاوگرتنی کەلێنی نێوان سەرچاوە و مەبەست، ئیمکانی گەیشتنی پەیغام و لە ئاکامدا سووژە و ئۆبژەی مەیل بە رەوا دەبینێ و بە گێڕانەوەی ئاڵوویری سەرکەوتو یان ناســەرکەوتووی ئەم هێمای مەیلە، لە ئەنجامدا چیرۆکی ئەویندارێتیی پێ تۆمار دەکات. خوێندنەوەی کراکــە بە شــێوەیەکی ئایرۆنیک دەمەلاســکێ بە ســتراتێژی رۆمانتیک دەکات و خۆدی موتیڤی پەیغام یان ڕێگای گەیشــتن پرۆبلێماتیک دەکاتەوە:

«سەر لە کوێی جادەدا هەڵگرم؟

شەو نەبێ

ڕێ لە کێی «لادە»دا دابڕم؟

ئەو نەبێ...» (ل ٨)

دابــڕان لێرەدا نــە ڕێگاچارەیەکی بۆ ئەندیش دەکرێ و نەش بە گێڕانەوەی ڕەوایەتەکانی گەیشتن/نەگەیشــتن بەرجەســتە دەبێتەوە؛ بەڵکوو لە دوو چەمکی «شــەو» و «ئەو»دا فەلســەفەی گەیشتن دەخاتە ژێر پرسیارەوە. بە وتەی ڕەمبۆ «من»، «دیتری»یە؛ یان لە سۆنگەی دەروونشــیکارییەوە ئەویدی نیشانەی شکستی مەیلی ئێمەیە چوون ســەرچاوەی مەیلی ئێمــە دەروونی نییە بەڵکوو «مەیل هەمیشــە مەیلی دیترییە». هەروەها «شەو» خۆی هێمایەکە بۆ دەســتبەرداربوون و نســکۆهێنانی تەواوی شوناسە پێکهێنراوەکان؛ ئەو چەشــنەی لە چەمکی «شــەوی جیهان»ی هێگێلدا دەردەکەوێت. کەوایە مەبەست یان شوێنی گەیشتنێک لە ئارادا نییە و ئەوەی گیرۆدەی کردووین و پەلکێشمان دەکات خــودی هێڵی جادەیەکــە؛ خودی خۆمە لەویدیــدا؛ ڕۆژێکە لە شــەودا واتە زێدەیەک کە شوێنکەوتووی سەر-هەڵگرتن و ڕێ-دابرینمان دەکات. ئێمە لە-پێشدا گەیشتووین و کاتی گەیشتن مەبەستەکە دەدۆڕێنین؛ کەوایە فەزا بەسەر خۆیدا چەماوەتەوە و ئێمە لەدووی تراوڵکەیەکدا دەسووڕێنەوە.

«سەنەم

بۆنی شیلەی پیاو

دەدەی

هێشتا بۆنی تەخت و موبلە جلفەکان

توندتر بشۆ توند.

...

بسوو

بسوو

هەوا نایبا

بۆدرکی بازرگانی بەرزایی و لەمسە چلکەکانی

لە سەر خوێنت

لە سەر شوێنت

خودا نایبا

ژەنگاوی مودیری ئیدارەی دەمپاکی و

کۆت و شەڵوارە ئوتوودارەکانی

لەسەر چینت

لە سەر دینت

کە دەیگوت بت نیت و بتکەدەی!» (ل ١١ـ١٠)

ســەنەم لە شــیعری کراکــەدا یەکــێ لــە دژە-قارەمانەکانی مودێرنیتەی شــارییە کە وەکوو فیگۆرێکی فەرهەنگی، ئەزموونی لایەنــی تراژیکی مۆدێرنیتە دەکات. ئەو فیگورانەی کە بێنیامین لە شــیعرەکانی بودلێــردا دەیانبینێتەوە؛ پیاســەکەر(flauner)، دەنــدی(dandy)، ســۆزانی و قومارباز، بە چەشــنێک وەکوو ســیمپتۆمی مۆدێرنیتە و هەروەها بەرهەمی ژیانبەسەربردن لە پەراوێزی ئۆرگانیزمی شــاردا دێنە ئەژمار. ئەم ئانتاگۆنیستانە لە لایەکەوە لە ڕەوتی دابەشکردنی کاری سەرمایەداریدا پێکهاتوون و لەلایەکی‌ترەوە وەکوو چەشنێک بەرپەرچدانەوە و سەربزێوبوون لە ئاســت ئەو دابەشکارییە پێناســە دەکرێن. پیاسەکەر تەواوی کون و قوژبنەکانی شار بەسەر دەکاتەوە و خۆی لە ژێر قورسایی نیگای واقماوی کاڵا و کوتاڵەکانی بازاڕدا کە لە ئاکامی گۆڕانکاری بەردەوام(mode) و بریقە و درەوشــاوەبووندا، سێحراوی دەنوێنن دەبینێتــەوە و بەردەوام لــە بینین و بەســەرکردنەوەدا مەیلی لەبڕان‌نەهاتووی بــۆ بەرهەم دەهێنرێتەوە. خۆخزانە نێو جەماوەر و وزەگرتن لە ئاپۆرەی سەرشــەقام، تەنیاییەکانی پیاســەکەر لە چوارچێوەی تاکدا بەئەنجــام دەگەیەنێت؛ واتە تەنیایی مۆدێرن کە لــە پێوەندی لەگەڵ ئاپۆرەی پڕهاتووچووی شــەقامدا بیچم دەگرێت چەشنێک بێ‌هەڵوێستیی مەدەنی(civil inattention) و نووقمەسار(anonymous)بوونی بۆ بەرهەم دێنێت کە سەرچاوەی جووڵە و بزۆزیی ژیانی شارییە.

«ئاپۆرە، تەنیایی:

دو وشــەی بەرامبەر کە دەکرێ لە جێــی یەکدا بێنەوە، بۆ شاعیرێکی چالاک و پڕدەسکەوت،

ئەوەی نازانــێ چلــۆن تەنیاییەکانی پڕ کاتــەوە، هەروەها نازانێ چلــۆن لە نێوانی قەرەباڵغدا، لەگەڵ خۆیدا تەنیا بەســەر بکات...»(بودلێر، ١٣٩٢، ل١٤٨)

ســەنەمی ســۆزانی پێرســۆنایەکی شــیعرییە کــە لەژێــر گوشــاری سیســتەمی فرۆشــتندا جەســتەی کاڵایی دەبێتەوە(commodification) و وەکوو شــمەکێکی پیاســەکەر بەدوای وەرگیران و وەرگرتندا پیاســە دەکات. جەستەی سەنەم تەمســیل(allegory)ێکە لە بەشمەکبوونەوەی جەستەی ژنانە لە نێو ڕیزبەندیی دەستوپێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری شاردا کە لە ئاکامــدا لە ڕەوتی بەئۆبژەبــوون و بەکارهێناندا، قەدەری لە-پێش ئامادەی خۆیان واتە قوربانی‌بوون و داڕووخان بەئەنجام دەگەیەنن. لە شــیعری کراکەدا ترۆپکی ئەم بەشــمەکبوونە لە چۆنییەتی وەسفکردنی کەسایەتی سەنەمدا دەبینینەوە کە نە لە بازنەی جەستە و زەین، بەڵکوو لە قەوارەی نێو گیرفان و پانتایی نێو جانتاکەیەوە ڕەوایەت دەکرێت.

«تۆ ئێستە جانتاکەت

تۆ ئێستە جان تا کەتی» (ل ١٧)

لە سووچەنیگای بێنیامینی-ئاگامبێنییەوە دەتوانین پێرسۆنای سەنەم لە بەستێنی دۆخی ئاوارتەی دارووخانی ئەزمووندا بخوێنینەوە؛ دۆخێک کە تێیدا بە هۆی پەرەئەستاندنی کەرەسەکانی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوە، ئەزموونی بەردەوام و سەقامگرتوو کە ئیمکانی ڕاگواستنی هەیە لە ڕێگای ئەزموونێکی ناڕاستەوخۆ، بزۆزیی ئیماژەکان و بەرفراوانبوونی نواندنەوە و هەروەها لێکچواندنگەری و سەرگەرمی وەلادەنرێت. لە نەزمی نەریتیدا لەشفرۆشی تەنانەت واتایەکی ئایینی بەخۆوە دەگرت و لە گوتاری کاڵت و ڕێسا پیرۆزەکاندا جێگایەکی بۆ دەسنیشان دەکرا. بە تێکچوونی نەزم و ڕیزبەندیی نەریتی، لەشفرۆشی لە سێبەری گوتارە پیرۆزەکان بێبەری کەوت و لەشی(flesh) سۆزانی وەکوو ئۆبژەیەک کەوتە بەردەستی دەزگاکانی ئابووری و دیڤایسەکانی نواندنەوە؛ و لە ئاکامدا وەکوو جەستە(body)یەکی چێژبەخش و جێپێگەی دەربڕینی دەسەڵات و دیسیپلین(فۆکۆ) بەرسازدرا. بەردەوامبوونەوەی نەریتی پیاوسەروەری(patriarchy) لە جیهانی مودێرندا، هاوپێوەند لەگەڵ دەستوپێوەندییەکانی کار و سەرمایە، فیگۆری سۆزانی وەکوو ئۆبژەیەکی پێویست بەرهەمهێنا تاکوو هەم ڕەوتی بەکاڵابوونی جەستەکان بگاتە ئەنجام و هەمیش سووژەی پیاو بتوانێ لە بازنەیەکی بەرینتر لە مەداری خێزان و هاوسەرگیری ڕەسمی، پیاوەتی خۆی لە بەکارهێنانی جەستەی ژنانەدا بسەلمێنێت. پیاو بە پارە چێژ دەستێنێ و ڕەگەزی جینسی خۆی پێ بەرهەمدەهێنێتەوە و سۆزانی بە فرۆشتنی لەش و وەرگرتنی پارە، مەداری ئاڵوویێری بازار پڕتاوتر هەڵدەسووڕێنێ.

«شیعری مودێرن پاش بوودلێر نە لەسەر بنەمای ئەزموونی نوێ، بەڵکوو بەپێی بۆشایی ناوازەی ئەزموون هاتۆتە کایەوە. سەرەڕۆبوونی شیعری بوودلێر هەروەها، کە خۆی وەکوو شۆکێک لە چەقی کارە هونەرییەکانی ڕایدەگرێت، هەر لێرەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەوە ئەزموونە کە بە شێوەیەک ئێمە لە سەرسووڕمان و دۆشدامان دەبوێرێت، و بەرهەمهێنانی شۆک یان ترۆما هەمیشە بەواتای بۆشایی و کەلێنێکە لە ئەزمووندا. ئەزموونکردنی شتێک بە واتای داماڵینی ناوازەیی و نامۆیی ئەو شتەیە، و هەروەها پووچەڵکردنەوەی توانستی بەئەنجامنەگەیشتووی ئەو شتەیە بۆ لێدان و هاوێشتنی شۆک... لەم سۆنگەوە، لێگەڕان بەدوای شتی «نوێ»دا هاوتای پشکنین بەدوای ئۆبژەیەکی نوێ بۆ ئەزموونکردن نییە؛ بەڵکوو لەسەر کسووف و هەڵپەسێردراویی ئەزموون دەلالەت دەکات... کەوایە، ئەم بەدواداچوونە لە شیعری بوودلێردا، شێوازی پارادۆکسیکاڵی

> **شیعری مودێرن پاش بوودلێر نە لەسەر بنەمای ئەزموونی نوێ، بەڵکوو بەپێی بۆشایی ناوازەی ئەزموون هاتۆتە کایەوە. سەرەڕۆبوونی شیعری بوودلێر هەروەها، کە خۆی وەکوو شۆکێک لە چەقی کارە هونەرییەکانی ڕایدەگرێت، هەر لێرەوە سەرچاوە دەگرێت**

خولیای ئەفراندنی شتێکی ئاسایی و بێبایەخ (lieu commun) دەگرێتە خۆ.»(ئاگامبێن،٩٠، ل١٠٠)

بێنیامین و هەروەها بودلێر پێیان وایە کە ئەزموون بە واتای تێگەیشتن و هەستکردنێکی قابیلی ڕاگواستن و بەرهەمهێنانەوە کە بکرێ لە چوارچێوەیەکی بەکۆمەڵدا بگرسێتەوە و بیرەوەرییەکی کۆمەندانە پێک بێنێت، لە ژێر کاریگەریی لخێزیی و ڕانەوەستاوەیی فەزا-زەمەنی سەردەمی مودێرندا هەڵپەسێردراوە و چەشنێک ئەزموونی کاتی، تاکانە، پچڕپچڕ، برووسکەئاسا و خۆڕسکانە جێگایان گرتوونەوە. ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دۆخە واتە ئەزموونی هەمەلایەنەی مۆدێرنیتەی شاریی قارەمانەکانی تایبەتی خۆی دەخوڵقێنێت کە بە هەڵسەنگاندن لە گەڵ قارەمانە ئوستوورەییەکانی سەردەمی دێرین، بە دژەقارەمان ناودێر دەکرێن. ئەم دژەقارەمانانە شار وەکوو دەقێک دەخوێننەوە و لە پرۆسەی گەشتەکانیاندا، بە خوێندنەوەی ئیماژەکان و مەسرەفکردنی هێما و دەلالەتەکان شوناسی خۆیان بەرهەمدێنن. ئەم دژەقارەمانانە لە لایەکەوە بە بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی بێڕکابەریی گەورەشارەکان، قارەمانیی خۆیان مسۆگەر دەکەن و لە لایەکی ترەوە بە فەرامۆشی و پەردەپۆشکردنی کێشە و خەمباری و گوشارەکان، وەهمێکی فریوکارانە بەرهەم دێنن. پێرسۆناکانی پیاسەکەر، سۆزانی، قومارباز و کرێکار ئەو سووژە تراژیکانەی فەرهەنگی مۆدێرنن کە کەسایەتییەکی چەندرەهەندییان هەیە و وەکوو دەردئاماژەی کۆمەڵگای بورژوازی هاوکات کە قوربانی دۆخی پاتراندن و پەراوێزکەوتن دەبن وەکوو سووژەی نەرێکار لە گەرووی سیستەمدا گیر دەکەن و کەلێن و دژوازییەکانی دۆخی هەبووندار بەرجەستە دەکەنەوە. لەم دۆخە بێسەرووبەرەی شاری مۆدێرندا کە تێیدا ئەزموونی تۆکمە و پایەدار تووشی دارووخان دبێت، شۆک و زەربەتی هێزە نادیارەکان، مرۆڤەکانی شار گەمارۆ دەدەن و پڕتاو و بێوەستان ئیمکانی وەبیرهێنانەوە و هوشیارییان لێ دەستێنن. شاعیری ژیانی مودێرن ئەو کەسەیە کە نە لە ڕێگای خۆبواردن لە لێدران و بەرکەوتنی شەپۆکەی ئەم هێزانە؛ بەڵکوو بە وەرگرتن و پێکهاتەمەندکردنی زنە و زەربەتیان لە فۆرمێکی ئەدەبیدا بەرەوپیریی سەردەمی بێئەزموونی دەڕوات. «لە بڕوای بێنیامیندا، بودلێر لەوەی کە دەتوانێ ئەزموون بە ئەزموونی شۆکی مۆدێرنەوە پێوەند بدات، دەورێکی گرنگی لە گواستنیکردنەوەی ئەزمووندا گێڕاوە. گرنگی شیعری بوودلێر لەوەدایە کە ڕێگا ئاوەڵا دەکات بۆوەی ئەزموونی لەناکاو و کاتی لە قاڵبی ئەزموونی قابیلی گواستن فۆرمبەندی بکرێت. بوودلێر بە باشی دەتوانێت دۆخی

شۆک بنوێنێت. »(خالصی‌مقدم،٩١، ل٥٨)

له بواری مێژووییەوە فیگۆری سۆزانی لە نێو هونەر و ئەدەبی مۆدێرنیستیدا سەرهەڵئەدات. لە بەرهەمە کلاسیکەکاندا بابەتی پەراوێزی، دژبە ئاکار، چینی ژێر دەست، ئۆبژەی جینسی ئاخێنراو لە ئیبتزال و دزێوی خۆیدا، و لە بەستێنی ژیانی پاتەکراو و خەمۆکانەی هەرڕۆژەدا جێگایەکی نەبوو. تابلۆی شێوەکاریی ئۆلەمپیای(١٨٦٣) «ئیدوارد مانە» کە فیگۆری ئوستوورەیی ڤێنۆسی لە شێوازی سۆزانییەکی شاری پاریسدا نواندبووەوە، نە بە هۆی نومایشکردنی ڕووت‌وقووتی جەستەی ژنانە بەڵکوو بە هۆی گۆڕانی سووچی نیگای سەردەم لە ئاسمانەوە بۆ زەوی، وەکوو دەسپێکی مودێرنیزمی هونەری دێتە ناساندن. پێشتر لێگەڕان بە دوای جوانی و تەنانەت ئیرۆتیزمدا تەنیا لە چوارچێوەی ئوستوورە و بابەتی پیرۆزەوە مومکین دەبوو؛ هەر بۆیە لە وێنەی ڕووتی «سووزانا لە حەمام»؛ یان وێنەی فریشتە و پەرییەکان، و هەروەها کەسایەتییە پیرۆزەکاندا دەرخستن و نومایشکردنی ئیرۆتیزمی جەستە و والایی خەرمانەی پیرۆز، پێکەوە بەڕێوە دەچوو. بەڵام مانە کچە قەرەجێکی سۆزانی کۆڵانە هەژارنشینەکانی پاریسی بە ڕووتووقووتی هێنایە ڕۆژەڤی بینین و بەم چەشنە یاسای دامەزراوە هونەرییەکان و ئاکاری بورژوازیی لە بەستێنی هونەری والادا تووشی شڵەژان کرد. هەر ئەم چەشنە دەمەلاسکێکردنە بە ئاکاری باوی گشتی و هەروەها قانوونی بەرهەمهێنانی هونەری لە ڕێگای بایەخدان بە بابەتە ئاساییی و دابەزیوەکان و هەروەها توندووتیژی لە وێنە و وشەی شاعیرانەدا لە لایەن بودلێر و مالارمەوە بەکارهێنرا. بودلێر لە داڕووخانی خەرمانەی نەریتی و ڕۆچوونی ئایدیای جوانناسانەی کلاسیکدا نە خەسار و پەککەوتەیی، بەڵکوو دەرفەت و مەودایەکی بێوێنەی بۆ داهێنانی نوێ چاو کرد و زۆربەی بەرهەمە شازەکانی بە هەوێنی قەیران و دژوازیی سەردەم و لە هەناوی مۆدێرنیتەی هەڵتەکێنەری بێ‌یاسا و ڕێسادا تۆمار کرد.

«لە ڕوانگەی بوودلێرەوە، هەروەها کە بێنیامین باسی دەکات، سۆزانی وەکوو تەمسیل(allegory)ێک لە چارەنووسی ئەزموونی جوانناسانەی مۆدێرنیتە دەور دەبینێ، لە سۆزانێتییەوە بەرەو فەرهەنگی هەموانەکی(mass culture). سۆزانی، ژنانێتی لە خەرمانەی پیرۆزی(aura) خۆی و هەروەها لە حوزووری ئایینی و تاقمگەرانەی دادەماڵێ؛ جەستەی ژن دەبێتە کاڵایەک، بەرسازدراو لە مەرگ و شتوومەکە وشکهەڵگەڕاوەکان، لەحاڵێکدا جوانییەکەی وەکوو مادەیەک بۆ دەمامکێکی ڕازاوە( ئاڕایش و مۆد)ی لێ‌هاتووە. سۆزانیی بەرئاماژەی بوودلێر، ڕوومەتی ژنانێتی خۆی دەفرۆشێ. بەڵام هەروەها بیرەوەرییەک لە تەواوکۆیی لە شێوازی دابەزیو و وەهمیدا دەهێننەئاراوە، وەکوو سەرخۆشیهێنەرێک، یان ئاڵترناتیوێکی هۆشبەرانە بۆ جەستەی ئایدئالیزەکراوی دایکانە(idealized maternal body). بۆ مرۆڤی مەخولیایی و میزاجێکی سەرشێت، کە بە شێوەیەکی وسواسی گیرۆدەی پاژە شکاوەکانی ڕابردووە، سۆزانی هەروەها بابەتێکی ناوازەی نێوەنجێتی(mediation)یە. سۆزانی هەروەها لەکیسچوونی یەکگرتووییەکی بەختەوەرانە لەگەڵ سرووشت و خودا دەنوێنێتەوە کە پێشتر بە شێوەیەکی نەریتی لە فیگۆری ژندا جێگیر ببوو. لە بەرامبەردا، بێنیامین دەڵێت، کە سۆزانی، وەکوو فێتیشیزمی کاڵایی، ‹سەرنجڕاکێشەریی جینسی نائۆرگانیکی (sex-appeal of the inorganic)؛ کە جەستەی زیندوو بە هەرێمی مەرگەوە گرێ ئەدات، ڕاگیر دەکات.»(britzolakis, 1999)

سەنەمی ئەفرێندراوی ڕەزا عەلی پوور بەگشتی لە هەموو ڕەهەندێکی ژیانییەوە قوربانییە؛ واتە نەتەنیا بەرسازدراو و بەردەستی هێزی داسەپێنەر و نیگای چاوەدێرکاری دەسەڵاتە و هیچ ئاگای لەم دۆخەش نییە، بەڵکوو پێگەیەک لە ئارادا نییە کە لەوێوە دەنگی تەریک و ناقچنراوی خۆی بەرز بکاتەوە. هەرچەند لە بەستێنی ڕەوایەتی پیاوانەی سەنەم دا هاوار و هەڵایەک وەکوو پاڕزیت دەردەکەوێت و زوو نوقم دەبێت، بەڵام ئەم دەنگە جەستەمەند نابێتەوە و لە پانتایی ڕیزبەندیی داسەپاودا ناگونجێت.

«بە کەوتوویی هەڵدەستی
لە بۆنی بن هەنگڵت خۆشترت دێ
تامی کوڕێک دەدەی لات وایە لە تامت کردبوو
نا، تۆ بۆنی کاول دەدەی؛ بنمیچەکانی منداڵیت خانە خەراب
تاکو خۆت مەوازی بژمێرە» ( ل ١٢)

فیگۆری سۆزانی لای بوودلێر، ویتمەن و مالارمە، شێوازێکی دژوازانەتر بەخۆوە دەگرێ. بودلێر سۆزانی وەکوو یەکێ لە پاژەکانی بێ‌نەزمیی و ئاژاوەی بزۆزی شار دەبینێت، هەر بۆیە بەردەوام لە هەر شتێکی نارێکوپێک و دژە-فەرهەنگدا وزە و جوانییەک دەبینێتەوە؛ بۆیە لە هەمبەر گوڵە جوان و پیرۆزەکانی پاریس، گوڵی خراپە و شەڕئاسا بەرهەمدێنێت. بودلێر سەرەڕای ئاگاداری لە دۆخی سووک و دابەزیوی سۆزانییە هەژارەکان کە لە پەراوێزنشینی و ژیانەمەرگی هەرڕۆژەدا تا بینەقاقا ڕۆچوون، هیچکات ئیماژێکی یەکسان و تاکرەهەندانە لەوان بەدەستەوە نادات. هەر بۆیە لە چاوە کەسکەکانیاندا ژاری تەنوورەیەکی تاڵ دەنۆشێ و تینوویەتی ڕۆحی پێ پاراو دەکات؛ یان لە جوانی ژنێکی نەناس و ڕێبواردا نیگایەک دەدۆزێتەوە کە هیوایەتی گەڕانەوەی خۆی بۆ ژیانی پێ دەبەستێتەوە. شار لای بوودلێر کۆی ئەو توخم جیاواز و دیاردە دژوازانەیە کە لە قاوغی هیچ فەلسەفەیەکی ئەخلاق یان مانیفستۆیەکی سیاسیدا یەکناگرنەوە؛ هەر بۆیە سووچی نیگای بورژوازی هەمیشە لایەنی تراژیکی ڕۆمانسی ژیانی مۆدێرن دەسڕێتەوە و جەخت لەسەر لایەنی بێ‌کێشە و کەلێنی دەکات. بەڵام لە ڕوانگەیەکی ئادۆرنۆییەوە ئەوە فۆرمی هونەرییە کە دەتوانێ لە ڕەوتی ڕسووبکردنی ناوەرۆکی ناچونیەک و دژوازی ژیاندا، حەقیقەتی مێژوویی وەگەڕ بخات و بەرهەمی بێنێتەوە. «واڵت ویتمەن» لە شیعری «تێپەڕین لە گوزەری برۆکلین»(١٣٩٤)دا ئاماژە بە تەواوی ئێلێمێنتە جیاواز و بێ‌نەزمەکانی شار دەکات و دەڵێ «ئێمە لە ئێوە تێناگەین- بەڵام خۆشتانمان دەوێ-/ چوونکوو لە ئێوەدا تەواوکۆییش هەیە»؛ هەروەها لە شیعری «ئاوازەکانی خۆم»دا پاش ئاماژەدان بە گاڵتە و سووکایەتی پیاوان لە ئاست سۆزانییەکی ڕێبواردا دەڵێت «من نە بە توانجەکانت پێدەکەنم و نەش گاڵتەت پێ دەکەم».(لە زاری کانتۆر و کاکس، ل٣٤٢_٣٤١)

[ئەی سەنەم
ئەی بەردی داکەوتوو بە سەختا
ئەی ئاوی ڕاکشاو بە توندا
....هیچاوهیچ] (ل ١٥)

ئەفراندنی پێرسـۆنای سـەنەمی سۆزانی لە شـیعری کراکەدا؛ خۆی لە خۆیدا، جووڵە و زەربەتێکی مۆدێرنیسـتییە کە فەزای ڕۆمانتیسیسـتی شـیعری نوێ، بەرەورووی تەنگژە دەکاتەوە و زمانی پاقژکراو و ئایدیالیسـتی دەخاتـە پرتەپرت و تورەتوری لەپێکەوتنـەوە. سـەنەم وەکـوو ئۆلەمپیای مانـە چاو لە نێـو چاوانی بەردەنگی ئـەورۆی شـیعری نوێی کوردی دەهاوێـت و شـەرمەزاری دەکات؛ بە توورەییەوە پێی دەڵێ تۆ کە لە واتا قەبەکان و ئایدیا ئاسمانگەرەکان دەگەڕێـی و بـەردەوام باری قورسـی هەمـوو وشـە پیرۆزەکان لەسەر کۆڵی شیعر و ئەدەبی کـوردی دەهاوی، وەرە پێشـەوە و ئاورێـک لە دۆخی ژیانـی داروخاوی من بـدەوە. دەنگـە قتکراوەکەی سەنەم کە دەتوانێ وەکوو ئیماژی سانسـۆر و ترس کارکـرد بنوێنێ، بە زمانی بێزمانـی دەنگە هەرەبەرزەکانی ڕزگاریخوازی لە بەسـتێنی شـیعردا بێدەنگ دەکات و بەرەو شۆڕشی فۆرم و ڕزگاریبەخشیی زمان ڕایاندەنێت.

«ناتوانین ڕووداوەکان لە گەوهەری خۆیاندا ئەزموون بکەین، بەڵکوو تەنیا دەتوانین تێپەڕیان کەین یان بەشێوەیەکی ناهوشـیارانە تووشیان ببین...ئەورۆکـە، دەزانیـن کە وێرانیـی ئەزموون چیدی پێویسـتی بە کارەسـات نییە، و ژیانێکی ڕۆژانـەی هاوشـێوە و خەمبار لە شـارێکدا بۆ بەدیهێنانی ئەم دیاردەیە بەسە.» (ئاگامبێن لە زاری ئیمانی، ٩٠، ١٥_١٤)

مرۆڤی کورد تا ئەم سەردەمە تەنیا لە دۆخی مەرگەسـاتی کارەسـاتدا توانیویە بـەرەورووی وێرانـی ئەزمـوون ببێتـەوە، هەر بۆیـە وێرانی ئەزموون لە ئەدەبی کارەسـاتدا و لە شینگێڕی بۆ ئەنفال و هەڵەبجە و شـنگالدا دەرکەوتەی هەبووە. ئەزموونی مۆدێرنیتەی شـاری بە پەرەئەسـتاندن و قووڵکردنـەوەی هێما و ئیماژەکانـی خۆی دۆخێکی نـوێ و تـا ڕادەیەک ئاوارتـەی بەرهەمهێنـاوە. وادیارە دۆخی کۆمەڵایەتی-ئابووری لە شارەکانی ئێستای کوردستاندا کەشێکی لەباری بۆ بەکاڵابوونی جەسـتەی ژنان خولقاندوە؛ دۆخێک کە هاوتەریب لەگەڵ پەرەئەستاندنی گوتاری فینتێس و ڕێککردنی جەسـتە بە پێی سەرچەشنی میدیایی و مۆدی جیهانی پەرەی ئەستاندووە. لە تیۆرەکانی کۆمەڵگای جەستەیی-تێرنێر-(somatic society)، جەستەی سیاسی(فێمێنیزم)، سەرمایەی کۆمەڵایەتی جەستە(بۆردیۆ)، جەستە وەکوو بەرهەمی دەسەڵات-گوتار(فۆکۆ)، جەسـتە لخێزەکان-مارتین-(flexible bodies)، جەستە وەکوو پرۆژەیەکی ناتەواو(شـیلینگ)، جەستەی ژینکراو-دیاردەناسان-(lived body)، جەسـتە وەکوو میدیۆم(مۆدێرنیزم) و جەسـتە وەکوو شوناس(پۆستمۆدێرنیزم)؛ وەرچەرخانێکی بنەڕەتی لەمەڕ جەسـتەوە لە پێگەی بارێکی جیاواز لە ڕۆح و زەین، بەرەو پێگەی هاوشوناسـی لەگەڵ ڕۆح و زەین دەبینرێت. شاعیری کراکە لە بەشێکدا ئاماژە بە زاڵبوونی گوتارە نوێیەکانی جەسـتە لای سـەنەم ئەدات و بە شـێوازێکی ئایرۆنیک لە زمانـی ڕەوایەتچییەوە بەرەورووی سەنەمی دەکاتەوە:



«مۆز بخۆ
پێستەکەی بۆ پێستت قازانجە
تۆ ئێستە مۆزەکەت، جانتاکەت پڕە
لە پتاسیۆم، کەلسیۆم، مەنیەزیۆم
سـێو بخۆ، سـێوی لەیبڵ، بۆ
تەقەتەقی ئێسکی ئەژنۆت
ئێواران مۆز بخۆ و پرتەقاڵ
بەیانیان ئاناناس
-ناناسی- » (ل ١٦)

بەگشتی سـەنەم وەکـوو جەسـتەیەک دەگێردرێتەوە کە لە چەقـی گوتارەکانی باوی سـەردەم و تەکنۆلۆژیاکانـی دەسـەڵاتدا، و بەپێی هەڵسـووکەوت و پەرچەکـردار لەهەمبەریاندا شوناسـی بـۆ دابین دەکرێت. کەوایە فۆرمی شیعری کراکە و پێرسۆنای سەنەم فۆرمی جەستەیە؛ فۆرمێـک کە ئاخێـزی لـە ناوەرۆکی کۆمەڵایەتـی و ئابووری سـەردەمەوە گرتـووە و بەپێـی دۆخ و جێپێگەی ئەم جەستەیە سوبژێکتیڤیتە و کەسایەتی بۆ بەرهەم دێت. کەوایە سەنەم سووژەیەکی مێژووەمەنـدە کە بەپێی بیرۆکەی فۆکۆ؛ کە باسـی جەستەی مێژووەمەند ئەکات، لە ڕێگای سـتراتێژییەکانی دەسەڵاتەوە، پارسـتە(subjected) و بەدیسیپلین کراوە و لە ئاکامی سێکسوالیتەوە(دەسـەڵات/گوتار)، سـێکس(ڕەگەزێکی فیزیۆلۆژیک)ێکـی دیاریکـراوی بـۆ دابین دەکرێت. فۆکۆ هەروەها باسـی چەشـنێک بەرگری ڕیزۆمیک و پرژوبڵاو دەکات کە لە هەر شوێنێکدا دەسەڵات خۆی بسەپێنێت، سـەرهەڵدەدات و بەرەنگاری دەنوێنێت. هەروەها لە خوێندنەوەی فەرهەنگیدا کە ئەورۆکە پەرەی ئەسـتاندووە باسی

بەرگریی دژە هەژمۆنی(counter-hegemony) و هەروەها بەرگری سەرپێچیکردن(evasive resistance) دەکرێت؛ لە بەرگری سەرپێچیکردندا چێژوەرگرتنی جەستە بنەمای سەربزێوی و بەرگریی سووژە لە هەمبەر دەسەڵاتی سەردەست و نەزمی داسەپاوە کە لە فانتازیاوە سەرچاوە دەگرێت. پرسیار ئەوەیە کە ئایا جەستەی دەستەمۆکراوی سەنەم هیچ ئیمکانێکی بۆ نەلێکردن و دەمەلاسکێ کردن بەو هێزانەی گەمارۆیان داوە و برستیان لێ بڕیوە، نەماوە؟

بێگومان وێنەی سەنەم لە ڕوانگەی خۆیەوە کە لە زاری ڕەوایەتگەری دەقی شیعرییەوە وەکوو وەهمێکی بۆش و ناهوشیارییەکی درۆیینە ڕەت دەبێتەوە، کچێکی چالاکە و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا بەشدارە و ناوبەناوێک هەڵبەستێکی شیعری دەبێژێ و دەقێکی فەلسەفیش دەنووسێت. سەنەمی سەنەم، خۆی ژیانی خۆی بەرساز داوە و ئەو ژیانەش بە ژیانێک لە ئاکامی هەڵبژاردنی ئازادانەی خۆی دادەنێت، و تەنانەت خۆی بە خەباتگێڕ و بەرگریکاری گوتار و هێزە دەستەمۆکارەکان دەزانێت؛ بەڵام ئەم ڕەوایەتە لە لایەن ڕەوایەتی پاستۆراڵ و پیاوانەی دەقدا بە توندی وەلا دەنرێت و گوتارێکی ڕزگاریخوازی حەقیقەتگەرانەی جێگر دەکرێت.

ئەگەر دۆخی سۆزانی و پێگەی پێرسۆنای سەنەم وەکوو سیمپتۆمێکی سیستەمی مۆدێرنیتەی شاری پێناسە بکەین؛ سەرەڕای ئاماژە بە دۆخی پەراوێزنشینی و تەریککەوتەیی، پێویستە باس لە زێدە یان کۆباییەک بکەین کە هاوبەستەی سیمپتۆمە و وەکوو توخمێکی دەورگیردراو(inscribed)، بنەمای وەبەرگیری(Circumambient)ی خۆی تووشی فەشەل دەکات. سۆزانی وەکوو قوماربازی خولیای چێژێکی زێدەیە کە لە چێژوەرگرتنی هەرچەشنە جووتبوونێکی ئاسایی ئەوپەڕتر دەڕوات؛ «چێژ/ئازار»ێکی مەخولیایی کە لە پاتەبوونەوەیەکی هیستێریانە و لە ڕەوتێکی لەبڕانەهاتوودا، بە شێوەیەکی دژوازانە پێگەیەکی نیگەتیڤ بۆ بەرەورووبوونەوەی ئاپاراتووسەکانی «بەرهەمکار-بەرخۆرکار»ی چێژ و دەستەمۆکەری جەستە دەستەبەر دەکات. کەوایە سۆزانی ئەو فیگۆرەیە کە سەرەڕای کەوتنە داوی ژێردەستی و هەڵاواردن، لە پێگەیەکدا دەنیشێتەوە کە بەتەواوەتی تێکەڵی(inclusion) ڕیزبەندیی داسەپاو نابێت و وەکوو بابەتی سەرکوتکراو، بەردەوام لە گەڕانەوەی خۆیدا ڕیتۆریک و نەزمی گوتاری زاڵ بەرەورووی کێشە و گرفتەکانی خۆی دەکاتەوە.

هێماناسیی حیکایەتگێڕی ژیانی سەنەم دەنگێکی پیاوانەمان پێ نیشان ئەدا کە بە وشەی بەزەبر و دەستەواژەی دەمڕووتەوە ڕووتووقووتی ژیانی سەنەم بە شێوەیەکی گرۆتێسک و نامۆنوێن لەقاو ئەدات و هاوکات بەرەورووی تاوانی قورسی دەکاتەوە. سەنەم لە سووچەدەنگی ئەم پیاوەدا قوربانییەکی تەواوە کە هێشتا قوربانیبوونی خۆی هەست پێ نەکردوە و بە ناهوشیارییەکی تەواوەوە سەرقاڵی قوربانیکردنی جەستە و ژیانی خۆی لەپێناوی ئابووریی چێژی پیاوانە و هەژمۆنی دەسەڵات و پارە و پرستیژدایە.

سەنەم بۆنی شیلەی پیاو/ دەدەی...(ل ١٠)
نهۆمە جیاوازەکانی هەموو ئەو کورانەی دەنگیان کردووی
هەموو ئەو ماشێنە ئاڵۆشانەی سواریان بردووی...(ل١١)
بە کەوتوویی هاتووی عاشقت بن چەتیو/ نابیت...(ل١١)
تامی کوڕێک دەدەی لات وایە لە تامت کردبوو...(ل١٢)
کۆمەڵگا، تاریخ و جوگرافیا/ تۆیان گا/ دەمت نا، پێشت نا، پاشت نا/ وەسەتی تۆیان ...(ل٢٢)
هێق بکەوە سەنەم/ خۆرێکی نێر کە خزاوەتە ناو سکتەوە...(ل٢٢)

زمانی پیاوانەی گێڕانەوە، سووژەیەکی ژنانە بەرهەم دێنێت کە دەستئاوسانی گوتاری پۆرنۆگرافیانەی بازاڕی چێژ و نواندنە، بازاڕێک کە هەموو دیاردەیەک دەکاتە نومایشێکی نواندنکارانە و هەموو هوشیاری و هێزێکی لێ دادەماڵێت

زمانی پیاوانەی گێڕانەوە، سووژەیەکی ژنانە بەرهەم دێنێت کە دەستئاوسانی گوتاری پۆرنۆگرافیانەی بازاڕی چێژ و نواندنە، بازاڕێک کە هەموو دیاردەیەک دەکاتە نومایشێکی نواندنکارانە و هەموو هوشیاری و هێزێکی لێ دادەماڵێت. ئەم چەشنە گێڕانەوە سەرەڕای ئاماژەدان بە خەسارمەندی و هەستیاربوونی دۆخی بەکاڵابوونی هەست و جەستەی ژنانە، مۆرکی پیاوانە لەسەر پێناسە و وێناندنەکان دەنێت و لە پێگەیەکی ژەڤەرئاساوە ڕابردوو و داهاتووی سەنەم پێشبینی دەکات. سەنەم گیرۆدەی چارەنووسی قوربانییە، بەڵام خۆی وەکوو ئۆبژەیەکی مەیل و بەرچاوێکی نیگاقەبەکان ناتوانێ لاندسکەیپی ژیانی خۆی ببینێ و لە واقیعی تێکەوتوی مەودا بگرێت. هەر بۆیە داخراوبوونی مەودای هەڵسووڕان و ڕابوونی ئەم دژەقارەمانە، قارەمانی ڕەوایەتچی بانگهێشت دەکات کە لە پێگەی هوشیارییەکی ژەڤەر-مێژوویییەوە ڕەوایەتی ژیانی قوربانی وەکوو نامەیەکی کراوە دەخوێنێتەوە و ئاخرین ئێپیزۆدەکانی ئەم شانۆیە تەواو دەکات.

تۆ بەر لەوەی ببی بوویت بە گۆچانەوە لە دایکت بوویت...(ل ١٤)
بەشیدەت خۆتێکیت ناوەڕاست/ وردێکیت بە ناچار، بێ خەریک، بێ تەریب/ بە کەوتوویی هەڵدەستی(ل١٢)
سەنەم/ شتێکی وا زانراو پێت دەڵێ/ ڕۆژانێک لێوت لێوتر

بوو/ قسەکانت قسەتر بوون...(ل١٨)
ئەمما تۆ سـەنەم تۆ/ تۆ فەیلەسـووفی پێسـتی خۆت بە؛...
(ل٢٠)
جنێـو دەدەیت و پێتوایە سـاغیت و بێ پـارە/ بڕوات نییە
دێپرێس بیت و فوبیا...(ل٢٢)

ئەگەرچـی ڕەوایەتی زاڵی دەقی شـیعریی کڕاکە سـەبارەت بە سـەنەم ڕەوایەتێکـی پیاوانەیە کە وەکـوو زانایەکی تەواو ڕووناکایی دەخاتە سـەر کون و قوژبنەکانی ژیانی سـەنەم و لـە هەموو بوارێکەوە پۆشـتە و پەرداختـی دەکات، بەڵام لە نێوانی هەژمەت و هەیبەتی ڕەوایەتی دڵکوتی بەرسـازێنەردا، وردەدەنگێکی شـەرمێون و کز دەبیسترێ کە وێدەچێ دەنگی سـەنەم بێت. وادیارە دەنگی سـەنەمیش لە هەناوی ئاژاوەی دەسـڕێژی ڕەوایەتی زاڵدا بە زمانێکی پچڕپچڕ هاتۆتە قسە و بـە چەن پەیڤی لێڵ و نادیار خۆی و ژیانی پڕچەرمەسـەریی خۆی دەگێڕێتەوە.

«جەناب کە نەشئەی ئاو لە گەروودا پیادە دەکەی
ئەم قەڵافەتە هیچ   خۆیشم هەڵەم
جەناب کە
بێ زەحمەت  زمانت  لە گەرووما  لە سییەکانما
دەربێنە
جەناب کە تەمرینی بزە و ژێست و جەناب دەکەی
بێ زەحمەت تۆ،  ئێمە زیادەین!» (ل١٢)

ڕەنگـە لە کۆتاییدا پێوەندیی دیالیکتیکیی دەنگەکان، ڕێگر بێت لەوەی کە دەنگی ڕەوایەتی زاڵی پیاوانە دۆخەکە لە بەرژەوەندیی خۆیدا بقۆزێتەوە و کۆبەنـدی حیکایەتەکە(closure) لە پێناوی پێگە و تێگەیشتنی خۆیدا تەواو بکات. سەنەم چ وەکوو بەرهەمی خەیاڵکـردی دەنگی دلێری قارەمانـی نێرینەی ڕەوایەتچی و چ وەکوو سووژەیەکی سەربەخۆ و نەرێکار هاوگرتوویی و تێکچنراویی دەقی شیعری تێکدەشێوێنێت و نێرینەسەروەری و واتا-تەوەریی گوتاری زاڵ هەڵدەوەشێنێتەوە.

پـاش ڕوونکردنـەوەی هەندێ کون‌وقوژبنـی و هەزارتوێی دەقی کڕاکە، ئێسـتاکە دەکرێ پرسـیارە سـەرەکییەکانی ئەم ڕەخنەیە ئاراسـتە بکەین: پێرسـۆنای سـەنەم توانیویە دەنگی خۆی بەرز بکاتەوە؟ سەنەم لە کام سووچی نیگا(standpoint)وە قسـان دەکات؟ ئایا سەنەم ڕوویەکی‌تری ڕەوایەتگێڕی سەرەکی دەق نییە؟ ئایا شـیعری کەڕاکە چیرۆکی سەرکەوتنی فیگۆری سۆزانی؛ بەشێوەیەکی دژوازانە، لە جیهانی مۆدێرندا نییە؟ سەنەم و سـەنەمەکان لە کوێی جیهانی سەردەم و کوردستانی ئەوڕۆدا دەژین؛ واتە چ پێگـەو ڕێگەیەکیان لە ژیانی هەمووماندا هەیە؟ سـەنەمێتی ئێمە وەکوو بەردەنگ لـە کوێدایە؟ ئایا کۆبەندێکی ڕزگاریـدەر لـە ئارادایە کە خەونەکان نە وەکـوو خەون بەڵکوو بـە فۆرمێکی واقیعمەندانە بگێڕێتـەوە و بەئەنجامی بگەیەنێت؟ ململانێـی ڕەوایەتە جیاوازەکان بە کوێ دەگات و کێ، لەکوێوە، چۆن، و بە چ مەبەستێک دەئاخفێت؟ سیاسەتی شیعریی کڕاکە چلۆن سیاسەتی ژیانی ئێمە بەرساز ئەدات؟

ئەم پرسـیارانە وەڵامـی خۆیان لە خوێندنـەوەی دووبارە و دووبـارە و دووبـارەی شـیعری سـەردەمدا دەبیننـەوە، خوێندنەوەیەکی ڕادیکاڵ کە هەسـتی بـە داڕووخانی ئەزموون لەم ساتە هەستیارەدا کردوە و هەوڵ ئەدات زەربەتەکانی شۆکی شێوەژیانی ئەوڕۆکە لە کەوڵی فۆرمێکی گونجاودا وەگیر بخات و زمانێکی نوێ بۆ دەربڕینی بەرهەم بێنێت. ئاماژەی ئەم پرسیارانە و واتای وەڵامەکانیان دیسـانەوە دەمانبەنەوە بۆ پرسی سەرەتا و دەسـپێکی ئەم ڕەخنەیە: ئەگەر «واتـا کڕاکەی زمانە»، و «زمان جێپێگەی مرۆڤە»؛ کەوایە «مرۆڤ هەمان ئیتۆسی خۆیەتی؛ واتە منداڵی». منداڵی وەکوو سـەرچاوکەی تەوای شـتە بێدەنگ و ڕازاوییەکان لە بەرەوپێشچوونی زەمەنی تەمەنماندا لەگەڵماندایە، کەوایە ئێمە هەبوونێکی ڕوو لەمەرگ نین بەڵکوو لە نامومکینی مەرگدا دەژین. تەنیا ئەدەب و بە تایبەت شـیعر دەتوانێت ئەم شکسـتە واتە شکسـتی نیهیلیزمی مـەرگ و دیکتاتۆرییەتی میتافیزیکی واتا لە فۆرمێکی جواناسـانە یـان هونەریدا تۆمار بکات.

«ئەگەر بڵێم من بۆ غەمگین
من بۆ غەمگین» (ل ١٣)

**سەرچاوەکان:**


آروتو، آندره(١٣٨٦) هنر مدرن و صنعت فرهنگ، ترجمه نعمت‌الله فاضلی، در سایت فرهنگ‌شناسی

آگامبن، جورجو(١٣٩٠) کودکـی و تاریخ(دربارەی ویرانی تجربه)، ترجمه پویا ایمانی، تهران: نشر مرکز.

آگامبن، جورجو(١٣٩١) زبان و مرگ(درباب جایگاه منفیت)، ترجمه پویا ایمانی، تهران: نشر مرکز.

پی‌فل، جوزف(١٣٩٤) بحران عقل(قرائتی از مقاله «پرسـش وجود» هایدگر) در جسـتارهایی دربارەی عقلانیت، ترجمه زینب انصاری، ویراستەی سید احمد موسوی خوئینی، تهران: نشر ترجمان.

خالصی‌مقدم، نرگس(١٣٩١) شـهر و تجربەی مدرنیتەی فارسـی، تهران؛ انتشارات تیسا.

ژیژک، اسلاوی(١٣٨٤) اسلاوی ژیژک (گزیده مقالات)، ترجمه مراد فرهادپور و امید مهرگان، تهران: نشر گام نو.

ژیمنـز، مارک (١٣٩٣) زیباشناسـی چیسـت؟، ترجمه محمدرضا ابوالقاسمی، تهران: نشر ماهی.

عەلی‌پوور، ڕەزا (١٣٩٤) کڕاکە، سقز: نشر گوتار.

کانتور، پل و کاکس، لسـتفن(١٣٩٤) ادبیات و اقتصاد آزادی (نظم خودجوش فرهنگ)، ترجمه سـلما رضوان‌جو، تهران: نشـر دنیای اقتصاد.

مهتدی، احسـان(١٣٩٢) شاعر رنج‌های فرزانه (زیست‌نامەی غریب شارل بودلر)، تهران: نشر حرفەی هنرمند.


**سەرچاوەی ئینگلیزی:**


Britzolakis, Christina (1999) Sylvia Plath and Theatre of Mourning. Oxford: Clarendon Press. Copyright © in: http://www.modernamericanpoetry.org/creator/christina-britzolakis

# ڕێزمانی شیعریی

## لە کڕاکەی ڕەزا عەلی‌پوور

د. ئەحمەدی مەلا

شیعر و ڕێزمان، کاتێک کۆدەبنەوە، بە دوو چەمکی پەرادۆکس خۆیان بە خوێنەری وریا دەناسێنن. شیعر ئەو زمانەیە کە زمانی دایک تێکدەشکێنێ، جۆرە سۆزێکە بۆ زمان، بەڵام زمانی تایبەت، کەچی ڕێزمان سەرجەم ئەو ڕێسا و دەستوورانە دەگرێتەوە کە لەبارەی زمانێکی دیارییکراوەوە دەنووسرێن. زمان پێش ڕێزمان دەکەوێت، شیعر لە هەناوی زمانەوەوە لەدایکدەبێ. ڕێزمان ئەو پاسەوانە چەتوونەیە کە هەندێجار بەیداغی نەتەوە هەڵدەگرێت و خۆی بە پاسەوانە ئەبەدییەکەی زمان پێشنیار دەکات، وەکو سنووری وڵات دەیەوێ بارستایی خۆی هەبێ، وەکو مامۆستا پۆلی قوتابیان چوارچێوەڕێژ بکات. شیعر بە پێچەوانەی ڕێزمانەوە، بیر لە دایکبوونەوەی هەمیشەیی دەکاتەوە و لە سەختترین وەرزی بەستەڵەکیشدا بیر لە بوژانەوە و نوێبوونەوە دەکاتەوە. شیعر قوتابییە چەتوونەکەی پۆلە.

ئەگەر شیعر بیر لە تێکشکاندنی زمان بکاتەوە، ئەوە ڕێزمان بە پێچەوانەوە دەیەوێ زمان چوارچێوەڕێژ بکات و یەساغ و ڕێپێدراوەکان بەیان بکات، بەڵام «کڕاکە»ی ڕەزا عەلی پوور ڕێزمانی خۆی دادەهێنێ. سەرەتا خوێنەر لە خۆی دەپرسێ ئایا دەبێ «کڕاکە» چی بێ! کاتێک سەیری هەنبانە بۆرینە دەکەین دەزانین «کڕاک» بە مانای «سورێنچکە»، «قرقراگە»دێ، لە باشوور زیاتر ئەوەی دووم باوە و لەسەر زارە. خودی ناونیشان بۆ سەر سنوورێک بانگهێشتمان دەکات. «کڕاک»ە لەسەر سنووری ئێسقان و گۆشتە. نە ئەمیانە و نە ئەویشیانە. هەر لە ڕێگای ناونیشانەوە ئاماژەیەکی شیعریمان پێشنیار دەکات.

وەکو ڤالێری دیگوت شیعر تەنها وشەیە، بەڵام چ جۆرە وشەیەک! شاعیر شەڕکەرێکی ڕاستەقینەیە و دژ بە زمان و ڕێزمانی دایک دەوەستێ. زمانی دایک دەچێتە نێو ئەو تەونە کۆمەڵایەتییەوە کە پێش لەدایکبوونی شاعیر ئامادەگیی هەیە، شاعیر خۆی پڕ چەک دەکات تاکو سەرلەنوێ ئەم زمانە بنووسێتەوە، زمانی خۆی هەڵبژێرێ، موفرەدەی خۆی دەسنیشان بکات، دەنگ و ڕەنگەکانی پێت دیاریی بکات، زمان بکاتە هی خۆی. هەندێجار شاعیر ئەو ئاوتیستەیە کاتێک سەیری وشە دەکات، ناوەوەی وشە دەبینێ، توێکڵەکانی لێدەکاتەوە. ڕەنگە مەبەستی پۆل ڤالێریی ئەمە بووبێت کاتێک دەڵێ «شیعر تەنها وشەیە.» وشەیە بەڵام چ وشەیەک!

«کڕاکە» خۆی لە قەرەی تێکستی دیکە دەدات، دەستەواژەی عەرەبی بەکاردەهێنێ و ئاماژە بۆ دەقی شیعریی پێشخۆی دەکات و گەڕان و بەردەوامییەکە لە پێناو دامەزراندنی ڕێزمانێکی دیکە. ئەم ڕێزمانە تەنها لە ئاستی ڕستەسازیی دانەمەزراوە، بەڵکو لە ئاستیی واتاییشدا لۆژیکی باو تێدەپەڕێنێ. لە دێری یەکەمدا دەڵێ :» تۆ چ غەمگینی وەک لە حەڵەب یارت هەبێ.»(کڕاکە لا٧) نیشانەی سەرسوڕمانمان لە هزردا بۆ دروست دەکات. وەکو بڵێی ئەوانەی لە حەلەبدا یاریان هەبێ دەبێ غەمگین بن. ئەمە دەرئەنجامێکی نوێیە و وەکو ئەوەی پێمان بڵێ «ئاو لە پلەی ١٠٠ گەرمایی دەبێتە هەڵم» بێگومان ئەم دوو دراوە جودان، دوو گوزارەن لە دوو ئاستی جیاواز خۆیان ڕێکخستووە.

یا بۆ نموونە، «تر» دەچێتە پاڵ ئاوەڵناو بۆ ئەوەی ماناکەی توندر بکات، نموونە «چایەکی شیرینترم دەوێ»، زۆر بە زەحمەت «تر» دەتوانێ لەگەڵ ناوێکی دیکە هەڵبکات، ئەم لاترازانەیە لە ڕەزا عەلی پوور دەیەوێ بیخانە نێو ساخوتمانی شیعریی خۆیەوە.

«هەوا لۆچە و پێستت ئاوتر
پرچت فۆرمی قەسیدەیە و
بۆ خوێندنەوە
لێوم
چاوتر.» (کڕاکە لا٨)

بێگومان لە نێوان «لێو» و «چاو»دا تەونیی واتایی کۆیان دەکاتەوە، بەڵام کاتێک لەسەرەوە «ئاو»دەبینین، ئەوە سنووری ئەو تەونەش

تەی دەکات و دەیەوێ ڕێسای خۆی دامەزرێنێ.
یا ئاوەڵناوی «پڕ» دەچێتە سەر ناوێکی کۆنکرێت، وەکو «پڕ بە دەم هاوار دەکەم» یا «ئەو پەرداخەم بۆ پڕ کە» لەم دوو نموونەیەدا «دەم» و «پەرداخ» دوو ناوی کۆنکرێتن، کەچی شاعیر دێ و دەنووسێ « پڕ بە قەدیم»(کڕاکە لا٨) قەدیم واتە دێرین ناوێکی کۆنکرێت نییە، بەڵکو دەیخانە سەر ئاوەڵناو. بەمەش شاعیر دەیەوێ ڕێزمانی خۆی بئافرێنێ.

ڕەزا عەلی پوور، ئاگاداریی شێوەنووسینەکانی پێش خۆیەتی، چونکە کاتێک «کڕاکە» دەخوێنینەوە، هەست دەکەیت شاعیر ئاگاداریی ئەو فۆرم و نووسینانەیە کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بە «نووسینی ئۆتۆماتیکیی»نێوزەد کرا، هەروەها هەندێجار چاوداگرتنێکە لە نووسینی دادایی و تەنانەت سوریالییش. ئەم فۆرمانە بە شۆڕشێکی مەزن لە جیهانی نووسیندا دەناسرێت، چونکە لە دەرگادانی ئەو دەرگایانە بوو کە پێشتر نووسین پەی پێ نەبردبوو، جۆرە چوونە خوارەوەیەک بوو بۆ ژێرزەمینەکانی ناخ، ژێرزەمینە نەناسراوەکانی نەست، تاکو پەی بە ناواخنی وشە بەرین، ژێرخانەکانی نووسین ئاوەڵاکرێنەوە و خودی نووسین وەکو ئامێری کەشفکردن ژێرزەمینە تاریکەکانی مرۆڤ بەسەر کاتەوە. نووسین تەنها کەشفکردنی دەرەوە نییە، بەڵکو کەشفکردنی ناوەوەشە. نووسین ئەزموونێکی شەخسییە، مادامەکی تاکەکان خاوەن ڕەهەندی جیاواز و خاوەن مۆرکی جیاوازن، دەبێ قەڵەمەکانیشیان جیاواز بن. گرینگیی ئەم جیاوازییە لەوەدایە کە دژ بە فۆرمی مامۆستایانی ئەدەب دەوەستێ، دژ بە ئەخلاقی باو و دژ بە نەمەتی سەپێندراو خۆی پڕ چەک دەکات. نووسین دەبێتە شوێنپەنجە، شوێنپەنجەیەکی دەگمەن.

«لە خۆتا و حەمام لە خۆتا و ڕێ ڕێ لە خۆتا و دەڵەمە و
بەر پێ
دەسووڕێنەوە دەسووڕێنەوە و
حەجم و زەڕە ناوەکانت، ئاست و زرمەی ناوکت.» (کڕاکە
لا١١)

گەمە زمانەوانییەکان ئاستی ڕێزمان تەی دەکەن و نووسین دەبێتە جەستە، جەستەیەک لە ناو تاریکیی ڕێی خۆی دەکاتەوە.
هەندێ لەو وێنانەی کە لە دووتوێ «کڕاکە» هەن ئۆکتاڤیۆ پاس،شاعیری مەکسیکیی مەزنمان بیر دەخەنەوە، لە سالآنی پەنجا قەسیدەی «بەردی هەتاو» دەنووسێ، بنەمای ئەم قەسیدەیە لێواولێوی فەزای سوریالییەتە، قەسیدەیەکە کە دەگەڕێ : لە مێژوو دەگەڕێ، لە ڕوخسار دەگەڕێ، لە مرۆڤ دەگەڕێ، لە پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان «من» و «تۆ» دەگەڕێ، هەروەها بەسەرکردنەوەیەکە بۆ کەلەپوور و ئەفسانەکان.
شیعر لە «کڕاکە»بە جۆگەلەیەکی دەنگ دەکات، واتاکان نابنە ئەڵقە و وێنە دروست بکەن، بەڵکو دەنگەکان لێکدەترنجێن و شۆڕدەبنەوە. ئێمەش لەگەڵ خۆیان دەبەن. بۆ نموونە کاتێک سەیری لاپەڕەی ١٤-١٥-١٦ دەکەین:

«دایکت زانی
باوکت نازانێ»
یا
«بریا لە سەکۆدا، لە حەزکۆی بڕیارێک»
یا
«بەیانیان ئاناناس
-ناناسی-

ئەمە جۆرێکی لە ئیشکردن لەسەر دەقی شیعریی. وەکو مۆنتاژی سینەمایی، کاتێک مۆسیقایەک بۆ دیمەنێکی تایبەت دادەنرێ، سەیر دەکەین، دوای دیمەنەکەش مۆسیقا بەردەوامە. ئەم جۆرە تێکهەڵکێشییە، پێمان دەڵێ، شتێک هەیە کە ئەم دوو دیمەنە پێکەوە گرێ دەدا. واقیع پڕە لە دیمەنی وا، بەڵام گواستنەوەیان بۆ نێو شیعر لێزانینی دەوێ.
پۆل ڤالێری لە شوێنێکی دیکە دەڵێ « قووڵترین شت لە لای مرۆڤ، پێستە.» ڕەنگە پێستی مرۆڤ یەکەم ئۆرگان بێ کە دروست دەبێ. شیعری کوردی زۆر باس لە ڕۆح و دڵ و گیان و چاو و برۆ و هتد کردووە و دەکات، زۆر بە دەگمەن باسی پێستی کردووە، کەچی هەر لە ڕێگای پێستەوەیە پەیوەندییمان لە گەڵ جیهاندا مەیسەر دەبێ. پێست ئەو پانتاییەیە کە دەمانبەستێتەوە بە دەرەوە و لە ڕێگای پێستەوە دەژین. شاعیر دەچرپێنێتە بنا گوێمان و پێمان دەڵێ، یا وردتر بەو دەڵێ :

«تۆ فەیلەسووفی پێستی خۆت بە.» ( کڕاکە، لا ٢٠)

لە کۆتاییدا، ڕەزا عەلی پوور، لە دوای دیوانی یەکەمی، «قالییەک دەناسم لە هەرچی گوڵیاتی ماندووە» پەرە بە ئەزموونی خۆی دەدا، ئەو ڕچەیە وەردەگرێ کە دۆزییەوە، دۆزینەوەیەکی ئاسان نییە، پاراستنی هاوسەنگیی بۆ دەقی لەجۆرە سەختە، بە یاری ئەو تەنافبازانە دەکات کە لەسەر گوریسێکدا ڕێ دەکەن، بەڵام ئەزموونێکی تاکە و هەندێجار دیالۆگ لەگەڵ ئەوی دیکە دروست دەکات، بە تەواویی شوناسی ئەو «ئەوە» نازانین ؛ ئەمەش گرینگ نییە.
ئێمەش لەگەڵ ئەودا دەڵێین: «خوایە سپاس وشەکانمان بەختەوەرن.»



# خوێندنەوە و رەخنەی
# کرِاکە، زامورا یاکۆمبی زانگاریتا

## شێعری ڕەزا عەلی پوور

حەمەی کەریمی

شیعر ماراتۆنێکی تاکەکەسییە و بە هۆی جیاوازیی زەینییەت وئەو پێناسەیەی شاعیر لە شیعر هەیەتی و هاوکات ئەو زمان و فۆرمەی شێعری پێ دەنووسێ ،ناکرێ بە سانایی قاییل بین بەوەی کە ئەم شاعیر لەوی دیکە فرەتر شاعیرە. لەوانەیە شاعیرێک لە بواری فۆرم و بە کارهێنانی تەکنیکی شیعریی و دیکەی ئامرازە ئەدەبییەکان، لە شاعیرێکی دیکە سەرکەوتووتر بێ،یان لەوی تێپەرِێنێ،ئەو تێپەرِاندنەش کە لە رِەوتێکی بەدیار یان شاعیرێکی بەرچاو دەبینرێ ،دەگەرِێتەوە بۆ سەرکەوتوویی ئەو شاعیرە لە بەکارهێنانی تەکنیک و توخمەشێعرییەکانیتر . لەبەر ئەوەی هەر شاعیرێک لە شیعردا پێناسە و جیهانبینیی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەمەش وادەکات لانیکەم لە جوگرافیای شیعردا برِوامان بە جیاوازبوون هەبێ و ئەگەر شاعیرێک لەم ماراتۆن و پێشبرِکێیەدا هەوڵی تێپەرِاندن بدات، بۆ بەدیارخستن و سەلماندنی ئەم جیاوازبوونەیە. رەزا عەلی پوور، چە لەم دەقە شێعرییەدا و چە لە دەقەکانی پێشووتریدا، بەردەوام بە دوو حاڵەتی کەشف و داهێنان کاری کردوە،خاڵێکی گرنگ کە « رەزا عەلی پوور» جیا دەکاتەوە لە شێعری پێش خۆی، کارکردنی بووە بەم دوو حاڵەتە و هاوکات باڵانس و حەرەکەتێکی رئاکشنیش بووە لە نێوان ئەم دووحاڵەتەدا.

رِەزا عەلی پوور لە ساڵی ۲۰۰۶ دا بە بڵاوکردنەوەی کتێبە شێعری « قاڵییەک ئەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە» لەم ماراتۆنەدا جیاوازتربوونی خۆی لە شیعری پێش خۆی و هاوچەرخەکانیشی سەلماند. قاڵییەک ئەناسم........ جگە لە تازەکردنەوەی شێعری نوێ لە رِووی فۆرم و زمان و هێنانە ئارای فەزای لایبرێنتی لە ناودەقی شیعریدا و هەروەها جگە لە گۆرِینی ئاراستەی زمان لە شیعردا و پێدانی دەسەڵاتی تەواو بە زمان و بە سەنتراڵیزە کردنی زمان لە ناو دەقدا ، هاوکات هەڵگری ناسنامەیەکی تایبەتیش بوو بە نیسبەت شیعری هاوچەرخی کوردی لەم بەشەی کوردستان . لێرەدا نامەوێ لە سەر ئەو کتێبە قسە بکەم،تەنیا ئەوەندە دەڵێم بەدیارخستن و دەستنیشانکردنی جیاوازیی و تەفاوەتی ئەم دوو کارەی شاعیربە تایبەت لە رِووی زمانەوە،بەشێک لە کۆی باسەکەم پێکدێنێت. یەکەم دەقی شێعری رِەزا عەلی پوور وەکوو کتێب « قاڵییەک دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە« یە،کە لە۲۰۰۶ لە لایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بڵاوبۆتەوە، کاری دووهەمیشی وەکوو کتێب کە هێشتا بڵاونەکراوەتەوە «۱- کرِاکە ، زامورا یاکومبی زانگاریتا» یە. مەودای نێوان ئەم دوو بەرهەمەی شاعیر نۆ ساڵە. لەم نێوانەدا شاعیر ناو بە ناو لێرە و لەوێ شیعری نووسیوەو لە گۆڤار و هەفتەنامەکاندا بڵاویکردۆتەوە، بەڵام دوای نووسینی «قاڵییەک دەناسم...»دەقی «کرِاکە...» دەبێتە دووهەم بەرهەمی درێژی شاعیر.

لەم وتارەدا هەوڵمداوە هەندێک لە جیاوازیی نێوان ئەم دوو بەرهەمە، بە تایبەت لە رِووی زمانی شیعرییەوە بخەمە بەرچاو و دواتر لە سەر دەقی «کرِاکە» بوەستم. بۆئەم مەبەستەش وەک سەرەتا ئاماژە بە بەکارهێنانی دوو شێوە زمان لە شیعردا دەکەم؛ یەکەم زمانی وێنەیی و ئیماژی، دووەم زمانی کارکردی. زمانی وێنەیی لە ناو دەقی شیعریدا بەو مانایە دێت کە شاعیر لە رِێگای وێنە و ئەو ئیماژانەی کە دەیخاتە نێو شیعرەکەیەوە زمان پێناسە دەکات و بۆ تێگەشتن، یان چێژ وەرگرتن لەم جۆرە دەق و شیعرانە خوێنەر سەرەتا دەبێ هەست بەو وێنانە بکات کە شاعیر لە ناو دەقەکەیدا درووستی کردوون و هەوڵبدات لە زەینی خۆیدا بیانکێشێتەوە، لە نێو ئەم سیستەمە نیشانەییەدا هەر دالێک بۆ ئەو هاتووە تاکوو مەدلوولێک پێناسە بکات.

دووەم؛ پێناسەکردن و بە کارهێنانی زمانە لە ناو شیعردا بە پێی گەمە و کارکرد، بەمەوە ئێمە لە زمانی شیعردا لە گەڵ دوو جۆر پێناسە دا رِووبەرِوو دەبینەوە، یەکەمیان زمان بە پێی وێنە و ئیماژ پێناسە دەکا و دوومیان زمان بە پێی گەمە و کارکرد.

## پێناسەکردنی زمان لە ڕێگای وێنە و ئیماژ ەوە نموونەی شێعری ئیماژی

«دەڵێم برۆم لە شارەکەت/ لە شاری چاو لە بەر چرای نیئۆن شەوارەکەت» خەوە بەردینە/ سوارە ئیلخانیزادە

«دڵۆپ دڵۆپ/ باران گوڵ ئەنووسێتەوەو/ نمەنمەیش چاوانم تۆ/ چ ساڵاوێکی نامۆیی و/ چ ژانێکی بەخشندەیە/ بەرد بە بەردی کێوی سەرم/ ئەپشکوێنن/ لق بە لق و چڵ بە چڵی/ دەست و پەنجەی وشکەڵاتووم/ وەک باویکلە شین ئەکەن و/ ئەمدەن بە دەم باڕێزەکەی ئەوینتەوە، دەربەندی پەپوولە « شێرکۆ بێکەس»

«تۆ چە غەمگینی وەک لە حەڵەب یارت ببێ، قاسیدێکی بە متمانەت لە قەندەهار –

بەم کوێستانە لەعەنەتییە- دەست نەکەوێ،

بەو بارا جوانییەکەت درێژە بدە، راست دەکەی رێک رەنگێکی شەرمێونم،

لار ئیمزایەکی گۆشەگیر،لە پەنجەی نەقاشێکی بوتکارەدا،

هەوا لۆچە و پێستت ئاوتر،

پرچت فۆرمی قەسیدەیەو بۆ خوێندنی لێوم چاوتر،

( کرِاکە ، زامووری یاکۆمبی زانگاریتا، )

«شار رازابووەوە بە دەرِابە داخراوەکان/ سیا خەریک بوو شەوی ئەشکاند/ برِیار بوو بە قەدەر کتێبەکان/ لەو شەوە زەنگە کەل بکات. ( ئینسان ناوی نەخۆشینێکی تازە) « سەلام قادری «

وەک دەبینرێ بە گشتی لەم دەقانەدا زمان لە ڕێگای ئیماژ و وێنەکانەوە پێناسە کراوە و دالەکان هاتوون بۆ ئەوەی مەدلوولەکان وێنا بکەن. خوێنەر ئەگەر بیهەوێ لەم دەقە شیعرییانە بگات یان چێژیان لێ بگرێ، پێویستە یەک بە یەکی ئەو وێنە و ئیماژانەی کە شاعیر درووستی کردوون، لە زەینی خۆیدا بیانکێشێتەوە و وێنا و بەرجەستەیان بکاتەوە.

پێناسەکردنی زمان لە رێگای گەمە و کارکردەوە،

## نموونەی شێعری گەمەی زمانی

«ناترسم لەم دێرەدا کەوشەکانم دابکەنم/ پاڵتاوەکەم بە حەرفێکەوە/ کە وایە هەڵواسم» ( قاڵییەک دەناسم لە هەر چی گوڵیەتی ماندووە) « رەزا عەلی پوور»

ئاوی ئاویی، ئاوی ئاوایی ئاوی ئاویەر و ئاوی ئاوێستا و ئاوێزان و ئاوسا و ئاواچیتر بە ئاوە ئەزانن، بینووسن و ئێوەش ببن بە ماعیری دێرِگەلێک کە کەس ئاویان ناداتێ.

( چ بە ناز و چ بە نووز) ساڵح سووزەنی

تاسەیەکم لە گەیشتن یا ئاو ئەو پەرەکەی بگاتە دەریا / سەیرکە مەسخەرەیە تا هەرە هەر دەریایە / باوەڕ کە ناشوێنێک نەماوە نیگەرانیم بشارمەوە / برێجار هێڵنج ئەچم لە هەرچی پەنجەرە و نەرم کە ئەترسم لە فریوی شەقام و پیتزا....

(تا لوورەکانی گورگێک ئەم شێعرەم دڵتەنگە ) کەماڵ ئەمینی

لە کوێی ئەم کاولییەدا بە دواتا بگەرێم تریفە / تۆ بەر لەوە تریفە بی بە ترافیک بووی/ پێش ئەوەی بترافیکێی هێڵی سپی جادە و شەقام بووی / وێستگە-گان- تیاتا تار و مەتار / بەڵام ئێستات ئێستای ترافیکییت وێستگە نەماوە نادیار/

(کاولییەکانی خانمێکی ترافیکی ) حەمەی کەریمی

منیش کەللەم پرە لە تەکیە و موەخۆرە و هەر تاڵەقژێکیشم مێخێکە یان سێخێکە سپی / رەش رەش سپی / لە خاچم ئەدا / لە عەسرێکی بێ عیسا بێ مووسا بێ عەسا بێ تۆ نا مووسا...

خەونباز جەمیل مورادی

تا منێک لە نێوان ئەم وەیشوومە و گیومەدا / کە هێشتا ئەشکەوتێک پڕم لە خەریک و خەریکم لە پرێکا وەک شەمشەمەکوێرە شۆر ئەبمەوە بنە چەواشەی دنیادا / تا هاشوورێک لە کەڵکەڵەی تاریک کەڵەکە ئەبم بە سەر تەنیاییەکانی خۆمداو کەڵکێ لە ئەوەندە و مردنێک لە بەرما کەی دەگرم.....

( تا منێک لە نێوان ئەم گیومە و وەیشومەدا ) حەمەی موەفەقی

بە گشتی لەم شیعرانەدا خوێنەر بە پێچەوانەی نموونەکانی پێشوو- بۆ تێگەیشتن و هاوکات چێژ وەرگرتن لە دەقەکان بە دوای وێناکردندا ناگەرێ، چونکو ئەم دەقانە لە باتیی ئەوەی وێنەیەک لە دنیای واقیع بخەنە ڕوو، زیاتر خۆیان لە گەڵ گەمەی زمانیدا سەقاڵ دەکەن و کارکردەکانی زمان لە ناو دەقدا بە دیار دەخەن، ئیتر لێرەدا مەدلوولێک نییە دالێک وێنای بکات، بەڵکوو کارکردەکانی زمان و گەمەکان ڕۆڵی سەرەکی دەبینن.

> **زمانی شیعریی «کرِاکە» زیاتر لەوەی زمانێکی یەکدەست و تاک ڕەهەند بێ، زمانێکی ئاوێتەیی و تەرکیبییە، بۆیە لە هەندێ حاڵەتدادەبێتەوە بە زمانێکی پەتی و ئیماژی و لە هەندێ شوێنی دیکەدا دەبێتەوە بە کارکردی و خۆی تێکەڵ بە گەمەکان دەکات**

## زمان لە شیعری «کرِاکە» دا

بە پێی ئەو دابەشکارییەی سەرەوە کە پشت بە تیۆرییەکی لودویگ ویتگێنشتاین دەبەستێ، زمانی شیعریی «کرِاکە» زیاتر لەوەی زمانێکی یەکدەست و تاک ڕەهەند بێ، زمانێکی ئاوێتەیی و تەرکیبییە، بۆیە لە هەندێ حاڵەتدادەبێتەوە بە زمانێکی پەتی و ئیماژی و لە هەندێ شوێنی دیکەدا دەبێتەوە بە کارکردی و خۆی تێکەڵ بە گەمەکان دەکات ،لەم دەقەدا شاعیر هەم لە ڕێگای ئیماژ و وێنەوە زمان پێناسە دەکات و هەم لە ڕێگای

گەمە و کارکردەوە، لە هەندێ شـــوێندا « دال» ەکان ڕاستەوخۆ بۆ ئەوە هاتوون، «مەدلوول» ە کان پێناســـە بکەن.بەپێچەوانەی زمانی شیعری « قاڵییەک دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە« کـــە زمانێکی کارکردییە و لە ڕێگای کارکرد و گەمەکانەوە زمان پێناســـە دەکات. و زمـــان حاڵەتی خودئێرجاعـــی وەردەگرێ و دەبێتـــە ئایتمێکی ســـەنتراڵ و خود مێحوەر لە شـــێعردا. بەڵام لە شـــێعری کرڕاکەدا ،زمان لە ڕێگای ئە وێنانەی کە شاعیر لە دەقەکەدا درووســـتی کردوون لە لایەک خۆی پێناســـە دەکا و لە لایەکیترەوە تێکەڵ بە گەمەکانیش دەبێ و لەو ڕێگایەشـــەوە پێناســـە وەردەگرێ، بە گشـــتی دەمەوێ بڵێم ڕەزا عەلی پوورلە «کراکە»دا نەیویســـتووە تەنیا لە ســـەر یەک فۆرم و یە ک شێوە زمان کار بکات، بەڵکوو هەوڵی داوە سوود لە تەجرەبەکانی خۆی لە زمانی شـــیعر و کارکردی زمان لە ناو شیعردا ببینێتەوە و لە هەمانکاتـــدا توانیویەتی لە زەرفیـــەت و ئیمکاناتەکانی زمان، لە ناو شـــیعردا کەڵک وەربگرێ،ئەمەش دەرخەری ئەو تەجرەبە و ئەزموونە شـــیعریانەیە کە پێشتر و ئێستاش ڕەزا عەلی پوور لە شـــێعردا ئەنجامی داوە. ( ئەگەرچی بەلای منەوە زمانی شیعریی «قاڵییەک دەناسم لە هەرچی گوڵییەتی ماندوە « شاعیرانەتر و لە ڕووی گەمە و کارکردەوە بە هێزترە و لە هەمانکاتدا زیاتر خودی خۆی مەبەســـتە لە دەقدا و کەمتـــر ئاماژەیە بە دەرەوی خۆی ) بەڵام بە نیســـبەت « کراکە»وە دەتوانم بڵێم لە ڕووی فۆرمەوە ، پاژ بینی و تا ڕادەیەک فەراهمکردنی فەزای کایەکردنی وشەکان لـــە ناو زماندا و ئەوەی کە ئەم شـــێعرە وەکوو دەقێکی ئاوەڵا و کراوە هەوڵی نەداوە خۆی ببەســـێتەوە بە بەکار هێنانی شێوە زمانێکی تایبەت لە ناو شیعردا و بە تەنیا تەرکیز بکاتە سەر یەک فۆرم و شـــێوازێکی تایبەت لە زمان) و لە ڕووی ناوەرۆکیشـــەوە ، بەرجەســـتەکردنەوەی کێشەکانی مرۆڤی مودێرن و پرسیار لە بابەتە بەڵگە نەویســـتەکان و بەرەوڕووکردنەوەی دیسکۆرســـی زاڵ لە گەڵ کێشـــە و بابەتە مەنفییەکانی خۆی ، بەشـــێکن لە تایبەتمەندیی شێعری « کراکە« بەمەوە دەڵێم « کراکە« دەقێکی جیاوازترە بە نیســـبەت دەقی یەکەمەوە، ڕەزا لەم بەرهەمەدا لە هەمانکاتدا کە هەوڵیداوە لە ڕووی ماناو ناوەرۆکەوە دەقێکی کراوە و فـــرە ڕەهەند و ئاوەڵا بخولقێنێ، لە هەمانکاتیشـــدا هەوڵیداوە لە شـــێوە جیاوازەکانی کارکردی زمان بە تـــەواوی زەرفیەت و ئیمکاناتەکانیـــەوە، کەڵـــک وەربگـــرێ. لێـــرەوە دەبینین زمانی شـــیعریی «کراکە» زمانێکی ئاوێتەیـــی و تەرکیبییە، لە هەندێ شـــوێندا پارۆدیە، لە هەندێ شوێنتردا پڕخاشگەرانەیە،لە هەندێ حاڵەتدا تەهاجومی و هێرشـــبەرانەیە، لـــە هەندێ حاڵەتیتردا، ئاساییە،لە برێک شوێنی گێڕانەوەی پرسۆناکاندا زمانی ئەم دەقە دەبێتە زمانێکی ئایرۆنی و خۆی تێکەڵ بە ئەدەبی ئیرۆتیک دەکات.

بە گشـــتی، زمان لەم شیعرەدا تووشـــی ئەم حاڵەتانە دەبێتەوە: ئاسایی بوونەوە، موحاوەرە و تەوسیفی ،پارۆدی ، ئایرۆنی، پڕخاشگەرانە و تەهاجومی، ئیرۆتیک

**جیاوازیی وتەفاوەتی زمانی شێعری «کراکە،» بە نیسبەت زمانی «قاڵییەک ئەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندوە»**

«لە تۆدا بەرەو پشـــت خەوم دێ/ خەوی من ئەکاتە/ ناگەهان بیمارستان/ من بۆ خۆم تائێستا جووتێ کەوش گوڵدانمە/ کەچی هەر تائێســـتا جووتێ کەوش گوڵدانمە// گرفتی سەرەکی ئەوەیە پیاو حینجەی خۆیەتی/ ئەگینا نوقتەیەک دەرفەتی مناڵە لە ژندا و هیچیتر/ باوەڕکەن،ناترســـم لەم دێڕەدا کەوشـــەکانم دابکەنم/ دووکەڵی جگەرە، لە پەرانتزێکی گشتیدا ڕێبخەم/ ئەو پەڕەکەی مردنم دالێکە بەرەو پشـــت/ بەهەرچی مانایەوژێـــر مانا/ بەمبارا پیر ئەبم/عەکســـەکەم خۆ وتم ســـەتحێکە بێ مسداق/ با دایکم بەردەرگای پیرتر و هەناســـەی بژمێرێ. ( قاڵییەک دەناســـم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە)

پێش ئەوەی بۆن- بە هەوای ســـیس و ئاسمانی نەخۆشەوە بکەی / هەڵمژی / گەرد

هـــا لێدە جگـــەرەی دیکە ڕەگی دیکـــەو مەنگی دیکە و بەنگی دیکە ها

ســـەگی دیکە و هەوای هار / ها لێدە ڕەنگی دی خەتی دی تا دەچیتە خۆتێکیتر

هالێ دە « های « بە « های «

تاکوو « هات «

ئاپارتمان بەرزە بۆ من خیابان کەیفێکە و کفرێکە

بایـــەک بێت عەینەکی / لەرزۆک و بە پەلە/ بە مردووەکانا / بشەکێ/ باسێکە / بڕیارە/ وایەک بێت/ بتەکێ / دەرچووی دەرد/ « پەرجوو کەرد « ئەیا یا ئەهلی با / ئەو هەوایەی لە سییەکانتانا هەمارە کە مارەو ئێسقانی مردووان / یا ایها السوداسەران تف کەنەوە تف / تفەنگیش / خۆتەکان رادەکەی لە زەینما ناوەستێ / نوختـــەی چی ، خەتێک هات / جەغزێکیان بۆ کێشـــاین/ پێـــی ئەڵین یان مانگە و یـــان هەتاو لە کۆڵتا هەڵگرە و بەرەو خۆت هەڕاکە/ دنیا کۆنی کردی/ وەک کچ نا / وەک کون و کونایی / دادراوان بـــە چاوی زلـــەوە وەک درز و درزایـــی دەتبینـــن/ خانمەکە خولاســـە تۆ کەوتـــووی/ تۆیان کەوتاند. لێم گەڕێن / دەرەوە بـــم / هیچ نەبێ درز بم دەرزی بـــم/ هیـــچ نەبێ ، با



هیچ بم/ پەیڤێکی دوو پاڵوو، یەک پاڵوو، هیچ نەبێ بێ پەیڤێکی بـێ پاڵوو/ لێم گەڕێن / هەنسـکی سـەقزییم پاڵ بەخشـێم / قسەکانت قسـەتر بوون/ ڕێک وەک کەشفی خزمایەتی هەنجیر و ئینجیل/ فیل و سۆفی / ئەلف و ئاڵف / کە موازبی ماتیکەکان مەوازی بژمێری. « کراکە« زمورا یاکۆمبی زانگاریتا «

## کەڵـک وەرگرتــن لە سـەنعەتە ئەدەبییەکانی شـێعری کلاسیک بە قازانجی شێعری نوێ

ئەگەر چی «کراکە» بە هیچ شـێوەیەک لە ناو کەیسی شێعری عـەرووز (یان ئـەوەی پێی دەڵێن کێش و سـەروا) ناگونجێ و بەڵکوو بەتەواوی خەسـڵەت و تایبەتمەندییەکانیەوە شێعرێکی تەواو جیاواز و نوێیە،بەڵام مەبەسـت لە باسکردن و هێنانی ئەم سەنعەتە شێعرییانە،لە دەقی « کراکە» دا، بەدیارخستنی لایەنی جوانیناسی و هونەری ئەم شێعرەیە بە ئاوڕدانەوە لە سەنعەتەکانی ( کێش و سـەوا، جیناس، سەجع، تکرار، تضاد،...) کە بەشێکی گرنگن لە تایبەتمەندیی شێعری کلاسیک و کێش و سەروا،

[سەر لە کوێی جادەدا هەڵگرم ؟ شەو نەبێ

ڕێ لە کێی «لادە»دا دابرم؟ ئەو نەبێ

لە نێوان وشەی « کوێ « و « کێ « دا جیناسی ناتەواو هەیە، لەوەی کە هەر دوو وشـەکە لە رسـتەکەدا بە جیاوازی پیتێکی زیادە کە « و» یە, جیاوازن، جیناسـی ناتەواو یان ( ناقص) هەیە لـە نێوانیاندا، هەر بەو جورە لە نێوان وشـەکانی « جادە « و « لادە« لە برگەی «{ سـەر لە کوێی « جادە« دا هەڵگـرم؟ ڕێ لە کێی « لادە« دا دابرم؟ }

جیناسـی ناتەواو یان ( ناقص ) بوونی هەیە، ئەویش بە جیاوازی پیتی « ج « و « ل» لە جادە و لادە» دا ، هەروەها لە نێوان وشەی « شـەو و ئەو» جیناس هەیە، بە گشـتی لـە نێو ئەم دەقە شێعرییەدا لەو سـەنعەتە شێعریانە وەکوو ( جیناس، سەجعی متەوازی ، تکرار، تەزاد و ..... کەڵک وەرگیراوەو و بەشێک لەو سەنعەتانە وەکوو ( جیناس ،سەجع و تەزاد، لە نێوان ئەم وشانەدا بە دیاردەکەوێ { « مۆد و مەبادا « فیل و سۆفی « داگرتن و راگرتن « ئینجیل و هەنجیر» ئەلف و ئاڵف» بشـکێم و بشکێنم» مەنگ و بەنگ» درز و دەرزی « کلاسـیک و کوللاسیک « ژار و بار « خەتا و هەتا « جان و جانتا « سـککە و سـاک « سووژن و زووژن « مەوازب و مەوازی « کەیف و کفر « دەرچوو و پەرجوو « ژانەوەر و ژانەسـەر « هەمار و هەتـاو « خەتایی و خەمایی» شێواو لێواو « راو و داو « هێڵ و لێڵ « ماڵین داماڵین « قەدەم و قەڵەم « هاوڕێ و لاڕێ « سـێ ڕێیان و بێ ڕێیان « ناحاڵی و بەتاڵی « کەنار و قەتار « پەنجە و پەنجەرە « سـەرۆک و بەرۆک « یاو و تاو « حەسەن و حەسەنەک « و.....

خۆم بەردی کاول و عەسـەبی و کەنارم/ دووکەڵی هیستری و جێماوی قەتارم/ ئاوێکم ئاوێکی سانسۆری و سێ نوختە،/ ئاوی چی؟نوختەش نیم «

لە نێوان هەر دوو وشـەی « کەنار» و « قەتار» دا سـەجعی متەوازی هەیە، چونکە هەردوو وشـەکە لە سەر یەک ( کێش و سـەروا ) ڕێکەوتوون، بەڵام لە برگەی دوهەمدا راڤەی زیادە هاتوە، / ئاوێکم ئاوێکی سانسـۆری و سێ نوختە،/ وشەی ئاو بە ئاوی دواتر راڤە کراوە،

بە گشتی بە کارهێنانی ئەم سـەنعەتە شێعریانە بە تایبەت «کێـش» لە دەقی» کراکە« دا جگە لە پێدانی جوانیناسـییەکی تایبـەت لـە رووی فۆرمەوە بـە دەقەکە تـا رادەیەکی زۆریش توانیویەتی هارمۆنیەت و یەکدەسـت بوونی ریتمیکی شێعرەکە بپارێزێـت، دەکرێ ئەمەش بە یەکێک لە خاڵە باشـە کانی ئەم دەقە بزانرێ، بەوەی کە شاعیر توانیویەتی لە ئایتم و سەنعەتە ئەدەبییەکانی شـێعری کلاسـیک بە قازانجی شێعری خۆی کەڵک وەرگرێ.

## ١
## ئاسایی کردنەوەی زمان و بە کارهێنانی زمانی تەوسیفی

«ئەبێ موبایلەکەم لە بیـر نەچێ،/ بیرلە جگەرە و زیپ بکەمەوە و موبایلەکـەت/ چەنـد دانەیەکی دیکە لـە مەمکدانەکەتا/ یان پاکەتێک بـە دزی هەڵبگری،/ بگری بـە دەمتەوەکلینێکس/ سەنەم،/ بۆنی شـیلەی پیاو دەدەی/ هێشتا بۆنی تەخت و موبلە جڵفەکان»

«ئەی سـەنەم/ ئەی بەردی داکەوتوو لە سەختا/ ئەی ئاوی ڕاکشاو لە توندا.../هیچاوهیچ»

«تۆ ئێسـتا جانتاکەت سەنەم/ سێوێکی چرچ و/ لەتە مۆزێکی ڕەش/- ڕەشایی-»

ئەی بەردی چوارمشـقی لە خۆتا/ئـەم زەویە خەتایە/ ئەی ئاوی بەرەو پشت لە خەڵکا/ئەم هەڵە هەتایە«

«بـۆ دنیـا دەردێکی/ بۆ مێشـکت بیسـت و چەند ساڵانێک...»



«ئــەو کاتــەی موکەعەب پڕیەتــی لە حەجم/ئــاو وئاو زۆر دەستەن/ئەلفبا پڕیەتی لە خەتەر/ئەو کاتە / وشەکان دووجۆرن؛ ڕەش و ڕەش/ ئەو کاتەی گیا ئاوسە بە سەوز/ تۆ تەنها بە خۆت پڕی»

«تۆ یەکەمجار شیعرت وەک خاڵە کوتراوەکانی سەر بازۆڵەت/ تۆ یەکەمجار جگەرەت وەک هەناســە گردارەکانی ســینگت/ تۆ یەکەمجار قاقات وەک دەست و قاچە ئاماتۆرەکانت»

## ٢
## پارۆدی

«بە خۆت دەڵێی هەستە جاکەش لەئاوێنەدا بزە دگری و نایبینی»

«نامەیەکی شینەکی بۆ خوا گیان، یان جێگرە پفیوزەکەی»

«بڵێ کچێ تۆ شیعری شیعریەتی چەتیو/ شیعرێکی تێکشکاو/ بە جوانییەکی کلاسیک و لە کوللاسیک»

«پێتوایە ساغیت و/ ئەوانە شیکن لێت/ کلاسی تۆ.../ پێتوایە خۆشێکیت دەروونی/ کۆمەڵگا،تاریخ و جوگرافیا/ تۆیان گا/ دەمت نا، پێشت نا، پاشت نا/ وەسەتی تۆیان...»

«نیشتمان کڵاوەکەی لار دائەنێ و/بوخارا بێ یان سەمەرقەند/ ئەســفەهان بێ یــان قەندەهار/ بەم غەمگینــە لەعنەتییە،/ لەم کوێستانە گوو تێبووە«

«هۆ گەلی شــاعیران،گورگینە/ شــاعیرانی سەدەی شیک و لیک و بنێشــت/ مانگ مــان گا ئەوەندە لە شــیعرا دامانگرت/ زەویمــان تەرتیــب دا ئەوەندە ڕامانگرت تاســواربین، دابەزین./ تکایــە، ئاغاکان، ئەم خەڵکە دابەزن/ تکایە، خانمەکان ئەم پەیڤە سوار مەبن»

## ٣
## ئایرۆنی و بە کارهێنانی زمانی ئیرۆتیک

لە گێڕانەوەی ڕوداوی ئیرۆتیکی»ســەنەم»دا ئەم وشانە هاتوونەتە نێو ئەم بەرهەمەوە؛مەمکدان، کاندۆم، کلێنێکس، کرێم و ماتیک، بەینی ڕان، ڕووشــایی تووک، حەبی ئێڵ دی، ئالۆشــی پشیلە، گان، تف لێدان،ماڵین و داماڵین، کایەکردن بە وشــەی گان لە پێش و پاش و وەسەتەوە، تەرتیب دان،لووس، ئالەت و هەروەها لە گێڕانەوەی ڕووداوی کارەساتئامێزی «حەسەن» یشدا بە زمانی توند و ڕەخنەییەوە لە وشەکانی « گان، تەرتیب دان، سوار بوون و دابەزین، « کەڵک وەرگیراوە، نموونەکان:

«ئەبــێ موبایلەکــەم لە بیــر نەچێ، بیر لە جگــەرەو زیب بکەمەوەو موبایلەکەت،/ چەند دانەیەکی دیکە لە مەمکدانەکەتا»

«ئێمە جوانییەکانی تۆ دەگوشــین لە ژێر ڕیزی ددانەکانمانا/ ئێمە ناســکیی تۆ لە بەینی ڕانمانا کە پڕن لە بەرازی نووســتوو/ ئێمە زراڤییەکانت لە نێوان ڕووشایی تووکمانا....تووش ئەبین»

«جانتاکەت، چەســپێکی برین پێچ – ئەوێکەتبپێچە -/ سێ کاندۆم و بلیتێکی میترۆســەنەم/ چوارشەممە بەو لاوەی حەبی LD/ تۆ ئێستا جانتاکەت کرێم و کلێنێکس –دوو ماتیک بۆ مود و مەبادا–»

«غەریزیتر لە ئالۆشی پشیلە دەرد و زەرد ویستراوی»

«پێتوایە خۆشــێکیت دەروونی/ کۆمەڵگا، تاریخ و جوگرافیا/ تۆیان گا/ دەمت نا، پێشت نا، پاشت نا/ وەسەتی تۆیان...»

«لووس ڕانەکانی ڕادەکات و دەستەکانم پاڵ دەکشێ»

«تۆ خۆشــت لە تف لێدان/ خۆشــت لە داماڵیــن و ماڵین، داماڵیــن و ماڵین هەیە/ هەمیشــە خــۆت دەکەی،خۆت ئالەتی خۆت»

«مانگ مان گا ئەوەندە لە شیعرا دامانگرت/ زەویمان تەرتیب دائەوەندە ڕامانگرت تاســواربین، دابەزیــن./ تکایە، ئاغاکان، ئەم خەڵکە دابەزن/ تکایە، خانمەکان ئەم پەیڤە سوار مەبن»

«پاش تۆ حەسەن/ زۆر کچ و ئاو ڕووت بووینەوە/ پاش تۆ زۆر ژن و ناژنمان ناسی/ پاش تۆ زۆر کۆمەڵگامان گا»

## ٤
## ڕەوایەت و ئیماژ لە کڕاکەدا

«ئەدبیات بە بێ ئەشــق دژوارە« ئەمە ڕستەی سەرەتایی کتێبی «پرســوناکانی ئەشــق»(١٩٦٠) لــە نووســینی»جان بیلی»یە. بەرجەستەکردنەوەی ئەشقی ئاوێتە بە ئیرۆتیک لە نێوان پرسۆنای ڕۆمان و چیرۆکە ڕۆژئاواییەکاندا، لانیکەم لە ســەدی نێوەڕاست بــەرەو ئەملا، یەکێک بــووە لە گرنگتریــن داهێنانی ئەدەبیاتی داستانی ڕۆژئاوا، ئەوەی کە جان بیلی دەربارەی ئەشقی ئیرۆتیک دەیڵێ بە هەمان ڕادە دەربارەی مەرگیش ڕاستە، بەو مانا چەنێک دژوارە دەرهاوێشتنی ئەشــقی ئیرۆتیک لە ئەدەبیاتدا بە هەمان ڕادەش دەرهاوێشــتن و فەرامۆشــکردنی مەرگ لــە ئەدەبیاتدا دژوارە، یانی وێناکــردن و تصورکردنی ئەدەبیات بە بێ هەردوو دیاردەی( ئەشق و مەرگ) شتێکی دژوارە.

ڕەوایەت لەم دەقەدا ڕۆڵێکی ســەرەکی دەبینێ، بە تایبەت ئەو ئیماژ و وێنانەی کە شــاعیر ســازی کردوون و بە زمانێکی تەرکیبی و تەوسیفی باس لە پرسۆناژەکان دەکات، لەم بەرهەمەدا لە گەڵ دوو چەشــنی گێڕانەوەدا ڕووبەڕوودەبینەوە، (ئەشــق و مەرگ)گێڕانەوەی ئەشــقی ئیرۆتیکی پرســۆنای کچە کوردێک بە ناو «ســەنەم» کە تووشــی کارەســات دەبێتەوە و هاوکات، ڕەوایەتی «مەرگ»و ژیانی پرســۆنای هاوڕێیەکی چەپ بە ناوی «حەسەن» کە بە تەواوی باوەڕ وئارمانە سۆسیالیستییەکانیەوە لە گەڵ دەســەڵات و نابەرابەریی کۆمەڵایەتیدا ململانێ و خەبات دەکا. کۆی باس و گێڕانەوەی ئەم بەرهەمە شــیعرییە دوو جۆر شکســتە لە دنیای مودێرندا، شکستی ئەشــقێکی ئیرۆتیک لە دنیای ئاڵــۆز و کۆمەڵگای مودێرندا و هاوکات شکســتی ئاوات و خەون و خولیای پرســۆنایەکی چەپ لــە هەمان کۆمەڵگا و فەزادا.بە گشــتی فەزای گێڕانەوەی هەر دوو پرسۆنای سەرەکی شــیعرەکە بە عەلاوەی پرســۆنای کەسی عارف و زاهیدیش کە دەبێتە پرسۆنای ســێیەمی ( کڕاکە)، فەزایەکی ئیرۆتیک و لە هەمانکاتــدا تراژدی و کارەساتئامێزیشــە. تێکەڵکردنی ئەم دوو فەزا پارادۆکسیکاڵە لەم شیعرەدا دەرخەر و بە دیارخەری هەمان فــەزای ئالۆزی دنیــای مودێرنە بە تەواوی جەمســەرەکانیەوە، هاوکات ئەوەشــمان پێ دەڵێ کە شاعیر لە سەر یەک بە یەکی ئــەم ئیماژ و وێنانە وەســتاوە و ڕێکیخســتوون.گێڕانەوەی دوو پرســۆناژ، لە دوو فەزای دژواز و جیاوازدا، ئەگەر تۆزێک سەیری وێنــەکان بکەین زۆر بە وردی ئــەو وردەکاریی و جیدییەتەی کە لــەم وێنانەدا ئەنجــام دراوە دەبینین، گێڕانەوەی ئەشــقی ئیرۆتیکی پرســۆنای «ســەنەم»لە فەزایەکی تەواوبەرتەســک و

داخراودا،بەجۆرێ کە زۆربەی هەرە زۆری ڕووداوەکان لە حەمام و جانتایەکی ســەفەردا تەواو دەبن، کۆی ژیان و بە سەرهاتی « سەنەم» لە ناو جانتایەکەیدایە، لەملاوەش کاتێک مەرگ و ژیان و خــەون و خولیاکانی حەســەن دەگێڕێتەوە، لە فەزایەکی زۆر ئاوەڵا و کراوەدا ڕووداوەکان ڕوو دەدەن.کاتێک دەڵێم گێڕانەوەی شــیعریی ئەم دوو پرسۆنا شــیعرییە لە دوو فەزای پاردۆکس و لێکدژدا، مەبەستم ئەمەیە؛یەکەمیان لە فەزایەکی زۆر بەرتەسک و داخــراودا و دووەمیــان لــە فەزایەکی ئاوەڵا و کــراوەدا، وبە دوو زمانــی جیــاواز و موتەفاوت، ڕەوایــەت دەکرێن،لەهەندێ شــوێندا تەوســیفی، لە هەندێ شــوێنیترداتوند و هێرشبەر،لە هەندێ شوێنیتریشــدا پــارۆدی و ئیرۆتیــک، بەمەوە دەمەوێ بڵێم، شــاعیر لەم دەقەدا بە شــێوەیەکی زۆر بــاش وێنەکانی دارشتووە. جانتاکەی «ســەنەم»زۆر قەرەباڵغە و ئەو شتانەی کە تیایدان تانووپۆی ڕەوایەتەکە پێکدێنێ؛ چەســپێکی برین پێچ، ســێ کاندۆم، بلیتێکی میترۆ، حەبــی LD، کرێم و کلێنێکس، ماتیک،ســێوێکی چرچ، لەتەمۆزێکــی ڕەش هەڵگەڕاو،پرتەقاڵ، ئاناناس، ســێ جۆر ویتامین کەلســیۆم، پتاسیۆم، مەنەزیۆم، لە گەڵ نامەیەکی شینەکی بۆ خوا، یان جێگرە سێ نوختەکەی،

«تۆ ئێســتە گیرفانت ســەنەم هیچ/ لــە جانتاکەتا پارەی چوارڕۆژی نیو نەفەر/جانتاکەت چەسپێکی برین پێچ/-ئەوێکەت بپێچە-/ســێ کاندۆم و بلیتێکی مێترۆ ســەنەم/ چوارشــەممە بەولاوەی حەبیLD/تۆ ئێستە جانتاکەت/ کرێم و کلینێکس/دوو ماتیک/ — بۆ مۆد و مەبادا-/نامەیەک شینەکی بۆ خوا گیان/ یان جێگرە سێ نوقتەکەی/ — نازانی کە خوا گیان لە کوردی تێناگا/ تۆ ئێستەجانتاکەت سەنەم/ سێوێکی چرچ و لەتە مۆزێکی ڕەش/-ڕەشایی -/ مۆز بخۆ/ پێستەکەی بۆ پێستت قازانجە/ تۆ ئێستە مۆزەکەت/ جانتاکەت پڕە لە پتاسیۆم، کەلسیۆم، مەنەزیۆم/ سێو بخۆ، ســێوی لەیبڵ/ بۆ تەقە تەقی ئێسکی ئەژنۆت/ ئێواران مۆز بخۆ و پرتەقاڵ/ بەیانیان ئاناناس- ناناسی-/ تۆ ئێستە جانتاکەت/ تۆ ئێستە جان تا کەتی.»

## ٥
## هارمۆنی و مۆسیقا

یەکێــک لە لایەنە بەرجەســتەکانی ئەم دەقە بــە گرنگیدان بە ســتاتیکا و جوانیناسی و هاوکات هارمۆنیا و مۆسیقای شیعرییە کە بە باشی لە سەر یەک ڕیتم و کەش و هەوای تایبەت هەرلە سەرەتای شیعرەکەوە تا کۆتایی ڕچاو کراوە.

## ٦
## زامورا یاکومبی زانگاریتا

هەڵبژاردنی ڕســتەیەکی عیرفانی ســوور پێســتەکان بۆ ناوی دووەمی شیعری «کراکە»

پێموایــە هیــچ عیرفانێک لە دنیــادا ئەوەنــدەی عیرفانی سوورپێســتەکان لە سەر ئوســتوورە و ئەفسانە نەوەستاوە ، ئەم ڕســتەیە لە عیرفانی سوورپێســتەکاندا وەکوو پاڕانەوە یان قسەکردن و دیالۆگ لە گەڵ مردووەکاندا، بە کاردەبرێ، هاوکات ئەمە لای بەشــێک لە سوورپێســتەکانی ســەر بە لقی «شمن» ەکان کــە دون خوان، کارلۆس کاستاندا و... لــە ڕێبەرانی ئەو گرووپەن. ئەم ڕستە؛ ناوی جۆرە مادەیەکی هۆشبەرە کە قوتابیان و لایەنگرانــی ئەم جۆرە عیرفانە بە مەبەســتی تەزکیەی ڕۆح و گەیشــتن بە پلەی مورشدی کەڵکی لێ وەردەگرن. بە هەر حاڵ نامەوێ بەم عیرفانەوە ســەقاڵ بم، تەنیا ئەوەندە دەڵێم پێموایە هەڵبژاردنی ئەم ڕســتە عیرفانیەی سوورپێستەکان وەکوو ناوی دووهەمی ئەم دەقە شیعرییە لای شاعیر،پێوەندیی هەبێ لە گەڵ کەســایەتیی پرسۆناکاندا .بەتایبەت گێڕانەوەی پرسۆنای « عارف » ی ناو دەقەکە،

{ بەڵێ ئا...... دەماندی، وە ئەوە بوو بناسێک خوداناس

کە دەڕۆیشت بە سەر بەحرەکانا پێ بە پێی سرکی با،

خۆی تەنێ تەنها، کەراماتی بایەوان،کەراماتی دەفن و ساردی یەخە

وتیان دیبوویان لەو قالاوییەدا بە گلێنەی وشکی خۆیان بەڕوبەحر،

یا ڕەبەلعالەمین بەرز و با دەگەڕا

فتامل لە میزانی قەلب و هێشتا زووە ،

فتامل لە بزووتنی ڕەگ بە ناو هەوا فاسدەکانا

یا ڕەبەلعالەمین بەرز و با دەگەڕا،

ئەی خوێن کە گەرم و تاڵ ناوەڕاست ناوەستی

فتامل، فتامل

دواتریش ڕووداوی شکستئامێزی ئیرۆتیکی «ســەنەم» کە تووشــی مادە هۆشــبەرەکان دەبێ. لە عیرفانی سوورپێستەکاندا هەنــدێ گژوگیای موخەدر یان هۆشــبەری وەکوو پیووت، یان تاتــووورە هەن کە جــۆرە گیایەکی وەهمــدەرە و «ناگوال»(واتە مورشد)ەکان، کەڵکی لێ وەردەگرن، پێموایە شاعیر هەندێ خاڵی هاوبەشــی لە نێوان پرسۆناکان و ئەم ڕستەیەی سوورپێستەکان دۆزیبێتەوە کــە « زامورا یاکۆمبی زانگاریتا» ی بۆ ناوی دووەمی شێعرەکەی هەڵبژاردوە.

**سەرچاوەکان:**


١. ادبیات پســا مــدرن. گزینش و ترجمه ،، پیام یزدانجو، اســفند ١٣٧٩ تهران نشر مرکز

٢. دەربەندی پەپوولە،،، شــێرکۆ بێکەس. چاپی سێیەم سڵی ٢٠٠٠ سلێمانی

٣. کراکە. زامورا یاکۆمبی زانگاریتا. شــێعر ڕەزا عەلی پوور، چاپ و بڵاوکردنەوەی نشر گوتار ، سەقز چاپی یەکەم ١٣٩٤

٤. گۆڤاری ئەدەبیی- هونەریی هەنار، ژمارە ٩٢ ســاڵی هەشــتەم ســپتامبەری ٢٠١٣. بابەت. نوێخوازی و دەرکەوتەکانی لە شێعری نوێی کوردیدا. نوسینی ، حەمەی کەریمی

٥. قاڵبیەک دەناســم لە هەرچی گوڵیەتی ماندوە« ڕەزا عەلی پوور. چاپی یەکەم سلێمانی، ٢٠٠٦ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٦. ادبیــات پســا مــدرن، بابــت، ( عشــق و مرگ در نوشــتار پسامدرنیستی،) برایان مک هیل..

٧. ئینســان ناوی نەخۆشــینێکی تازە، شێعر. ســەلام قادری.چاپی یەکەم ٢٠١١ تاران بڵاوگەی داستان

٨. وتاری جیاواز دەربارەی عیرفانی سوورپێستەکان.

٩. جواهرالبلاغە. درمعانی، بیان، بدیع. نوســینی ســەیید ئەحمەد هاشمی

# دنیا کەمە و زەوی غوبار
# خوێنت فەرقە و خەڵتانی ژار

**خوێندنەوەیەکی کۆمەڵەشیعری «کراکە» ڕەزا عەلیپوور**
**نیونیگایەك لەسەر تەرحەکەی باسم ڕەسام**

**نیروان ڕەزایی**

..
تکایە، ئاغاکان، ئەم خەڵکە دابەزن
تکایە، خانمەکان، ئەم پەیڤە سوار مەبن
تکایە دێرتان کۆن، هەناسە و مانگتان کۆن، تکایە
بێڵن با مردنتان تازە بێ!
..

**١**

ڕۆلان بـــارت لە شـــوێنێکدا ســـەبارەت بە وێنەیەکـــی کرتێز، فۆتۆگرافری فرەنســـی بە ناوی «تووتکە سەگ» دەربارەی نیگای منداڵـــی ناو وێنەکە ئەڵێ: «ئەو، چـــاو لە هیچ ناکات. ئەو، خۆی و عەشـــقەکەی و ترســـەکەی لە ناخی دا پاراستووە: مانای نیگا، هەر ئەمەیە»

کاتێـــک ڕووبەرگی ئەم کتێبەم دیت ئەو وتەی بارتم هاتەوە یاد. بە پێویستم زانی پێش ئەوەی کە باس لە شیعرەکانی کتێبی کراکە بکەم چەن ڕســـتەیەک لە سەر ڕەســـمی ڕووبەرگەکەی بووەستم.

مرۆڤێک موعەلەق لە چەرخەیەکی بەرزەخی دا. مەسخێک ڕووی داوە؟ لـــە هەیئەتی مرۆڤ بـــۆ گیانلەبەرێکی دیکە یان بـــە پێچەوانە. مرۆڤێک کـــە ناوقەد بە خوارەوەی دووپشـــکە و ناوقـــەدی بە خەنجەرێک وەک دەســـتێک نیشـــان کراوە. ختووتێک نیودایەرە لە ســـەرەوە و لە ژێرەوە دەورەیان کردووە وەک چەرخەیەکـــی بێ بڕانەوە و بـــەردەوام کە بە توندی لە گەڕدایە. وەزعێکی بەرزەخی لە نێوان دوو بەشی ڕەش و سپی بەکگراندی ڕەسمەکەدا.

ڕەنگەکان: ســـوور، زەرد، پرتەقاڵی، شـــین، ڕەش، ســـپی. خۆرێک نیودایەرە لە بەشـــی چەپی ســـەرەوەی ڕەســـمەکەوە هاتووەتە نێو چەرخـــەی گەڕانەکە وەک ئەو حەڵقە پرتەقاڵیەی خوارەوە. تیشـــکە کاڵ و کرچ و ڕەنگ پەڕیوەکەی وەک ڕەنگی زەرد لە ســـەر لای چەپی ڕوخســـاری کاراکترەکە دیارە. ئەمە هیوای ڕەنگ پەڕیوە بـــە خۆر وەک نەمادی ژیان و بوون. ئەمە ڕەنگە ڕەنگی مردوو بێت کە نیشـــتووە لە ڕوخساری، نە تیشکی خۆر. شـــین، واقعـــە. واقعی بەرزەخی کە بـــەردەوام وەک مادە هۆشـــبەرێکی خلەتێنەر، مرۆڤ لە نێوان دۆزەخ و بەهەشـــت دا ڕادەگرێ و سەرقاڵی ژیانی دەکا.

ڕەسمەکەی باسم ڕەسام وەک جەنجاڵێکی سوررئال ڕەوایەتی برینێکە لە نێوان چەرخەیەکی ئاڵۆز لە ڕابردووەوە تاکوو داهاتوو. ئەو خوێنە و ئەو دەســـتە خەنجەراویە و ئەو دووپشکە خزێنەرە کە بوونەتە بەشـــێک لە لەش و ڕۆحی کاراکتر هەموو نوێنەری ڕابـــردوون. ئەمە خوالیا و واقعی کاراکترە. کاراکترێکی ئاخناو لە برین و زام و خوێناو. سپی و سوورێک کە بە لێوی دا هاتووەتە خوارەوە. کاراکترێکی تیپیک کە ژنە. زولفی خوێناوی و لەشێکی ڕەشپۆش کە دووپشـــکێک کلکە ژاراویەکەی هەڵگەڕاندووەتەوە ڕەنگە بۆ خۆکوژییێکی باو. وەک نەریتێکی سرووشتی. دووپشکێکی مێژوویی خزێنەر و کوشندە تێکەڵ بە ڕۆح و جەستەی کاراکتر بووە. ئەمە چەرخەیەکی بەردەوامە. دووپشک لە ژێر زگی ژنەوە سەرهەڵئەدا و ئەزێ، بە ژارەوە گەورە دەبێ. تێکەڵ بە جەستەی دەبێ و ژار و سرووشتی دووپشکیانەی خۆی ئەسەپێنێ. کوشتن و خۆکوژی بەردەوام لە ژێر سێبەری تەهدید دا. مەسخێکی بێ بڕانەوە. خوێناوهەڵێنانەوەی بەردەوام. هێق کردنەوە.

«هێق بکەوە سەنەم
خۆرێکی نێر کە خزاوەتە ناو سکتەوە
ڕیزە نوقتەیەکی شلۆک کە ڕژاوەتە هەناوتەوە هێق بکەوە
پێوەندی درێژی جان و جانتا
پێوەندی خڕی سککە و ساک
هێق
هێق بکەوە
ئاە سەنەم

خۆت و ئاو، خۆت و هەوا
دووجاری دی ئەم قالاوییە - تۆ بیت و خوا - هێق بکەوە»
..

بەڵام چاوەکان. لە خوێنەر داوا ئەکەم چەن چرکەیەک چاو لەو دوو چاوە ببرێت... ئێستا بڵێ چیت دیوە؟ نیگای ئەو دوو چاوە بازە، ئەو دوو کەڵێنە چیان پێ وتیت؟

دیسانەوە دێتەوە یادم: «ئەو، چاو لە هیچ ناکات. ئەو خۆی و عەشقەکەی و ترسەکەی لە ناخی دا پاراستووە: مانای نیگا، هەر ئەمەیە» بارت
..

**٢**

«کراکە» کۆمەڵە شیعرێکی یاخیە. یاخی هەم لە فۆرم و هەم لە ناوەرۆک دا. فراوانی ئەزموونی زمانی و کایاکردن بە فۆرم لە لایەکەوە و دنیایێک هێما و نیشانەی جۆراوجۆر کە کردنەوەی هەرکامیان دەروازەیەکە بۆ خوێندنەوەی لایەنێکی مانایی و تەئویلی دەقەکە. بێ گومان هەموو ئەمانە لە یەک دەق و نووسراوەدا ناگونجێ. لە بەر ئەمە تەنیا قەناعەت بە خوێندنەوەی چەن لایەن و شوێنەواری گشتی دەقە ئەکەم و باس و خوێندنەوەی وردتر و خاڵ بە خاڵی دائەنێم بۆ دەرفەتێکی دیکە ئەگەر دەست بدات لە سەری بنووسم.

> **«کراکە»**
> **کۆمەڵە شیعرێکی یاخیە. یاخی هەم لە فۆرم و هەم لە ناوەرۆک دا. فراوانی ئەزموونی زمانی و کایاکردن بە فۆرم لە لایەکەوە و دنیایێک هێما و نیشانەی جۆراوجۆر کە کردنەوەی هەرکامیان دەروازەیەکە بۆ خوێندنەوەی لایەنێکی مانایی و تەئویلی دەقەکە**

**٣**

کراکە، دیالۆگێکی بەردەوامە لە نێوان شاعیر و (تۆ)یەک کە بەردەنگێکی نادیار و غایبە. ڕەنگە ئەم بەردەنگە خودی شاعیر بێت واتە مۆنۆلۆگێک کە بەردەوام لە مێشک و خەیاڵ و دەروونی شاعیردا دەنگ ئەداتەوە. لە ڕاستی دا کراکە، کۆمەڵە شیعرێکی دیالۆگ میحوەرە. لە کەمتر شوێنێک دا ئەبینرێت کە ئەم دیالۆگ و خەتابە بپچرێت.

هەروا کە وترا بەردەنگ، دووەم کەسی تاکە (دوم شخص مفرد) تۆ. ئەم تۆیە بەردەوام لە ئالوگۆڕدایە. کەسایەتی گەلێکی جۆراوجۆر لە درێژەی ڕەوایەتەکە دا دەبنە بەردەنگی شاعیر. جارێک ژنێکە بە ناوی سەنەم، جارێک شاعیرێکە، جارێکی دیکە عارفێکە، لە شوێنێکی دیکەدا کەسایەتییێکە بە ناوی حەسەن. لە زۆرینەی شوێنەکان دا بەردەنگ ونە. وەهمە. ماخولیای شاعیرە.

(تۆ چ غەمگینی وەک لە حەلەب یارت هەبێ/ قاسیدێکی بە متمانەت لە قەندەهار- بەم کوێستانە لەعنەتیە- دەست نەکەوێ) ل٧

(بڕوانە/ بڕوانە چۆن کاشیەکانی میوانی و لاسکە گەنمەکان ڕشاوە دەکەی) ل٩

( جەنابت کە تەمرینی بزە و ژێست و جەنابت دەکەی/ بێ زەحمەت تۆ/ نیمە زیدەین) ل٩

(تۆ بەرلەوەی ببی/ بوویت/ بە گۆچانەوە/ لە دایکت بوویت) ل ١٤

(سەنەم! شتێکی وازانراو پێت دەڵێ/ ڕۆژانێک لێوت لێوتر بوو/ قسەکانت قسەتر بوون) ل ١٨

(ئەی دز! ڕەفیقەکەت کەشفەکەی ڕادەنووسێ) ل١٩

(ئەمما تۆ سەنەم تۆ/ تۆ فەیلەسووفی پێستی خۆت بە) ل٢٠

( هۆ جەناب وەرە/ وەرە هێقت بکەمەوە) ل٢٤

(خوانەخواستە، دەستەکانت هەمار نەکەی/ ئەگەر بڵێم من بۆ غەمگین/ ئاسمان/ باڵندەکانی پێ قورسە) ل ٢٥

(خانمەکە خولاسە/ تۆ کەوتووی/ تۆیان کەوتاند!) ل ٣٤

(تۆ ڕاست دەکەی/ عەینەن «ڕێ»ی دێرێکم لارێی) ل٣٧

(من مردووشۆرخانەکان دەگەڕێم/ زامێک بۆ تۆ حەسەن) ل٤١

(پاش تۆ ئێمە/ ئێمە پاش تۆ/ بووینە شاعیر) ل٤٢

(نەمزانی هەتاکەی/ ئەمما تۆ ڕۆژێک بووی بەفرانبار/ لە تەقویم قاوکرای، هەڵتەکای) ل٥١

هەرکام لەم بەردەنگانە، گوتار و لەحن و فۆرمی دیالۆگی تایبەت بە خۆیان هەیە. ڕەنگە ئەمە یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی ئەم دەقە بێت کە وەک فەزایەکی نوێ و جیاواز لە شیعری سەردەمی کوردی دا خۆی بسەلمێنێ.

**٤**

گەڕانەوە. لە کراکەدا شاعیر بەردەوام لە گەڕانەوەدایە. ڕەوایەتێکی شیعری کە پڕ لە ئیرجاعاتی زەمانی و مەکانی. گەڕانەوەیەکی بەردەوام بۆ نوستالوژیا تاڵ و شیرینەکان. کەسایەتیە دوور و ونەکان. کوژراوەکان و مردووەکان. شاعیر، خۆی قارەمانی ئەم ڕەوایەتە مێژوویيیە. ئەدوێت و ڕەوایەت دەکات. پێی لە سەر زەوی ئێستایە و بە چواردەورا مێژوو دەوره ئەکاتەوە و ڕووی لە ئایندەیە. پێی لە سەر زەوی ئێستایە بەڵام زەوی قەبرستانێک. قەبرستانێک پڕ لە دەنگ و ڕەنگ و جەنگ و برین و خوێن و دووکەڵ و شار و شەقام و ژن و سێکس و کوشتن. هەموو ئەمانە ئەگێڕێتەوە. تەنیا یەک کەس بە قەتعییەتەوە پێی لە سەر زەوی حاڵ و ئێستایە و ڕووی لە ئایندە، ئەویش خودی ڕاوی، قارەمانی ڕەوایەت یان شاعیرە.

کراکە، ڕەوایەتی لەدەستدانە. ڕەوایەتێکی شیعری لە هەموو ئەو شتانە و ئەو کەسانە و ئەو شوێنانە و ئەو کاتانەی لە دەست چوون. کراکە، ڕەوایەتی حەسرەتە. بەتایبەت لە بەشی پێنجەم دا.

(ئەو ڕۆژانەی لە منالّیما/ وەریبوون/ سێو بوو/ ئەو کچەی بە پیاوەتیما/ هەناسە بوو/ هەراس و هاوسێ بوو) ل ١٣

(لەق لەقێکی لامساوی/ ئەم پاییزە ئاسمانیە/ لە خاترەی خەت خەتیما/ کێ و کێ دەڵێن/ کۆلارەیەک/ بەجێماوە؟) ل١٧

(هەمووشتێک/ نوختەی چی؟ لە خەتەوە دەستی پێکرد) ل ٣٢

(دونیا کۆنی کردی/ وەک کچ نا/ وەک کون و کونایی/ دادڕاوان/ بەچاوی زلەوە/ وەک درز و درزایی/ دەتبینن) ل٣٤

(منالّیمان لە گەرەکە پەرتەکانی شارا/ لە پەڕانتزە ئابووری و پرتووکاوەکانا/ ڕاونرابوو حەسەن/ داونرابوو حەسەن) ل٤١

(ئێمە کاولتر لە سەگ و/ ئاوەدانتر لە زبڵدان/ عارەق و عارەقەمان کەشف دەکرد) ل٤٢

(ئیمانت هێنابوو بە مابەینی جیهان و خۆت/ بە مابەینی کارخانە و خوا/ ئیمانت هێنابوو بە مابەینی کرێ و کار/ وەک ماتۆڕەکەت غەمگین/ وەک جلەکانت ئیزافە/ وەک پێکەنینەکەت شیر) ل٤٨

(نەمزانی بەرەو کوێ ڕامردی/ نەخشەی سەفەر لە لاقەکانت/ کە ئەم دواییە شەل بوبوو/ خەتی چی؟ دەمار بوو) ل٥١

## ٥

جگە لە هەموو ئەو دیالۆگانەی کە باس کرا، بە گشتی لەم دەفتەرەدا لەگەڵ گەورە دیالۆگێکیش دا (کلان دیالۆگ) بەرەوڕوو ئەبینەوە. وتووێژێک کە لە بەشی یەکەمی دەفتەرەکەوە دەست پێ دەکات (تۆ چ غەمگینی وەک لە حەڵەب یارت هەبێ/ قاسیدێکی بە متمانەت لە قەندەهار/ بەم کوێستانە لەعنەتیە/ دەست نەکەوێ ... هتد) ل٧

و لە بەشی چواردا وڵام ئەدرێتەوە (من قبووڵمە/ چ غەمگینم وەک لە حەڵەب یارم هەبێ/ لە سەمەرقەند کوژرابێتم/ من قبووڵمە/ دنیا کەمە و پێستت ئاوتر/ پرچت فۆرمی قەسیدەیە و بۆ دیتنی چاوم چاوتر) ل٣٠ و درێژەی پێ دەدرێت.

ئەمە لایەنێکی دیکە لە تازەگەری و فۆڕمێکی نوێیە کە لەم دەفتەرەدا دارِژاوە.

## ٦

شار بە گشتی یەکێک لە بەرجەستەترین و بەرچاوترین چەمکەکان لە ڕەوایەتی شیعری لەم دەفتەرەدایە. کراکە، کۆمەڵە شیعرێکی بە شیدەت شاریە. وەسفەکان، فەزا و میزانسەنەکان، کەسایەتیەکان، لەحن و گوتارەکان لە جێگە

بە جێگەی ئەم دەفتەرەدا بە چڕوپڕی هاوپێ لەگەڵ بارودۆخ و ئەتمۆسفێری کۆمەڵگای ئەمڕۆدایە (بە تایبەت کۆمەڵگای شاری کوردی). هێما و نیشانەگەلێکی فراوان وەک چیدمانێک لە فیتیشەکان، ئەخلاقە کۆمەڵایەتیەکان، تەکیەکەلامەکان، دیالۆگەکان، شوێن و ڕووداوەکان و زۆر شتی ورد و درشتی دیکە دەبنە بەرجەستەکەرەوەی ئەم فەزا شاریە. ئاپارتمان، تەخت و موبلی جلْف، هیستری، سانسۆڕ، موبایل، کردنەوەی زیپ، کلێنێکس، کارمەندی بیمە، مودیری ئیدارە، کەلسیۆم، مەنیەزیۆم، سێوی لەیبڵ، بەیانیان ئاناناس، بەدەرەک، بلیتی مێترۆ، حەبی LD، پتاسیۆم، دێپرێس، فوبیا، پارانۆید، کلاسی تۆ، ئۆتووبان، پاساژ، پێرفێکت، ئاماتۆر و هتد.

یەکێک لە سەرەکی ترین عەناسوری ئەم ڕەوایەتە شاریە، سێکس و ژنە وەک کارکەردێکی بەکاڵابوون. سەنەم، نەماد و نوێنەری ژنانی کۆمەڵگایە. سەنەم مانای بوتیش دەدات. سەنەم وەک سیمای ژنانەی کۆمەڵگای پیاوسالار بەردەوام دەخرێتە ژێر نیگای بەکاڵابوونی سێکسی و دەشکێت. لەگەڵ ڕەوایەتی ئەم شکاندنەدا بەرەوڕووین. چ وەک ژنێکی عامی و چ وەک ڕۆشنبیر و شاعیرە. زەینیەتی زاڵی ژنانەی کۆمەڵگاش ئەم بەکاڵابوونەی وەک بایەخێک وەرگرتووە. پێست و نیگەرانی چرچ بوونی پێست نەمادێک لەو ڕووکەشە کاڵا سێکسیەیە. مۆز و ئاناناس و فەیلەسووفی پێست. ڤیتامینەکان و حەبەکان. هەموو فیتیش و ماتریاڵەکانی پاراستن و پەرەدان بەو جیهانە سێکسیەیە. ئاپارتمانەکان، تەخت و موبلە جلْفەکان، ماتیک و کرێم و کلێنێکسی بە دەمەوە و هتد، هەموو ئاماژەن بۆ ئەو فەزا و فیتیشە شاریانەی کە بۆ دەست بە دەست کردنی کاڵای سێکس لەو کۆمەڵگادا تەسویرسازی کراون.

(بیر لە بیر لە ئاشنایی سڕینەوە ناکاتەوە/ بەینەکانی هاوڕێکەت/ دەکاتەوە/ گۆڵەشاعیر!) ل٢٠

(پێتوایە ساغیت و/ ئەوانە شیکن لێت/ کلاسی تۆ .../ پێتوایە خۆشێکیت دەروونی/ کۆمەڵگا، تاریخ و جوگرافیا/ تۆیان گا/ دەمت نا، پێشت نا، پاشت نا/ وەسەتی تۆ .../ هێق بکەوە سەنەم/ خۆرێکی نێر خزاوەتە سکتەوە) ل٢٢

(ڕۆژێک دابێ/ بانگ بکەی هۆ جەناب/ کە مەوازبی ماتیکەکان مەوازی بمژی/ کە نافامی لێوەکان کەباب نین/ کە لاپەراسووم دەلێسیتەوە لار/ بانگ بکەی!/ هۆ جەناب وەرە/ وەرە هێقت بکەمەوە!) ل٢٤



۷

لە بەشی سێ دا بە تەواوەتی فەزایەکی نوێ ڕوونەمایی ئەکرێت و تا ڕادەیەک لە شار دوور ئەکەوێتەوە یان کەمڕەنگ ئەبێتەوە. لێرەدا لەحن و کەلام ئەگۆڕدرێت. بەردەنگ، جەماوەرن واتە سێهەم کەسی گشتی (سوم شخص جمع) و کەلامێک نێزیک لە ئایین و عیرفان.

(ئەیا یا ئەهلی با/ ئەو هەوایەی لە سێەکانتانا هەمارە/ کە مارە و/ ئێسقانی مردووان/ یا ایهاالسەوداسەران/ تف کەنەوە تف/ تفەنگیش) ل۲۸

گەرچی ئەمەش بەشێک لەو دیالۆگ و مۆنۆلۆگە گشتیەی فەزای شێعری کراکەیە و دیسانەوە ئیرجاع و گەرانەوەیە. ئاماژەیەک بە بەشە ئایینی و خەلسەئامێزەکانی کۆمەڵگا. بەڵام لێرەش دا شاعیر(گەرچی پێغەمبەرانە) دیسانەوە خەتابەی هەیە بۆ بەردەنگ و کۆمەڵگا: (ئەی خوێن کە گەرم و تاڵ/ ناوەڕاست/ ناوەستی/ فتامل/ فتامل) ل۲۷ وە ئاماژە بەو (بایەی کە دێت و عەینەکی و لەرزۆک و بە پەلە) ل۲۷ وە (وایەک دێت عەینەکی و پەککەوتە) ل۲۹

۸

دژوارترین و پیچیدەترین بەشی ئەم دەفتەرە بەشێکە بە ناوی «بێ خەیاڵ» لاپەڕە ۳۶. هەم لەفۆرم و هەمیش لە پیچیدەگی مانا و هێما و نیشانەکاندا دژوارترین بەشە. لەحن دیسانەوە ئەگۆڕدرێت و بە شێوەی نەقڵی خەتابی ڕەوایەت ئەکرێت.

(پێمدەڵێ: خانمەکە/ ئەم مردنە لە ئێوارە بنێ/ «نام») ل ۳۶

(کەسێک ئەڵێ:/ جامانە چەنێ پێویستە/ ئەو کاتانەی/ نیشتمان کڵاوەکەی لار دائەنێ وا!) ل۳۶

ئەم بەشە بە بڕوای من موئەخەرەیەکە لە سەر هەموو بەشەکانی پێشوو. مۆخەرەیەکی تراژیک. ئەوەی کە بووە بە خێرایی و ڕەنجچێکەوە مروور ئەکرێتەوە. شاعیر لەم نوقتەیەدا واز لە هەموو دێنێت و وەک تاکێکی غەمگین و تەنیای جیهان شار بیر لە وشە ڕەهاکان ئەکاتەوە و وەک هەوایەکی خانەنشین پەنا بۆ وشەکان ئەبات. کۆمەڵگایەک ڕەها ئەکات کە جگە لە سرووشت و شاخ، هەرچی هەیە وشەیە و بەس.

(دنیا کەمە و زەوی غوبار/ خوێنت فەرقە و خڵتانی ژار) ل۳۹

(دووکانی باڵندەفرۆشی لە کوێیە؟/ -چیتان هەیە؟/ خوێن و بەفر و ئەسپ و مەزرا/ -چیتان هەیە؟/ خەون و هەور و پەیڤ و ئیرا/ هەموو شتەکانیان بارکەن/ خوایە سپاس وشەکانمان بەختەوەرن) ل۴۰

۹

دوایین بەش واتە بەشی پێنجەم فەزایەکی جیاوازە لەگەڵ هەموو بەشەکانی دیکەی دەفتەری کراکە دا بە گشتی. بەشی پێنجەم، خۆی دەفتەرێکی جیاوازە. هەم لە باری فۆرم و هەم لە باری ڕەوایەتەوە. زبان و فەزا و عەناسوری شیعری سەرڕاسترن. لە یەکەم ڕستەوە تا دوارستە یەک کەسایەتی نەمادین بەرجەستەیە «حەسەن».

«حەسەن» نەماد و نمودی دونیا و نوستالوژیای بریندار و مەخدووش و لە دەست چووە. ڕەوایەتی ئەم بەشە ئاخناو لە ئیرجاعی مێژووییە. هەموو ناکامیەکان و شکان و پەژارە و ئاڵۆزیەکان مروور ئەکرێتەوە. بەردەنگ، کەسایەتیێکی نەمادینە بە ناوی حەسەن کە مردووە. مردنێکی نەمادین. حەسەن، نەمادی هەموو ئەو کەسانەن کە بە خەتێکی زەق و پڕڕەنگ ، شوێنەواریان بە سەر بیرەوەری و نوستالوژیای کۆیی دا دەبینرێت.

بەشی پێنجەم، مۆنۆلۆگێکە تراژیک. زامنامەیەکە بە سەر تەرمێکی ون. بە سەر جیهانێک درێژەدراو تا ناخی مێژووی منداڵیەکان و مێرمنداڵیەکان و لاویەکان کە لە مردووشۆرخانەکان و قەبرستانەکان و کەلەواکان دا شوێنەواری پەڕە کراویان ڕەنگە بدۆزینەوە.

(من مردووشۆرخانەکان دەگەڕێم/ زامێک بۆ تۆ حەسەن/ بۆ زامێکی تۆ/ سەر سنگی کوژراوەکان/ مردووگۆڕخانەکان و/ فڕێدراوەکان/ دەپشکنم) ل۴۱

بەشی پێنجەم تراژێدی نامەیەکی تەنانەت حەماسیە بە فۆرمێکی مۆدێرن کە پاڵ بە مەنزوومەکەی «دەلالۆی» شێرکۆ بێ کەسەوە ئەدات وەک نموونەیەکی ئاوانگاردی تراژی حەماسی شیعری کوردی سەردەم.

(حەسەن کڵاوەکەی چەپە/ حەسەن ڕۆژەکەی چەپە/ حەسەن خوێنەکەی چەپە/ حەسەن زامدار نا، زامێکە) ل۴۹

(نەمزانی هەتا کەی/ ئەمما ڕۆژێک بووی بەفرانبار/ لە تەقویم قاوکرای، هەڵتەکای) ل ۵۱

شیعری حەسەن، ناسنامە و جەریانی پرێزێنتاڵی نەوەیەکە یاخی لە ئەختەبوون. تەرمی ون بووی حەسەن بەهانەیەکە بۆ مروور مێژووی ئەختەگی و یاخی بوون لە ئەختەگی.

(بەڵێ جەناب/ فۆکلەکانی منالی هیچ/ کراکە سەریشمان خەتایە/ ئا جەناب/ چاک دەزانین چەندین جار ئیزافەین) ل۴۶

(گرفتی دەرەکی ئەوەیە شیعرێکی ناحاڵیم/ گیرۆدەی مەرزێکم بە زەویش پڕنابێ بەتاڵیم/ خۆم کوردی کاول و عەسەبی و کەنارم/ دووکەڵی هیستری و جێماوی قەتارم) ل ۴۷

(نەمانزانی/ نەتزانی بە هێڵەکان، وێڵێتیمان گەمارۆ دەدەن) ل۴۵

وە خۆڕخنەگرانە لە کۆمەڵگا و ئەدیب و ئەندێشمەند ڕاس دەبێتەوە و پەنا بۆ خاڵە کوتراوەکانی سەر بازۆڵەی حەسەن و هەناسە گڕدارەکانی سینگی و قاقا و دەست و پێ ئاماتۆرەکانی دەبات و ژیان و ڕۆژ و خەونە چەپەکانی کە ئەڵێ تۆ خەڵکێک بووی و (ئێمە کاولتر لە سەگ و/ ئاوەدانتر لە زبڵدان/ عارەق و عارەقەمان کەشف دەکرد/ دڵخۆشتر لە دامەزرانی خۆشکە کارمەندەکەی تۆ و/ برا قاچاخچیەکەی من) ل۴۲ (پاش تۆ ئێمە/ ئێمە پاش تۆ/ بووینە شاعیر) ل۴۲

خۆڕخنەگرانە لە هەموو ڕاس ئەبێتەوە:

(شاعیرانی سەدەی شیک و لیک و بنێشت/ مانگمان گا ئەوەندە لە شیعر دامانگرت ل۴۳/ زەویمان تەرتیب دڵ ئەوەندە ڕامانگرت تا سواربین، دابەزین) ل۴۸

بێڵن با مردنتان تازە بێ!
(تکایە، ئاغاکان، ئەم خەڵکە دابەزن
تکایە، خانمەکان ئەم پەیڤە سوار مەبن
تکایە دێرتان کۆن، هەناسە و مانگتان کۆن، تکایە هیچ نەبێ زوو بمرن/ بێڵن با مردنتان تازە بێ) ل۴۸

# شیعر لەنێوان فۆرم و مانادا

## خوێندنەوەی «کڕاکە»ی ڕەزا عەلی‌پوور

ئارام سدیق

بۆ یەکەمجار ساڵی ٢٠٠٦ کاتێک کتێبی شیعریی «قاڵبیەک دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە»[١]ی ڕەزا عەلی پوور-م خوێندەوە، هەستم کرد بەر ئەزموونێکی جیاوازی شیعریی کەوتووم، چ لە ڕووی زمان و فۆرم و خولقاندنی فەزای نوێی شیعرییەوە چ لە ڕووی دونیابینییەوە، کە تا ئەوکات لە شیعری نوێی کوردییدا بەری نەکەوتبووم، ئەو کتێبە بۆ من دونیایەکی نوێ بوو. دوای دە ساڵ، کاتێک کتێبی «کڕاکە»[٢]م بە دەست گەیشت و خوێندمەوە. جارێکی دیکە گەڕامەوە بۆ خوێندنەوەی کتێبی پێشووتر. هەر زوو تێبینی ئەوەم کرد، کە هێشتا تێکستەکە بۆنی تازەیی لێ دێ. هێشتا وزەی ئەوەی تێدایە، کە بخوێنرێتەوە و بە دیاریەوە ڕابمێنین و لەگەڵیدا بیر بکەینەوە. هەر لێرەوەیە دەکرێت بڵێین شیعری زیندوو ئەو شیعرانەن، کە زەمەن دەبڕن و توانای بڕینی ساڵەکانیان هەیە، لێ هیچ لە بەهای شیعریان ون نابێت. هەر دەقێک توانی بەربەستەکانی زەمەن ببڕێت، ئەوە دەقێکی نەمرە و دەقی هەموو سەردەمەکانە. دەقەکانی نالی و سالم و مەحوی بۆیە تا ئێستا دەخوێنرێنەوە، چونکە دەقگەلی زیندوو بوون، بەڵام بەسەدان شاعیری دیکە هاوعەسری ئەوان ئێستا نەک ناخوێنرێنەوە، بەڵکو لەبیریش چوونەتەوە. زەمەن ڕەحم بە دەقی لاواز و بۆش ناکات.

ئەزموونی شیعریی ڕەزا عەلی پوور لە دەساڵ لەمەوبەرەوە بۆ من جێگەی پرسیار و تێڕامان بووە، بەڵام دوای بینینی کتێبی «کڕاکە»، ئیتر ئەو بڕوایەم پتەوتربوو، کە ئەم ئەزموونە پێویستی بە هەڵوەستە لەسەرکردن و ڕامان و وردبوونەوە هەیە. ئەم نووسینە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی کتێبی «کڕاکە» و نزیکبوونەوە لە دونیای شیعری ئەم شاعیرە و شیعری نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

### لەبارەی شیعری نوێوە

کاتێک باس لە شیعری نوێی کوردی دەکرێت بە تایبەت شیعری نوێ لە دوو دەیەی ڕابردوودا. دەبێت دەست بەجێ دابەشکارییەک بکەین لەوەی مەبەستمان لە شیعری نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، یان باشوور (ئیتر من باسی ئەو شیعرگەلەی دیکە ناکەم کە لە باکور و ڕۆژئاوای کوردستان بە پیتی لاتینی نووسراون). شیعری نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەنی تایبەتمەندی و دونیابینی تایبەتی خۆیەتی، کە تارادەیەک جیاوازە لە گەشەسەندن و ئەزموونەکانی شیعری نوێ لە باشووری کوردستان. بێگومان ئەگەر نزیکییەکیش هەبێت ئەوا لەنێوان چەند شاعیرێکدا هەیە، کە زیاتر ئەو شاعیرانە دەگرێتەوە، کە بە (شاعیرانی فۆرمی گران)[٣] ناسراون و سەرجەمیان دەکەونە شاری هەولێر، کە دەتوانین ناوی هەریەکە لە «ئەنوەر مەسیفی، ع.ع. یوسف، هاشم سەڕاج...هتد» بهێنین. بەڵام چەندین شاعیری دیکە لەم بەشەی کوردستان خاوەنی دونیابینی شیعریی و ئەزموونی جیاوازن، هەر بۆیە دابەشکارییەکە لە خۆوە دروست نەبووە، بەڵکو بەشێکی زۆری پەیوەندی بە دونیابینی شیعریی و تێڕوانینەکانەوە هەیە بۆ شیعر. بەدەر لەو شاعیرانەی باشوور کە بە فۆرمخوازان (یان شاعیرانی فۆرمی گران) ناویان دەبرێت. ئەوانی دیکە سەرجەمیان لەژێر هەژموونی زمان و وێنەی شیعریی ڕوانگەییەکان و بەتایبەت شێرکۆ بێکەسدا بوون و نەیانتوانیوە لێی دەربازبن، یان ئەگەر تاک و تەرایەکیش لێی دەربازبووبن و خۆیان لەژێر ئەو هەژموونە گەورەیەدا قوتار کردبێت، لێ قووتاربوونێکی یەکجارەکی نەبووە و بە ویست یان بەبێ ویست لە هەندێک دەقیاندا کەوتوونەتەوە ژێر کاریگەری شێرکۆبێکەسەوە.

بەڵام ئەزموونی شیعری نوێی کوردی لە ڕۆژهەڵات هەرزوو چەند دەنگێکی دیار و جیا لە ئەزموونەکانی پێش خۆی بەدەرکەوتن. ئەگەرچی بەشی زۆریان ئەوەندەی لە خەمی قوتاربووندا بوون لە ئەزموونە شیعرییەکانی پێشخۆیان، ئەوەندە لە خەمی ئەوەدا نەبوون چی بەرهەم دەهێنن و چی دەدەنە

خوێنەر. واتە ئەوەندەی سەرقاڵی خۆداماڵین بوون لە هەژموونی شیعری نەوەکانی پێشووتر ئەوەندە لە خەمی ڕۆنانی دونیای نوێی شیعریدا نەبوون. بێگومان ئەم قسەیە بە ڕەهایی ناکەم، بەڵکو لەنێو زۆرێک لەو ئەزموونە شیعریانەدا هەستی پێدەکرێت، کە لە ڕۆژهەڵات لە ١٥-٢٠ ساڵی رابردوودا هاتوونەتە بوون.

لاموایە شاعیری نوێخواز چەند لە خەمی ڕووخاندن و تێکشکاندنی هەژموونی شیعری کۆنینەدا بێت، پێویستە ئەوەندەش لە خەمی ڕۆنانی شتگەلی نوێدا بێت. ڕووخاندنی هەر کۆشکێکی شیعری پێویستی بە چێکردنەوەی کۆشکێکی نوێی شیعریی جوانتر و تۆکمەتر و دڵڕفێنتر هەیە، کە زۆرێک لەو شاعیرانەی بانگەشەی گەورەی نوێگەری دەکەن لە ڕۆژهەڵات، نەک نەیانتوانیوە کۆشکێکی نوێی شیعری دروست بکەن، بەڵکو توانای ئەوەشیان نەبوو کەپرۆکەیەکی شیعریی بۆ حەوانەوەی خۆیان بئەفرێنن.

ڕەزا عەلی پوور لەنێو ئەو دەنگانەی شیعری نوێی ڕۆژهەڵاتدا لەو شاعیرانەیە، کە لە هەوڵی ڕۆنانی کۆشکی نوێی شیعریی خۆیدایە، کۆشکێک کە جیاوازبێت لە کۆشکەکانی پێش خۆی و ئەو کۆشکگەلەشی کە هاوسەردەمی خۆی ئەفرێنراون. هەر لێرەوەیە کە تازەیی ئەزموونی یەکەمی (قاڵبێک دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە)ی ڕەزا دوای دە ساڵ هێشتا وەکو خۆیەتی. بەرکەوتنی من لەگەڵ ئەزموونی دووەمی ئەم شاعیرەدا دیسان تایبەتمەند بوو. «کراکە» بۆ من بازدانێکی دیکەی ڕەزا و چێکردنی کۆشکێکی دیکەی شیعریی بوو، کۆشکێک کە هەندێکجار لە کەرەستەی کۆن کەڵکی وەرگرتووە بۆ بونیادنانی و هەندێکجاری دیکەش کەرەستەکانی بەتەواوەتی نوێ بوون.

ڕەزا لە کراکەدا هەوڵی خولقاندنی زمانێکی نوێی و فۆرمێکی تازەتردایە، ڕاستە ڕیشەی ئەم ئەزموونەی دەگەڕێتەوە بۆ کتێبی یەکەمینی. بەڵام جیاوازیگەلێکی زۆر تریش دەبینینەوە. لە «کراکە«دا هەستی جوانناسیانە و هونەری گێڕانەوە پشتگوێ نەخراوە. ڕاستە شاعیر لە زۆر جێگەدا دەیەوێت خوێنەر ڕووبەڕووی سەختی فۆڕم و زمان بکاتەوە. بەڵام لە هیچ جێگەیەکدا ناگاتە ئەوەی خوێنەر بێزار بکات و لە دەقەکە بتۆرێن. بۆ من ئەم خاڵە گەلێک جێگەی سەرنجە. بەو پێیەی زۆرێکی دیکە لە شاعیرانی ڕۆژهەڵات ئەوەندەی لە خەمی تەکنیکی شیعریی و وشەسازی و فۆڕمگەراییدان ئەوەندە لە خەمی بەرهەمهێنانی مانادا نین، بەڵکو زۆرجار مانا لە خوێنەر ون دەکەن. ڕاستە هەموو دەقێک پەنهانی بۆ هەموو خوێنەرەکانی هەڵگرتووە و هەر خوێنەرە و بە جۆرێک بەر دەق دەکەوێت. بەڵام ناکرێت مانا بکرێتە قوربانی فۆڕم و تەکنیک.

لە زۆر دەقی شیعری نوێی ڕۆژهەڵاتدا ئەوەی لە خوێنەر بزرە فۆڕم و تەکنیکی نوێ نییە، بەڵکو ئەوەی لە خوێنەر بزرکراوە مانایە، ئەمە بێجگە لەوەی هیچ پانتاییەکیش بۆ ئیستاتیکا نەهێڵراوەتەوە. ئێستا شاعیرگەلێکی زۆر بەهۆی فۆڕمگەرایی لە ڕادەبەدەرەوە بوونەتە شاعیری بزرکردنی مانا. شیعر نە بە تەنها بە کارکردن لە نێو فۆڕمدا بەرهەم دێت و نە بە کارکردن لەنێو بەرهەمهێنانی مانادا. شیعری ڕاستەقینە هەوڵدانە بۆ دروستکردنی ڕووبەری نوێ لەنێو زماندا بە فۆڕمی نوێ و کەشفکردنی سەرزەمینی نوێی مانا. شیعر جۆلانێکردن نییە لەنێوان فۆڕم و زماندا و هەڵوەشاندنەوەی وشەکان و وردکردنەوەیان بۆ پیت. بەڵکو شیعر کۆکردنەوەی وشە و پیتی نوێیە بۆ بەرهەمهێنانی مانا. هەر دەقێک نەیتوانی ماناگەلی نوێ بەرهەم بهێنێت، واتە توانای کەشفکردن و خولقاندنی ڕووبەری نوێی لەنێو بووندا نییە. هەموو دەقێک یەکێک لە ئامانجەکانی هەوڵدانە بۆ خولقاندنی ڕووبەری نوێی گوزارشتکردن ئەمە لەڕێی ئەو فۆڕم و تەکنیکانەوە دەبێت، کە نووسەر توانای پەیپێبردنی دەبێت.



هەواڵنامەی کتێب

### لەناونیشانەوە بۆ دەستپێک

بەر لەوەی بۆ نێوخۆی دەقی «کراکە« شۆڕ ببمەوە پێمباشە ئاماژەیەک بە ناونیشان و دەسپێکی دەقەکە بکەم. ئەگەر بە وردی سەرنج لە کتێبی «کراکە» بدەین هەست بە بوونی دوو ناونیشان دەکەین. ئەوەی لەسەر بەرگی کتێبەکە نووسراوە، لەگەڵ ئەوەی لە لاپەڕە پێنجی کتێبەکەدا بەدەر لە «کراکە« ناونیشانێکی دیکەش زیاد بووە، کە ئەویش (زامورا یاکومبی زانگاریتا). بەکاربردنی دوو ناونیشان لە هەر تێکستێکدا بەلای منەوە لە دوو ئەگەر زیاتر تێپەڕ ناکات. یەکەمیان ئەوەی نووسەر ویستوویەتی گەمەیەکی ئیستاتیکی لەگەڵ خوێنەر بکات و ناونیشانی دووەم وەکو گرێیەک بخاتە بەردەم خوێنەر تا خۆی پەی بە پەنهانییەکەی بەرێت. دووەمیش یان نووسەر خۆی لای وابووە کە ناونیشانی یەکەم ئەو هێزی گوزارشتکردنەی نییە، کە کۆی دەقەکە هەڵگریەتی و ئەگەر خۆی بەتەنها بێت بۆشاییەک لای خوێنەر دروست دەبێت، بۆیە بە پێویستزانراوە

ناونیشانی دووەم بوونی هەبێت تا ئەو بۆشاییە پڕبکرێتەوە.

ئەگەر سەرنج لە ئەزموونی یەکەمی ڕەزا بدەین، هەست بە هەمان (تەکنیک/ دوودڵی) دەکرێت، کە لەو کتێبەشدا لەسەر بەرگی کتێبەکە ناونیشانی «قاڵییەک دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە» هەیە لە لاپەڕەی سێیەمیشدا نووسراوە (بەیاننامە بە دوو مانا)، کە ئەم ناونیشانە دووەمینە لە تایتڵی تەواوی لاپەڕەکانیشدا دووبارە کراوەتەوە. سەرنجی من لەسەر ناونیشانی کتێبی (قاڵییەک...) ئەوەیە کە پێدەچێت بەر لەوەی ئەمە تەکنیکێکی شیعری بێت. ڕەنگە دوودڵی شاعیر نیشان بدات (هەر بۆیە لە سەرەوە هەردووکیم لە کەوانەیەکدا داناوە) کە سەرەتا ناونیشانی دووەمی بەکار بردووە و دواتر ناونیشانی سەرەکی «قاڵییەک دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە»، کە هاوکات دێڕێکی نێو تێکستەکەیە کردۆتە ناونیشان.

بەهەرحاڵ هۆکارەکەی هەرچییەک بێت لەم دوو کتێبەدا منی خوێنەر بەر دوو ناونیشانی جیاواز کەوتووم. بەڵام ئەوەی بەلای منەوە سەرنجراکێشە و گەرەکمە هەڵوەستەی زیاتری لەسەر بکەم کتێبی «کراکە»یە.

لە لێکۆڵینەوەیەکدا لەسەر کتێبی «کراکە» حەمەی کەریمی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ناونیشانی دووەمی کراکە، کە (زامورا یاکومبی زانگاریتا)یە هەڵبژاردنی ڕستەیەکی عیرفانی سوور پێستەکانە. کەریمی شیکردنەوەی زیاتر دەخاتەڕوو و دەنووسێت: «پێموایە هیچ عیرفانێک لە دنیادا ئەوەندەی عیرفانی سوورپێستەکان لەسەر ئوستوورە و ئەفسانە نەوەستاوە، ئەم ڕستەیە لە عیرفانی سوورپێستەکاندا وەکو پارانەوە، یان قسەکردن و دیالۆگ لەگەڵ مردووەکاندا، بە کاردەبرێ، هاوکات ئەمە لای بەشێک لە سوورپێستەکانی سەر بە لقی «شمن»ەکان کە دون خوان، کارلۆس کاستاندا و... لە ڕێبەرانی ئەو گرووپەن. ئەم ڕستە؛ ناوی جۆرە مادەیەکی هۆشبەرە، کە قوتابیان و لایەنگرانی ئەم جۆرە عیرفانە بە مەبەستی تەزکیەی ڕۆح و گەیشتن بە پلەی مورشدی کەڵکی لێ وەردەگرن. بە هەر حاڵ نامەوێ بەم عیرفانەوە سەرقاڵ بم، تەنیا ئەوەندە دەڵێم پێموایە هەڵبژاردنی ئەم ڕستە عیرفانییەی سوورپێستەکان وەکوو ناوی دووهەمی ئەم دەقە شیعرییە لای شاعیر، پێوەندیی هەبێ لە گەڵ کەسایەتیی پرسۆناکاندا. بەتایبەت گێڕانەوەی پرسۆنای «عارف»ی ناو دەقەکە»[4].

ئەوەی ئەم لێکۆڵەرە لێرەدا خستییەڕوو پێدەچێت تەواو لە هەناوی مەبەستی شاعیرەوە هاتبێتە دەرەوە و ئێمە هیچ ئیزافەیەکی دیکەمان بۆ سەر ئەم بۆچوونانە نییە.

یەکێکی دیکە لەو شتانەی لە ئەزموونی ئەم شاعیرەدا بۆ من سەرنجراکێشە دەستپێکی دەقەکانییەتی ئەو لە دەسپێکی دەقی یەکەمدا بەم شێوەیە خوێنەر پەلکێشی نێو دەقەکە دەکات:

مورەبەعێ دابنێ،
لەسەری دانیشە
بیر لە لۆرکا بکەرەوە؛
ئیسپانیا
یانی
گا![5]

دەسپێک، ئەو هونەرەیە کە ناوەڕۆکی جەستەی دەقی لەخۆدا هەڵگرتووە، بە مانایەکی دیکە دەشێ دەلالەتەکانی جەستە لە ڕێگەی درێژبوونەوەی مانا و دید و پرشنگەکانی دەسپێکەوە، یان هاوگونجاندنی نێوان وشە و دەستەواژە و ئاکامەکانی کار و چنینی جەستەی دەق خۆی بنوێنێت.[6] لە دەسپێکی ئەم دەقەدا تەواو ئەو پرشنگە دەبینین کە شاعیر هەر لەوێوە دەیگرێتە خوێنەر. بەڵام لە کتێبی «کراکە»دا ئەمە سەرنجراکێشترە. بەو پێیەی دەسپێک کەوتۆتە نێوان ناونیشانی یەکەم و دووەمەوە و خوێنەر هەر کە بەرگی کتێبەکەی هەڵدایەوە بەر لاپەڕەی یەکەم دەکەوێت، کە لەبری دووبارەبوونەوەی ناونیشانی سەر بەرگ (کە لە زۆربەی هەرە زۆری کتێبدا باوە) خوێنەر بەر دەستپێک دەکەوێت، کە ئەم دوو ڕستەیەیە:

دەشێ
دەلالەتەکانی جەستە
لە ڕێگەی درێژبوونەوەی
مانا و دید و پرشنگەکانی
دەسپێکەوە، یان
هاوگونجاندنی نێوان
وشە و دەستەواژە و ئاکامەکانی
کار و چنینی
جەستەی دەق
خۆی بنوێنێت

«بەبێ برین، خینێ دەڕێژم
بەبێ مردن، ڕۆحێ دەسپێرم»[7]

کاتێک خوێنەر بەر ئەم دەسپێکە دەکەوێت، گرێیەکی لا دروست دەبێت، گرێیەک کە وەکو لێکۆڵەر یاسین نەسیر دەڵێت: دەسپێک دوو وەزیفەی هەیە یەکەمیان کێشکردنی خوێنەر لە ڕێگەی دەربڕینی سەرسوڕهێنەرەوە. دووەمیش دەشێ ئەو پرشنگە بێت کە جەستەی دەق ڕووناک دەکاتەوە.[8] ئەم گرێیەی شاعیر لە دەسپێکی کراکەدا دروستی کردووە خوێنەر کێشدەکاتە نێو دەقەکە و هاوکات پرشنگێکیشە بۆ سەر جەستەی دەق، بەڵام پرشنگێکی تەواوەتی نییە، بەڵکو دەتوانم بڵێم فلاشێکە و چرکەیەک هەڵبووە و دەکوژێتەوە، کە ئەم فلاشە خوێنەر ئەوەندەی دیکە تینووی دەقەکە دەکات.

بەدەر لەم دەسپێکەی شاعیر لە لاپەڕەی یەکەمی کراکەدا خستویەتییەڕوو ئەگەر بچینە سەر دەستپێکی گشتی دەقەکە و بە راوردی بکەین بە دەستپێکی کتێبی یەکەمی ڕەزا هەست بە لێکچوونێک و تایبەتمەندییەکی دیکە دەکەین، کە ئەویش

ئاماژەکردنە بۆ شوێن لەو دەسپێکانەدا. لە دەسپێکی (قاڵییەک دەناسم...)دا ئاماژەی تێدایە بۆ وڵاتی ئیسپانیا و لە دووەمدا بۆ دووشار لە دوو وڵاتی جیا، کە ئەوانیش حەڵەب و قەندەهارن. دەسپێکی تێکستەکە بەم شێوەیەیە:

تۆ چ غەمگینی وەک لە حەڵەب یارت هەبێ
قاسیدێکی بە متمانەت لە قەندەهار
-بەم کوێستانە لەعنەتییە-
دەست نەکەوێ.[٩]

ئاماژەدانی من بەم دەسپێکەی دەقەکە پاشەکشە نییە لەوەی کە دوو دێڕی سەرەوە دەسپێک نییە، بەڵکو ئەمەم لەپێناو ئەوەدا کردووە کە ئاماژە بەو خاڵە بکەم کە شوێن لە دەسپێکی دەقەکانی ئەم شاعیرەدا پێگەیەکی گرنگیان هەیە، کە ئەم شوێنانە دەکرێت شوێنگەلی سیمبولیکی تایبەت بن بۆ شاعیر، کە ڕەنگە بەهەمان شێوەش بکەونەوە لای خوێنەر، بەڵام ئەوەی لای خوێنەر جیاوازترە ئەوەیە کە دەکرێت هەر خوێنەرە و بە چەشنێک لێکدانەوەی تایبەتی خۆی ئەو ئەم شوێنانە بکات.

## لەنێوان فۆڕم و مانادا

یەکێک لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکانی ئەزموونی شیعری ڕەزا عەلی پوور بۆ من، گرنگیدانی شاعیرە بە دوانەی (فۆڕم و مانا)، کە ئەمە لای زۆرێک لە شاعیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکو پێویست نییە، یان دەستیان بە یەکێکیانەوە گرتووە و ئەوی دیکەیان فەرامۆش کردووە.

شیعر دروستکردنی هاوسەنگی و هاوکات تێکدانی هاوسەنگیشە. شیعر دەیەوێت لەڕێی فۆڕم و ماناوە دونیایەکی نوێ دابمەزرێنێت و ئەم دونیایەک هارمۆنی و هاوسەنگییەکی پێویستە بۆ ئەوەی (وەرگر/خوێنەر) بەری بکەوێت. بەڵام لە بنەڕەتدا دروستکردنی ئەم هاوسەنگییە لەسەر تێکدانی هاوسەنگی شتێکی دیکە بونیاد نراوە. وەکو لەوەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، کە شیعر ڕووخانی کۆشکە کۆنەکان و ڕۆنانی کۆشکی دیکەیە. هەر شیعرێک تەنها لە هەوڵی ڕووخاندن و تێکدانی هاوسەنگیدا بێت، ناتوانێت کۆشکی نوێ بونیاد بنێت. هەموو یاریکردنێک بە زمان و فۆڕم و تەکنیک سنوورێکی هەیە و تا سنوورێک دەکرێت شتی دیکەیان لێ دروست بکرێت. لەو سنوورە بترازێت هیچی ئەوتۆی لێ دروست نابێت.

یەکێکی دیکە لە سیماکانی ئەزموونی ڕەزا دەستگرتنە بە وشەوە کە ئەمە بەتەواوی لە کڕاکەدا هەستی پێدەکرێت و خوێنەر تینووی ڕستە و وشەی دیکە دەکات. بەڵام ئەو دەیەوێت بە کەمترین موفرەدە زۆرترین مانا بداتە خوێنەر. دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە قسەیەکی پۆڵ ریکۆر بکەم کە لە گفتوگۆیەکدا لەبارەی پەیامی شیعرەوە دەڵێت: «پەیامی شیعر ئەوەیە وشەکانی زۆرترین مانا بدۆزنەوە و بە کەم ڕازی نەبن».[١٠] ئەوەی لە کتێبی کڕاکەشدا هەستی پێدەکرێت ئەوەیە، کە وشەکان لە هەوڵی دۆزینەوەی زۆرترین ماناداان و بە کەم ڕازی نین.

زمان لای ڕەزا لەنێوان تێکشکاندن و ڕۆنانەوەدا لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕەهەندی تازەدایە، کە ئەمەش کەڵوەرگرتنە لەو بۆچوونە شتراوسییەی کە دەڵێت: «شاعیر ڕەهەندێکی تازە بە گوزارشتە نوێیە زمانییەکان دەبەخشێ».[١١] دۆزینەوەی ئەم ڕەهەندە تازەیە لە زۆر جێگەی «کڕاکە«دا هەستی پێدەکرێت بەتایبەت لەو جێگەیانەی کە ڕەگەزی گێڕانەوە دێتە نێو دەقەکە، بەڵام گێڕانەوەکان لەسەر هێڵێکی ڕاست نین و تێکشکێنراون و خوێنەر کە بەر هەردوو فیگۆری (سەنەم و حەسەن) دەکەوێت بە شێوەی ئاسایی بەریان ناکەوێ، بەڵکو لەنێو سیاقێکی تایبەتی و فۆڕمێکی زمانی نوێیدا بەریان دەکەوێت، کە جودایە لە فۆڕمی ئاسایی. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە «کڕاکە نەیویستووە تەنیا لەسەر یەک فۆڕم و یەک شێوە زمان کار بکات، بەڵکو هەوڵی داوە سوود لە تەجرەبەکانی خۆی لە زمانی شیعر و کارکردی زمانی شیعرییدا ببینێتەوە«[١٢].

لە کڕاکەدا هەنگاو بۆ ئەوە نراوە کەڵک لە موفرەدەی نوێی دونیای مۆدێرن پەند و شیعرە کلاسیکییەکان تا تێکستە ئایینییەکان وەربگیرێت بۆ ئەوەی ڕووبەری دیکەی گوزارشتکردن بدۆزرێتەوە. لێرەدا ئاماژە بە قسەی یەکێک لە فۆڕمالیستەکان دەکەم کە ئەویش شکلۆفسکی-ە ئەو لە وتاری «هونەر چەشنی شێواز» باس لەوە دەکات هەرچی زیاتر لەگەڵ سەردەمێکدا ئاشنا بین، دڵنیا دەبین گریمانە و وێنەگەلێک کە شاعیر بەکاریان هێناون (ئێمە پێمانوابووە داهێنراوی خودی شاعیرن) تارادەیەک بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک لە شیعری شاعیری دیکەوە وەرگیراون.»[١٣]. من بە تەواوی لەگەڵ قسەکانی شکلۆفسکیدا نیم و پێموایە دەکرێت شاعیر لەو وێنە و موفرەدە کۆنانەی کە پێشووتر لەلایەن شاعیرگەلی دیکەوە بەکاربراون شاعیرانی ئێستا بە جۆرێکی دیکە کەڵکی لێوەربگرن. وەکو ئەوەی ڕەزا لە کڕاکە دا کەڵکی لە چەندین موفرەدە و شیعری شاعیرانی کلاسیک وەرگرتووە، بەڵام لە سیاقی دەقی کڕاکەدا دووبارە ئەفراندونیەتییەوە.

کورتەی قسەی من لەم بەشەی نووسینەکەمدا ئەوەیە کە

**لە کڕاکەدا**
**هەنگاو بۆ ئەوە نراوە**
**کەڵک لە موفرەدەی نوێی**
**دونیای مۆدێرن**
**پەند و شیعرە کلاسیکییەکان**
**تا تێکستە ئایینییەکان**
**وەربگیرێت**
**بۆ ئەوەی ڕووبەری**
**دیکەی گوزارشتکردن**
**بدۆزرێتەوە**

بەتەنها بەکاربردنی فۆرمی شیعری نوێ سەرکەوتن بۆ شاعیر دەستەبەر ناکات، بەڵکو ئەگەر لەپشت هەر فۆرمێکی نوێوە مانا ئامادەیی نەبێت و گوتارێکی شیعری بەرهەم نەهێنرێت، دەقە شیعرییەکە بە لاسەنگی دەمێنێتەوە.

## نائاشناسازی لە «کراکە»

بۆ ئەم بەشەی نووسینەکەم کەڵک لە یەکێک لە چەمکی فۆرمالیستەکان وەردەگرم، کە ئەویش چەمکی (نائاشناسازیی)ـە، کە یەکێکە لە بنەما و چەمکە سەرەکییەکانی فۆرمالیزمی ڕووسی. عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی لە لێکۆڵینەوەیەکدا لەسەر فۆرمالیزمی ڕووسی[۱۴] لە بارەی سەرەتای بەکاربردنی ئەم چەمکەوە دەنووسێت: «شکلۆڤسکی بۆ یەکەم جار ئەم چەمکەی خستەڕوو، پاش ئەویش یاکۆبسن و تینیانوف لە چەند بوارێکدا باسی ئەم چەمکەیان بە (بێگانەسازی) کردووە، ئەمیش بەرامبەر (تغريب) عەرەبییەکەیە». ئەم لێکۆڵەرە ئەوە بەباش دەزانێت کە (نائاشناسازیی) بەکار بهێنرێت باشترە تا وەرگێڕانە عەرەبییەکەی.

«لە فەرهەنگی زاراوە بنەڕەتییەکانی زانستی نیشانە (سیمیۆتیکا)دا بەم شێوەیە پێناسەی نائاشناسازی یا بێگانەسازی هاتووە (یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی زانایانی زانستی نیشانە، نەهێڵان ولادانی ئاشنایی و دیمەنی ئاسایی و سروشتییە. واتە پشکنین و دۆزینەوەی بنچینەی کۆمەڵایەتی، کە بە کۆد کراوە. ئەم زاراوەیە لەو بیروبۆچوونە شێوەخوازانەوە وەرگیراوە کە شکلۆڤسکی لە بارەی نامۆسازییەوە خستییەڕوو.)»[۱۵].

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی فۆرمالیستەکان ئەوە بووە کە جیهانی دەق لەبەرچاوی خوێنەردا نائاشنا دەربکەوێت. [۱۶] ئەگەرچی بەشێک لە لێکۆڵەران ریشەی ئەم (نائاشناسازیی)ـە بۆ ئەرەستۆ دەگێڕنەوە ئەوکاتەی گوتوویەتی دەربڕین بەهۆی وشە نەناساراوەکانەوە دروست دەبێت. یان بۆ ڕۆمانتیکە ئینگلیزییەکانیان گێڕاوەتەوە. بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە لێرەدا ئەوەیە کە فۆرمالیستەکان پەرەی زیاتریان بەم (نائاشناسازیی)ـە داوە و لەسەر دەستی ئەوان گەشەی کردووە.

بە پێی بیریی (نائاشناسازیی) بێت وەزیفەی سەرەکی هونەر ئەوەیە وا لە واقیع بکات بە تەرزێکی نامۆ و نائاشنا بێتەپێشچاو، ئێمە پێویستمان بەوەیە ئاشنا بکەین بە نامۆ - واتە نائاشنایبکەین- سەرلەنوێ سەیری ئەو شت و ڕووداوانە بکەین، کە بە ڕادەیەک پێیان ئاشنابووین وەک ئەوەی نەیانبینین. لە ڕووی تەکنیک و تەکنیکی ئەدەبییەوە شکلۆڤسکی بانگەشەی بۆ ئەوە کردووە (ڕێگەی سوریالیزم بگیرێتەبەر بۆ دانانی شتەکان لە زەمینەگەلێکدا کە لە واقیعی ڕۆژانەی ئاساییدا نەبن) نائاشناسازی دوورخستنەوەی ئەدەبە لە واقیع و پنتی ئاسایی و ڕۆتین.[۱۷]

پێدەچێت ئێستا چەمکەکە ئاشنا بووبێت بۆ خوێنەر، بۆیە دەکرێت لەنێو کراکەدا سەرنج لەو «نائاشناسازی» بدەین کە شاعیر بەکاری بردووە. سەرەتا با سەرنج لەم نموونەیە بدەین.

«هەوا لۆچە و پێستت ئاوتر
پرچت فۆرمی قەسیدەیە و
بۆ خوێندنەوەی
لێوم
چاوتر.»[۱۸]

> **ئەم ئەزموونە پێویستی بە کارکردنی زیاتر و دەوڵەمەندکردنی زیاتر هەیە. مەبەستم لە کارکردنی زیاتر ئەوەیە کە بە دەقگەلی زیاتر لە چەشنی ئەم دوو کتێبە ئەزموونەکە کاملتر و دەوڵەمەندتر بێت. تا پانتایی تەواوەتی لەنێو شیعری نوێیدا بچەسپێت**

لە کارکردنی نائاشناسازیدا، شاعیر لە هەوڵی ئەوەدایە، کە وێنەی باو تێکبشکێنێت و وێنەی نوێ دروست بکات. لێرەدا شاعیر وێنەیەکی هەوا پیشاندەدات کە لۆچە و تا هەنووکە ئەم وێنەیە لە زەینی خوێنەردا نەبووە و ئەمە وێنەیەکی نائاشنایە. هەر لە کۆتایی ئەم پارچەیەدا لە کۆتاییدا وەزیفەی نێوان دوو هەستی مرۆڤ تێکەڵ دەکات، کە ئەویش هەستی بینین و چەشتنە، کە لە ڕێگەی لێو و چاوەوە ئەو وێنە نائاشنایەی ساز کردووە.

بەڵام پرسیارێک کە لێرەدا سەرهەڵدەدات ئەوەیە، کە ئایا هەموو دروستکردنێکی فەزایەکی نائاشنا و هەموو نائاشناسازییەک دەکرێت ببێتە هۆی تۆکمەکردنی بونیادی شیعریی و بەرهەمهێنانی مانا. بێگومان ئەمەش قسەگەلی زۆری لەسەرە، بەو پێیەی مەرج نییە هەموو دروستکردنێکی فەزایەکی نامۆ و نائاشنا ببێتە هۆی ئەوەی شیعریەت بەرجەستە ببێت و هاوکات بونیادی شیعری تۆکمە بکات. لە نێو «کراکە»دا هەر نائاشناسازییەک لەپێناو دووبارە ڕۆنانەوەی دونیایەکی دیکەی شیعریدایە. بەڵام زۆر نائاشناسازی دیکە هەیە کە هیچ بنەمایەکی نییە و تەنها هەوڵدانن بۆ فریودانی خوێنەر. شاعیری ئەفرێنەر لە هەوڵی فریودانی خوێنەردا نییە، بەڵکو لە هەوڵی ئەوەدایە کە فەزای نوێ لەبەردەمیدا بکاتەوە و ڕێگەی دیکە پیشان بدات کە ئەو چاوی بینینی نەبووە.

کەڵکوەرگرتنی ڕەزا لە چەمکێکی وەکو «نائاشناسازی» فۆمالیستەکان لە کراکەدا، من بە هەوڵێکی دیکەی ئەم شاعیرەی دەبینم بۆ تۆکمەترکردنی ئەزموونە شیعریەکەی، بەجۆرێک ئەم نائاشناکردنانە وەکو سیمایەکی ئیستاتیکی دەقەکە دەردەکەون.

**بەرلەکۆتایی**

بەر لەوەی دوا خاڵێک بۆ ئەم نووسینە دابنێم دەمەوێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەم ئەزموونی ڕەزا عەلی پوور لە ئەزموونە سەرنجراکێشەکانی شیعریی نوێی کوردی ڕۆژهەڵاتە، بەڵام ئەم ئەزموونە پێویستی بە کارکردنی زیاتر و دەوڵەمەندکردنی زیاتر هەیە. مەبەستم لە کارکردنی زیاتر ئەوەیە کە بە دەقگەلی زیاتر لە چەشنی ئەم دوو کتێبە ئەزموونەکە کاملتر و دەوڵەمەندتر بێت. تا پانتایی تەواوەتی لەنێو شیعری نوێیدا بچەسپێت.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە شیعری نوێ لە ڕۆژهەڵات لە خوێنەر دوور کەوتۆتەوە بە جۆرێک خەریکە پەیوەندی بەتەواوەتی لەگەڵ (خوێنەر/ وەرگر)دا دەپچڕێت. هەرچەندە ئەم خاڵە زۆر لە ئەزموونی ڕەزادا بەتایبەت لە «کڕاکە»دا هەوڵی کاڵکردنەوەی دراوە. بەڵام لاموایە هێشتا کاری زیاتری پێویستە. من تەواوم بڕوام بەوەیە کە نابێت ئاستی شیعر بێتە خوارەوە بۆ ئاستی خوێنەرێکی سادە، بەڵام ناکرێت ئەوەندەش لە خوێنەرەوە دوور بێت، کە بە هیچ شتێک نەگاتەوە پێی. هەردوو ئەزموونەکەی ڕەزا لە هەوڵی دروستکردنی پەیوەندیدان لەگەڵ خوێنەر، بەڵام هێشتا تینوێتی خوێنەرگەلێکی زۆریان نەشکاندووە، کە تامەزرۆی بەرکەوتنن بە شیعری نوێ.

**پەراویز و سەرچاوەکان:**


١)ڕەزا عەلی پوور، «قاڵبیەک دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە»-شیعر، بڵاوکراوەی ئایندە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٦.

٢)ڕەزا عەلی پوور، کڕاکە- شیعر، ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی گوتار، سەقز ١٣٩٤

٣) خوێنەر بۆ زانیاری زیاتر لەسەر فۆرمی گران دەتوانێ سەیری گۆڤاری (شین) ژمارە ١٥ ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٥ بکات کە فایلێکی تایبەتە بە ئەنور مەسیفی و سەرجەم بەیاننامەکانی هەمان شاعیری تێدایە کە تایبەت بە شیعری فۆرمی گران نووسویەتی.

٤) حەمەی کەریمی، خوێندنەوەی کڕاکە، زاموورا یاکۆمبی زانگاریتا شێعری ڕەزا عەلی پوور، سایتی ئاماژە:
http://www.amazhe.com

٥) ڕەزا عەلی پوور، «قاڵبیەک دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە«- شیعر ل٥...

٦)عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا، زمان- بوون-شیعر، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریانی، هەولێر ٢٠١٠.

٧)ڕەزا عەلی پوور، کڕاکە- شیعر، ل١

٨)عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا، زمان- بوون-شیعر، لێکۆڵینەوە...

٩)ڕەزا عەلی پوور، کڕاکە- شیعر، ل٧

١٠)پۆل ڕیکۆر، ژیان لە نێو دونیای دەقدا- وتار و چاوپێکەوتن، و: پێشڕەو حسێن، لە بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێران.

١١)بابەک ئەحمەدی پێکهاتە و ڕاڤەی دەق-بەرگی یەک، و: مەسعود بابایی، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری نما هەولێر ٢٠٠٤

١٢)حەمەی کەریمی، خوێندنەوەی کڕاکە، زاموورا یاکۆمبی زانگاریتا شێعری ڕەزا عەلی پوور، سایتی ئاماژە...

١٣)بابەک ئەحمەدی پێکهاتە و ڕاڤەی دەق-بەرگی یەک، و: مەسعود بابایی...

١٤)عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، فۆرمالیزمی ڕووسی، بنەماو پراکتیک، شیعری تەیب جەبار بە نموونە- لێکۆڵینەوە بڕوانە ئەم سایتە: http://www.knwe.org

١٥)هەمان سەرچاوە...

١٦)میمنت میر صادقی، واژەنامە هنر شاعری، کتاب مهناز، چاپ چهارم،١٣٨٨.

١٧)عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، فۆرمالیزمی ڕووسی، بنەماو پراکتیک...

١٨) ڕەزا عەلی پوور، کڕاکە- شیعر، ل٨




هەواڵنامەی کتێب

# کراکە

## زامورا یاکومبی زانگاریتا

**بەختیار حەمەسوور**

ژان پۆل سارتەر لە «پێشەکییەک لەسەر کۆشیعری مالارمێ» بە داوا و پرسیارێکی تێکدەرانە دەست پێ دەکات: «جیهان دەبێت بە تەقینەوەیەک تەفروتوونا بێت، بەڵام کێشەی سەرەکی ئەوەیە چۆن ئەمە بکەین و دەستەکانمان پیس نەبن؟» سارتەر، ئەم توانا و ئیمکانیاتە لە مالارمێ و شیعرەکانیدا دەبینێتەوە. مالارمێ دنیای خۆی تەفروتوونا کرد و دەستەکانیشی پیس نەبوون، چونکە ئەو بڕوای وابوو: «شیعر تەنیا بۆمبایەکە شیاوی ئەوەیە دروستی بکەین.» ڕەزا عەلیپوور لە «کڕاکە»دا دنیای خۆی هەلاهەلا دەکات، بناغەی زمان و ڕێزمان سەرلەبەر، لە پێناو خولقاندنی دنیایەکی تازە، خاپوور دەکات. ئەم کتێبەی ڕەزا سنوورنیشنی نێوان بەهەشت و دۆزەخە، بۆ مانەوە و ژینکردن، بەرزەخی هەڵبژاردووە. کتێبێکە ناجێگیر و بەرزەخی. «تۆ چ غەمگینی وەک لە حەڵەب یارت هەبێ/ قاسیدێکی بە متمانەت لە قەندەهار/ -لەم کوێستانە لەعنەتییە-/ دەست نەکەوێ.» بەم دێڕە سەربزێو و بە ڕواڵەت سوننەتیانە کتێبەکە دەست پێ دەکات. ئەوەی جێی سەرنج و وردبوونەوەیە، لە زۆر جێی کتێبەکەدا، سوودوەرگرتن لە فۆڕمە کلاسیک و فۆکلۆرییەکان بەرچاو و دیارن، بەڵام ئەوەی دەقەکەی ڕزگار کردووە لەوەی بخلیسکێتە خانەی دەقێکی سوننەتی و باوەوە، ئەو مامەڵە ئاگاییەی شاعیرە کە بە شێوازێکی مۆدێرن و ئەمڕۆیی لەگەڵ ئەو فۆڕمانەدا کردوویەتی، لە مانا و پێناسە کۆن و باوەکان دەربازی کردوون و مانا و پێناسی تازەی پێ بەخشیون.

کارکردی زمان لەم کتێبەدا، کارکردی ئەندازیارێکە کە بەوپەڕی ئاگاییەوە دەزانێت چی دەکات و چی ڕوو دەدات. بە جۆرێک ڕەنگە ئەمە دەرفەت بۆ ڕەخنە ساز بکات؛ جێی بەتاڵیی خەیاڵ لێرەولەوێی دەقەکەدا ببینرێت. نووسەر، وەک ئەوەی نەخشەیەک لەبەر دەستیدا بێت، دەق دەنووسێت، بۆیە زیادتر لەوەی وەک شاعیرێک دەربکەوێت، ئەندازیارێکە. ئاسایی، فۆڕمی ڕستەسازی ناو پەڕەکانیش شێوەیەکی هەندەسیان وەرگرتووە. زمان بۆ یەکە بچووکەکان هەڵوەشێنراوە و لەو یەکە بچووک و لووسانە دەق بەرهەم هاتووە. جۆرێک لە نەفیکردنەوەی شیعری حزووری هەیە، دەکرێت کۆی تێکستەکە بە «دژەشیعر» ناودێر بکەین. خوێنەر لە بەرامبەر ئەم کتێبەدا تووشی قەیرانی مانا و وێنەی شیعری دەبێت، بۆیە ئەرکی پێکەوەنان و خستنەوەپاڵ یەکتری ئەو یەکە زمانیانە، دەبێت بە زەروورەتێکی حەتمی.

ئەتمۆسفیری کتێبەکە، حاڵەتێکی زمانپەرێشانە و هەڵڕژاوانەی هەیە، دێڕەکان وەک موعتادێک لارولەوێر دەبنەوە و بە دوای یەکدا دێنە خوارەوە. ئەمەیش دەمانباتەوە سەر ناوی دووەمی کتێبەکە: زامورا یاکومبی زانگاریتا، ئەم ڕستە سێ وشەییە، دەربڕینێکی عیرفانیانەی سوورپێشتەکانە، کە لە کاتی پاڕانەوە یان گفتوگۆ لەگەڵ مردووەکاندا دەیڵێن، لای خێڵێکی تر لە سوورپێستەکان بە جۆرە مادەیەکی هۆشبەر دەگوترێت، کە خۆیانی پێ سڕ و کاس دەکەن و دەگەنە فەنابوون.

کتێبەکە -بە بۆچوونی من- لە بەشی کۆتاییدا، واتە پێنج، دەگاتە تەشقی شیعرییەت و داهێنان. لێرەدا هێڵێکی درامی تێکەڵ بە دەقەکە دەبێت و پێرسۆنای «حەسەن» وەک کارەکتەرێکی چەپ و ڕادیکاڵ، بە ژیانێکی وێران و سەگیانەوە، بە زمانێک نزیک بە میلانکۆلیا و هەندێک جار سەردوولکەیەکی نۆستالیژی و هەناوخورپێن، دەقەکە بەرەو جیهانێکی ئایرۆنی و پارادۆکس، تا بنی دۆزەخ ڕادەکێش دەکات. بۆ ڕستەیەک دەگەڕێمەوە سەر «پێشەکییەکەی» سارتەر: «لە شیعردا ئەمە ڕێکەوتە کە خۆی نەفی دەکات، شیعر ئەم منداڵ و هاوکات ئەم دوژمنەی ڕێکەوت؛ بە کردەی خۆڕووخاندن و سڕینەوەی خۆی، ڕێکەوت تێدا دەبات.» ڕەزا عەلیپوور بە نووسین و داخستنی کتێبەکە لە دوابەشدا، خەریکە بە کردەی خۆڕووخاندن و سڕینەوەی خۆی (بۆ خولقاندنی دنیایەکی نوێ)، خۆی تێدا دەبات.

# چیرۆک و خوێندنەوە

هەواڵنامەی کتێب

ڕوخسارێکی شیرین/ جان دۆست | ١٢٦
ژیان و مەرگی ساراتێل/ حسێن نووشئازەر/ و: ئەنوەر عەرەب | ١٢٨
چاقوکشی .../ شورش عابد | ١٣٠
لە هەسارەی خوێنەوە تا زوحەلی ڕۆح/ عادڵ قادری | ١٣٢
دواهەمین خاڵ/ حوسەین ئەحمەد | ١١٦

# ڕوخسارێکی شیرین

چیرۆك

جان دۆست

نازانم چەند سەعاتە لە زینداندام!! من و چوار دیواری سارد و سڕ بووین، دەنگی کەس نەدەهاتە گوێم، پێموایە دەنگی منیش بە کەس نەدەگەیشت. دیوارەکان گوێیان هەیە! پەندێکی پێشینیان وا دەڵێت، بەڵام دیوارەکانی زیندانی من کەڕ و لاڵ بوون، هاواری منیان دەخواردەوە و من هەستم بە هیچ سەدایەک نەدەکرد.

لەپڕ دەنگی شریخەی دەرگای ئاسن وەک تاوێکی شێت هات و دواتر بارانی جنێو وناڵین دەستی پێکرد. ئەوەندەی جنێوەکان پیس و بێشەرم بوون، ئەوەندەش ناڵینەکان، خنکاو و قووڵ و بێهیوا لە ناوەوەی زیندان دەگەیشتنە بەر گوێم، لێ دیسان چیای بێدەنگیی باڵی بە سەر زیندان و گیان و بیر و هۆشی مندا دەکێشا.

میزم دەهات. وەک ئەوەی لە ژیانمدا میزم نەکردبێت. سەرمای نێو زیندان پێویستیی میزکردنی زیاتر دەکردم، میزەڵانم هەڵاوەسابوو لەوانە بوو بتەقێت، پێچم لە خۆم دەدا و قامکەکانی دەست و پێم ڕەق دەکرد بۆ ئەوەی میزەکەم نەکەم بە خۆمدا.

کاتێک دەرکەوانی ڕووگرژ و مەچەک ئەستوور شانی گرتم و فڕێی دامە نێو زیندانەوە، زیاتر میزم دەهات، تکام لێکرد و گوتم: ئیجازەم بدە میزەکەم بکەم، بۆ خاتری خودا تەنیا نیو خولەکیش بێت با بچم. تکا و پاڕانەوەی من لە نێوان دەمی من و گوێی سواخکراوی ئەو زەبوونە دۆزەخییەدا وەک تراویلکەی دەبریقایەوە.

دیسانەوە تکام لێکرد، لێ ئەمجار بە دەنگێکی بەرزتر و خنکاوترەوە: بۆ خاتری خودا کوڕە! گورچکم دێشێت! با بچمە ئاودەست، تەنیا تا دە بژمێرە، قەیناکا زۆر خێراتریش بژمێریت، بەس بهێڵە میزەکەم بکەم.

بەڵام ئەو بەچکە گورگە ڕووگرژە گوێی نەدامێ، تفێکی لێمکرد و چەند جنێوی دا بە نێوچاومدا، بە فیکە ئاهەنگی ئەو گۆرانییەی حەزم لێی بوو، لێیدا و دوور کەوتەوە.

قسەیەکی باوکمم بیر کەوتەوە کە دەیگوت: کوڕی من، خواوەندی تەعالا نووری خۆی خستووەتە سەر ڕوخساری کەسانی جوان، بۆیە ئەگەر داخوازێک یان تکا و رجایەکت هەیە، ڕوو بکە ڕوو شیرینەکان، دڵنیا بە دەست بە ڕووتەوە نانێن. چونکە خودا نووری خۆی ڕژاندووەتە سەر ڕوخساری ئەوان.

– قسەیەکی بە جێ بوو باوکە، زۆر ڕاستە.

ئەمەم بە دەنگێکی بیستراو گوت و ڕوخساری دەرکەوانە ڕووتاڵ و پیسەکە لە بەر چاو نەدەڕۆیشت.

کات نەدەڕۆیشت، وەک بڵێی کەرێکی دێز لە قوڕێکی خەستدا چەقیبێت، لەگەڵ هەر چرکەیەک دۆخی من خراپتر دەبوو. هەر خۆم با دەدا و دەمناڵاند. ئیدی هەموو شتم لە بیر کردبوو جگە لە میز.

سەردەمی منداڵیی و کاتی میزکردن لە سەر شەقام و سەر ڕێگەکانم بیر کەوتەوە، ئێمە زۆر ئاسایی پانتۆڵەکەمان دادەماڵی و بە پێوە میزمان دەکرد. سەر لە بەیانان کە لە خەو هەڵدەستاین، بە دانیشتنەوە ڕوومان لە جادەکە دەکرد و میزمان دەکرد، کە میزەکەمان کەفی دەکرد، کەیف و خۆشییەکی بێسنووری دەخستە سەر ڕوخسارمان. ئەو کاتانەی باران و دەباری و ئێمە لە ژێر ڕێژنەی باراندا میزمان دەکرد، لەرزینێک کە بە وشە باس ناکرێت، لەشی ئێمەی دادەگرت، خۆشیی ئەو لەرزینانە، ئەم ئێوارەیە ئاگری بەردەدایە دڵی من. ئەی تف لە ڕوخسارت ئەی ژیانی پیس کە ئێستا میزکردن بووەتە گەورەترین هیوام!!!

لەوانە بوو بە خۆمدا بمیزم، حەزیشم دەکرد وا بکەم، بەڵام دڵم نەدەهات میز بکەم بە پانتۆڵەکەمدا، چونکە دیاریی دەزگیرانەکەم بوو، نوێ بوو و یەکەمجار بوو لە بەرم دەکرد، ئەگەر بشمردایەتم میزم تێ نەدەکرد، بۆیە خۆم ڕادەگرت و هیوام دەخواست ئەم خەونە قورسە بەرەو کۆتایی بێت.

کاتێک درەنگانی ئێوارە دەنگی دەرگای زیندانەکەم هات، وەک مار پەپکەم خواردبوو، خۆم لێک هاڵاندبوو بۆ ئەوەی نەهێڵم بێحەمدی خۆم بە خۆدا بمیزم. ئەوەی هاتە ژوورەوە، دەرکەوانە زەبەلاحەکەی پێشوو نەبوو، کەسێکی ڕووخۆش و بەئەدەب بوو، قژی شانە کردبوو، جل و بەرگەکەی خاوێن بوو و قەمچی بە دەستەوە نەبوو. لە دڵی خۆمدا گوتم: دەرگای فەرەج کرایەوە، ئەمە ئەوەیە کە باوکی ڕەحمەتیم باسی دەکرد، ئەمە من شەرمەزار ناکات و دەست بە ڕوومەوە نانێت، هەستامە سەر پێ بە دەم ڕوخساری شێرینیەوە پێکەنیم. ئەویش بزەیەکی کرد. نازانم! پێدەچێ بزەشی نەکردبێ و وا هاتبێتە پێش چاوی من،لێ بزەیەکی سروشتی بە ڕوخساری شیرینیەوە هەبوو. بەرلەوەی شتێک بڵێ، من بە تکاوە پێمگوت: ئیجازەم بدەم بچم میز بکەم، خەریکە بمرم، هاوڕێکەت نەیهێشت، من نەخۆشم و گورچکم دێشێ و من ئەمجارە...

بیرم ناکەوێتەوە دواتر چیم گوت، هەر ئەوەندەم دیت ئەو

دەرکەوانە ڕووخۆشـــە، بەرەو لای من هات و بە مشت و پێلەقە تێمبەربــوو، بۆی گرنگ نەبوو ئەمە دەم وچاوە، ســەرە، دڵە یان کوێیـــە، هەر کوێیەکــی بەر بکەوتبا، مشــتێک و پێلەقەیەکی تێدەسـرەواند. لەگــەڵ ئەوەش جنێوی بە دایک و خوشــک و خودای من دەدا. بیــرم ناکەوێتەوە ئەم لێدانە چەندەی خایاند، بەڵام باش بــە بیرم دێت کاتێک چووە دەرەوە گوتــی: تف مشــکی پیس! و ماڵاوایی لێکردم.

پاش ئەوەی چووە دەرەوە، مــن هێور بوومەوە، ئیدی میزم نەدەهات و هەستم کرد چیایەکم لە کۆڵم داگرتووە. سەرم سووڕ ما! دوای ئەو هەمووە لێدان و ئەشـکەنجە و ئازارە، هێور ببمەوە! کاتێک دەســتم لە سەر زەوی هەڵگرت، تەڕ بوو، وامزانی خوێنم لەبەر ڕۆیشــتووە، بەڵام خوێن نەبــوو، میزم بە خۆدا کردبوو، من میزم بــە دیاریی دەزگیرانەکەمــدا کردبوو، وەک ئەوەی مەشــکەیەکی پڕ، بتەقێت و بڕژێت، میزەکەم ڕژابوو و هەڵمی لێ هەڵدەســتا، هەڵمی سەر میزەکــە، ڕوخســاری شـــیرینی دەنەخشاند.



# ژیان و مەرگی ساراتێل

حسێن نووش ئازەر

وەرگێڕانی: ئەنوەر عەرەب

ساراتێل کاتێ لە دایک بوو، چل و پێنج میتری سەید خەندان هێشتا ساز نەکرابوو. شەمس ئاوا-ش دەشتێک بوو کاکی‌بەکاکی. بێهجەت کە ماما بوو، وەک ژنە سۆزانییەکانی ناو فیلمفارسی قینچکە گۆشتێکی زیادە لە حاندی کوڵمەی ڕاستی بوو. دایکی ساراتێلیش کە نە ناووناوبانگێک و نە تۆوتۆرەمەیەکی وای بوو، وەک ژنە نەجیمزادەیەکی سەدەی شازدە بێ ئاخ و ئۆفێک ساراتیلی هێنا سەر گۆی زەوی.

ئەم ڕووداوە ڕێک لەو ساڵەدا بوو وا ئایەتوڵڵا وتارە مێژووییەکی خوێندبۆوە. بەیانی ئەو ڕۆژەی وا ساراتێل لە دایک بوو، بازاری تاران قەپات کرابوو. تاسووعا یان عاشوورا یان جێژنی ڕەمەزان نەبوو، شەشی ڕێبەندانیش نەبوو. ڕۆژی تاج لە سەرنانی شا- ش نەبوو.

ساراتێل نەگریا، نەیزیقاند. دوای ئەوەی لە زێدانی دایکی داخزیە دەرێ، لە باوەشی ماماوە خۆی خستە خوارێ و وەڕێ کەوت. ماما لە ترسان بووراوە. گوڵدانێکیش لە سەر دیوارەوە کەوتە خوارێ و وردوخاش بوو، پشیلەیەکیش لە نووتەکی شەو دا میاواندی.دەنگی پشیلە تەنانەت لە دەشتی شەمس ئاواش زایەڵەی داوە.

لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ ساراتێل هەروا دەڕوا. ئەگەر بوێستێ، دەمودەست، کاتیش دەوێستێ. ئەوە ڕازێکی سەربەمۆرە و کەس لێی ئاگادار نییە.

ئەمشەو لە پاریس بەفر دەبارێ و ساراتێلیش ڕێک لەم ساتەدا خەریکە لە کۆڵانی شازدەوە بەرەو لای دارستانەکانی بۆلۆنی دەڕوا.

باوکی ساراتێل وا لەو ساڵانەدا کارمەندی ئیدارەی قەندوشەکر و لایەنگری سەرسەختی ئایەتوولا بوو دوای لە دایک بوونی ساراتێل لە پشت قورعانەکە نووسیبووی: لە دایک بوونی کچە خۆشەویستەکەم، ئەختەرولسادات... پاشان جەوهەری خۆنووسەکەی تکەی کردووە. باوکی قورعانەکەی پێوەداوە و ماچێکی شیرازەکەی کردووە و خستوویەتەوە سەر ڕەفەکە. هەڵبەت تکەی جەوهەر بە سەر لاپەڕەی یەکەمی قورعاندا شمی خراپ بوو. تووکونزای ئەم کارەساتە هەر لەو ساتەوە داوێنی ساراتێلی گرتەوە. کاتێ باوکی شیرازە قورعانەکەی ماچ کرد، دایکی هەناسەی سوار بوو و بە بێدەنگی سەری نایەوە. لەو ساتەوە ئیتر هەموو شەوێک باوکی دەرۆیشتە کافە موسیۆ ئارتێزرۆنی و عارەقی دەخواردەوە. موسیۆ ئارتێزرۆنی بەگزادەیەکی هەرمەنی بوو، ئەو ساڵانە هەموو یان بەگزادە بوون یان دێهاتی.

چاکسازی زەوی‌وزار ڕووداوێکی فەرامۆشکراو بوو، بەو حاڵەشەوە جاری وابوو ڕەعیەتەکان تای برینج و تای گوێزیان بە دیاری دێنا. ساراتێل نەیدەتوانی بە ڕێدا نەڕوا. شەوانە کە دەخەوت، گوێی لە چرکەچرکی کاتژمێرەکان نەدەبوو، بۆیە هەستی بە پیربوون دەکرد. دەیزانی ڕۆژێکیش باوکی بەخاک دەسپێرێ، ئەگەر بە ئەو بوایە کارێکی دەکرد کاتژمێرەکان لە زەنگ لێدان بکەون. لەو ساڵانەدا لە هەرماڵێکی ئەم ئێرانە کە پێیان دەکووت دوورگەی هێمنی بە دیواری هەر ماڵێکەوە کاتژمێریکی پاندۆلدار لە قوتوولکەیەکی دارینددا بە دیوارەوە هەڵواسرابوو.

دینگ دینگ دینگ
دینگ دینگ دینگ
دینگ دینگ دینگ

هەر لەو ساڵە بێ قرموقاڵانەدا بوو نیوەشەوێک لە شەوانی هاوین، باوکی لە کافە موسیۆ ئارتێزرۆنی بەرەو ماڵێ نەگەڕاوە. بەهەشتی زەهرایان[١] تازە ساز کردبوو، ساراتێل باوکی لە ناو گۆڕێک لەو گۆڕە تازانەی بەهەشتی زەهرادا نێشت و بە پێیان تا لالەزار چوو و لەوێ لە سینەمایەکی لالەزار لە سەر شانۆ دەستی کرد بە کایە کردن، ئەو ڕۆلی کچۆلەیەکی دەگێڕا ئەگەرکوو بۆ تاوێکیش بوێستێ پاندۆلی کاتژمێرەکانیش دەستبەجێ لە جووڵە دەکەون.

ئەو ڕۆژەی وا حەمیدی ئەشرەف[٢] لە نارمەک سەرگەردان بوو، ساراتێلیش کەم تا کورتێ لەو دەورووبەرە خەریکی شەوگەڕی بوو. ژنە بلیت فرۆشەکەی تیاتری لالەزار ئەوی بە کچی خۆی قەبوول کردبوو، بەو حاڵەشەوە نەکرا درێژە بە ڕێگەی زڕدایکەکەی بدا. شۆڕش کرا و کاتێ شۆڕشگێڕان سوپاخانەی حیشمەتییەیان تالان کرد، ساراتێل هێندە نەبوو لەو ڕۆڵەی وا هەمیشە دەیگێڕا ببۆوە، کە لە لالەزارەوە چوو بەرەو شەقامی موعەلیم و لە شەقامی موعەلیمیشەوە خۆی گەیاندە بنکەی حیشمەتییەو بە تفەنگێکی ژێ ٣ بەرەو ماڵێ گەڕاوە. ئەوشەوە تا بەیانی خەوت و کاتێ لە خەو هەستا، هەموو شتێ گۆڕدرابوو، ساراتێل ئەمجار گۆرانی «ئافتابکارانی جەنگەڵی»[٣] لە بەر خۆیەوە نارەنار دەکرد.

ئەویش چەکدار بوو
ئەویش هەنێ جار لەچکەی سووری لەسەر دەکرد

ئەویش چوو بۆ کوردستان و شەڕی کرد

ئەویش بریندار بوو

ئەویشـــیان کاتێ لە کوردســـتان دەگەڕاوە لە سەر پردە دارینەکە دەستبەسەر کرد.

ئەویشـــیان بۆ سوپاخانەی عیشـــرەتئاوا و لەوێشەوە بۆ ئێوین ڕاگوێزا.

ساراتێل هەرچی بە پشکێنەرەکەی دەوت ئەوە تووکونەزایەکی هەتاهەتاییە و ئـــەو جەنگاوەرێکی تووک لێکراوە دەبێ ئازاد بێت و بەڕێدا بڕوا دەنا کاتیش لە ڕۆیشـــتن دەکەوێ، تەوفیری نەبوو. ئاوابوو کە شەش ســـاڵی ڕەبەق بۆی خەوت. ئەختوچاریان کرد نەیانتوانی لە خەوی هەســـتێنن. هەر بۆیە لـــە زیندان وەدەریان نا.کاتێ ساراتێلیان لە ئێوین وەدەرنا، دەتکووت هەموو لە خەوێکی چەند ساڵە ڕاپەڕیون. ساراتێل بۆ هەر کوێ دەچوو، بەسەر خوێندا هەنگاوی دەنا و دەستی لە هەرچی دەدا شەڵاڵی خوێن بوو. چوو بـــۆ زانکۆ بەڵام لە زانکۆش دەریان کـــرد. ناعیلاج بە پێیان بەرەو شاخ چوو لە وێشەوە بەرەو ئەستەمبوول.

لە ئەستەمبوولەموە بەرەو ستۆکهۆلم

لە ستۆکهۆلمەوە بەرەو بەرلین

لە بەرلینەوە بەرەو کۆڵن

لە کۆڵنەوە بەرەو نیۆیۆرک و

لە نیۆیۆرکەوە بەرەو لۆسانجلێس

لەو ســـاڵانەدا لە کۆڵانی وێستوود خەڵکی

ژنێکیـــان دەدیت کە لە تولحـــی بەیانییەوە

هەتا تاریکان شـــەقامەکانی دەپێوی، نەهار و

شامی لە پاشـــماوەی کەبابییەکان دەخوارد و

لـــە «داون تاون»، لە گوزەری تریکۆفرۆشـــییەکان

هەرچی ســـەرهەنگ و سەرتیپی کارکەنار و هەرچی

شۆفیرتاکسی ئێرانی بوو باشیان دەناسی: ژنێک کە بە

ڕێدا دەڕوا و ئاراواقارای لێبڕاوە و پێیوایە جەنگاوەرێکی

تـــووک لێکراوە. بەڵام ئەو خـــۆی گەیاندە نیۆیۆرک و لە نیۆیۆرکیشە و بەرەو پاریس. ئیستە لە پاریس بەم کاتی شەوە، لە کۆڵانی شازدەوە بەرەو دارستانەکانی بۆلۆنی دەڕوا.

ســـاراتێل ئاریکاری کۆمەڵایەتی نییە، ژنێکی لەش فرۆشیش نییە، تەنیا ژنێکی لە پێ کەوتوو و تووک کراوە.

لە پاریس بەفر دەبارێ.

هەوتی ئێوارەیە و هەوا پێنج  پلە لە ژێر سیفرە.

ساراتێل دەزانێ کە تا نیوەشەو هەوا دەگاتە دە پلە ژێر سیفر. ئەو هەروەها دەزانێت کە زۆری نەماوە بۆ نیوەشەو و ئەگەر لە پێ نەکەوێ، تا نیوەشـــەو حەتمەن خۆی دەگەیەنێتیە دارستانەکانی بۆلۆنی. پاشان پاڵ بە درەختێکەوە دەدات، پێڵووکانی وێک دەنێ و بۆ تاوێک ســـەیری ئاسمانی ســـوور دەکا و وەک دەیان کارتۆن خەویتر دەمرەێ.

**پەراوێز:**

١. گەورەترین گۆڕستانی ئێرانە کە لە باشوری تاران هەڵکەوتووە

٢. لە ڕێبەرانی چریک فیدایی خەلقی ئێران بوو.

٣. یەکێک لە ســـروودەکانی ســـەردەمی شـــۆرش بوو کە لە لایەن سازمانی چریک فیداییەوە بڵاو کراوە.

# چاقوکشی
# قبل از پخش غیر مستقیم مالاگا ـ خیخون

شورش عابد

حال هر دوشـان همیشـه بد بود. این‌را حالا که زدند همدیگر را لت‌وپار کردند، دارد یادم می‌آید. و گرنه توی آن جمعهای شـبانه همانقـدر به این دو دقت کردم، که بـه بقیه. حالا تنها چیزی که تـو ذهنم هسـت و می‌تواند آن دو نفر را بـه همدیگر ربط بدهد؛ جملـه‌ای بود که یـک بار یکی از آن دو به مـن گفت. درحالیکه سـرش پایین بود، داشت سیگار می‌کشـید؛ ـ همیشه یک بهمن سلیم آبی لای دهنش بود.ـ یک دفعه‌ای برگشت گفت:

ـ می‌دونی چیه؛ اون بوی لعنتیش داره دیوونه‌م می‌کنه.

من هم گفتم:

ـ اینقدر سیگار نکش؛ یهو سکته می‌کنی؛ می‌افتی یه گوشه.

داشت می‌خندید. بدون اینکه نگاهم کند گفت:

ـ همیشه اینقدر نمی‌کشم آقای دکتر؛ بسته به حالش داره.

خیلی وقت بود حالش خوب نبود؛ چون کم سیگار نمی‌کشید. آن یکی هم دسـت‌کمی از این نداشت. نه اینکه سیگار بکشد، نه، فقـط حالش هرچی بود، جـور نبود. هیچوقـت آن دوتا را با هم ندیدم؛ حتی ندیدم یکبار با هم حرف بزنند. حالا دارد یادم می‌آید که بارها دیدمشان که وقتی همه می‌رفتند،آن دو می‌ماندند. انگار بـه هر بهانه‌ای طولش می‌دادند، تا همه بروند؛ بقیه که می‌رفتند؛ فقط خودشـان می‌ماندند؛ با یک عالمه حرف شاید؛ اما هیچوقت ندیدم بین آن دوتا یک کلمه ردوبدل بشود.

آن‌روز بعد اینکه جسد تکه‌تکه شده‌شان را دیدم؛ با اطمینان می‌گویـم بین آن دوتا خیلی چیزها بـوده. وقتی تنها می‌ماندند، فاصلشـان در نهایت ممکن بـود. یکی یک گوشـه، آن یکی هم گوشهٔ دیگرِ اتاق، چسـپیده به دیوار. تلویزیون هم همیشه روشن بـود؛ اکثراً هـم از آن میزگردهـای اقتصادی بـا آن میهمانهای کت‌وشـلواری وآن مجری خنده‌دار با سـوالاتی که یادم نمی‌آید هیچوقت گوش کرده‌باشـم. فکر نکنم آن دوتا هم حواسشـان به تلویزیون بوده باشـد؛ فقط نگاه‌شـان سـمتش بود. در واقع چند متـر آنطرفتـر از آن دو، در ارتفاع دومتری، یک ال‌سـی‌دی ۴۰ اینچی سونی سـری زد، چسـپیده به دیوار، نقطه تلاقی نگاهای دزدیده شـدهٔ آن دو از همدیگر شـده‌بود. طوری نگاه می‌کردند، انگار عاشـق پروپاقرص برنامه‌های چهارساله و پنج‌ساله بودند. اگر هم این نبود، پخش مسـتقیم فوتبال بود با صدای فردوسی‌پور یا خیابانی؛ بیشتر هم طول می‌کشید؛ من حتی صدای علی‌فر هم تو پس‌زمینهٔ تنهایی آن دو شنیده‌بودم.

حالاکه جفتشـان مردند، یک‌جورهایی فکر می‌کنم، آن دوتا چقدر شـبیه هم بودند؛ البته بهتراسـت بگویم، آرام آرام داشتند شـکل هم می‌شدند. آن شب هم که روی همدیگر چاقو کشیدند، بیشـتر از هرموقعی شـبیه هـم بودند. هیچوقت علـت آن بازی مسـخره را که راه انداختند، نفهمیدم؛ ولی مطمئناً مسـئلهٔ جدی بود که جفتشـان داشتند تلف می‌شـدند و شدند؛ اما هیچوقت با هم نبودند که من یا کس دیگری چیزی دسـتش بیاید. هرچیزی بود ؛ می‌بایسـت تـوی آن اواخر اتفاق افتاده‌باشـد؛ نهایت نهایت دوماه قبل. اما شـکل چاقوکشیدنشـان و شدت ضربه‌ها بیشتر به یک مشـکل قدیمی می‌خورد؛ و گرنه امکان نداشت آنطوری خون همدیگر را بریزند. آن روز که جفتشـان کـف زمین افتاده بودند، یکی که چندمتر آنطرفتر از من وایستاده بود، گفت:

ـ چند سال دیوونهٔ هم بودند؛ اینم آخرش.

اما من مطمئنم حتی اگر کشته مردهٔ همدیگر هم بوده باشند، نهایت دو ماه بوده؛ چون برای سـومین بار می‌گویم، ندیدم آن دو هیچوقت با هـم حرفی بزنند؛ البته واقعیتـش من هم زیاد دقت نکردم.

من با پسـره راحت‌تر بـودم. موهایش بلند بـود نه آنقدر که بتوانـد دم‌اسـبی ببندد؛ ولی بلند بود. خیلی سـیگار می‌کشـید. دختـره هم موهایـش بلند بود؛ با یک اندام کشـیده و یک چهرهٔ معصوم شـبیه ناتالی پورتمن تـوی فیلم لئون، با یک بوی لعنتی. البته من هیچوقتِ بویی احسـاس نکردم؛ اگـر هم بود، من دقت نکردم؛ فقط قبلاً هم گفتم، یک بار سیگاری به من گفت:

ـ اون بوی لعنتیش داره دیوونه‌م می‌کنه.

بـرای همین اجازه بدهید به احترام پسـره کـه دیگر بینمان نیسـت، بگوییم دختره بویش لعنتی بود. بـه قیافه‌اش می‌خورد، هفده، هیجده سال بیشتر نداشته باشد.

وقتی داشت می‌گفت، بوش داره دیوونه‌م می‌کنه، زل زده بود به دختره. اون هم زل زده بود به پسـره شـایدهم به سـیگار لای دهنش؛ از دور معلوم نبود. با آن نگاهی که آن دو داشـتند به هم می‌کردند، بایسـتی الآن چفت هم می‌نشسـتند؛ اما فاصلشان در نهایت ممکن بـود. این فاصله وقتی تـوی ذوق می‌زد که فوتبال شـروع می‌شـد؛ صدای عادل می‌آمد و آن همه خالی که بین آن دوتا بود. بقیه همه رفته بودند؛ لاتزیو ده دقیقه‌ای می‌شد تو رمین اودینـزه خیمه زده بود. یادش بخیر آن موقعها، سباسـتین وِرون

هنوز توی لاتزیو بود.

آن شب که رودروی هم وایستادند، هرکدام یک چاقو دستشان بود. اولش سیگاری می‌خواست بیرون برود. نمی‌توانست چاقو را بکشد. اهل این کارها نبود؛ اما حالش جور نبود. داد زد:

ـ لعنتی انگار خود منه.

هیکلش اما قوی‌تر از دختره بود. چاقو را محکم گرفته بود؛ اما نمی‌خواست بزند. معلوم بود داشت زجر می‌کشید.

اندام دختره هم به شکلی تحریک‌آمیز داشت تکان می‌خورد؛ چاقو را طرف سیگاری گرفته‌بود؛ آرام آرام چاقو را جلو عقب می‌برد. زل زده‌بود توی چشمهای سیگاری؛ چشمهایش باریک شده‌بود؛ انگار خیلی خسته بود. یک چیزی زیر لباس نازکش داشت تکان می‌خورد. نمی‌خواست خودش را به دست سیگاری بدهد؛ پاهایش بدجور داشت می‌لرزید.

چاقوی سیگاری سفت‌تر از قبل به دستهایش چسپیده بود. سیگارش را دور انداخت؛ همانطوری زل زده‌بود به دختره؛ داشت لبخند می‌زد؛ یک چیزی داشت زیر لباسش تکان می‌خورد.

دختره اما رنگش پریده بود؛ می‌خواست با آن حرکات جلو و عقب چاقو، ترسش را پنهان کند. آرام آرام داشت عقب می‌رفت.

سیگاری دیگر نمی‌خندید؛ فقط زل زده بود تو چشمهایش. دختره داشت سیگاری را نگاه می‌کرد که چند لحظه پیش سیگاری انداخت روی زمین. هنوز خاموش نشده‌بود. آتش داشت به بهمن نزدیک‌تر می‌شد. سیگاری آرام آرام می‌آمد جلو؛ چاقو را به طرف دختره گرفته‌بود. دختره داشت عقب عقب می‌رفت؛ چاقویش را هنوز سفت گرفته‌بود؛ اما یک آسودگی تو چهره‌اش بود. انگار فهمیده بود، که سیگاری قصد زدن ندارد.

سیگاری همچنان می‌آمد جلوتر. دختره ایستاده بود. سیگاری بهش رسید. جفتشان می‌خندیدند. زل زده بودند به هم. اولین‌بار بود اینقدر به هم نزدیک شده‌بودند. به همدیگر سلام دادند. دستهایشان می‌لرزید. چاقوها سفت ایستاده بودند. صورتهایشان را به هم نزدیک کردند. دختره گفت:

ـ می‌خوان ما رو به جون هم بندازن. اونا دروغ می‌گند.

یک چیزی داشت زیر لباساشان تکان می‌خورد؛ شایدهم زیر پوستشان. دختره چشمهایش را بسته بود. یک نفسِ عمیق کشید؛ نمی‌توانست خودش را کنترل کند. فکر نکنم قبلاً تو این موقعیتها گیر کرده باشد.

همان کسی که بعداً می‌گوید، «چند سال دیوونهٔ هم بودن، اینم آخرش»، یک گوشه خونسرد نشسته بود. با آن کت‌شلوار مسخره‌اش، شکل میهمانهای آن میزگردهای اقتصادی آخر شب شده‌بود؛ انگار انتظار آخر کار را می‌کشید.

دختره لباسهایش پاره شده‌بود؛ بدجور داشت تکان می‌خورد؛ چندثانیه، شایدهم چند دقیقه، خوب یادم نیست چقدر طول کشید تا حرکاتش از آن تکانهای شدید، شل‌تر و شل‌تر بشود. مردمک چشمهایش گم شده‌بود. سیگاری همچنان می‌خندید؛ اما متوجه هیچکس نبود. او هم لباسهایش پاره شده بود؛ تقریباً لخت شده بود. تو همدیگر لولیده بودند؛ نفس نفس می‌زدند؛ یک چیزی بین آن‌دو داشت ردوبدل می‌شد. معلوم بود، دارند درد می‌کشند؛ سیگاری اما می‌خندید. گفت:

ـ بالاخره گیرت انداختم.

دختره هم لبخند رو لبهایش بود. تنش کامل شل شده بود؛ کف زمین داشت خونی می‌شد.

کت‌شلواریه همینطوری داشت نگاه می‌کرد.

سیگاری چاقو را کشیده‌بود؛ زل زده بود تو چشمهای دختره.

دختره دیگر تکان نمی‌خورد؛ گردنش آویزان بود. موهای بلندش کف زمین ریخته بود.

سیگاری خودش را به زور نگه داشته بود. حالا دیگر کامل لخت بود؛ لخت لخت.

دختره، طاق‌باز، مماس کف زمین شده‌بود. کف کامل خونی بود. چاقوها شل‌وول رو زمین افتاده بودند.

سیگاری داشت به کف زمین نزدیکتر می‌شد؛ انگار بخواهد دختره را لمس کند. به زمین که رسید، رو شکم دراز کشید.

بهتر است بگویم سیگاری هم مرده بود؛ رو به زمین، پشت به من؛ پشت به کت‌شلواریه؛ پشت به آن جمعیتی که دیدند، چطور آن روز دو نفر همدیگر را لت و پار کردند؛ اما کسی جلوشان را نگرفت؛ شایدهم همه همین را می‌خواستند. چند متر آنطرفتر از من، یکی گفت:

ـ چند سال دیوونهٔ هم بودند؛ اینم آخرش.

اما من مطمئن هستم نهایتش دو ماه بوده. صدای علی‌فر داشت می‌آمد، که با بینندگان محترم، سلام و احوال‌پرسی می‌کرد. مالاگاـ خیخون، شروع شده بود.



# لە هەسارەی خوێنەوە تا زوحەلی رۆح

## خویندنەوەیەك بو كورتەرومانی «نامەكانی فیرناندو»

**(گێڕانەوەی تراژیدیا لە خەونەوە بۆ خەون) عادڵ قادری**

ئەژین عبدالخالق، لە ١٩٨٢ لە گەڕەکی سـێتاقانی شـاری هەولێر لە دایکبوە / لە سـاڵی ١٩٩٩ لە ڕادیۆی پێشـکەوتن لە هەولێر پێشکەشکاری بەرنامەیەکی هەفتانە بووە / ساڵی ٢٠٠٠ وەک یەکەم پەیامنێری کچ لە هەولێر لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی»یەکەم ڕۆژنامەی ئەهلی سـەربەخۆ» دەست بەکار دەبێت و دواتریش لە ٢٠٠٥ وەک نوسەر لەگەڵ ڕۆژنامەی ئاوێنە درێژە بەکاری ڕۆژنامەوانی دەدات/ بەڕێوبەری نوسینی گۆڤاری سۆسیۆلۆژیا، بوە ٢٠٠٥/ دەستەی دامەزرێنەری چەندین گۆڤار ورۆژنامەو ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی بوە/ زمان و ئەدەبیاتی سکۆندەنافیای خوێندوە و لەئێستادا خوێندکاری تیۆلۆگیایە لەزانکۆی ئۆپسالای وڵاتی سوێد. بەرهەمەکانی نوسەر: جۆن لۆک و ئافرەت، وەرگێڕان ـ ٢٠٠٤؛ دەسەڵات و تاک، بتراند رسڵ، وەرگێڕان ـ ٢٠٠٦؛ ئەفلاتون، وەرگێڕان ـ ٢٠٠٨؛ ئافرەت، امام عبدالفتاح امام، وەرگێڕان ـ ٢٠٠٨؛ نامەکانی فیرناندۆ ـ ڕۆمان، ڕۆمان و دیوانێکی لەژێر چاپە ٢٠١٦

### بەراییەکی گشتی

لە ڕاستی دا باسکردنی ئەم ڕۆمانە ئاسان نییە، بۆ؟چوونکوو ڕۆمانێکە هاوکات کە سادە و گۆیایە تراژیدیایەکی ئاڵۆزی گێڕاوەتەوە. ئەم حاڵەتە شـێوازی هەڵس و کەوتی جیهـان و پێکهاتی ڕۆمانەکە لەگەڵ «واقیع» و پێناسەی «واقیع» دیاری دەکات. دەشێت ئێمە لـە ڕووبەڕووبوونەوەمان لەگەڵ هەر دەقێک چاوەڕوانی شـتی زۆرتر لەوەی لێ بکەین کە تێیدا»ڕووی»داوە، چاوەڕوانی ناکۆتایی و چێژ بەخشـی زۆرتر لەو سامان و مێژینە دەقییەی لێ بکەین کە وەکوو مرۆڤ تا ئێستا خوێندوومانە و ناسیومانە. خوێندنەوەی هەر دەقێک لە ناو ئەو»زمان»ەدا لەسەر چەند خاڵی گشتی ئیش دەکات. یەکەمیان ئەوەی کە دەق لەسەر ئیمکان و «شیمان»ەدا مانادۆزیـی و زاوزێ دەکات. دووهەم ئەوەی کە ژێرخانی زمانی ئەوە دەقە ئاسـۆیەکی هەیە و لە سـەر ئەو ئاسۆیەشە کە ئێمە تیشکە تازە و تراش دراوەکانی مانامان بۆ دەردەکەوێت، واتە باس کردن لە خاڵی سـەرکەوتنی هەر دەقێک بە بێ لەبەرچاوگرتنی سـەربووردەی زمانی دەقەکە(کە لێرەدا ژانێرێکە بە ناوی ڕۆمان) لۆژیکی نییە. سـێهەم ئەوەی کە هیچ دەقێـک لە پلەی تەواو و بە تەنهایـی»دەق» نییە، بەڵکوو وەکـوو پاژێک لە کۆمایەکی ئەزموونـە دەقئاوییەکانی ناو ئەو زمانـە یە...ئەویش ئەزموونێکە و لە چرکە سـاتێکی بوونی خۆی دا خـۆی گێڕاوەتەوە. لێرەدا هـەر چەندە ئەو دەقـە توانیبێتی لە ئاوێزانبـوون و جووتبوون لەگەڵ دەقەکانیتر(یان دانـەری دەقەکانیتر و دونیایان) کەڵکی پێکهاتی و ناوەرۆکی وەربگرێت ئەوا ئەو دەقە لە سـەر ئاسـۆی مانایی بەرزتر ڕۆدەنیشێت. هەر چەند هەموو ئەمانە خوێندنەوەی منـە وەکوو خوێنەر و تەئویلکارێک و ئەمەش پێبەسـتە بە ئەو دۆخ و سـەردەمەی کە من تێیدا هەناسـە دەکێشم. واتە یاوس وتەنی من ئاسـۆی چاوەڕوانی((Horisen of expectation خۆم بۆ ئـەم دەقە باس دەکەم بە پێی پێوەرگەلی سـەردەمی خۆم، ئەوەش نا لەبەر ئەوەی کە من کوڕی سـەردەمی خۆمم بەڵکوو لە بەر ئەمەش کە من هەر بە ڕاسـتی لەو ڕووەوە»کوڕی خۆمم، خـۆم و ئەزموونەکانم، خۆم و فامەکانم....». من لام وایە کە دەق وەکوو کۆنستانسـییەکانی لەچەشـنی ویلفیگانگ ئایزیر دەڵێن، پێکهاتێکـی هێزەکی و ئیمکان مەندی هەیە و دەبێت خوێنەری نادیـار(implied reader) بـە دانوسـتان و دیالیکتیک لەگەڵ دەق دا بـەردەوام واتادۆزیی بکات، بەڵام لە تەنیشـت ئەمەش دا پێـم وایە کە جیهانـی ئێمە و واقیعـی مێژوومان ڕوویەکی بەرهەست و ئۆبژەکتیڤی تایبەتی هەیە و سەرەڕای ئەمەش دەقی ئەدەبی کوردی(ژانێـری ڕۆمان)تەمەنێکی زۆر درێژی وای نییە تاکوو سـامانە زمانی و پێکهاتی و فۆرمی و تەکنیکییەکەی ئەو واقیعەمان بەشـێوەی پۆسـت مۆدێرن بۆ بگێڕنەوە، لەبەر ئەوە زۆربەی دەقەکانمان پێیەکی بە خەستی لە ناو واقیع و ڕووداوەکە دەمێنێتەوە و لام وایە ئەمە دەشێت پێکهاتی ئەو دەقە گەورانەش بێت کە تراژیدیا لە پێگەی شـوناس دا دەگێڕنەوە. یانی لام وایە هەندێک دەق و بەتایبەتی سـەرکەوتووکانیان دەشێت خاوەنی هەڵخڕانـدن(motivation) و بزوێنەری توخمی دیاری ناو واقیع بن و هەر بە پێی ئەمەش خاوەنی ڕۆڵ-مایە یان مۆتیف(motif) بێت کە تێیدا دەرکەوتە و لایەنێکی ڕووداو و گێڕانەوە زەق و زاڵ دەبێت. لە ڕوانینی بوریس توماشفسـکییەوە مۆتیف دەشێت دوو حاڵەتی هەبێت یەکیان پێبەستە و یەکیان ئازادە. کە لە نامەکانی فێرنانـدۆ دا کەڵکێکـی زۆر لـە حاڵەتی ئازاد وەرگیـراوە. واتە سنوورێک بۆ ڕووداوەکان دەستنیشان نەکراوە، ئەمەشی لەڕێگەی پێکهاتەیەکـی چەند دەنگ لە سـەر دیسـکۆرس و وێژمانێکی هاوبەش و هاوڕۆح درووست کردووە. هەرچەند ئەمە ڕوانگەیەکی هیرمنۆتیکییە و ئەوەندەی دیاردەناسـی گادامێر و بوون ناسـی هایدیگەر چەقەکەیەتی ئەوەندە فۆرمالیسـم و نیشانەناسی لای بەرجەستە نییە...هۆکاری ئەمەش لانیکەم بۆ ڕووبەڕووبوون لەگەڵ ژانێری ڕۆمانی کوردی دازۆرتر مێژووییە تاکوو تیۆریک...چوونکوو لام وایـە بەپێی وتـەی هایدیگەر کە ڕوانینی بەرهەسـتخواز و عەینییەتگەرای گادامێری مامۆستای ڕەخنە کرد: وشیاری ئێمە

شتەکانی جیهان و ناو واقیع سەرهاوێژی(projection) واتە «فرافکنی» دەکات و هەر لە هەمان کاتیش دا بە هۆی ماهییەتی لە جیهان دا بووگ و دازین بوونییەوە، پێڕەو و هۆگری «جیهان»ە. راستە ئێمە»تووڕدراوی»ناو جیهانێکین کە ئاگامان لێی نەبووە و بژاردەمان نەکردووە بەڵام بەهەر حاڵ دونیای ئێمەیە، ناتوانین بە شێوەیەک و لە سەر بنەمای تێڕوانینێک بجووڵێینەوە کە بە تەواوی دەرهەست و ئینتزاعی بێت و بەشێوەیەک چاو لە دونیا بکەین کە دەڵێی لە سەر ترۆپکێکین و لە سەرەوەڕا بەرەو خوارێ چاو دەگێڕین و سەراب دەبینین. بەهەر حاڵ پێم وابێت ئەم لایەنەی دیاردەناسی بەو هۆیە زەق دەکەمەوە کە دەمەوێت باسی کارەسات بکەم. کارەساتێک کە دەق بۆ دەق گێڕدراوەتەوە و هێشتا فام نەکراوە...کارەسات هێندە باوەڕنەکردەیی و ناواقیعی دەنوێنێت کە لە ئەفسوون و خەون دەچێت...لە سیحر دەچێت... سیحرێکی سەیر بە هەموو توخم و تەم و هەڵم و تۆز و غوبارە پڕئازار و چێژ بەخشەکانییەوە...لە هەمبەر تراژیدی دایە کە زمان و فۆرم و پێکهات دەشێوێن...بوونێتر وەردەگرن...واقیع لە خەیاڵ و خەون دەچێت تێیدا و بە پێچەوانەشەوە، بەڵام رەگەزی سامناک و بەرهەستی کارەسات قەد بوار نادات لە جیهانی خەون و خەیاڵ و ئەفسوون دا ون بین...هەر ئەمەشە کە لە گارسیا مارکیزەوە تاکوو ئێستا لێکدانی»ریالیزمی جادوویی» هەر لێک دانەبڕاون و پێکەوەن و هەیمەنە و زاڵیێتی خۆی هەیە... لە دواجار دا دەڵێم ئەگەر وەکوو نیچە باسی دەکات هونەری رەسەن تراژیدیا بێت...ئەوا شوێن پێکانی تراژیدیا لەم رۆمانە دا دیارە...ئەگەرچی لایەنی فەلسەفی رۆمانەکە ئەوەندە قووڵ و بەرفراوان نییە کە وەکوو مەعریفەناسی چاو لە دەرئەنجامی رووداو و کارئەکتەرەکان بکەین، بەڵام خواستی شوناسخوازانەی پاڵەوان(قوربانی!)ی چیرۆکەکە بۆ ئەوەی بمرێت(بکوژرێت!کە داوا لە یەکێک لە گێڕەرەوەکانی چیرۆکەکە داکات، کە دواتر دێمە سەری) بەرەو چەشنێک هەڵوێستە و رامانی فەلسەفەی بەرزەڕۆیانە(transcendental)و نەمری و ماناوە لە مەرگ دا رامان دەکێشێت.

## پێشەڕۆکێک بۆ نامەکانی فێرناندۆ

«ونبوونی شوناس لە کایەی «خود» و «ئەویدی»..
.سوپاس «نا» بۆ ئاوێنەی «تۆ»!»

پێکهاتی ئەم رۆمانە بە تەواوەتی پێکهاتێکی چەند دەنگ و هەلاهەلا کراوە. دەنگ لێرە دا بە واتای فرەیی دەنگەکان و چەشنێک لە دابەشبوونی ئازادیی نایەت، رەنگە کەم تا زۆر ئەمەی تێدا بەدی بکەین...بەڵام هەموو دەنگەکان لە خزمەت رزگارکردن یان کوشتن و مراندن یان هەناردنی پاڵەوان واتە سوورمێن بەرەو دونیایەکی بێڕەنگ...دونیایەک بێ هیچ... دونیایەکی ناهیچ...هیچ...چچ... .... ...

پێکهاتەکەی کە بە فۆرمێ گێڕانەوەیی «نامەگۆڕینەوە» دەچێتە پێش...کە لە سەرەتاش دا وا دەنوێندرێت کە لە خەیاڵی سوورمێ دا تەنها روو دەدات و پێوەندی بە واقیعەوە نییە... خۆی هێمایەکە بۆ دەسپێشخەری وەگێڕ و پاڵەوان(کە دەشێت هەردووک یەک بن و دەشێتیش دوو بن و دەشێتیش نا!) لە دانپێدانان بەوەی کە لە ناو جیهانێکی لەت لەت و پارچەپارچە دا دەژین...زۆر سەیرە کە دواتر تێدەگەین ئەم جیهانە لەت لەتە بەرهەمی تەنهایی پاڵەوانە!تەنهایی ژان و خەونەکانی...!واتە تەنهایی لەت لەتی دەکا بە چەندەها خود...چەندەها ئەویدی... چەندەها خودی ئەویدی...و ئەویدی خود...هەر لەم خاڵە سەیر و ئەفسووناوییە دایە کە ئێمە شوێن پێی واقیع بە مانا باوەکەی ون دەکەین و دێینە ناو واقیعێکیتر...واقیعێکی خەون ئامێز... واقیعێکی خەیاڵوام...خەیاڵوان...دواتر زۆر سادە و جوان ئەم پێکهاتە بە فۆرمیتر دەپارێزرێت...لەرێگەی بەشداری دانی دوو وەگێڕی مێژووی ئەدەب واتە ئەحلام مەنسووری «کوردستانی» و مارگارێت دۆراسی بە رەچەڵەک فەرەنسی، دوو خانم و مێینە کە بەشێوەی جیاواز و لە سەردەمانی «خوێن» و دواکەوتوویی و کەلتووری تەسک و تەنکی پیاوانە دا گەورەترین کاریگەرییان لە دونیای خویان بوو. ئەحلام مەنسوور یەکەمین ژنە کوردی نووسەر و شاعیر کە هاوکاری رۆژنامەی هاوکاری و هاووڵاتی کردووە، لە دایک بووی ساڵی ١٩٥١ و لە ساڵی ١٩٨١ سەفەری فەرانسەی کردووە و لە ساڵی ١٩٨١ کۆمەڵە چیرۆکی»پرد»ی چاپ کردووە و لە ساڵی ١٩٩١ ماجیستەری لە چیرۆکی کوردی دا وەرگرتووە. مارگارێت دووراس لە بنەماڵەیەکی فەرەنسی و لە ساڵی ١٩١٤ لە ڤییەتنام کە ئەوکات لە ژێر دەستی فەرانسە دا بوو هاتۆتە دنیاوە،یەکەمین رۆمانی خۆی لە ساڵی ١٩٤٣ و بە ناوی»بێ شەرمەکان» بڵاو کردۆتەوە. خاوەنی دەیان فیلمی گەورە و ناودارە و دەرهێنەرێکی سەرکەوتوو بوو ئەگەرچی تا کۆتایی تەمەنی باوەڕی بە بیری چەپ بوو، لە ساڵی ١٩٩٦ و لە تەمەنی ٨٢ ساڵی دا لە پاریس کۆچی دوایی کردووە.

بەشێک لە رۆمانەکە بەشدارییەکی هونەرمەندانەی ئەم دوو کەسەیە لە پێگەی وەگێڕ(راوی) کە دێنە پانتای چیرۆکەکەوە و بە گێڕانەوەکانیان رەوتی چیرۆکەکە بەرەو ئەو شوێنەی کە»بوون»یان پێیان دەڵێت بەرەو پێش دەبەن. هەڵبەت مەبەست لێرەدا لە «بوون»ی ئەم دوو نووسەرە ئەوەیە کە جیهان لە روانینی ئەمانیش دا توخمگەلێک لە تراژیدیا و کارەساتی جیهانی ژنانەی بە خەستی تێدایە. رەنگە واتای دەقئاوێزانی لێرەدا بە باشترین شیوە لە تەکنیک و ناوەرۆک دا ببینین. شوێنێک کە تەنانەت ئەحلام و دۆراس هاوسۆزی و دڵەکورکەیان بۆ پاڵەوانی چیرۆک... واتە سوورمێ تێدا زەقدەکرێتەوە...لە دواییش دا دەبینین کە چارەنووس و کۆتایی خاڵی ژیانی سەر ئەرزیانەی سوورمێیە کە یەکێک لەم وەگێڕانە واتە ئەحلام مەنسوور تووشی داچڵەکان و شۆکی قووڵ و بوورانەوە دەکات. واتە بەشێک لە پەیامی رۆمانەکە ئەمەیە کە ئێستاش لە دۆراسەوە تا ئەحلام کە باسی خوێن و قوربانیکردنی مێ و ساوایەتی و پاکیزەیی کراوە١ هێشتا هیچ گۆڕانێک بۆ پاراستن و رزگار کردن و پاسەوانی»بوون»ی ژن(کچ) نەهاتۆتە ئاراوە.

## کورتەی پێکهات و ناوەرۆکی رۆمانەکە

لە ئێوارەی ٢٨ی مانگی جۆنقییەری ساڵی ١٩٨٦ دا پەرجوویەک رووی داوە و کەس تێنەگیشت کە ئەم پەرجووە چییە...ئەگەرچی رووداوێک بوو سامناک بە رواڵەت و هەموو دنیا و دەسەڵات دار و سیاسەتمەدار و گەنج و پیری بۆ تاوێک کش و مات و لاڵ و بێدەنگ کرد...وەکوو نیشانەناسی سەدام حسێن لە پێگەی





د یکتا تۆ ر یکـــی
پڕدەنگ و قیرە لە ترسی ئەم رووداوە(کە جاریَ لایەنی پەرجووەکەیم باس نەکردووە و دواتر دێمە سەری)دەخزێتە ژوورە بــێ کەلێــن و پەنجەرەکەی و بێدەنــگ دەبێت!لالّ دەبێــت! ئەو لە خۆی توورەیە کە بۆ وا بێدەنگە!و...خودی رووداوەکـــە وا دەردەکەوێت کە لـــە جیهانی واقیع دا بووە...»یودیت» و گرووپەکەی کە لە بواری فەزاناسی دا ئیش دەکەن لەو ئێوارەیە دا و لە کاژێر ۱۱:۳۸ خولەک پـــاش ئەوەی کە ۳۷ خولەک لە زەوی بە مووشـــەک دوور دەکەونەوە، مووشەکەکەیان دەتەقێتەوە و هەموویان هەپروون بە هەپروون دەبن...ئەمە لە دونیای راگەیاندنی جیهانی و هەسارەی زەوی دا دەنگدانەوەیەکی زۆری دەبێت. ئەم بەشە تەنها بەشێکە وەگێڕ(راوی) راســـتەوخۆ و بەشـــێوەیەکی میدیایـــی ئامادەگی تێدا هەیە و زانای گشـــتییە، کـــە لام وایە خالێکی باش بووە بۆ دەسپێکردنی رۆمانەکە بەڵام دەشکرا بە فۆرمیتر دارێژرابایە. دوای ئەم رووداوەی ناو واقیع...واتە دوای تەقینەوەی مووشـــەکەکەی یودیت و گرووپەکەی کە گرووپێکی فەزاناســـی ئەمریکی بوون... ئێمە دێنێتە ناو «خەونێکی واقیعی» کە پێشتر و پێشوەخت لای یودیت ئامادە بووە...بەر لەوەی ئەم ســـەفەرە بکات...بەڵام وەکوو شتێک»تەقینەوە»کە نابوود و نەماگی نەکردووە بەڵکوو «توور»ی داوەتە ســـاحەت و رووبەرێکیتر لە بوون...خەون...ئەم بەشـــەی دەســـپێکی گێڕانەوەکە هەر وەکوو وتـــم فۆرمێکی هەواڵییانە و میدیایی هەیـــە تەنانەت زۆر کورتیشـــە و دوو لاپەڕەیە و ئەمە بەسە بۆ ئەوەی لە جیهانی واقیع و «نانامەکان»ەوە بمانگوازێتەوە بۆ جیهانی یەکەم»نامـــە» و خاڵی گێڕانەوەی دونیایەکی دیکە و هەسارەیەکی دیکە.

بەر لەوەی بێمە ســـەر باســـی نامەی یەکەم دەبێت ئاماژە بەوە بدەم کە لـــەم رۆمانە توخمەکانـــی (Anima and Animus) ی کارل گۆســـتاو یۆنگ واتە مێینەیـــی و نێرینەیی و هاوبوونیانی بە شـــێوەیەک تێدایە، بۆ نموونە لەو شـــوێنەی کە...»ســـوورمێ دەگاتـــە تەمەنی باڵق بوون و «بـــۆن»ی کوڕێک بە ناوی هێمن عاشـــق و شـــەیدای دەکات...دواتر پاش شەڕی ناوخۆ کە دەچن بـــۆ لای خاڵی تاکوو لەرێگەیەوە ئـــەو خاڵەکەیتری کە پارتی بە بارمتـــە گرتوویەتی لە باتی کارێکی لەو چەشـــنەی کە یەکێتی کردوویەتی رزگار بکەن...و هەروەها پاشـــان کە دێنەوە دەچێتە زانکۆ و مامۆســـتا بێکەس دەیەوێت بیخوازێـــت ئەگەرچی ئەم حـــەزی لێ ناکات و بەچەشـــنێک گرینگ نییە بـــۆی ...هەموو ئەمانە پێکهاتێکی ئاســـایی لەو مرۆڤناســـیی و دەروونناســـییەی یۆنگ دەگێڕنەوە و بە تایبەتیتر کاتێک کە بە مووسەکەی خاڵی، واتە بەو مووســـەی لە پاشماوەی ردێنەکەی ماوەتەوە قاچەکانی دەتاشـــێت، ئاوەها لە زمانی ســـوورمێوە دەبیســـتین(کە نامەی چوارەمی سوورمێیە بۆ یودیت):

دوێنێ بۆ یەکەم جار بەپارچە گوێزانێکی پاشماوەی ڕدێنی خاڵـــۆم، قاچەکانم تاشی.بۆ یەکەم جار قاچەکانـــم تاشـــی، هەستێکی زۆر سەیرە، ژن کە لووس دەبێت، ڕێک حەز دەکات ڕووت ببێتەوە. حەزم دەکرد بە مامۆســـتا بێکەسی نیشـــان بدەم، نەک بۆ ئەوەی خۆشی دەوێـــم، نا، ئەوەم بۆ گرنـــگ نەبوو. بەڵکوو حـــەزم دەکردقاچەکانـــم بەو لووســـی و سافییەوە بە پیاوێک نیشان بدەم، ئیتر گرنگ نەبوو بۆم، ئەو پیاوە کێیە.

ئەگەرچی حەزێکی «خود»تەوەر لەم رستانە دا شەپۆلان دەدات بەڵام بە واتای توانەوە نییە لە بەرامبەرەکەی(مامۆســـتا بێکەس) کە پیاوە، بەڵکوو نیشانەی حاڵەتێکی ئاساییە لە تەمنی کچێنی و پیاودۆستی دا کە لە دواجاریش و لە ساتێک لە ساتەکان گرینگ نییە چ پیاوێک..پیـــاو بەم خوێندنەوەی یۆنگ زۆرتر هێمایەکە... بۆنەێکە وو عەترێکی راکێشـــەرە و بە پێچەوانەشەوە بۆ ژن. ئەمە لـــە لایەک، لـــە لایەکی دیکەوە و لە راســـتیش دا ئەم رۆمانە و ناوەرۆکەکـــەی ئەوەندە زایەڵە و هاوارێکـــی توورە و خەمناک و لەهەمان کاتـــدا داماو و قوربانییە وەکـــوو رەگەزی مێ ئەوەندە هەڵگری ئاوێزانیی و تێکەڵاوی ئانیما-ئانیمۆسی نییە. ناوەرۆکێک کە لە خوێن و ماناکانی شـــەرەفەوە دەست پێ دەکات...خوینێک کە تکا کۆ نابێتەوە..»حەیایەک»...شەرەفێک کە رژا کۆ ناکرێتەوە... هەر چەند لەم رۆمانە دا ئاماژە بە کاریگەری شـــێرزاد حەســـەن وەکوو جیهانبینی بۆ سێکس و جەستە و ئازادی لەسەر سوورمێ دەکرێت...و قۆناغێک لە بوونی جەســـتەیی و عاتیفی سوورمێ دا دێت کە جگە لە خوێندنەوە و دەسپەرلێدان هیچ کاری دیکەی نییە...جگـــە لە بۆنکردنی خاکی بەرماڵی هێمنی مەعشـــووقی... هیچی دیکە ناکات. دواتر چەقی گێڕانەوەی رۆمانەکە لە ماناکانی خوێـــن و قوربانی و مێیینـــە دا چڕ دەبنـــەوە و نەریتی زاڵ بۆ چەمکی حەیا و پێوەندی لەگەڵ بەکارەت و پاکیزەگی بە باشـــی زەق دەکاتـــەوە واتە لە پێگەی نیشانەناســـی دا حەیا و خوێنی شـــەرمگەی کچ وەکوو جەبرێکی جەســـتەیی کە کەلتوور زەقی کردۆتەوە دیاریکەری هەڵوێست و دۆزی قوربانیکردن و قوربانی بوونە...بەشـــی هەرە زۆری رۆمانەکە گێڕەرەوەی مێژووی قوربانی بوون و خوێن-پیرۆزاندنی ناوگەڵی سوورمێکانی وڵاتی سوورمێیە و بەشداری ئەحلام مەنســـوور وەکوو خەڵکی وڵاتی سوورمێ لە گێڕانەوەکە دا و بەشـــدارییپێدانی مارگارێت دووراســـیش وەکوو ژنێکی نووسەر و هاوخەمی لەچەشنی ئەحلام مەنسوور دەشێت وەکـــوو هەوڵێک ببینرێت بـــۆ رزگاری کردنی قوربانی. بەڵام ئایا رزگار دەبێت؟

لە نامەی یەکەم دا کە لە لایەن و زمانی یۆدیتی فەزاناسەوە دەگێڕدرێتەوە ئێمە ســـۆز و میهر و هاودەردی «جەســـتەیی» و رۆحی ســـوورمێ و یودیت دەبینینەوە...هەر لەم نامەیە دایە کە ئێمە پێ دەنێینە ناو کەوشەنی هاوبەشی واقیع و خەون:

مـــن قاچـــم بەدوامدا نەدەهـــات، لەناوگێـــژاوی دەزگاکانی

ڕاگەیاندن و کەسایەتییە سیاسییەکانیش،

ئەوەندەی تر سەرم سووڕ ما. لەوەش ناخۆشتر، سووڕی مانگانەم کەوتبووە ئە م کاتە وە ، دیارە من یەکەم مانگم نەبووخوێنم لەبەر بڕوات، بەڵام ژن قورسترین شت، کە هە رگیز لەگەڵی ڕانایە ت، سووڕی مانگانەیە. هەمیشە لە ساڵی ئەوەڵی بێنوێژییەوە بیر لە وەستانی دەکەینەوە، بەڵام بەڕاست،ئەو مانگەم تەواو جیاواز بوو لە هەموو مانگەکانی تری تەمەنم، خوێنێکی ڕەنگ وەنەوشەیی، دڵۆپ دڵۆپ، دەرژایە نێو دەرپێی مەخمەڵییەکەم، هەستم نەدەکرد ئەوە خوێن بێت لێم دەڕوات، بەڵکوو لە هاتنەخوارەوەی کوتە گۆشت دەچوو.لەگەڵ هاتنەخوارەوەی هەر دڵۆپە خوێنێکیش، هەستم دەکرد ساڵێک لە تەمەنم کاڵ دەبێتەوە، کە لەنێو موشەکەکە دانیشتم، هەستم دەکرد وردەوردە نامێنم، چاوم دەیتوانی ببینێ، بەڵام هێزم تیدا نەبوو سەیری هیچ شتێک بکەم....

باسکردنی تایبەتمەندییەکی جەستەیی ڕەگەزیی مێ واتە سووڕی مانگانە(period) لە زمانی یودیتەوە بۆ سوورمێ، مانیفێستکردنی ئازارێکی تایبەتی «بوون» و هەبوونە کە هێشتاش بۆ پیاو نامۆیە، ئەم نامۆییە وای کردووە ئەو شتە! یان ئەو «سوورە» بە کەمترین حاڵەت پیاو بیری لێ بکاتەوە...هێشتا شتێک بێت لە نێوان نەناسیاوی و قێزەونی و ئەفسوون دا...ئەم دەنگەی یودیت بە هاوارەوە یەکەم بوونی ڕاستەقینەی خۆی بە خوێنی سووڕی مانگانەوە مانیفێست دەکات...شتێک کە قەت پیی ڕا نایەیت... ئازارێک کە قەد ئاسایی نابێتەوە...دواتر درێژەی نامەی یەکەم ئێمە دەباتە خاڵ و پنتی ڕاستەقینەوەی گێڕانەوەکە...واتە ئەو شوێنەی کە ئیدی سنووری نێوان واقیع و خەون کاڵ و کاڵ و کاڵ دەبێتەوە تا دەگاتە پلەی سیفر...:

گوێم تۆزێک دەیبیست، بەڵام وەکوو ئەوەی بەئەنقەست خۆمم کەڕ کردبێت، ئاوا بووم. بۆنی هیچم نەدەکرد، پێم وایە ساتی یەکەمی لەدەستدانی هەموو هەستەکانم بوو،هاوکاتیش شتێک لەنێومدا، تا دەهات، باڵاتر دەبوو. پێم وانەبوو ڕووحم هەمان ئەو ڕووحەی چەند چرکەی پێشووتربووبێت، قووڵتر و قووڵتر دەچوومە نێو ڕووحم و هەست و جەستەمم جێ دەهێشت، تا یەک چرکە پێش تەقینەوەیچاڵێنجەرەکەمان، تەمەنی من گەڕایەوە خاڵی سفر.

لە نامەی یەکەم دا کە دواتر و لە کۆتاییەکەی دا دیاری کراوە لە شوێنێک بە ناوی «هەسارەی بێ ڕەنگەکان»ەوە هاتووە و بەسەرنج دان بەوەی کە ئەم نامەیە لە زمانی یودێتی ئەمریکی و بە لەحن و دەربڕینێکی هاو سۆزانە و «هاوبوون»انەوە نووسراوە، تێدەگەین کە «هاو» و گرێدراوێتییەکی قووڵ و وجوودی لە نێوان یودیت و سوورمێ دا هەیە..کە دواتر و لەهەندێک بەشی ڕۆمانەکە دا بە ڕاشکاوی «هاوڕۆح»بوونی خۆیان باس دەکەن... تەنانەت لە نامەی یەکەم دا ئەوە یودێتی ڕووح فڕیوە کە لە هەسارەی بێڕەنگەکانەوە٢ خەبەری «بوون» و لە دایک»بوون»ی سوورمێ بە نامەکەی دا بۆ سوورمێ باس دەکات!

من ببووم بە مێینەیەک لە خاڵی سفری تەمەندا، لە هەسارەی بێڕەنگەکان. لەم هەسارەیەدا، بوونەوەرەکان بێڕەنگ بوون، هەمیشە لە فڕیندا بوون. لەگەڵ یەکەم فڕینی منی بێڕەنگ، لە هەسارەی بێڕەنگدا، تۆ سوورمێ، سوورمێی کچی حسێن ئاغا، لەدایک بوویت... لە گوندی شەرەبۆت، لە باشووری کوردستان. من ساتمەیەکی توندم کرد، لە هەسارەی بێڕەنگ، وەکوو ئەوەی ڕووحم کۆپی بکەن، هەستێکی سەیر بوو، هەستم دەکرد ڕووحم لەت دەکەن و نیوەی دەبەن، هەستم بە ئازاری تۆ دەکرد لە کاتی لەدایک بووندا، دایکی تۆش،سوورمێ گیان، وەک ورگی مانگا ئەستوور دەینواند، کە تۆ و وێلاشی تۆی لە ورگ هاتە دەر، منیش لەگەڵ تۆ ئارامم گرت و لەوێدا لەدایک بووم.

بە سانایی و بە بەردەوامی لە هەموو ڕۆمانەکە دا دەکرێت باس لە ئامادەیی ئەم پرسیارە بکەین کە سوورمێ و یودیت یەکێکن یان چەندێکن؟تا چەندە یەکێکن؟سوورمێ و یودێت و ئەحلام مەنسوور و دۆراس یەکێکن؟یان لە



چیدا یەکن و تا چەندە؟وەڵامی ئەم پرسیارە بە خوێندنەوە و راڤە و هەڵکۆڵینی زۆرتری دەقەکە دەدرێتەوە نەک بە بەڵێ یان نەخێر و تارادەیەک و...من تەنها ویستم بە هۆی ئەم پرسیارەوە جۆگەلەی باسەکەم بەرەو رووبەرێکی شوناس تەوەر دابشکێنم.

بۆچی دوو نووسەر و چیرۆکنووسی مەزن واتە ئەحلام مەنسوور و دۆراس (نووسەر و دەرهێنەر) لە مابەینی نامە گۆڕینەوەکانی یودێت و سوورمێ دا ئامادەن و دەسکاری رووداو و پێشهاتەکان دەکەن؟

یودێت ئێستە رۆحێکی بێڕەنگە و لەوانەیە لە هەسارەیەکی دیکە وەک زوحەل بژێت، ئەحلام و دۆراس بە چەشنێک خۆیان گیراوەتەوە و هەموویان لەو سەرەوە دێنەوە، تەنها کەسێک و کارئەکتەرێک لە سەرەتای رێگە بێت و «بوون»ی خۆی بەرەو گێژەنی شوناسی رۆژهەڵاتی ئامادە و پێشهاتیانە دەبینێت، سوورمێیە. ئەم حاڵەتە دۆخمەند و شوێنگە تەوەرەی سوورمێی کورد ئاماژەیە بۆ کۆی لایەنە چالاکە مێینەکانی ناوی رۆمانەکە کە لە هەمبەر و رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ چەند کارئەکتەر ونیشانەی نێر وەکوو پیاو(هێمن، بێکەس، زاگرۆس)، کەڵەشێر، سمێڵ و... بوونی زەقتر دەکاتەوە، هەڵبەت ئەم مانیفێستکردنەی ئازار و رەنجی جەستەیی-رۆحی مێ لە پلەیەکی بوون ناسانە دا، تەنها پەیوەست و تایبەت نییە بە سوورمێ و یودێتەوە بەڵکوو ئەحلام مەنسووری خانەقینی و مارگارێت دوراسی ڤییەتنامی(بنەماڵە فەرەنسی)و...دەکات بە دەست خوشک و هاورۆح و هاودەرد و هاو»شوناس»... کە ئەمانەش خۆیان نیشانە و میتافۆرن بۆ کارئەکتەران و ژیان و کەلتوورانێک کە شوێنگە و دۆخیان لە وڵاتی سوورمێ و یودیت و ئەحلام و دۆراس دەچێت، کە هەڵبەت ئەگەر وەکوو نیشانە و هێما سەیریان کەین ئەم کەس و کارئەکتەرانە ئاماژەن بۆ چوار قورنەی دونیا و تەنانەت ئەنگوست راسانێکی قاییمیشە بۆ سەرووی گۆی زەویش...ئەوەتا یودیت لە هەسارەیەکی بێڕەنگ و ناونیشان و نادیارە...رەنگە زوحەل بێت بە ئاڵقەیەکی سپی بێ رەنگ بە دەوری دا...کەچی لەوێش هەست بە ئازاری هاورۆحەکانی دەکات، کەواتە دەشێت بڵێم ئەمە لایەنێکی ئایدۆلۆژیکی و فەلسەفی ئەم رۆمانەیە کە ئەگەر وەکوو بوونێکی جەستەیی رەنج مانیفێست بکات دەبێتە ئایدۆلۆژیا، ئەگەریش وەکوو بوونێکی کەلتووری ئازار و قودسییەتی خوێن و پاکیزەیی لەپلەی پرسیار دا مانیفێست بکات دەبێتە لایەنی فەلسەفی، کە هەر وەک لەسەریشەوە وتم ئەمە باسێکی ئاڵۆزە و زۆر سەختە لە دەقی ئەدەبی دا دەکاری کەین. بە هەر حاڵ لێرەوەیە دەتوانم بێمە سەر یەکێک لە تەوەریترین و بنەماییترین باسە ماناتەوەرەکانی ئەم رۆمانە واتە «شوناس».

**شوناس لە ئاوێنەیەکی خاڵخاڵۆکەیی دا!**

گرینگترین باس لە مەڕ شوناسەوە پێناسەی»خود» و «ئەویدی»یە. ئەوەی کە پێوەندییەکانیان چۆن دەبێت و دانوستان و سنووریان لەگەڵ یەکدی چۆناوچۆن دەبێت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە چۆن ئەو دوو زاراوە و تێرم (term) ە پێناسە بکەین. لێرەدا نایەمە سەر باسە فرۆیدی و لاکانییەکان. ئەگەرچی لەم رۆمانە بە دۆزینەوەی ئاوێنە لە یەکێک لە زبڵدانەکانی شار دالە لایەن سوورمێوە دەمانباتەوە سەر بیردۆزییەکانی ژاک لاکان و قۆناغی ئاوێنەیی، بەڵام لەم رۆمانە دا ئاوێنە و دەلالەتەکانی و هەڵس و کەوتی سوورمێ لەگەڵ ئاوێنە ئەو واتایە ناگەیەنێت. شتێک کە قەد نابێت لە بیری بکەین ئەمەیە کە لەهەموو نامەکان دا و تەنانەت لە دانیشتن و دیالۆگەکانی ئەحلام و دۆراسیش دا (وەکوو دوو وەگێڕی هێزەکی و کارلێکەری ناو رۆمان و رووداوەکە)لەحن و زایەڵەی منداڵکارانە و پاکیزەئامێز و بێگەردی وتە و وشە و دەربڕین و هەستەکان زاڵە و بەدی دەکرێت...گێڕانەوەی ئەم رۆمانە لەم لایەنەوە دەشێت خاڵە سەرەکی و زێڕینەکەی بە هەوڵ بۆ دۆزینەوەی»خود» و فامی خود و دواتر پێناسەی مانای خود لەپێوەندی لەگەڵ ئەویدی دا پێناسە بکەین کە ئەم هەوڵ و بزرۆکییەش هەر لە ساتی لەدایک بوون و بێدەنگی سوورمێوە دەست پێدەکات تاکوو دۆزینەوەی ئاوێنەیەکی خاڵخاڵۆکەیی و نوختەنوختە کە تەنها تۆزێک جیوەی بە پشتەوە ماوە و خودێکی دیار و رێکی تێدا نابینرێت...ئاوێنەیەک کە لە زبڵدانی شار دەیدۆزێتەوە و پاش ئەوەی کە دەیەوێت لە رێگەی ئەو ئاوێنەیەوە خۆی باشتر ببینێت ...سوورمێ... ئاوێنەکە بەرزدەکاتەوە تاکوو خۆی باشتر ببینێ...سەری خۆی باشتر ببینێت ..کەچی یەکێک دەست دەخاتە سەر شانی و دەیگرێت و دواتر «کێری»دەخاتە ناو دەمییەوە...ئەمە خاڵی دەسپێکی گەڕانی سوورمێیە، سوورمێیەک کە لە سەرە تادا ئاوێنەی ماڵەکەیان بەرزتر لە باڵای داکوترا بوو بۆیە خۆی نەدەبینی و ئاوێنەیەکی نزمی دەویست، ئەو لە «ئاوێنە»ی برا و خۆشکەکانی دا کە لەو بەرزتر بوون و خۆیان لە ئاوێنەکەدا چاک و باش دەکرد...پرسیاری ئاوێنە چییە و من کێمی بۆ هاتە ئاراوە...ئەم رەوتی شوناس دۆزییە بە درێژایی رۆمانەکە درێژەی دەبێت ...تاکوو ئەزموونی سوورمێ لە رێگەی میکانیزمێکی وەکوو»بۆن» کە کوڕێکی ئەفسووناوی بە ناوی هێمنی تێدا تاقی دەکاتەوە و عاشقی دەبێت ..تاکوو تەمەنی زانکۆ و باڵقبوونی سێکسی و ئاڵۆشی جەستەی بۆ پیاو و هاوسەرێک کە لەوانەیە مامۆستا بێکەس بێت...تاکوو ئۆنتۆلۆژیای بیستن و گوێراگری بۆ مۆسیقای پیانۆکەی زاگرۆس... تاکوو هەڵهاتنی لەگەڵ زاگرۆس بۆ دەرەوە تاکوو... عاشق بوونی بە کوڕەی ناو رادیۆی بەشی کەش و هەوای سوێد واتە فێرناندۆ ئەرپاس وهتد تا کاتێک کە دەکەوێتە نەخۆشخانەیەکی دەروونی و براکەی بە کۆڵێک ریشەوە بە دوای دا دێت و دەڵێ:قەدەری ئیلاهییە کە من هاتم سوورمێ زمانی بەر بوو...تاکوو ئەو جێگەیەی کە سوورمێ دەگەڕێتەوە و شێت



و لێوە دەبێت و دواوا لە ئەحلامی ناوی چیرۆک دەکات ئیدی بیکوژێت و درێژە بە چیرۆکەکە نەدات...تاکوو ئەوەی کە لە ڕێگەی منداڵێک و بە داخوازی خۆی بە دەرزییەک گوڵی ژاڵە لە سەر دڵی ڕزگار دەبێت لە ئازار و ڕەنج و دەمرێت! دەکوژرێت! خۆی دەکوژرێنێت!...هەموو ئەم هێڵە یەک لە دوای یەک و پەراگەندانە لە کۆی ڕۆمانە کەدا و بە چەند دەنگەوە بەدی دەکرێت و بەجوانی و سادەیی دەگێڕدرێتەوە...ئەو شتەی کە لە کۆتایی ئەم گەرانە دا بۆ«خود»ێکی مێینە لە کۆمەڵگایەکی تا سەر ئێسقان نێرسالار دا بە هەموو نیشانەکانی نێرایەتی وەکوو کەڵەشێر و... بەرهەم دێت چەشنێک لە جوانیناسی کوژرانمان بۆ پێناسە دەکەن! کوژرانێک کە چێژی نییە، بەڵکوو بۆ هەڵهاتن و دەربازبوون لە ئازار دەکرێت...دەربازبوون لە ئازار لە ڕێگەی کوژران خۆی چێژێکە. ئەگەرچی ئەم کوژرانە بەمانای نەمان نییە و هەڵهاتنە لە قوربانی بوون و داپڵۆسانی ڕۆحی سوورمێ بەر لەوەی بە تەواوەتی لە هەسارەی زەوی دا بمرێت...و لە هەسارە بێرەنگەکان نیشتەجێ بێت... ڕۆحی ئەحلام و دۆراسیش بۆ ئەوێ دەچن و دەرۆن و ڕۆشتوون و لەوێن!...پەیوەست بەم باسەمەوە چەند لایەنێک لە ڕۆمانەکە وەکوو ئەپیزۆد دەخەمە بەردەست.



**ئەپیزۆدی یەکەم:**

سوورمێ، تۆ هەر لە چەند مانگی ئەوەڵی تەمەنتدا،جیاوازتر بووی لە هەموو منداڵانی تری نێو خانەوادەکەت. مەمکی هیچ یەکێک لەو ژنانەت نەدەمژی، جگە لە هیی دایکت، هەموو منداڵانی تر لەگەڵ لایلایەی دایکیاندا، زۆر بەرێانە خەندە دای دەگرتن، تەنیا تۆ نەبێت، گریانێک دای دەگرتی، ئەوسەری دیار نەبێت. هەر بۆیە بۆ ڕابواردن، ژنان گەر کەیفیان هەڵساباو،لایلایەیان بۆت دەکرد، تۆش وەک بەلووعەی ئاو، تنۆک تنۆک، فرمێسک لە چاوە کانت دەهاتنە خوار. ئەم گریانەی تۆ، هەموویانی سەرسام کردبوو، هەریەکێکیش لەخۆیەوەنازناوێکی بۆت دادەنا، سورمە سوور، نازلیخان، سوورمێ ئاغا...

هەر وەکوو لەم ئەپیزۆدەدا دەردەکەوێت بە هۆی ئەوەی کە سۆرمێ لە بنەماڵەیەکی خانزادە و ئاغاواتی لە گوندی شەرەبۆتی باشووری کوردوستان لە دایک بووە...هەر لەیەکەم ساتی لە دایک بوون و باڵاکردنییەوە نازناوگەلی وەکوو سوورمێ سوور، نازلیخان، سوورمێ ئاغا...و هتد یان پێوە لکاندووە واتە دۆخی کەلتوورەکە تەنانەت لە ڕێگەی خودی مێینەکانەوە واتە دایک و نەنک و... کە لەژێر نێر سالاری دا بوونە بەو شێوە شوناسی بەسەر مێینە دا سەپاندووە...ئەگەرچی لە رووی فەلسەفیشە تەنانەت خودی «ناو»یش هەنگاوێکە بۆ درووست کردنی شوناسێکی ساختە و دواتریش دەشێت دوو ئەوەندە دوورکەوتنەوە بێت لە«شوناس» بە واتا ئینسانییەکەی...بەڵام ئیدی چارە چییە، ئەو کورد بووە!ئەحلامیش هەروا!دۆراس بە ڕەچەڵەک فەرەنسی!یودێت خەڵکی هەسارە ئەمریکا!و...دەشێت بوون خۆی ڕاز و موعەمایەک بێت...بوون شوناسێک بێت کە لە «ناو»ی دا گیرمان خواردووە...بەڵام ئەمە باسێکیترە و من لە سەری ناڕۆم...

**ئەپیزۆدی دووهەم:**

نامەی دووەم

لە سوورمێوە

یودت گیان، بیرمە، باشم بیرە...هەمیشە هەستم بە شەرمەزارییەکی زۆر دەکرد لەنێو خەڵک دا، چونکە هەستم دەکرد لە هەموو منداڵانی تر ناشیرینتر و قێزەونتر دەنوێنم، ئەزانی من بەشوێن ئاوێنەیەکدا دەگەڕام،حەقیقەتی خۆمم نیشان بدات، ئاوێنەکانی ماڵی ئێمە ئەوەندەبەرز هەڵوەسرابوون، من تا تەمەنم بووە حەوت ساڵ، خۆم لە ئاوێنەدا نەبینی. بەدیار گەورەکانەوە دەوەستام، کاتێک لە ئاوێنەیەکی بەرزهەڵواسراوەوە سەیری خۆیان دەکرد، خوشک و برا گەورەکانم، ئەوانەی باڵایان دەگەیشتە ئاوێنەکە، زۆر سەیر لە خۆیان دەڕوانی. من هەمیشە پێم وا بوو لە خۆیان دەترسن، وا دەهاتنە بەرچاو، لەنێو ئاوێنەکەدا شتێکی تۆقێنەریان بینیبێت، کە دەیانبینی من سەیریان دەکەم و تێیان دەڕوانم، ڕێک دەریان دەکردم. نیوەڕۆیەکی گەرمی هاوین، ئەو کاتەی خەڵکی دوای نانخواردنی نیوەڕۆ وەکوو مێشی مردوو بە دیار سفرەی نانخواردنەوە خەو دەیبردنەوە، من وێڵ بووم بەدوای دۆزینەوەی ئاوێنەیەکدا. لە ڕاستیدا، لەم نیوەڕۆ گەرمانەدا، من بەدوای زۆر

شتدا دەگەڕام، من منداڵی سەر زبڵدانەکان بووم، منداڵی وڵاتێک بووم، بۆنی باروت و خوێی لێ دەە ات، لەو منداڵانە بووم، کە لە گەرمەی جەنگ دێنە دونیا و جەنگ منداڵی و گەنجێتییان دەسووتێنێت. لەو منداڵانە بووم، لە هر زبڵدانەکان یاریمان دەکرد، ئێمە نەوەیەک بووین، لە زبڵدانەکانەوە زۆر شتمان دۆزییەوە و لێوەی فێر بووین. هەر لەناو زبڵدانەکانیشدا،هەزاران خەونمان بۆگەنی کرد و لەناو چوون. لەنێو زبڵدانەکان، ئاشنا بووم بە ئاوێنە، کۆندۆمی بەکارهاتوو، ئەوکاتە تەمەنم حەوت ساڵان بوو، دوای ئەوەی هەموو ماڵەوەمان بەدەم قسەی بێماناوە خەو دەیبردنەوە، من بەپێخاوسی و بەهێمنی، وەک مار دەخزیمە کۆڵان. خۆشترین شوێنێک بۆ منداڵ لە وڵاتی جەنگدا،

کۆڵانە وشک و سەر زبڵدانەکانێتی. لەنێو ئەو زبڵدانەدا، ڕۆژێک زۆر بە تاسەوە بۆ پارچە ئاوێنە دەگەڕام، ژێر پێیەکانیشم لەگەڵ ئەو ئەرزە گەرم و سووتاوە، سووتابوون. بەڵام هەر خۆشترین شتێک بۆ ئەو کاتەی من، گەڕان بوو بەدوای بینینی

خۆم لەنێو ئاوێنەیەکدا.

لێرەش هەر وەکوو دیارە هەوڵ و تێکۆشانی جیدی و لاسارانە بۆ بینینەوەی «خود» دەکەوێتە روو، لە دۆخ و وڵاتێکی تا سـەر ئێسـقان سـیخناخ لە جەنگ و بارووت و گوو و کێر و کاندۆم... نیشانەناسـییەک کە دەشـێت لەم ئەپیزۆدە دا و لە درێژەی دا باس بکرێت وێنەیەکی سـەدام حوسینە لەگەڵ بنەماڵەکەی لە ناو ئەو زبڵدانە مێژووییە!

... هیچ نەیترسـاندم، جگە لە وێنەیەکی سەددام حوسێن و خانەوادەکەی، کە لە کاتی جەژنی لەدایکبوونی سەددامدا گیرابوو. ئەم وێنەیە بەسـەر دار و بەردی ئەوسای عێراقە وە هەڵواسرابوو. ئە گەرچی سـەددام حوسـێن لە وێنەکەدا پێدەکەنی،بەڵام من ئەوەندە لەو هەیبەتە ترسـام، کە بۆ ئەو پیاوە دروسـتکرابوو، لە ترسا قاچی ڕاستم بەقایمی لەو عەرزە سووتاوەکوتا و بە دەستی ڕاست، ساڵوێکی سـەربازیم بۆ کرد و وتم،”نعم سیدی“، وەکوو ئەوەی سەربازەکان دەیکەن. ئەوەندە ئەو

دیمەنەم لـە تەلەڤزیۆندا بینیبوو، ئیتـر وام دەزانی هەموو کەس لەسەر ئەم زەمینە، ئەبێت بۆ ئەو پیاوە وا بکات.

لێرەدا بە روونی کاریگەری لایەنی دەسەڵات و دیکتاتۆرییەتی پیاوانە لە سـەر سمێڵ زلێک وەکوو سەددام نیگار دەکرێت، ئەو کاریگەرییـەی لە قووڵایی رۆح و هەناوی منداڵیی ئێمە دا جێی دەهێڵێت و شوناسـمان دەخاتە قوماری شەهوەتی بەرژەوەندی و ئایدۆلۆژییە سیاسـییەکانەوە. بەڵام گەڕان بە دوای شوناس لە ئاوێنەیەکی رووشـاوی ناو زبڵ دا سوورمێی حەوت ساڵان بەرەو کوێ دەبات:

بەڵام من هەر بەردەوام بووم لە گەڕان، تا پارچە ئاوێنەیەکی تەنکـم دۆزییەوە. ئاوێنەکە ئەوەندە کۆن وتەڕ ببوو، بە تۆزقاڵێک جیوەی پێوە مابوو، کە بۆ یەکەم جاردوای حەوت ساڵی تەمەنم، سەیری خۆمم کرد، یەکەم جارترسام و ئاوێنەکەم فڕێ دا، دوایی جارێکی تر هەڵم گرتەوە و یەکەم شـوێن کە سەیرم کرد، لووتم بـوو. زۆر داخم خوارد،چونکە لە هیی کچە بچووک و بەنازەکەی سـەددام حوسـێن نەدەچوو. تۆزێک دەمم دەجووڵاند و خوارم دەکردەوە، سەیری لچ و لێوی خۆمم دەکرد، چاوەکانم زۆر گوناح دەیاننوانـد، وەک چـاوی هەر منداڵێکی پێ خاوس و برسـیی مەیدانـی جەنگ. لـە بیرمە دەموچاوم لەبـەر کۆنیی ئاوێنەکە، خاڵخـاڵ دەینواند،چونکە لەنێ و ئاوێنەکەدا، ئەودیو ئاوێنەکە بە دیار دەکەوت.

**ئەپیزۆدی سێهەم:**

بوونی ژن وەکوو جەستە و رۆح

لە سووری مانگانەوە بۆ عەشقی»ناکەس»٣

سێکوچکەی عەشق لە نێوان هێمن، زاگرۆس و ئەریاس دا

یەکێک لـەو رووداوانەی کە لە سـەرەتا دا وا دەردەکەوێت کە رەنگە شوناسـی سـوورمێ ئازاد بکەن و لە گەرداوی «ناخود» دا دەری بێنێت... رووداوێکە کە لەرێگەی بۆن دا ئاشـکرا دەبێت... بۆنـی پیاوێـک لە بەهارێک دا کە بۆن مانا و بوونی سرووشـتە ئەو تەنهـا بۆنێک بەری لووتی دەکەوێت بۆنی پیاوێکە، کوڕێکی ئەفسووناوی و ئارام بە ناوی هێمن...ئەم دۆخ و رووداوە لە نامەی چوارەم دا بە زەقی بەرجەستە دەبێت:

یودت گیان، سڵاوی عهشقت لێ بێت.

بۆچی عهشـق ئەوەندە جوانە، بۆچی ئەوەندە ئەفسووناوییە هەسـتکردن بە ڕووح؟ یودت گیان، لە پێنج هەستدا، هەستێکم تێرە. ئێواران چاوەڕوانی هێمنم. کە لەوسەری کۆڵانەوە دێت،بۆنی دەکەم. کچەکان پێم دەڵێن، دیسان دڵی خەبەری دا،بەڵام ئەوە دڵـم نییە. من بۆنی دەکەم، بۆن. بەداخـەوە، دایکم دەرگاکانی بەرز کـردە وە و بۆمان نییە بچینـە بەردەرگاش.بەڵام لەنێو و ئەو دەرگا بەرزەوە، من کونێکم دۆزیوەتەوە،کونێکی زۆر بچووک، هەموو ئێوارە یەک،لەو کونە وە سەیری هێمن دەکەم . لەو کونە بچووکەوە بۆنی گەورەترین عەشق دەکەم.

ئەگەر بە پێی وتەی ئالێن بادیۆ عەشق یەکێک لەو رووبەرانە بێـت کە ئەگەری دەرکەوتنی حەقیقەتی تێدایە...سـوورمێ لەم ئەگـەرەش دا بەرەو تراژیدیا و ناکامـی دەچێت...هۆی دابڕان و جـوێ بوونەوەی لە هێمن هۆیەکی دەرەکی بوو، شـەڕی ناوخۆ و نەریتی سـواو و دوگمـی کۆمەڵگا...بەڵام پاشـان خوێندنەوە دەست پێ دەکات و دەچێتە زانکۆ...لە زانکۆیە کە پیاو وەکوو نێر دەناسێت...هەڵبەت ئەم ناسینەی جیایە لەو ناسینەی کە پێشتر لە حوجرەی شـێخ زانا دا لە سـۆنگەی ئەتک کرانەوە بۆی هاتە پێش...لێـرەدا ئەو بە رۆحێکی باڵقەوە بێکەس وەکوو مامۆسـتا و پیاو و هاوسـەر دەناسـێت...دواتر ئەو هەر گەڕانی عاشقانەی خـۆی بـۆ شـوناس دۆزی و رزگارییەکی بـەرزەڕۆ درێژە پێ دەدات ولە رۆژێکی ئیش کردن دا کە سـەردانی پۆلی ڕاهێنانی موزیک دەکات ئەمجارە بە «بیسـتن» رۆحی یەخسیر و شەیدای کوڕێک بە ناوی زاگرۆس دەبێت...لەم بەسـە دا کە خاڵی بەرز و بریقەداری گێڕانەوەکەیە بە داخوازی دۆراس لە ئەحلام کە ئیدی ئەم هەموو کارەسـاتەی سـوورمێی پێ قەت ناچێت و بەرگەی ناگرێت، ئەحلام دێتە شوێن کارەکەی سوورمێ واتە وۆرکشۆپی رۆژنامەوانییەکەی و ئەرکێک بە سـوورمێ دەسپێرێت...ئەرکێک کە لە وشـیاری و هاوخەمی هاوبەشـی ئەحـلام و دۆراس دا دەیەوێت بەرە عەشـقێکی تازە و شوناسـێکی رزگارکەر پاڵ بە سوورمیوە بنێن..سوورمیش هەلدەستە بە ئەنجامدان و سەردانی بۆ پۆلی مۆسـیقاکەی زاگرۆس بە ناوی قوتابخانە مۆزارت کە لە پاریسەوە هاتۆتەوە...ئەو دەچێت و دەپرسێت:

سـڵاو، کوڕینە. ببورن، قوتابخانەی مـۆزارت لەکوێیە؟هەر هەموو بە یەک جار دەستیان بۆ قوتابخانەکە درێژکرد، ئەوەتا... ئا لێرەوە. ئێمە هەموومان لەلای مامۆسـتازاگرۆس، لەو قوتابخانەیە میوزیـک دەخوێنین.زاگرۆس، زاگرۆس، لەبەر خۆمەوە دەمگوت، زاگرۆس ناوێکی تایبەتە.

بە تێپەڕبوونم بە نێو سـاڵۆنەکەدا، گوێم لە میوزیکێک بوو، دەسـتی پێ کرد. لەگەڵ دەسـتپێکی ئەو میوزیکەدا، ئیترگوێم کرایەوە، هەسـتم کرد هەموو ساڵەکانی تەمەنم، گوێم کەڕ بووە . ئێسـتا، بۆ یەکەم جار، گوێم لە ژیان دەبێت. یودت، گوێچکەم کرایە وە، من گوێم لە دونیایە، گوێم لە فەزایە. من ئێسـتا گوێم لە تۆیە، گوێم لە گریانی مناڵە برسـییەکانی ئەفەریقایە، گوێم لە هاواری جەنگە، گوێم لە هەموو شـتێکە. وەک ئەوەی ڕۆژانێک بۆنی خۆشـترین کوڕی دونیام کرد، ئێستاش بە هەمان شێوە ، گوێم لە هەموو دەنگە لەنێو ئەو هەموو دەنگە پەرجووئاسایانەوە، کوڕێـک بە ڕیتمێک، کە پێشـتر لە دەنگی هیـچ مەخلوقێک

نەمبیستبوو، بە چەشنی نەی لە ئێوارەیەکی زەرددا، وەک ڕیتمی تنۆکەئاوێک بەسەر گەڵای گوڵەزەمبەقەوە ، وەک چرپەی کەنارییەک بەدەم خۆرئاوابوونەوە ، وتی، "خاتوو سوورمێ، بەخێر بێیت."کە ئاوڕێکم دایەوە، کوڕێکی باڵابەرزی شیرین، خواخوام بوو چیی تر قسە نەکات. چوون ئەو دەنگە سیحراوییەی منی ڕفاند، منی وێران کرد.

بەهەرحاڵ ئەم زاگرۆسەی کە لێرەدا وێرانی عەشق بۆ سوورمێ دێنێت پاش ئەوەی کە دەچنە دەرەوە و لە دۆخی کەلتووری ئەوێش دەحەسێنەوە...بە قیرە و شەپ و شۆق و جنێو سوورمی ئاوارەی نامۆیی ناو شار و شەقام دەکات...بە هەر حاڵ نەک ئەم ئەزموونە و نە ئەزموونی دواتریش کە ئەریاسە هیچ کامیان ئەو ڕێگەیەی کە سوورمێ دەشێت»خود«ی تێدا ببینێتەوە نین.

کۆی ئەم ڕووداوانە سوورمێ بەرەو دۆخێک لە»خۆکوژی« دەبەن کە تەنانەت وەگێڕە کاریگەرەکانی ناو دەقیش واتە ئەحلام و دۆراسیش هیچیان پێ ناکرێت و تەنها کچێکی منداڵکار بە ناوی «هانا» بە هانایەوە دێت و لە ژیان ڕزگاری دەکات. بۆیە دوا ڕستەکانی کۆتایی ڕۆمانەکە دەستەوسانی و ئاخ و ئوفی ئەحلام و دۆراسە.

مارگرێتە دۆراس سەرێکی لەقاند و وتی، ئای ئەحام، ئای!

سوورمێ دڵی خۆی پڕ کرد لە ژەهری گوڵەژاڵە. ئاخ ئەحلام، ئاخ!

هەمووی ئەوە بوو...

ڕەنگە بۆ ئەحلام و سوورمی و دۆراس و فێرناندۆ و شێخ زانای گانچی و یودێت و...»هەمووی هەر ئەوە بوو...«بێت، بەڵام بۆ من هەمووی هەر ئەوە نییە!

## چەند خاڵێکی گشتی و کۆتایی:

لە ڕاستی دا ئەم ڕۆمانە پڕە لە جەمسەری تازە و کۆن بۆ خوێندنەوە و باسکردن لە سەر هەموو ئەو جەمسەرانەی لە بابەتێکی وا کورت دا ناگونجێت، لام وایە نامیلکەیەکی ڕەخنەیی لەسەر ئەم کتێبە بنووسم باشترە، هەڵبەت لە دەرفەتێکی تر دا. بەڵام ئەوەی دەشێت وەکوو هێڵە گشتییەکانی ئەم ڕۆمانە وەکوو خاڵ دیسانەوە ئاماژەیان پێ بکەم بریتین لە:

۱. ململانێی شوناس لە کەلتووری خوێن و واقیعی قوربانیکردنەوە بۆ کەلتووری عەشق و ڕۆحی ئازاد

۲. شوناس لە گێژەنی مێژوو و کەلتوورێکی بارگاوی بە مێژوویەکی نەریتی و ئایینی

۳. جەنگ و پیاو ڕێگەیان بۆ شوناس دۆزیی ڕەگەزی مێ نەهێشتۆتەوە

۴. بێشەرمی و ڕۆکبێژیی زمانی لەم ڕۆمانە دا لە ئاستێکی هەرە باش دایە کە وەکوو وەگێڕ(ڕاوی) مێینە کەم نووسەر هەیە وای کردبێت، ئەگەرچی لە زۆر شوێن دا لەحن و شێوازی دەربڕینی کارئەکتەرەکان جیاوازییان نییە و ئەمەش وا دەکات بەرەو ئەو بۆچوونە بمانبات کە کۆی کارئەکتەرەکان یەکێکن، چوون فۆرمی دەربڕینیان یەکە...نەک دیسکۆرس و وێژمانیان

۵. بە جوانی پێکهات لەگەڵ ناوەرۆک دا بە ئامادەبوونی دوو وەگێڕ و نووسەری ناوجیهانی واقیع(ئەحلام مەنسوور و مارگرێت دۆراس)لایەنی مێژوویی و قووڵی کێشەی شوناسی مێ باشتر چڕ کراوەتەوە

۶. هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر بڵێین کۆی ئەم گەڕان و پشکنینە بۆ شوناس لە لایەن میتافۆرێکی مێوە و کەوتن لە گێژەنی قەیرانەکان و...هەمووی هەڵە و تاوانی جیهانی نێر و پیاوسالارە.

۷. ڕۆمانەکە لە هەمان کات دا کە تێم و مۆتیفی جیهانگیری پێوەیە بە زەقیشی توخم و لایەنە خۆماڵییەکەی ڕەنج و ئازار و خوێنی پێوە دیارە.

۸. دەشێت باس لە سیستەمی ناو و ناونان تێیدا بکرێت کە لە ناوە کوردییەکان دا بڕێک کلێشە دیارە بەڵام هاوتەریبی «ئانا» کە لە سوێد دەرگاکەی بۆ دەکاتەوە و داڵدەی دەدات لە گەڵ «هانا»یەک کە دواتر بە دەرزییەکە و لە وڵاتی خۆی و بە یارمەتی دەستی خۆی ڕزگاری دەکات و دەیکوژێت!دەشێت چەشنێک لە وردبینی لە بەکارهێنانی ناو دا بێت.

**پەراوێز:**

۱) لەم ڕۆمانە دا لە ئەپیزۆدی خەتەنە کردن دا، ئەگەرچی سوورمێ هەڵدێت لەوەی کە خەتەنە بکرێت...کاتێک ئەو دەبینێت گۆشتی ناوگەڵ و بەلۆکی کچان کەڵەشێرەکانی دراوسێ دەیبن و دەیخۆن... هەڵدێت..لە پەنایەک دا دەخەوێت و دواتر دەچێتەوە..و ماڵەوەشیان واتە دایک و نەنک و پوور و خاڵۆژنی لە بیریان دەچێت کە ئەو ماوە خەتەنە بکرێت...ئەم لە بیر کرانە بەو واتایە نییە کە سوورمێ سامناکی و تۆقینی»خەتەنەکردن«ی ئەزموون نەکردبێت...بەڵکوو بە پێچەوانەوە و بگرە خراپتریش...لە نێوان «کردن» و «نەکردن» دا لە هاتوو چۆ دەبێت، ئەگەرچی دواتر لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکە دا بە کەمترین حاڵەت دێینەوە سەری.

۲) کە بێگومان لە ڕووی «زەمەن و کات»ەوە دەتوانێت باسێکی وجوودی ـ زانستی هەلبگرێت، ئەوەی کە ئەنیشتاین دەڵێت کە ئەگەر بە خێرایی تیشک بتوانیین بڕۆین زەمان مانای نامێنێت واتە فورمولی فیزیایی M=C² کە ئەم ڕەهەندە لای هایدیگەر و بە فۆرمێکیتر لە ڕووبەری بوون و لای دازاین واتای قووڵ وەردەگرێت. لەو تێڕوانینانەی ئەنیشتاین بۆ زەمان سەدان فیلم و دراما درووست کراون نێزیکترینیان کە ناوەرۆکەکەی لە «نامەکانی فێرناندۆ» بچێت و من ئاگام لێ بێت سینەمایی «بەریەک کەوتن» یان contactە کە پاڵەوانی فیلمەکە خانمی جودی فاستێرە و دەچێتە ئەستێرەیەکی بێڕەنگ و دایکە مردووەکەی دەبینێت و بۆ ماوەی ۷کاژێرێک لەگەڵی دەبێت کە دواتر دەزانێت و دێتەوە بۆ جیهانی واقیع! تێدەگات کە مووشەکەکەی تەنها ۱خولەک ڕۆشتووە و هەر لە سەر زەوی بووە...دواتر بەرەو لای چەشنێک میتافیزیکی مەسیحی بای دەداتەوە و فیلمەکە کلێشە دەکاتەوە...و لەگەڵ نوێنەرێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا کە ئەندامی لێژنەی فەزاپێوەکان بوو و تیۆلۆژی و ئاین ناسی خوێندبوو وەکوو شتێک دەبێت بە هاوسەر و دەیکلێشێنێت!بەهەر حاڵ!.

۳) ناکەس لێرەدا بە دوو واتا دێت یەکەمیان بە واتای عاشقی کەسانی بە ڕواڵەت جیاواز بەڵام لە بنەڕەتدا هەر هەمان پیاوی نەریتی گانچی»بەپێی دیسکۆرسی ئەم ڕۆمانە« و هەم بە واتای هیچ کەس دێت واتە عەشقێکی ئازاد و جیا لە پیاو و ناپیا و ناژن ...عەشقێک لە هەسارەیەکی دیکە ...لە لای ئیدیت.

# دواهەمین خاڵ

## چیرۆك

حوسەین ئەحمەد

١

لە کەنارەکانی دەریای ئەتڵەنتیک وبە شێوازێکی مەنگ لەسەر لمەکە ڕاکشاووم. ئیحساس دەکەم هەتاوەکە لەسەر جەستەم گەرمە، عارەقە دەکەم و چەند دلۆپێک ئاوی سوێر بە لاجانگما ورد ورد دەخزێتە خوارەوە، بەرەبنەوە سەر ملم و بەرەو لمە سوتاوەکە دەتکێن. چاویلکە ڕەشەکەم کە وەک قەتران لە نێوانی من و ئاسماندا دیوارێکی ڕەشی پێکهێناوە، تووند دەکەم لەسەرم و بۆ فەترەیەکی زەمەنی پێلوەکانم وەک پەردەی پەنجەرەیەکی ماندوو دەخەمەوە سەر یەک.. دەمەوێت بنووم؟ دەمەوێت غافڵگیر لەهەرچی ڕووداوە چاو بنوقێنم و بیر لە نهێنییەکانی ناو ئەم دونیا نەفرەتییە نەکەمەوە؟ دەمەوێت ڕەشێتی بەشە دابراوەکانی گەردوون تەجرووبەکەم؟ لەڕاستیدا نازانم خەریکە چی دەکەم، بەلام هێندە گێژم لەنێوانی خۆم و دونیای بزواوی دەرەوەدا فرسەخێک ئاگایی شکنابەم.. نە هیچ دەبینم و نە لە هیچ تێدەگەم. بۆ ساتێکی بچووک، بۆ ئەوەی لە دونیا و لە جوولانی یەکبینەی دەریاکە و لە جەستەی تەڕی ئەو مرۆڤە ڤاکانسیانە بڕۆمە دەرەوە، سەر دەنێم بە کتێبێکەوە، چاوەکانم دادەخەم و دەنووم.

بەڕاست دەنووم؟ بێ ئاگایی لەم دۆخە دەگمەنانەی بووندا چی کاریسەیەکە.. من دەنووم و خواستی من فەرامۆشکردنی هەر هەموو دونیایە. دەبێت هیچ نەبینم، دەبێت هیچ نەبیستم، دەبێت هیچ بیر نەکەمەوە و بێ هۆشتر لە ئینسانێکی بەنجکراو بە توونێلەکانی ناوەوەی خۆمدا دوور دوور بڕۆم. )مرۆڤ ئافریدەبویەکی ناچارە.. دەبێت بەو توونێلە نەفرەتییەتدا بەشێک لە ژیانی خۆی بڕوات..( منیش بەو کوونەدا یەکعومری دوور و درێژ دەڕۆم. یەک تەمەن بە هێڵی ئاسۆیی بەناو ئەو تاریکییە بێ هەتاوەدا تێدەپەڕم. نە دەرچەی هەیە و نە دەرگا.. خەتێکی خاو و باریک و تەنگە و پێیدا دەڕۆیت.. کاتژمێرێک و ڕۆژێک و هەفتەیەکە. یان دەیان ساڵە من لەناودونیایەکی ڕەشدا بەردەوام وەک نەیزەک بۆ پێشەوە دەڕۆم. لە شوێنێکدا دوای ئەو هەموو ساڵە، دوای ئەو هەموو کاتژمێرە، دوای ئەو هەموو هەفتەیە دەسەکنێم. شەبەنگێکی بچووک بەسەرما دەڕژێت و شوێنێکی فەرامۆشی جیهان دەر دەکەوێت. شارێکە لەو شارانەی خوا دروستیان دەکات. جێگایەکی وایە مردوم مەیلی لێستنەوەی جەداکەنی هەیە و دەیەوێت بە پێی پەتی بەناو کوچەکانیا بڕوات. لە ڕووە جوگرافییەکەیەوە شوێنێکی ئیدیالە، باڵەخانەکانی بەرزن، هەرچی تەپوتۆز هەیە لێێ دوورە. بەدەنگی گوناهبارێکەوە مۆردان لەو سەری شەقامێک کە تالێک گیای درەختەکانی بەدەمەوەیە بانگم دەکات. ئاوڕ دەدەمەوە و چاوم دەکەوێتە ناو قژییەوە کە هەوایەکی سووک یەک و دوو بەرزیان دەکاتەوە و دەیانداتەوە بە هەموو ڕوخساریدا.

بۆیەکەمین جار و لەسەر جادەیەک و لەژێر درەختێکدا کە کۆمەڵێک ڕووناکی بە تۆپەڵ لە بەینی لقەکانەوە ڕووخاون بە شانیدا مۆردان دەبینمەوە. دوای دەیان ساڵ، دوای دەیان سەعات نائومێدی، دوای سەدان هەفتە تەنیای و گریان و باوەشگرتنەوەم بۆسەگێکی ئاشنا، بۆ پشیلەیەک کە یەک دوو شەو دۆستمە و بۆنی هەموو پیاوەکانم ڕژاندۆتە ناو تووکەکانییەوە و لە جێی هەرچی نێرینەکانی دونیایە خۆشم دەوێت، مۆردان دەبینمەوە. بۆتە پیاوێکی نوێ، قژی درێژتر لە پرچی خانمێکی عەیار تێکەڵاو لەگەڵ ڕیشە سوورەکەیدا بەنەرمی هاتۆتە خوارەوە. تەماشای جانتا پەڕۆکەی شانیی دەکەم، قەمسەڵە درێژەکەیی و پووتە ڕەشەکانی، کە بەم ستیلەوە وێنەی مرۆڤێکم نیشاندەدات دونیا زۆر گەڕابێت. لە دوورەوە، لە مەسافەیەکی کوشندەی ئەمبسەر و ئەوسەری جادەیەکدا، مۆردان بە هەنگاولێمدێتەپیش .

ئاڵۆزیی من و هەنگاوەکانی ئەو، تەنیایی من و پێکەنینە شەهوانییەکانی ئاو، ئازارەکانی من و تەماشا سیحرییەکانی ئەو بەناو یەکتریدا وەک چەند مووشەکێکی پێکەوە ئاراستەکراوو دەڕۆن. بۆ ماوەیەکی کوورت هێندە لێم نزیک دەبێتەوە لەسەر پێستی گۆنام هەست بە تاڵ بە تاڵی ڕیشە زبر و سوور و درێژەکەی دەکەم. بە متمانەیەکی زۆرەوە ئەڵقانئەلق دەستەکانی

له پەراسوومەوە دەبا و له پشتمەوە وەک دەمەی زنجیر دایان دەخات. چوون گۆڕێکی تاریک و نابەیان دەمگووشێت. تووندتر لەهەر سەرئێشەیەک، تووندتر لەهەر پەتێک دەمگرێتە خۆیی و بۆ چەند ساتێ لەسەر سینەم دڵی سەدانجار شکاوی بە دەنگێکی بەرز لێدەدات. بۆ هەموو ئەم لێکدانە بچووکانە خورپە دەکەوێتە گەدەمەوە. مووە سوورەکانی سینگی کە لە نێوان دوو دوگمەی سەرەوەی کراسەکەیەوە دەرکەوتوون، مینای هەڵووژەیەکی ترەکییو تەڕمەکات. بەڵام هەموو ئەم تەڕیەی بە لێو و گەردن و داوێنمەوە دەتکێن، هەموو ئەو وێنانەی ئاژەنی خەیاڵدانی منن و تەسویری جێبەجێی ئەو کوڕە گوێ سوورە دەگوازنەوە، هیشتاکە بەڵگەی ئەوە نین کە من ئەو پیاوەم بینیبێت. هەستێک لەو هەستانەم هەیە کە من ئەو پیاوەم هەرگیز نەبینیوە. ئەو کوڕە لەو مرۆڤانە نییە بەم جۆریە ببینیت.

## ٢

نازانم بۆ ئێحساسم وایە کە ئەو کووڕەم نەبینیوە و کەچی بینیم؟ تەماشام نەکردووە و کەچی تەماشام کرد، ماچم نەکردووە و کەچی لێوی لەسەر لێوەکانم تا جەرگ دەیسووتاندم. خەووم بینی بوو، یاخوود خەو دەبینم؟ خەبەرم بۆتەوە یان نووستووم؟ لە ڕابردوودام، یاخوود لە زەمەندا نیم و کات لە هەموو گیانمدا ببووە بە تەپ و تۆز؟ بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە من لە شارێکی ناو وڵاتێک دەژیام، لە شوێنێکی چەپەک، دوور، پێچاو پێچ و نادیار. لە جێگایەک کە دەستێک دەیخولقێنێ و دەڵێت: لێرە هەموو شتێک هەیە و هیچیش نییە، لێرە ڕووداو هەیە و ڕووداوەکان ڕوداوی فەنتاسین، مانا هەیە و مانا مانای فەنتاسییە. کاراکتەر هەیە و هەموو کاراکتەرەکان کاراکتەری کارا و ناکارا و خەیاڵین. بەم شێیوەیە من خانمێکم لە شارێکدا، یاخوود خانمێک بووم لە شارێکدا، کە بە خەیاڵی مۆردانەوە دەیەوێت ڕوداوی سەیر بژی.

هەر بۆیە ڕۆژێک لە ڕۆژە بەدەکان، هەستم دەکرد غەریبییەکی ترسناک لە شاردا بڵاو بووبوویەوە، باوکم دەیگووت غەریبی لەو جۆرە سەدەیەک جارێک ڕوو دەدات. هەفتەیەک بوو، یان مانگێک بوو، یان سالێک بوو لەو سالانەی بێ هۆ دۆعادەکەیت بمریت. ئەوەیشی کە خوا نەیدەکووشتی کۆست بوو.

دایکم لەسەر بەرماڵەکەی ئەو کاتەی سەری دەنایە سوجدەوە و سبحان الله بحمدی کۆمەکی نەدەکرد، خووڕ خووڕ مینای جامێکی سەرەو لێژ بەسەر خەتەکانی بەرمالەکەیدا دەگریا. هەستم دەکرد بۆ بەینی خۆیی و خوا دەگریا، بۆ ئیحساسێکی داڕووخاو کە ئیتر خەریکبوو لەناو دەچوو. من لەسەر سەکۆی حەوشەکەمان و بەدیار قەتارەی مێروولەکانەوە کە لە بەختی خۆیان هەڵدەداهتن واقوڕماو سەکنیبووم.

مێروولەیەکم دەکووشت و بیرم لە حاڵی مۆردان لەم غەریبییەدا دەکردەوە. شارەکەیانم دەشێواند و قەتارەی مێروولە گوناحەکان ئیتر بێ کیفایەت پارچە پارچە دەبوون، لە باکوور و باشووی شارەکەیاندا هێند سەرگەردانم کردبوون کاتێک تەماشام دەکردن خۆم بیر دەکەوتەوە. ئەو دۆخەی تێیدابووم و ئەوەی مرۆڤیش وەک ئەو گیانلەبەرە بچووکانەی خودا بە هەموو زەویدا ئاوارەن جێگایەکی لە هەناوەوە دەئیشاندم. لێووم دەخستە بەر ددانەکانم و بیری مۆردانم دەکرد، مێروولەیەکی تریشم لەژێر گوشاری پەنجەکانمدا دەپساند، کرتە کرتی تیاچوونی ئەو بەندە بچکۆلەیەی خودا دەیگریاندم و بیری مۆردانم دەکرد. هەنێک جار لێوی خۆم تا وەختی فیچقەی خوێن دەگەست و دەمگووت بۆ مۆردان؟ تۆ کوایت مۆردان؟ مۆردان من تۆم بینی مۆردان...؟ ئەو کاتانەی لەخۆم دەدا و پرچی خۆم دەرنییەوە و بە هەموو ئەو شارە غەمگینەدا هەڵدەهاتم و دەمگووت: تۆ لە چی سارایەک کەوتوویت مەجنوونی من، تۆ لە چی بیرێکدای ئەی یووسفی من، ئەی یووسفی من، زۆر تەنیابووم. نازانم ئەو کوڕەم بینیبوو یاخوود نەمبینیبوو، نازانم وەک هەر پیاوێکی تر جێی هێشتبووم و ڕۆشتبوو، یاخوود نە جێی هیشتبووم و نە بینیبووم و نە دەستم لێدابوو. بەڵام ئەوەی ڕاست بێت ئەوەیە زۆربەی ئێواران ئەو وەختەی ئەستێرەیەکی تاقانەی گەش لە جەرگەی ئاسماندا دەرەکەوێ و گەمژانە دوو عاشق پێناسەی یەکتریی پێدەکەن. هێندە بێدەنگ دەبووم ئەگەر من خودا بوومایە بەم هەموو دەردەوە کەس نەیدەپەرستم. بەڵام هەموو ئەم قسانە بۆ کەسێکی وەکو من ویڵ لەدەست نەبوونی کەسێک، کلاواتبوون. شار ئیتر غەریبی کوشتبووی. چۆلەکە بە سەکەی دارتێلەکانەوە هەڵنەدەنیشت، ئاسمان خاوتر لە گۆشتێکی ڕزییو خەریکبوو بە جادەکاندا دادەکەوت. کە دەگریام و وەک ڤاحیشەکان بێکۆمەک دەسەکنام باووکم پێیدەگووتم: کچی خۆم، من لە دەردەکانی تۆ و کیژانی وەکو تۆ بەڵەدم. غوربەتی ئینسانێک بەوە دەستپێدەکات چیتر توانات نەبێت ڕووی ڕاستەقینەی ئەوەی خۆشیتدەوێت ببینیت. کەزیاتر بەردەوام دەبوو لە قسەکانی خۆی بەقوڵی دەکۆکی، بەڵغەم و لینجییەکانی دەمی بەیەک بین قووت دەدا و درێژییە کردەوە: هەڵبەت واریدە ببینیت، دەیبینیت، بەڵام هەست دەکەیت نایبینیت. بیر دەکەیتەوە؛ گەڵای زەرد و زیخی وردی سەر شۆستە نەشۆراوەکان و پەڕی لێبووەی بن باڵی باڵدارێکی فڕیو دەبینیت و ئەو نابینیت، یانی دەبینیت، بەڵام هەست دەکەیت و شتێک واتلێدەکات دڵنیابیت کوێرێکی سەد لە سەد و ڕێکیت و نایبینیت. من سەرسامانە ئەو کاتەی باوکم وایدەگووت ڕوخسارە بچکۆلانەکەی خۆم لەژێر هەیمەنەی قژمدا دەشاردەوە و بەشەرمی کچێکی داغانەوە دەمگووت: باوکە چۆن نایبینیت، ئەوە نییە دوای ئەو هەموو ساڵە من فەلامەرزی ئاوارە دەبینمەوە، ئەوەنییە ڕەیان لە ئەسفەهانەوە کەبارێک دەفی دوای بیست ساڵ هێنابوو پێخواسانە دەستم دا لە دەفەکانییەوە و بینیمەوە؟ لەو چرکەدا ئەم ڕستانەم دەگووت باوکم پژمی، پژمەکەی پژمەیەکی سادە نەبوو، بەڵکوو لەو پژمە نەگریسانەدەچوو بۆڵێک چڵم لە لووتی دەکشێتە دەرەوە و بە قووڵی سمێڵی تێنابوو. بە تۆپەڵی گەورە چڵم ڕوخابووە خوارەوە، هێڵنجێکم قووتدایەوە و باوکم دەستە سڕەکەی لە کەپوویدا پان کردەوە ، فینێکی بەهێزی بۆکرد و لەو کاتەدا پاشماوەی چڵمەکەی بە لووتییەوە سڕێ لە وەڵامدا گووتی: بەڵام ئەو کەسەی سالانێکە عەوداڵی بینینەوەیەتی نایەوێت وەک ئێمە ببینێت، ئەو دەیبینێت، بەڵام وەک ئێمە دەیبینێت، ئەگەر خواستیبێت وەکو خۆی ببینێت، نایبینێت!

## ٣

قسەکانی باوکم لە گوێمدا دەزرینگێنەوە، وەک بۆڵێک زنجیر حەڵقە بە حەڵقەی لێبکەیتەوە ناتەواوم، من نازانم، دۆخی نەفسی

ژنێک کەباوکی لەباتی هەرجارەسەرێکی ئیدیال و هۆشمەندانە یاری بە زمانی دەکات و ڕستەکان لەناواخنی دەمیدا بە ئیقاعێکی شاعیرانە دادەڕێژێت، دەبێت چەنێک تاقەت پڕووکێنبێت، دەبێت چەنێک ئازاردەربێت کاتێک ژنێک لەبەردەم باوکیدا زەلیلانە زامەکانی خۆی دەردەخاو لە جێگای هەر حەلێک شیعرییەتی زمان دەکاتە دیتۆڵ و برینی سەر پێستێکی قاش قاشی پێدەسڕیت؟ پێموایە نایهێنێ لە باوکێکی هێندە گەمژە خۆش بین، پێویستناکات لە شیعریەت و میتافۆڕی زمانی ئەو باوکانە خۆشبین کە سادەترین دڵشکان بە دۆخێکدا دەبەن هیچ ئەزموونێکی بەشەریش نازانێت چارەسەریانبکات. ئەو کاتانەی باوکم قسەی دەکرد و شانامەی بۆ من دەخوێندەوە، ئەوکاتانەی من بە سینگێکی توێتوێوە لە لەهەرچی عەزابی حاڵمدا خنکابووم و باوکم مومارەسەی هۆشمەندی خۆی لەسەر ئەشکەنجەکانی من دەکرد، پێمخۆشبوو بکیشم بە دەمیدا و ئەو یەک دانەی کە بنکرِی دەیان دانی تربوو وەک دواهەمین چارەسەر بخەمە قوڕگییەوە. ئەو چرکەیەی دەیگووت: دەیبینیت، بەڵام نایبینیت و من لە گیانمەوە واوەیلامبوو، ئارەزوومبوو کە دەجێتە تەوالێت و یەک تەشپی گوو دەخاتە ناو سیفۆنەکەوە، داوای مەسینەیەک ئاووم لێبکات وپێی بڵێم: نایهێنم، بەدەستی خۆت بیسڕە بە دیوارەکەدا، بە پەنجەت پاکی بکەرەوە و دواجاریش ئەو پەنجەیەت کە گووی پێوەیە بیبڕە. ئەمزانی باووکم ناتوانێت بیبرێت، چونکە ئەوشتانەی کە لە جیهاندا پیسن و بۆگەنن ئەگەر بیانبڕیت و لە خۆتیان کەیتەوە هەموو ئەم فەلەکەی کە هەیە لەناو دەچێت. دەمزانی باوکم ناتوانێت پیسییەکانی خۆی بە نموونەی هەموو پیسییەکانی جیهان لەناو ببات. هەربۆیە دووکاژێر دوای قسەکانی ئەو، دوای ئەوەی ئەو هەموو چڵمەی ڕژاند و باوەڕی پێهێنام کە من مۆردانم نەبینیبوو، لە سوجێکی ژورەکەمدا بە دیار گۆرانییەکی مەهەستییەوە دەستم دایە تارەکەم و تارمژەنی. زەلیلانە تارم ژەنی ، بە شێوەیەک دەستم بەر وەتەرەکان دەکەوت کە پەنجەم شیتاڵ شیتاڵ خوێنی لێدەچۆڕا، بە خۆمدەگووت: دەنگی ئاوازی تارەکە و دەنگی ئەو وشنانەی مەهەستی بە یەکبین دەیانلێت وەک شلیلەی چنراو تێکەڵاوون. هەستمدەکرد لە هەناوەوە هەلاهەلەم و قوڵپ قوڵپ بۆ ئەو پیاوە گویچکە سورە دەکوڵێم. لە دەروونەوە بڕ بڕ بووم، کۆمەکی من گریانێکی چڕبوو بە هەموو ئەو ئێشانەمەوە کەوا خەریکبوو دەترەکین. دەمگووت: مۆردان من تۆم نەبینیوە؟ یانی باوکم ڕاست دەکات و ئەوەی کە ڕات مووسیم، ئەوەی باوەشت پێداکردم و وەک کرمێکی لینج بە جەستەمدا دەخزایت، وەهمێکی درۆزنانەی من بوو؟ یانی من تۆم لە خەیاڵی خۆمدا بینیوە مۆردانی من؟ دەگریام و دەمگووت: یانی تۆ درۆبوویت؟ یانی تۆ کە دەستت بەرمدەکەوت و وەک فوارە هەموو ئەندامەکانم دەبوو بە ئاو، هەموو کوونەکانم دەکرانەوە و دڵم لە شەقکردنی سینەمدا کارامەبوو، یانی هەموو ئەو دەستکوتینانەی تۆ بە تاریکترین خاڵەکانی پێستمدا درۆ بوو؟ دیسانەوە

بەناو خۆمدا دەکەومە خوارەوە و پەراش پەراش دەبم، دیسانەوە مینای بەیەکدا کیشانی دەیانبەرد، هێڵ بە هێڵی جەستەم هاوارییەتی، خەت بە خەتی پێستم برین دەدەلێنێ و بەشوێن دادێکی بچووکدا نائومێدانە ڕوودەکەمە خودا و چاو لە ئاسمان لە جێی هەرچی ویرد و ڕێوڕەسمی دینییە گۆرانییەکی گووگووش دەڵێم: )تو تنها نیستی، تو تنها نیستی، این همە ستارە مالی تو است.( بەڵام لە پەیوەندیمدا بە گووگووش و گۆرانییەکانییەوە بەجۆرێکی شێواو نائومێدم، بە مانایەک تەنیام، نە گۆرانیی و نە کتێب و نە دێر بە دێری بیرمەندە باشەکانی دونیایش کۆمەک بە من ناکەن. دەمەوێت لە هەموو ئەو شتانەی کە ڕۆژگارێک لەناویاندا ژیام و هی من نەبوون بڕۆمە دەرەوە و ئازاد ئازاد فەوتانی خۆم لەسەر ئەو جادەیە ڕاگەیەنم. وەک خانمێکی لێقەوماو دەرهاتووم، وەک ئینسانێک، وەک عاشقێک کە دوای هەزاران دڵشکان لە ژوورەکەی خۆیدا بریندارە و نازانێت داوای سەبووری و کۆمەک لە کێ بکات. بەڵام من پێویستە وەک ئەوەی خەڵکی بە کۆ دەیلێن و باوەڕیان پێیەتی بۆ باوکم نا، بەڵکو بۆ کەسێک ئەم حیکایەتەی خۆم بگێڕمەوە، کەخودا شاهیدە دواهەمین سەبووری من ئەو دەبێت و نابێت..!!

**۴**

جار و بار ونکردنی کەسێک، یاخوود بینینی کەسێک و گومانی ئەوەی کە نەتبینیوە ئازارێکی توندە، بەڵام هەر ئەوەندە بەسە یەکێک هەبێ و قەف بە قەف گرێکانی دڵتی بۆ بکەیتەوە و پێی بڵێیت: من ئەم دەردە و ئەو دەردەیشم هەیە، من جار و بار ئاوا دەگریم و بەم شێوازەیش غەمگین دەبم، زۆر کەڕەت بەم تەریقەیە دڵتەنگم و بەو ڕەنگەیش تەنهام لە ژوورەکەی خۆمدا. ڕەنگە باسکردنی سەرگوزشتەکانی خۆت بۆ کەسێک هێندەی مانەوەت لەگەڵ خۆت و خۆتدا بازنەیی بێت، واتە هەرچییەک کە دەیلێیت و دەیدرکێنیت هەر دەتباتەوە سەر یەکەم خاڵ و نات باتە جێگایەکی تر، بۆیە ڕەنگە لە مەودایەکی زەمەنیدا دوای ئەوەی نائوومێدتر دەبیت لەخۆتەوە بڵێیت: )نازانم بۆ توێژەکانی ئەم برینەی من خودا کۆنی ناکات.( من دڵنیام سرووشت دونیای وا بینا کردووە لە ناویدا ئازارەکانی ئینسان زۆرن، بەڵام لەدەستدانی کەسێک گەورەترینیانە. هەر بەم هۆیە دوای ئەوەی لە فەلسەفەکانی باوکم نائومێد بووم و ڕێزە ڕێزە دڵم شکا، دوای ئەوەی قیزم لە جڵمەکەی شێوایەوە و پەیمانمدا ئیتر گوێی بۆ نەگرم، چووم بۆلای فەریدی دەروونناس. ئەو کیژەی جێگای باس و خواسی هەموو شارەکەی ئێمەبوو. هەرکەسێک ئازارێکی تار، داخێکی دەروونیی سادە، یان برینێک لە زاکیرەیدا هەبواییە دەچوو تا بیبینێت. هەمووان کێشەکانی خۆیان دانە بە دانە بۆ دەبرد و فەریدی دەروون ناس هەمیشە بۆ زۆرینەیان دەوای کاریگەری هەبوو. منیش وەیلانی دەرمانێک بووم، وەیلانی مەرهەمێک کە ئەشکەنجەکانی مۆردان لەناو کاسەی سەرمدا هێواش بکاتەوە و نەیهێڵیت. ئەو چرکەیەی لە ماڵ هاتمە دەرێ بۆ جەستەی من هەوا گەرم نەبوو، شار بۆنیی نەخۆشی و تاعوونی لێدەهات. بەسەر جادەکاندا لەترم دەدا و هەنگاو بە هەنگاوم خاوو بوو. نازانم بۆ ئازار وا مرۆڤ گێژ دەکات؟ ڕەنگە فاکتەری دەبەنگبوونی مرۆڤ پەیوەندی بەوەوە هەبێت، کە دەرگیری کێشەیەک بوو هەموو خەیاڵی خۆی دەخاتە یەک گۆشەی بچووکەوە و تەنها بەیەک ئاراستە دەبینێت. کۆی گڵۆپەکانی مێشکی خۆی دەباتە ناو ئاسۆیەکەوە کەلە هەزاران تونێل تاریکترە. دواتریش نە چارەسەرێکی دەستگیر دەبێ و نە دەشتوانێت حەلی ئەو دەردانەی بکات لە دەرەنجامی داخرانی ئاوەزەوە بۆی دێنە کایەوە.. من لە دوای بڕینی دەیان کیلۆمەتر

رێگا، بە پێ و بە هەنگاوی لارولەوێر و خاو، کاتژمێر چواری رێک. ڕووبەڕووی فەریدی دەروونناس، وەک باڵندەیەکی نەخۆش دانیشتبووم، دەمویست بم بینێت کەمینای جووجکەیەکی بیمار باڵەکانم لە ئەرزەکە خشاندووە. ئاواتمبوو بێ ئەوەی دەربارەی ڕەگەزی نەخۆشییەکەم قسە بکەم، بێ ئەوەی پێی بڵێم: وەک قیتارێکی پەککەوتە ئیتر جولآن لە گیانما نەماوە تێم بگات. تەماشای چاووم بکات و دەوای دەردەکەمم بۆ بنووسێت، سەیری تەئسیراتی ڕۆژگار لەسەر پێستم بکا و پێم بڵێت لەنگەری تۆ بەم ئاراستەیە پۆزەتیڤە. پێمبڵێت: دەتوانیت دەستبەریتە ناو میشکی خۆتەوە و هەموو ئەو ویستە بەدانەی بەسراوون بە مرۆڤێکەوە ڕاکێشیت و تا هێزت تێدایە فڕێدەیت. دەمووسیت پێش ئەوەی زمانم وەک پارچە گۆشتێکی نا سەرپێچ حەقیقەتی دڵم و دەروونی هیلاکم بە چەند ڕستەیەک بێنێتە دەرەوە، فەریدی دەروونناس قەڵەمێک هەڵبگرێت و دواخاڵی ئەوەم بۆبنووسێت کە دەردەکەم کاری و کۆمپلێکس نییە. بەڵام هەموو پزیشکەکانی ئەم دونیایە کاتێک لەسەر کورسییەک و لە پشتی مێزێکەوە دادەنیشن، ئیتر دەتکەنەوە بەو قوتابییە سەرگەردانەی بە پرسیارەکانیان، بە پرسیارە جەهانمییەکانیان، بەو ڕستانەی بەسراوتەوە بە کتێبەکانی ناو چەکمەجەکانیانەوە بۆمبارانت دەکەن. ئیتر بە پەتیوا پرسیارەکانی خۆیانت بۆ دەچنن کە سادەنەبێت لێیان بچیتە دەرەوە. ئەوەی بۆ هەمیشە لەبیرم ناچێت ئەو پرسیارەبوو کە زۆربەی پزیشکان بە هێزێکی گەورەی زانستییەوە لە نەخۆشەکانی خۆیانی دەکەن و دەپرسن: چی ڕوویداوە؟ پێدەکەنن و پیت دەڵێن لە چی شوێنێکەوە تەندرووستیت بەدە؟ سەرێک بادەدەن و دەیگلمێنن: چی دەردێک ناچاری کابینەکەی ئێمەی کردوویت؟! لە دەرەنجامی ئەم پرسیارانەوە پێویستە تێبگەیت تۆ لێرەیت بۆ ئەوەی لە جێگای هەموو ژیانی پزیشکەکەی خۆت قسە بکەیت، ئەو دەنووسێت و فەرمانی ئەوەی لەسەر تۆیە بۆ وچانێکی کورتیش بێدەنگ نەبیت و خاڵ بە خاڵ و حاڵەت بە حالەتی ئەو کێشانەت باسکەیت کە ڕەنگی تۆیان بە شکڵی لیمۆ زەرد کردووە. من دوای ئەوەی تێگەیشتم ناچارم وەڵامی کۆی پرسیارەکانی فەریدی دەروونناس بە یەک بین و بێپچڕان بدەمەوە، بەشەرمی کێژێکی داغانەوە پرچمم لادا و گووتم: دەردەکەی من دەردێکی جیاوازە دکتۆر، دەردەکەی من لەو چرکەوە دەسپێدەکات کە کوورێکی گوێ سوور دەناسم و ئەو بەهیچ نا، بەڵکو تەنها بەو ڕەنگە سوورەی خۆی دڵی داغانی من وەک سەگ عاشق دەکات. ئەوەی منی هێناوە بۆ ئێرە هێزی ئەو ڕەنگە سوورەیە کەلە گوێچکەیدا بوو، هێزی ئەو قژەلولەی بوو کاتێک خۆر لێدەدا لەناو بنجەکانی سەریدا سێبەرێکی کەوانەیی دروست دەکرد و وەک فسفۆر ئەدرەوشایەوە. عاشقی گەنجێکی ئاوا بووم دکتۆر، ئێستا ئیتر نییە و خەبەرێکم لە برژانگە سوورەکەی نەماوەو دڵنیانیم بینیومە یاخوود نەمبینیوە؟ من مشەوەش و بێچارەم و نازانم ئیتر چیبکەم دکتۆر؟! شەوان وەک بۆقەکان نانووم، هەتا ڕۆژ دەبێتەوە خوا دەیزانێت گارەگارمە و هەموو ئەو ماڵە گەورەیەم بە جەستەی بچکۆلانەم تەنگە.

مسقالێک ڕووناکی ئەو ڕۆژەی ئاسمانی سەرسام کردووە لە ژیانی مندا هیچ ڕۆشن ناکاتەوە دکتۆر، زۆر شەوان بە حاڵی سەدان سۆفیی بیجارەوە دەگریم و نوێژدەکەم و ئایەتی کتێبەکانی خودا دەخوێنمەوە، دۆعا دەکەم دکتۆر، دۆعادەکەم ئەو هێزەی منی خولقاندووە بە باڵی هەزاران فریشتە یان من بەرێت، یان ئەو بێنێت بۆلام. بەڵام خواش دەستی لێشتووم دکتۆر، خواش دەستی لێشتووم...

کاتێک ئەم خاڵانەم باسکردو بە خواستێکی بێ ئەنجامەوە تەواو بووم، ئاگام لەدەستی بوو لەسەر کاغەزێک چەند دێڕێکی نووسی و خستییە چەکمەجەکەیەوە. بەڵام ئایا خستییە چەکمەجەکەیەوە، یاخوود لە ڕاکێشەی مێزەکەیدا داینا و بە نیشانەیەک تێیگەیاندم کە من پێویستە لەسەر ئەو ماجەرایەی باسمکردبوو بەردەوام بم؟ بیرم بێت زیاتر لەوەی دەردەدارێک بۆ دەرمانیکردنی خۆی دەگەڕێت ئامانجێکم لە گێڕانەوەی حاڵی خۆمدا نەبوو، بەڵام ئیتر بۆ ئەوەی لە ئاسایشی دەروونی قووڵدا بیت پێویستە کۆی فەرمانەکانی پزیشکەکەت بە ستایشەوە قبووڵ بێت و گووتم: ئاخر دکتۆر ئاڵۆزە من ئابەم ستایلە زمانییەوە دەست بە گێڕانەوە بکەم، یانی من کەسێکم، من بۆقێکم، یانی دکتۆر من بەچکە کۆترێکم کە ناتوانێت حیکایەت خوانێکی



باشـبێت، لەبەر ئەوە تا دواهەمین بڕگەی ئەو چیرۆکەی کە ڕوداوێکی ڕۆژانەیی منە و پێدەچێت بۆ ئێوە بە تەنیا خەیاڵ بێت، مەموەسـتێنە و تکادەکەم لە گوێگرتنتاندا لەگەڵ نەخۆشـێکی وەک من میهرەبانبن. دوای ئەوەی دیسـان هەموو هۆشـم چوویەوە سەر ئەو کاغەزە سـپییەی مینای خامێکی تابووتی بەردەوام دەستی لەسەری بوو، چاوێکی داگرت و بۆ هێنانەوەی هۆشی ڕۆشتووم دووبارەی کردەوە کە بەردەوامبم و منیش ئیتر وەک حیکایەت خوانێکی بێ ئەزموون، کە خۆی کاراکتەری سەرەکی خۆیەتی و ناشیانە باسی هەموو شتێک دەکات، دەستم پێکرد. بەڵام سەرەتا دوودڵبووم کە دەبێت چۆناهی حەیاکەتی ژیانی خۆم بۆ دەروون ناسـێک بگێڕمەوە کە قسـەناکات و بەردەوام دەنووسـێت. بەڵام دواتر تێگەیەشتم زۆرینەی دەروونناسـەکانی دونیـا بۆ ئەوەی گرێیەکی بەسـراو لە مێشکی نەخۆشەکانیاندا بکەنەوە ناچاری دەکەن کە قسەبکات و هەرچی ژەهری ناو دڵیانە بە یەک تەکان لە زمانەوە بێننە دەرێ.



**٥**

کاتژمێـر ببـووە چوار و سـی دەقیقە، بـۆ ئەوەی ڕاوێییەکـی باشـبم لـە یەکەمیـن ئـەو چرکانەوە دەسـتمپێکرد کە مۆردانی بە هەموو وجوودما کیشابوو. گووتـم دکتـۆر من کیژی پیاوێکی خوێنـەوارم، لەماڵەکەماندا بـە دەیان ڕەفەی دوور و درێژ کتێب هەیە و باوکم لە عەقڵی ناو کتێبەکانییەوە دەیوویست لە کەسێکی وەک من ئینسانێکی دونیا دییدە و هەمە چەشـنە درووسـت بکات. سەرەتا خواستیبوو ببم بە نووسـەرێکی باش، ئەرەزووی بوو هەموو ئەو ڕێچکانەی نووسـین کە خۆی تێیدا شکسـتی هێنابوو بە من ئەزمـوون بکاتەوە و من ناچارانە دەبوو بیان نووسـم، بەڵام من لەو منداڵانەی باوکێک نەبووم کە هەموو خەونەکانی دووبارە بـۆ دەخولقێنێتەوە و دەتوانێت جێگای شـانازیی فامیلەکەی خۆی بێت. من کیژێکی جـوان بەڵام بێ مەوهیبە و تایبەتمەندیـی داوازۆرەکانی باوکم بووم. واتە هەمـوو ئەو کتێبانەی کەباوکم بۆی دەهێنام و هەموو ئەو دەفتەرانەیشـی بە نووسینی خراپ پڕم دەکردنەوە زۆر زوو بەڵگەبوون بۆ ئەوەی من سـەر و کارم لەگەڵ جیهانە خەیاڵییەکەی باوکی خۆمـدا نییە. بۆیـە باووکم دوای نائوومێدییەکی تار لە مـن و لەو ڕەنجانەی لەگـەڵ من دەیکیشـا، دوای ئەوەی باوەڕی هێنابوو کـە من توانام نییە بە تەنیا خاڵێکیش لە ویسـتە فیکرییەکانی بەجێبگەیەنم. شەوێک لە شەوان پێیگووتم: تۆ دەبێت لە ئێستاوە ژیانت بگۆڕیت. بـەڵام هەرگیز لەوە تێنەگەیشتبووم کە دەبێت ژیانت بگۆڕیت پەیوەندی بە چی ئەگەرێکی ئامانجدارانەوە هەیە. لەبـەر ئەوەی کە زۆرجار بێدەنگ بووم، زۆرجار لە ئامۆژگارییە دەمدرێژەکانی باوکمدا قسـەم نەبوو، باوکم بێ ئەوەی پێشـنیارم باتـێ و جاوەڕوانی هەڵبژاردنی من بـکات ڕۆژێک لەگەڵ خۆی بردمی و بە یانەیەکی وەرزشـی ناساندم و گووتی پێویستە تۆ لێرەوە بچیتـە ناو جیهانەوە. بەڵام من ئارەزووم نەبوو بچمـە جیهانەوە، من پێم وابوو وەک مرۆڤێکی تەعادا لێکراو سـەر بە هیچ جێگایەکـی دونیا نیم و غەریبی خۆم لە جێ بە جێی شـارەکەی خۆماندا دەپێوا. هەست کردنم بە شپرزەیی و تێک چوونی خۆم لە دەروونەوە خەریک بوو دەیخنکاندم و خراپترین گوناهیشمم ئەوەبوو کاتێک باوکم بۆ ئەو یانەییە دەیبردم قسەم نەدەکرد. جەنابی دکتۆر خودا بەو سەرەوە شاهیدی منـە کە کچێکی تەواو بێدەنگ بووم و باوکم بیکردمایە بە هەرشـتێک دەبووم. بەڵام ئیتر بێدەنگی برێک جار ئەم جۆرەئازارەیشـی هەیە.ئەو دەمژمێرەی چووینە

یانەکەوە، بۆ یەکەمین و دواهەمین جار پیاوێکی سوورم لەوێ بینی کە لەو کەسانەبوو حەز دەکەی میزیان پێدا بکەیت، لوتی باریک و قژی لوول و زبر، بە لەونی پووش تووکی تەنک و زەرد بە بازووەکانییەوە وای لێدەکردیت ئارەزووی ئەوەی ترۆزییەک بخەیتە قوونییەوە لە خەیاڵت نەیەتە دەرەوە. یان لەو پیاوانەبوو، کاتێک بە ئەدەبەوە سڵاوت لێدەکات تۆ پێت خۆشە بکێشیت بە دەمیدا. بەڵام کێشەکەم هەر ئەوەبوو دکتۆر، سوێند بە ئارامیی ئەو خودایە دەخۆم کە خەڵکی زۆر کەم لە دونیادا دەیپەرستن، ئەگەر حەزم لەوە نەکردایە کاتێک کە ئەو پیاوەم بینی یەک مەتر زمانم بهێنمە دەرەوە و جرتێکی مەردانەی بۆلێبدەم بەم حاڵەوە نەدەهاتم بۆلات. بەڵام ئیتر بۆ ئەوەی بەملاولادا نەچم ولەسەر گێڕانەوەکەی خۆم بەردەوامبم، کە ئێمە چووینە یانەکەوە و ڕووبەڕووی ئەو پیاوە گوێچکە سوورە وەستاین. باوکم بۆیەکەم جار ناوی ئەو قرمزەی هێنا و گووتی : «مۆردان» ئەم کچەی خۆمم بۆ هێناویت، کاتێک ئەم کچەم بۆ هێناوویت بە مەبەستی ئەوە بۆم هێناویت کە بیکەیت بە خانمێکی حیسابی. مەبەستی باوکم لەم قسەیە ئەوە بوو کە مۆردان بمکاتە گەڕیدەیەک، بمکاتە ڤاگابۆندێکێکی حیسابی تا تەواوی تەمەنی خۆم بەشوێن کونێک و دوو کوون و سێ کوندا ڕابکەم. کەباوکم وایگووت و ئیتر ڕۆشت ، من لە هەناوەوە هەستم بە چۆڵییەکی سەیر دەکرد، چۆڵاییەک لەو چۆڵاییانەبوو کاتێک دەکەویتە ناویانەوە حەز دەکەی وەک یوسف لەناو بیرەکەیدا خوا لە یادت نەکات. بەڵام لەو بۆشاییەدا من نەیوسف بووم و نە توانیشم نیگام لەسەر ئەو هەنگاوانە لابەرم کەباوکم وەک ڕیزێک نەفرەتی ڕەش و تار لە دوای خۆیەوە دەڕۆشت و دانە دانە بۆ من بە جێی دەهیشت.

## ٦

جەند ساتێک دوای ڕۆشتنی باوکم و دانانی من لەگەڵ پیاوێکی لووت سووردا، دوای ئەوەی دڵنیابووم کە ئەم ئوستازە تازەیە پیشەوەرێکی کارامەیە و لە وەرزشی گۆلفدا خاوەنی بەهای خۆیەتی، لەسەر کوورسییەک و ڕووبەڕووی ئەو پیاوەسینگ سوورە چاووم وەک دوو هەڵمات بە هەموو شکڵیدا غلۆر دەکردەوە، سەرەتا سەرنجی پێستیم دا و دواتر هێڵێکی باریک و بازنەیی کە لە تۆپێکی بێ ئامانج و فرێدراو دەچوو لە تەنیشت گوێیەوە منی مەیاند، بۆ ئەوەی وەک قوتابییەکی سەرەتایی لە وەرزشی گۆڵفدا دڵنیابم کە ڕۆژەکانی مانەوە و فێربوونم لەم یانەیە چەند ساڵ دەخایەنێت، بە گوومانێکەوە چاووم لە خۆی لادا و لەو کاتەدا سەیری کۆمەڵێک وێنەی چوارچێوەدارم دەکرد کە لە خوارەوەی کاتژمێرێکی کەوانییەوە هەڵواسرابوون گووتم: لە مێژە باووکم باسی ئەم یانەیەی ئێوە دەکات بەڕێز مۆردان، جگە لەوەی باووکم دەربارەی یانەکەی ئێوە قسەی زۆر و زانیاری وردی بە من داوە، لەوەیش ئاگادارم کە ئەم خانە وەرزشیەی ئێوە و ئەو کۆمەڵە ڕاهێنانەیش بە ریزی درێژ لەگەڵ قوتابیاندا ئەنجامی دەدەن کاریگەرە.. چاوم بە پڕی گواستەوە بۆ سەر ناوچاوانی و بەردەوامبوم: بۆیە فێرخوازێکی وەک من بەڕێز مۆردان.. فێرخوازێکی وەک من دەتوانێت چەند ساڵ لە عومری خۆی بخاتە ناو ئەم یانەیەوە بۆ ئەوەی ببێتە گۆڵفەوانێکی باش؟! پرسیارەکەم سادەبوو، بەڵام بۆ وەڵامێکی دەستبەجێ و ڕازیکەر ئەزموونێکی زۆری دەویست، سەلیقەی پەرسیفدانەوەی پرسیارێکی ئاوا بنەڕەتی بۆ ئاستی پیشەیی مۆردان قەرارنەبوو لەنگ بێت، بەڵام ئیتر مۆردان سەرێکی لەقاند و لەو ساتەدا دەستی چەپی بە کاغەزەکانی بەردەمیدا دەکیشا بێباکانە گووتی: چەندساڵێک دەبات خانمی نیلۆفەر چەندساڵێک دەبات و ئیتر تەواو. لە بناو بنی ئەم ڕستەیەدا ئاوڕی دایەوە و لایەکی گوێجکەی بۆ من و دیدگای نێگەتیڤم ئاشکرا کرد، بە وێنەیەک خاڵە ورد و ڕەشەکانی ژێر گەردن و چەنەی وەک ڕەشکەی سەر نانێکی برژاو دەنک دەنک بووبوون.. دەمێک لەسەر ئەو نوکتانەی خودا کەلەسەر پێیستی ئەو پیاوە نوسیبووی من وەستام و لە دڵەوە گووتم: بەندە وەک هەمیشە ئەرخەیاننیم، ئەرخەیان نیم لەوەی بە ژمارە ئەو چەندساڵەی کە ئەو دەیڵێت دەکاتە چەند ڕۆژ و چەند مانگ و «چەند» وەرزی بەدوای یەکدا هاتوو، دەکاتە «چەند» جار هاتنم بۆ ئێرە و گەڕانەوەم بەسەر هەموو جادەکاندا بۆ ماڵەوە، دەکاتە دڕان و کڕینەوەی «چەند» جووت کەوش، مساوییە بە «چەند» باڵی لەماع و چەند شۆرتی تەسک و ڕەش لەژێر تەنوورەکەمەوە. خەیاڵم لێوانی ئەو «چەند» ساڵەی ئەو بوو، بە دەروونی کیژێکی سادەوە بیرم لەو «چەندە» ی مۆردان دەکردەوە و شەقاو بە شەقاووم بەرەو نوسراوێکی سەردیوارە پیازییەکە منیان دەبرد، لە هەنگاوەکانمدا ڕا ڕا بووم، دووجارێک واستام و دودڵبووم بێمەوە بۆ لای مۆردان وپرسیاری قوڵتری لێبکەم، یاخود بەرەو نوسراوەکە بڕۆم و ئیتر نەیەمەوە، لەڕاستیدا ئەم دودڵییە چەند چرکەیەکی نەخایاند، هەر هێندەبوو پاشەو پیش قاچێکم دانا و وەستام و دووبارە دەستم پێکردەوە و بەرەو دیوارە پیازییەکە ڕۆیشتم. بڕیارم دابوو ڕستەکانی ناو ئەو کاغەزە بخوێنمەوە کە بەسەر دیوارەکەوە ئازادانە تەماشای دەرونیان دەکردم، ، لێم وردەبوونەوە و بە هەزاران هەزار دەنگی ناوەوەیان بانگی ژنێتی منیان داکرد. بە تەلیسمێکی عاشقانەوە چاویان لە چاومدا جێگری دەکرد و بانگیان دەکردم و من دەچووم. بە هەنگاوی لار، بە هەنگاوی ناتەواو، بە هەنگاوی خاو و لاپڕەنگ دەجولام و دەچووم. بەڵام ئەوەی کە دەیزانم تا ڕووبەڕوو بوونەوەم لەگەڵ ئەو خەتانەدا کەلەسەر کاغەزەکە بەناو دڵی نوسراوە مێژوویەکەدا هاتبوون باوەڕم لەسەر ئەوەی تێکستێک بانگی ئێمەدەکا و بە دەنگی بەرز هاواری جاویدی هەیە باوەڕێکی سادە و ناکامڵ بوو، بەڵام دواتر کە چەند هەنگاوێک بەخاوی منیان لەو نوسراوە نزیکتر کردەوە، شکم لەو ڕاستییە نەما کە هەر نوسراوێک بۆ ئەوەی ببێتە نوسین دەبێت کۆی ئەو سەدا و دەنگانەی هەیەتی لە ناوەوەی ئێمەدا دایبنێ و بەو جۆرەیش قورسایی خۆی لەسەر ئێمە دانێت. سەرەتای نوسراوەکە باسی ژیانی گۆڵفەوانێکی لە مێژوودا دەکرد، وەک هەموو نوسراوە مێژووییەکانی سەر دیوارێک لە ناو یانەیەکدا دەسپێکەکەی دەسپێکێکی قارەمانساز بوو بۆ خوێنەرانی خۆی، بە مانایەک خەیاڵی دەگرتی خولیات بوو هەر ئێستا ببیتە گۆڵفەوانێکی باش، کارێک بکەیت هەرشارێک لە هەر هەرێمێکدا ناوێکی تۆ بەسەر جادەکانییەوە وەک هەتاو بدرەوشێتەوە. لە دوای خوندنەوەی یەکەمین ڕستە و یەکەمین دیڕەوە داخڵی ڕوداوەکان بووم، داخڵی ئەندیشەی ئەو پیاوەی ئەرکی ئەوە بوو بەشێک لە جیهان بیناسێت، مێژووەکە گێڕانەوەیەک بوو لەسەر ژیانی وەرزشی «باتیست شاپلێن» ئەو گۆڵفەوانە منداڵ و کارامە و بێ غروورەی کە لە «چەند ساڵێکدا»

چوارسیرکوی لەسەر یەکی گۆڵفی ئەوروپا دەباتەوە، وەک هەموو عاشقەکانی گۆلف پیش ئەوەی نوسینەکە بخوێنمەوە بەرواری لەدایک بوونی کەمەندکیشی کردم، مانگی حەوتی هەزار و نۆسەد و هەشتاو حەوت ئەو کورە عاشقە لە دایکێکی سادە هاتۆتە دونیاوە. مانگی یەکی هەزار و نۆسەد و هەشتاو حەوت تا هەنووکە ئەو کورە بیست و چەند سالێکە و لە رێگەی دارەکەی دەستییەوە و دوو تۆپی بچووک و چەند کونێکی تاریک لەسەر چیمەنەکە توانای ئەوەی بە دونیا بەخشیوە کە وەک گۆڵفەوانێکی پیشەیی و بەناوبانگ بیناسن. من ئێستا ئەووم نە ناسیبوو، دەمویست بەژێر ڕوناکی ئەو گڵۆپە ئاڵتوونییەدا کە تیشکەکەی ڕوو بە ڕوو دەیدا لە چاوم زیاتر بیناسم و گووتم مۆردان «باتیست شاپڵێن» کێیە؟ هەستدەکەم چاوی ئەو کورەم خۆش دەوێت، هەست دەکەم دەستی لەو دەستانە دەچێت کە فیشەک بنێت بە خاڵێکی وردی چەند کیلۆمەتر دوورەوە دەتوانێت بیپێکێت. مۆردان بە ئاستەم پێکە نیی و بزەی سادەی سەر لێوەکانی لە هەنجیرێکی تەقیو دەچوو. کاتێک لێمهاتە پیشەوە و ئەو تۆزە تەنکەی لە سەر شوشەی وێنەکە وەستابوو بە لەپی دەستی چەپی سڕی، سەرێکی بەرەومن وەرسوڕاند و گووتی: «شاپلێن تۆیت خانمی ئازیزی یانەکەمان، «شاپڵێن: تۆیت. تۆ دەتوانیت لەم یانە وەرزشییەی ئێمەدا لە «باتیست شاپڵێن» باشتر برۆیتە جیهانەوە. بەڵام دواتر زانیم ئەم قسەیەی مۆردان زیاتر لە پیاهەڵدان، زیاتر لە پاڵنەرێک بۆ نیشاندانی ئارەزووی گەنجی خۆی هەمبەر بە من شتێکی تر نییە. بۆ ئەوەی تێگەیشتنی خۆم لەسەر ئەو دەستوورەی ئەوپیاوە لەگەڵ مندا کاری لەسەر دەکرد بەهەڵەدا بەرم نینۆکم خوراند و دەبانگانە گووتم: بەڵام بەرێز مۆردان کیژێکی وەکوو من ناتوانێت لە ئێستاوە «باتیست شاپلێنی» پێبلێن، من هەنووکە لە فەترەیەکی ئەزموونیدام و خۆبەخۆش داواتان لێدەکەم بە چەند ساڵ دەتوانم سەرەتای ئەم دەبەنگییەی خۆم لە یانەکەتاندا تێپەڕێنم،؟ کە ئەم دوارستەیەم وەک فیشەکێک چرکاند، ئەو تفێکی قووتدا و دوای ئەوەی مینای پڵنگێک دەمی لە لاکێکی تۆپیو کیشاندبێتەوە چاوی بەرەو سیمای دەردەدارم هەڵدا.. هەمان ئەو ڕستەیەی کە گووتبووی چەند سالێکی نادیار دەخایەنێت وەک نەشتەر نایە جگەرمەوە. حەزم دەکرد مۆردان بیگوتابا سێ ساڵ، دوو ساڵ و نۆ مانگ و پانزە ڕۆژ، یان لانیکەم بیگوتابا دەساڵ و دووسەد و هەشتا ڕۆژ. بەڵام ئەو منی لە نهێنییەکدا هیشتبووەوە بۆ ئەوەی بزانیت دەبوو ئەم حیکایەت و ئەم چیرۆکە نەژیت، هاوکات من ئەم حیکایەتە و ئەم چیرۆکە ژیام،، بە هۆڵەکەدا وەک قربۆقێکی خوا لەم سەرەوە دە جوومەوە ئەو سەر، لە گۆشایەکەدا دەمڕوانی و بۆ ئەوەی زیاتر ئاشنای من بێت دەمگووت: مۆردان یاری گۆڵف لە چی دەچێت؟ تەماشای کونەکانی گوێچکەییم دەکرد و دەمگووت: ئەو کاتەی تۆپێکی بچکۆلە دەخەیتە کونێکی بچکۆلەوە لەناو ئەو کونەدا ڕێژەی بەختەوەری گۆڵفەوانێک چەندە؟ تەنوورەکەم لە جوڵەی هەر هەنگاوێکمدا شەپۆلی کەوانەیی دەدا، بە جۆرێک تووکە زەردەکانی سەر ڕانم دەردەکەوت و دەمگووت: ئەو چرکەیەی کلۆبەکەت وەک ئەژدیهایەک بەدەستەوەیە و بە تەواوی یاریگاکەتدا بە شوێن تۆپێکی سپییدا خۆت ئاوارە دەکەیت، دەتوانیت عاشقی ئەو کونە هیچ و پوچەی سەر ئەرزەکە نەبیت؟ ها مۆردان، دەتوانیت عاشقی ئەو کونە هیچ و پوچەی سەر زەوییەکە نەبیت؟ بەڵام لە هەموو ئەم پرسیارانەدا مۆردان بێ ئاگا و مەستانە چاوی لەسەر هەنگاوەکان و ڕانم بوو، جار بەجار دەیگواستنەوە سەر قژم و کە سەرم بۆ دواوە هەڵدەتەکاند ئاگام لێبوو هەر پێلوویەکی ئەو لەگەڵ هەڵتەکاندنی پرچەکانی مندا هەڵدەتەکی. بۆ چەند ساتێک ئەو پرسیارانە منیان بە هۆڵەکەدا دەگێرا و چاوی مۆردان لە ناخی ناخەوە عەزابییدەدام، هەرچۆنێک دەنگم بهاتایە، هەرچۆنێک شەپۆل بکەوتایەتە تەنوورەکەمەوە و چەندێک لەهەر وێنەیەکی قەدی دیوارەکان بچوبامایە پیش، مۆردان هەر ئاگای لە گیانم بوو، دواتر بۆ ئەوەی هۆشی بهێنمەوە بە سێ هەنگا و چومەئاستی و گووتم: هۆڵەکەتان گەرمە بەرێز مۆردان، من پێویستم بەوە هەیە هەوای فێنک لێمبا و بۆ ساتێکی بچووک ئەم شوێنە بگۆرین. بەڵام ئەم ڕستەیەی دوایی دەردەکەی منی قووڵ کردەوە، دەستبەجێ لەوە دڵنیابووم گووتنی وەها ڕستەیەک و هەڵبڕینی چاووم ڕووە و مۆردان لە بەخت و شەنسی مندا نەبوو، کاتێک لە زمانم ئەو چەند حەرفە وەک کۆترێکی ئاسمان نەناس ترازان و هاتنە دەرێ، مێشێکی بچکۆلانەی تاریک لە ئاستێک لە ئاستەکانی هۆڵەکەوە بە گوژمی بیست و پێنج کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا چەقی بە ناو گلێنەمدا و سیانزە دڵۆپ ئاوی خڕ و قەوی لە شێوەی سیانزە تۆپی گۆڵفدا تکانە سەر گۆنا و سەر چەناگە و قەمیسە پەمەیی و سینەڕووتەکەم و کەوتن. کەوتنی ئەو دڵۆپە قورسانەی سەر گلێنەکانم بۆ خوارەوە سەرەتای ڕوداوێکی نوێبوو، دەسپێکی سەربەسەری من و کەسێکی گوێ سووربوو کەوای دەبینێت دەگریت و ناشگریت، لێت دێتە پیشەوە و بێ ئەوەی هیچ بڵێت، بە لاتەنیشتی پەنجەی شایەتیدان سوورێک لەو ئاوە شلەی گۆنات دێنێتە خوارەوە و مەردانە دەیسڕێت. سڕینی ئەو تەڕایەی لە چینی خوارەوەی قڵیشی چاوتدایە بۆ پیاوێک مینای مۆردانبێت، سەرەتای چیرۆکێک و ڕوداوێک و حیکایەتێکی سووری وەک خۆیەتی. هەر بۆیە تا ئێستاش من لەو پەنجانە تێنەگەیشتم کە لەدوای پرسیارێکی سادە و لە دوای چەقینی مێشێک بە چاومدا و دەرەنجامی کەوتنی سیانزە دڵۆپە ئاو بۆسەر کراسەکەم هاتن و وەک تیپێک یاریزانی ماندوو یەک بە یەک بەشوێن ئەو تۆپانەدا ڕایاندەکرد کە مێشەکە شەقی تێهەڵدابوون. هێندەی ئاگاملێبێت پێنج پەنجە وەک پێنج گۆڵفەوانی ماندوو بەسەر گۆنای بچکۆلەی مندا ئاوارەبوون، گێژ گێژ دەهاتن و دەچوون و بێسرەوت دەگەڕان. من نەم دەزانی ئەو پیاوە مل سوورە، ئەو گۆڵفەوانە ئازیزە دەیەوێت چیبکا و من نا هۆ شیارانە بە بازوی باریک و ئێسکاویم دەستیم لەسەر گۆنای ترساوم جوڵاند و سەرسەختانەیش مەچەکیی لەو مەچەکە ئەستوورانەی برێک لە پیاوانبوو کە بە ئاسانیی لەسەر سیمام لانەدەچوو. دەمویست دەستی لەسەر چاوم وەک مێخی جەقێنراو ڕیشەکێشکەم و بۆشم ڕیشەکیش نەدەکرا. دەمویست پەنجەکانی وەک پەنجەی پیانۆژەنەکان دوای ئەوەی بە برژانگەکانم هەزاران ئاوازی غەمگین درووستدەکەن لاچن و ئیتر لانەدەچوون. پەنجەکانی هاتن، جەنابی دەروونناس، بە شەبەنگەکانی خودا لەسەر ئەم زەوییە سوێند بێت بە جۆرێک بە سەر پیستما ئازار و چێژیان درووست دەکرد، لە دەروونەوە وەک وشکە کەڵەکێک لەناو گوندێکدا دەکەووتم، شل شل بە خۆمدا دەڕووخام، جەنابی دەروونناس، شل شل وەک هەنگوینی هەتاوی تکەم دەکرد.

پەنجەکانی شارەزا و بە کۆمەڵێک زانستی وردەوە ئەو جێگایانەی جەستەمیان تامدەکرد کە هیچ پیاوێکی سەر ئەم ئەستێرەیە تامی نەکردبوو، بێباک لە هەرچی ئەو مەرجانەی کەسێک کەسێک ناناسێت و دەیانکاتە سنووری خۆی، ئەو پیاوە خەتی خۆی دەبەزاند. دەهاتە گیانمەوە، نەوازشی ئەو تکە ئاوانەی دەکرد کە لە شەرم و لە تورەیی و لە چێژ و لە تەوەزەلی خۆمدا تەکانیاندەدا و دەخلیسکان. هەر کە پەنجەکانی لە شوێنێکی گیانمدا لەزەتی پیاوانەی خۆیان کەمڵ دەکرد، بێ دوو دڵی دەیخزاندن و دەیگواستنەوە سەر بەشێکی نادیارتری جەستەم، دەیخستنە ئەو شوێنانەمەوە کەخودا لەهەر بەشەرێکدا دەیخولقێنێت تاسزای مرۆڤی پێبدات. پانزە چرکە تێپەری و بۆ هەوەسی دەبەنگم ساڵێک بوو، پانزە چرکەی تریش تازەدەبوویەوە و بۆ من ئیتر دەبوو بە تەمەنێک، من یەک تەمەن لەگەڵ مۆردانادا بووم خانمی دەروونناس، یەک عومر لەگەڵ ئەو پیاوەدا ئەزموونی جەستەم تاقیدەکردەوە. بەڵام هەرگیز دادڵدەم نەدا کچێنی خۆم لەسەر مێزی شەهوەتەکانی دابنێم و پارچە پارچەی بکات. دەنگی زبر و قەبەی کە لە گوێمدا جێگەی نەدەبووەوە بۆ ئەو پارچە «گۆشتەی» من دەینالاند. دەیگووت نیلۆفەر هۆشمەندترین گۆلفەوان ئەوەیە لە جەستەی خۆیەوە کوون بۆ تۆپە بچکۆلەکان بکاتەوە. دەی تۆش کونێک بۆ تۆپەکانی من بکەرەوە. من منداڵانە دەمنووزاند، سەرم بە بازنەیی سوور بە سوورِ دەجوولا و لە حەزمەتدا دەمگووت : تۆ ڕاستناکەی مۆردان، گۆلفەوان ئەوەیە لە دەرەوەی ساحەکەی خۆی دۆلانەکانی بپێکێت. بۆ ئەوەی هەر پاڵەوانێک بە قیمەتەوە بیباتەوە پێویستە یاریگاکەی دوور بێت. قسەکانم ڕاست بوون، بەڵام بۆ مۆردانێک کە دەیوویست بەو خەونە سوورەوە فریوومبات، هیچیان نەدەگەیاند، مۆردان وەک باوکم نەیدەزانی شەهووەت دەبەنگی کردبوو، کەر و کوێر خۆی پێدا دەکیشام، دەیویست گشت داشەکانی خۆی لەسەر جەستەی من بجووڵێنێت، ئەتووت شەترەنج دەکات خانمی دەرووسنناس، کە پیلانێکی شکستی دەهێنا و خانەیەک دەیگەڕاندەوە بۆ دواوە، هێرشێکی تری ساز و ئامادەبوو، جارێک بە پەنجە و جارێک بە دەم و دواهەمین جاری بە زمان، دەیویست ئەو پاسەوانەی ئاڵاکەمی بەرز کردۆتەوە بیخات. بەڵام پاسەوانەکەی من خوا لە ئامانجی ئەو پیاوە دەیپاراست. دەمزانی خوا من دەپارێزێت، هەموو ئەو چێژەی دەمبینی لە شەرمی میهرەبانی خودا و بە خولیای واز هێنانی مامۆستاکەمەوە دەمکرد بە گریان و دەمهێنایە دەرێ. بۆ کاتێکی درێژ گریام. قووڵ قووڵ و لە بێخی بێخەوە گریام.

دەگریام بۆ ئەوەی ئەو پیاوە بەردەوام بێت و لە هەمانکاتدا بەردەوامیش نەبێت، دەستم لێبات و بمجوڵێنێت و وەک کۆترێک بمخات، نەمخات و دەستم لێنەیات و نەمجولێنێت. هەموومان واین خانمی دەرووسنناس، هەموو فریودان و هەموو حیللەی مێینەکان لەو هات و هاوارەدایە کە دەیکەن، لەو دڵەیاندایە کە ناشکێت و دەڵێن شکا، لەو گریانەدایە کە وەک غەمگینێنیەک دەیخەنە سینگی پیاوەوە و ئەگەر تەماشاکەیت هەر بەو گریانەیان ئەو پیاوە دەکەنە گاڵتەجارِ. دوای ئەوەی مۆردان بینی گریام، بەویقارێکی زامارەوە لەجەستەی من کشایەوە، کشانەوەی مۆردان لە کشانەوەی گورگێک دەچوو کە نێچیرەکەی لە ژێر چنگاڵەکانیدا هەڵهاتووە.. ئەو ئیتر ڕۆشت و پشتی تێکردم و نیهایەت بۆ هەتا هەتایە دیار نەما.. لە دەرگاکەوە چوویە دەرێ.. بەڵام تۆ بڵێ لە پەنجەرەکەوە ئاو دیوو بووە، لە سەقفەکەوە ڕۆشت، تۆ بڵێ لە دیوارەکەوە وەکو ڕۆح بێ پسان لە جەرگەی یانەکەیەوە خرووجی کرد.

من بیرم نایەت کاتژمێر چەند بوو، بەڵام بیرم دێت بۆ ماوەی سەدان خولەک لە شوێنی خۆمدا مابوومەوە و جگە لە نووزە نوزی کچانەی خۆم بۆ حەرفێک زمان لە زارما نەدەجوولا، ئەمویست بە شێوەیەک بگریم کە غەمگینیم بژنەوێت و لە دیوارەکەوە بە ژوور کەوێت، لە ئامێزم بگرێ و پێم بلێت من پیاوە گوێ سورە هەتایی و دڵ شەقارەکەی تۆم.. بەڵام ئەو وەکو خۆری بێ کەڵک لە هەیاهووی من ئاوابوو. ئەو فەنابوو خانمی دەروونناس، لایەزاڵ چەشنی مرۆڤێک شاهیدی ڕوداوێک بێت لەناو تەپوو تۆزدا من بە تەنیا تەواوی ئەو چوونە دەرەوەیەم بۆ تەفیسرنابێت. بەڵام کۆمەکی تۆم دەوێ و ئەم جوملەیەم بۆ تەواو کە..ئەم ڕاڕاییەم ڕاست کەرەوە، ئەم بەردە لە گورچیلەمدا دەربهێنە. تۆ سەیرمکە ئەوەی بەم عومرەوە دەیزانم ئەم دیرە جوانەیە و لە سەر دیواری ئوتوبوسێک لە سەفەرێکداخوێندمەوە؛) مرۆڤەکان لە دوو باروو دۆخدا بۆ هەتاییە لە ژینگەی خۆیان ڕادەکەن، یان لە کاتی گوناهباربوونێکی بێجارەدا کە هەموو ڕێگایەک دەگرنە بەر بۆ ئەوەی فەقەد پاک ببنەوە، یان لە کاتی دڵشکان و نائومێدیی و ترسی خەست و چڕدا.( من هەنووکە لای تۆم، تواشای پرچی ژاکاومکە، تواشای لێوی قڵیشاوم بکە کە سەراپای ئاهە. تۆ وەک کیژێکی زانستی پێم بڵێ ئەو پیاوەم بینیوە؟ من بەقەد یەک کێوی گەورە ئەم پرسیارە نەعلەتییە لەسەر گیانم قورسە..پێم بڵێ ئەو کە ڕۆشت گوناهبار بوو، یاخود نائومێد بوو؟ دڵی شکا، یاخود عەشق ئیجباریکرد هەڵێت. پێم بڵێ ئایا ئەو هاتەوە؟ ئایا ئەو دێتەوە.. ئەزانم بێدەنگیم لێدەکەیت و بە قەولی داشماڵەکە کش.. مات.. یارییەکە لە هیچ حاڵێکدا ئاوا تەواو نابێت.. خانمی دەروونناس، خانمی دەرووناس.. تۆ ئێستە ئیجباریت بم بینیت.. ئایا من دەبینیت؟ خانم.. ئایا من دەبینرێم؟
ئا یا هەم... خانم؟ هەم؟
ئایا... من.....
ئەلوو؟....... ـ



تا نیوەڕۆ گشتیان تەزین
لە دووریی تۆ من نامەم نارد
ناوەڕۆکی نامەی خەم و پەژارە بوو
زۆر لە مێژە چاوەڕوانم
نامەکەی تۆ زۆر درەنگ کەوت
شێعر: دڵدار شەکۆ
مووزیک: ڕەشۆ

Heta li nîvro teyisîn
Dûrî te min şiyand nema
Naveroka kul û xema
Ji mêjê ye bendewar im
Nameya te gelkî vema
Helbest: Dildar Şeko
Muzîk: Reşo

## 8. SERÊ MALAN DAREK LÊ

لە سەرووی ماڵانەوە دارێکی لێیە
لە خوارووی ماڵانەوە دارێکی لێیە
لە هەر ماڵێکدا یارێکی لێیە
لە هەر خانوویەکدا یارێکی لێیە
لە سەری یاردا شارێکی لێیە
لە سەری یاردا شارێکی لێیە
لە سەرووی ماڵانەوە گوێزێکی لێیە
لە خوارووی ماڵانەوە گوێزێکی لێیە
لە هەر ماڵێکدا کچێکی لێیە
لە هەر خانوویەکدا کچێکی لێیە
سەری کچەکە زێڕێکی پێوەیە
سەری کچەکە زێڕێکی پێوەیە
لە سەرووی ماڵانەوە توویەکی لێیە
لە خوارووی ماڵانەوە توویەکی لێیە
لە هەر ماڵێکدا بووکێکی لێیە
لە هەر خانوویەکدا بووکێکی لێیە
بە سەری بووکەوە مووروویەک هەیە
بە سەری بووکەوە مووروویەک هەیە
شێعر و مووزیک: فولکلۆر
ئامادە کردن: ڕەشۆ

Serê malan darek lê lê darek lê
Binê malan darek lê lê darek lê
Her malek da yarek lê lê yarek lê
Her xanek da yarek lê lê yarek lê
Serê yarê şarek lê lê şarek lê
Serê yarê şarek lê lê şarek lê
Sere malan gûzek lê lê gûzek lê
Binê malan gûzek lê lê gûzek lê
Her malek da qîzek lê lê qîzek lê
Her xanek da qîzek lê lê qîzek lê
Sere qîzê zêrek lê lê zêrek lê
Sere qîzê zêrek lê lê zêrek lê
Sere malan tûkek lê lê tûkek lê
Binê malan tûkek lê lê tûkek lê
Her malek da bûkek lê lê bûkek lê
Her xanek da bûkek lê lê bûkek lê
Sere bûmê mûrek lê lê mûrek lê
Sere bûmê mûrek lê lê mûrek lê
Gotin û muzîk: Gelêrî
Jixweberî û aranje: Reşo



## 5. VIYANA TE

| | |
|---|---|
| Viyana te ji min negeriya | ڤیانی تۆ لە من نەگەڕا |
| Birçî mam | برسی مامەوە |
| Bêav mam | تینوو مامەوە |
| Şev tarî bû, xiniz bû | شەو تاریک بوو، پیس بوو |
| Can bêdeng | ڕۆح بێدەنگ |
| Can biyan | ڕۆح بێگانە |
| Can parçe parçe | ڕۆح پارچە پارچە |
| Û destê min di kelepçê da | و دەستی من لە کەلەبچەدا |
| Bêtitûn, bêxew mam | بە بێ تووتن، بێ خەو مامەوە |
| Viyana te ji min negeriya | ڤیانی تۆ لە من نەگەڕا |
| Evîna te ji min negeriya | ئەوینی تۆ لە من نەگەڕا |
| Werger: Dildar Şeko | وەرگێڕان: دڵدار شەکۆ |
| muzîk: Reşo | مووزیک: ڕەشۆ |

## 6. XANIMÊ LÊ XANIMÊ

| | |
|---|---|
| Xanimê lê xanimê | خانمێ لێ خانمێ |
| Bûka mala bavê minê | بووکیماڵی بابی منی |
| Çîçeka rewşa dinê | گوڵی دۆخی دونیا |
| Tu soz nedî yekî dine | تۆ بەڵێن بە کەسی دی نەدەی |
| Xatimê tu xanimê | تۆ دوا خانمی |
| Tu çil biskê gulavdûnê | چل بسکی گوڵاوت هەیە |
| Kerem bike were rûnê | کەرەم کە وەرە دانیشە |
| Agir deyne ser qelûnê | ئاگر لە سەر قلیان (نێرگەلە) دانێ |
| Çi xanimkî bilome ye | چ خانمێکی بە لۆمەیە |
| Bi şev û roj, li mala me ye | بە شەو و ڕۆژ لە ماڵی ئێمەیە |
| Qisûrek lê tune ye | هیچ کەم و کوورییەکی نییە |
| Gotina wê bi mane ye | قسەکانی بە مانایە |
| Xanimê dinya dem e | خانمێکی بە ڕۆژە |
| Ne me derd e… ne me xem e | ئێمە هیچ دەرد و خەمێکمان نییە |
| Ez heyranê bejna te me | من حەیرانی بەژنی تۆم |
| Ez aşiqê çavê te me | من ئاشقی چاوی تۆم |
| Him gul î, him sosin î | هەم گوڵی هەم سۆسنی |
| Tu bi xizêma ser bazin î | تۆ نگینی سەر ئەنگوستیلەی |
| Bimirî, bijî tu a min î | بمری و بژیت هەر هی منی |
| Gotin û muzîk: gelerî | شێعر و مووزیک: فولکلۆر |
| Aranje: Reşo | ئامادە کردن: ڕەشۆ |

## 7. NAMEYA TE

| | |
|---|---|
| Sere sibê ji xew rabû | سەر لە بەیان لە خەو ڕابوو |
| Du çavên belek xumar bûn | هەر دوو چاوی خومار بوو |
| Meşî daket baxçê gulan | ڕێ کەوت هات بۆ باخچەی گوڵان |
| Gul û çîçek tev neyar bûn | گوڵ و خونچە هەموو بوونە دوژمن |
| Ji kerba sorgul çilmisîn | لە داخی [جوانی] سوورەگوڵ هەموویان سیس بوون |
| Ji şerma bilbil melisîn | بولبول لە شەرما هەڵکورما |

| | |
|---|---|
| خۆویژی و مووزیک: ڕەشۆ | Jixweberî û muzîk: Reşo |

## 3. ZÎNÊ

| | |
|---|---|
| هاتیتە خەونم | Hatî xewna min |
| گوڵی من حەزی کرد | Gula min hez kir |
| چاو بە ئەسرین بوو | Çav bi hêsir bû |
| گلەیی لە من کرد | Jin min gazin kir |
